# زەویی چاک



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

**پێرل باک**

# زەویی چاک

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

**محەمەد بەهرەوەر**



ناوی کتێب: زەویی چاک - ڕۆمان
نووسینی: پێرل باک
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد بەهرەوەر
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٥٢
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: شیوەن شێرزاد
هەڵەگری: دڵشاد مستەفا
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالیق
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی دووەم، هەولێر- ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٧١)یساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

پێشکەشە بەڕووحی بەرزی هێمن و هەژار



ئەم کتێبە بەسەرهاتی خەڵکێکی بەهەست و داماوە کە نەداری و سەروەت و سامان بۆ وان وەک یەک وایە. وا چاکە ئەو خەڵکە بەسەرهاتی خۆیان بخوێننەوە. ئەگەر لەگەڵ دەرد و ئێشی قارەمانەکانی هاتنەوە... لەبەر دڵی وان یا لەبەر خاتری خۆیان تۆزێک بگرین و دڵۆپێک فرمێسک هەڵوەرێنن.

پێرل باک

## ١

ڕۆژی ژن مارەکردنی وەنگ لانگ بوو، لە سەرەتاوە هەردووک چاوی لە بن جێگاکەیەوە هەڵێنا و تەماشای دەوروبەری خۆی کرد. نەیدەتوانی هەست بەوە بکا بۆچی بەرەبەیانی ئەمڕۆ وەک ڕۆژانی دیکە نییە! جگە لە نەرمەکۆخە و هەناسەبڕکێی بابەپیرەکەی کە لە ژوورەکەی بەرانبەری دانیشتبوو، سریوە نەدەهات. هەموو بەیانان یەکەم شتێکی کە لەو ماڵە دەبیسرا دەنگی کۆخەی ئەو پیرەپیاوە بوو.

وەنگ لانگ کاتێک ڕادەکشا گوێی لە کۆخە کۆخ و ناڵەناڵی باوکی دەبوو، بەڵام ئەو ڕۆژە چاوەڕوانی ڕووداوێکی ئەوتۆ نەبوو. هەستا و پەردەی ژوورەکەی لادا، بەیانێکی ڕووناک بوو، لە دەلاقەی ژوورەکەیەوە ئاسمانی سپی و شینی لێ وەدەر کەوت، بەو دەلاقەدا با دەهاتە ژوور و وردەکاغەزی دەوروبەری وەجووڵە جووڵ دەخست. هەستا وردەکاغەزەکانی کۆ کردەوە و تووڕی هەڵدان، لە حاڵێکدا لەبەرخۆیەوە دەیبۆڵاند، گوتی: «بەهارە و نیازم بەو کاغەزانە نییە». هەروەها حەزی دەکرد ماڵەکەی لەو ڕۆژەدا خاوێن ڕابگرێ، بەڵام زۆری شەرم دەکرد.

دەلاقەکە ئەوەندە تەنگ بوو زۆر بەناڕەحەتی دەیتوانی دەستی بەرێتە دەر و هەوا تاقی بکاتەوە. لەلای ڕۆژهەڵاتەوە بایەکی ئارام و فێنک دەهات، لای وابوو ئەوە سەرەتای کارێکی سەرەوخێرە. زەویوزار پێویستی بەباران بوو، بەڵام باران نەدەباری! لەلایەکی دیکەوە هاتنی ئەو بایە دڵنیای دەکرد لە چەند ڕۆژی داهاتوودا باران دەبارێ و زەویوزارەکە نیازێکیان بەئاودان نابێ. لە پێشدا بەباوکی گوتبوو: «ئەگەر ئەو تاو و ساوە گەرمە هەروا بەردەوام بێ، بێگومان دەغڵودان گوڵ ناکا و لە ئاکامدا تووشی گرانی و قاتی و قڕی و وشکەساڵی دەبن». بەڵام زەمانە ڕووی خۆشی پێ نیشان دا و زەوی خەریک بوو دەبووژاوە. خێرا پانتۆڵە شینەکەی هەڵکێشا، پشتێندی بەست و ڕووی کردە هۆدەیەک. لە نێوکی بەرەژوور ڕووت بوو! دەیویست ئاو گەرم بکا و دەستێک بەسەر و سینگیدا بێنێ؛ چووە نێو کەپرێکەوە کە بەجێگای ئاشپەزخانە کەڵکیان لێ وەردەگرت. لە سووچێکی حەوشەکەش مانگایەک بەسترابووەوە، مانگاکە ڕووی لە وەنگ لانگ کرد و بۆڕاندی.



چاوی ماڵ و ئاشپەزخانەکەیان وەک ماڵی هەموو گوندێکی تر بەخشت و گڵ و پووش و پەڵاش نووساندبوو. هەموو کەرەسەکەیان لە زەوی خۆیان پێکهێنابوو. ئەو تەندوورەی لە ئاشپەزخانە دایاننابوو دەستکردی باپیری بوو. بەلاوی لە گڵی مووچەی خۆیان دروستی کردبوو. ئەوەندەیان ئاشپەزی لەسەر ئەو تەندوورە کردبوو، بەتەواوی خارابوو و ڕەش هەڵگەڕابوو؛ دەرخۆنەکەشیان سێڵێکی ئاسن بوو.

بەکوولەکە سەراوی کەمێکی ئاو لە کوپەیەک کرد و لەسەر تەندوورەکەی دانا، لە پاشان زۆر بەئارامی ئاوەکەی بەتاڵ دەکرد، چونکە ئاو وەدەست نەدەکەوت، ئەوەندە بەقیمەت بوو لە زێڕ و زیو نەدەماوە. هێندێک ڕاوەستا، لە پاشان کووپەکەی هەڵگرت و ئاوەکەی لە سێڵەکە کرد؛ دەیویست بەو ئاوە خۆ بشوا.

لەو ڕۆژەوە کە لە دایکی جوێ ببووەوە تا ئێستا کەس بەڕووتی نەیدیبوو بەڵام ئەمڕۆ قەراو بوو یەکێک بەڕووتی ببینێ، بۆیە کەوتبووە خۆ خاوێن کردنەوە! باوەشێکی تەڵاش و چیلکە هەڵگرت و ئارام و لەسەرەخۆ گڵی چنی. ئەوە ئاخرین بەیانییەک بوو بەدەستی وی تەندوور دادەخرا. بەدرێژایی ساڵ هەموو بەیانان کاری ئەوە بوو کە ئاور هەڵکا، ئاو بکوڵێنێ و قاپێک ئاوی شیلەوگەرم بۆ باوکە پیر و پەککەوتەکەی دانێ؛ چونکە باوکی جگە لە دانیشتن و کۆخین چی لە دەست نەدەهات.

کاتی ئەوە هات باوک و کوڕ بحەسێنەوە و کار نەکەن؛ژنێک هاتە ماڵەکەیان، بەدوای ئەوەدا وەنگ لانگ هێندی دیکە حەساوە و ناچار نەبوو کە لەبەر سەرما و گەرمای هاوین و زستان خەوی شیرنی بەیانان لەخۆی تاڵ بکا و خەریکی تەندوور و ئاور بێ. لەمەوبەدوا دەیتوانی لە جێگاوبانی گەرم و نەرمدا یەک بەمەیدانێ ڕاکشێ و دیمەنی جوانی ئاوابوون و هەڵاتنی ڕۆژ چاو لێ بکا، هەروەها لە هۆدەی خۆیدا بمێنێتەوە بەبێ ئەوەی کەس پێیەوە ماندوو بێ. بەکورتی، وردە وردە لە خەم ڕست و بەختەوەری ڕووی تێکرد. ئەگەر حاسڵ و داهات چاک با دەیتوانی بەجێگای قەنداغ خواردنەوە چەند گەڵای چا لە ئاوەکە بکا. دەبێ ئەوەش بزانین کە زەویوزار هەر بەچەند ساڵ جارێک بەروبووی چاک دەبوو. لەلایەکی تریشەوە ئەگەر ژنە ماندوو دەبوو، منداڵەکانی دەیانتوانی یارمەتی بدەن و ئاورەکەی بۆ هەڵکەن.

لەو سەردەمەدا وا باو بوو کە ژن حەزی بەمنداڵی زۆر دەکرد و پیاویش زۆری پێوە ماندوو و ناڕەحەت بوو. بەڵام کاتێک بیری لە منداڵ کردەوە لە جێگای خۆی حەپەسا،

بەخەیاڵ منداڵەکانی دەهاتە بەرچاو کە لەم هۆدە بۆ ئەو هۆدە هاتوچۆیان دەکرد. سێ هۆدەیان لێ زیاد بوو، جگە لەوەش لەو ڕۆژەوە کە دایکی مردبوو ماڵەکەیان ئەو گەرم و گوڕییەی جارانی نەمابوو. خزم و کەسوکار زۆریان سەر خستنە سەر و ئەوانیش لە بەرابەریاندا ڕاوەستان. مامی هەمیشە و بەردەوام وەنگ لانگ و باوکی دەدا بەر تەوس و توانج و دەیگوت:

– چلۆن دەکرێ دوو ئینسان ئەویش سەڵت و ڕەبەن ئەو هەموو جێگایەیان هەبێ؟! ناکرێ باب و کوڕ لەلای یەکتر بخەون؟ ئاخر لەشی گەرم و گوڕی لاو دەتوانێ تین و تەوژمێک بدا بەو پیاوە پیرە.

بەڵام بابە هەمیشە وەڵامی دەداوە و دەیگوت:

– من ئەو جێگایەم بۆ نەوەکەم ڕاگرتووە، چونکە لەکاتی پیریدا هەر ئەو لە هانام دێ و لەشم گەرم دادێنێ.

کاتی ئەوە هات و نەوە بەدوای نەوەدا سەریان وەدەر نا؛ بێگومان ئەوجار دەبوایە لەبیری جێگادا بان و نوێنی زیادیان لە وەتاغی نێوەڕاستدا ڕاخستبا.

لە حاڵێکدا وەنگ لانگ بیری لە منداڵەکان و جێگاوبان دەکردەوە، وردە وردە تەندوورەکەش ڕۆمرکا و سارد بووەوە. پیرەش وەک تارمایی لەبەر دەرگا بەجلوبەرگێکی تیتۆڵ تێتۆڵەوە، بەکۆخە کۆخ و تف فڕێدان وەدەرکەوت و گوتی:

– ئاوە گەرمەکەشم چوو، چابوو جاروبار سینگی گەرم دادێنام.

وەنگ لانگ کەمێکی تێوەڕوانی و بەلارەملی لەبەر خۆیەوە گوتی: «ئاخر ئەو پووش و چیلکە و چاڵە بۆ تەندوور و ئاور نابێ، هەر دەبێتە دوکەڵ و ئاوی پێ گەرم نابێ. چ بکەم؟ چلۆن وەڵامی باوکم بدەمەوە و حاڵی بکەم کە لەبەر بێ ئاوردوویی لە کاتی خۆیدا ئاوم بۆ گەرم نەکردووە؟». سەرەنجام دوای ماوەیەکی زۆر ئاوەکە هاتە کوڵ. وەنگ لانگ کەمێکی ئاو لە قاپێک کرد و چەند گەڵاچای وشکی تێکرد و لە پێش باوکی دانا. باوکی زۆر تامەزرۆی چا و قەنداغ بوو؛ لە خۆشیان گەشاوە. بەڵام دەست بەجێ دەستی کرد بە سکاڵاکردن و گوتی:

– ئەتۆ بۆچی وا دەست بڵاوی؟! دەست پێوە بگرە؛ نازانی چا و زیو لە قیمەتێک دان؟
وەنگ لانگ بەپێکەنینێکی پڕ لە ماناوە وەڵامی داوە و گوتی:

– ئەمڕۆ بیخۆ تا بەڵکو کۆخەکەت لە کۆڵ بێتەوە، بۆ سبەش خودا گەورەیە.



پیرەباب بەدەستە قەڵشیو و چڵکنەکەی پیاڵە چایەکەی گرت، بەڵام لەبەرخۆیەوە هەر دەیبۆڵاند و دەیگوت: «ئەو گەڵا چایەی بۆ تێکردووە؟» وا دیاربوو حەزی نەدەکرد چایەکی بخواتەوە کە پووڵی زۆر تێ بچێ.

وەنگ لانگ لە حاڵێکدا بزەی لەسەر لێو بوو گوتی:

– بیخۆوە سارد دەبێتەوە.

بابی لە وەڵامدا گوتی:

– بەڵێ دەیخۆمەوە، پەلەم چییە.

دوای ئەوەی چایەکەی خواردەوە وەک تریاک کێش بوژاوە. ئاگای لە وەنگ لانگیش بوو کە ئاوی گەرمی بەتاڵ دەکرد. سەری هەڵێنا، لە کوڕەکەی خوڕی و گوتی:

– کوڕم! بەو ئاوە دارێک وەبەردێ، کەمێک دەست پێوە بگرە.

وەنگ لانگ گوێی نەدایە و تەشتەکەی پڕ کرد لە ئاو. بابی بەسەریدا گوڕاند و گوتی:

– من نازانم تۆ چ دەکەی؟

وەنگ لانگ لە وەڵامدا گوتی:

– لە سەرەتای ساڵی تازەوە تا ئێستا هەر نیوە و نیوەچڵ خۆم شتووە.

هەروەها شەرمی دەکرد لە ڕێوە بەباوکی بڵێ لەبەر خاتری ژنێک بەخۆیدا دێ.

بەپەلە تەشتە ئاوەکەی هەڵگرت و چووە هۆدەکەی خۆی. هۆدەش چ هۆدە، دەرگاکەشی کیپ نەدەبوو! پیرەباب گوێی بەکونی دەرگاکەوە نا و گوتی:

– ئەگەر بمانەوێ هەر لە ئێستاوە ئەو ژنە وا بار بێنین، دەرنابەین.

وەنگ لانگ گوتی:

– لەمەبەدوا ئەگەر خۆم شوت ئاوەکەی خەسار ناکەم.

پیرەباب بەو قسە کەمێک هاتەوە سەرخۆ. لە پاشان وەنگ لانگ پشتێندەکەی کردەوە و لیباسەکانی داکەند. هەرچەند هەوا گەرم بوو فۆتەکەی تەڕ کرد و ڕەخۆی خست. لەسەرمان تەزووی بەلەشیدا هات و وەپەلە کەوت تا لەشی گەرم داهات.

لە پاشان ڕووی کردە بەروبوخچەکەی دایکی؛ لیباسێکی خاوێنی شینی هێنا دەر. لیباسەکانی خۆی دانا، هەرچەند لەوانەبوو بەو لیباسانەوە سەرمای بێ بەڵام حەزی

نەدەکرد دووبارە بەو جلوبەرگە چڵکن و پینەکراوەی پێشووی لەشی خۆی چڵکن کاتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە نەیدەویست هەر بەو بەرگەوە لەگەڵ ژنێک ڕووبەڕوو بێ کە بناغەی ژین پێکەوە دادەمرێنن. کۆت و شاڵوارەکەی لەبەر کرد و عەباکەی لەسەر وانەوە بەسەر خۆی دادا، ئەو کەوا داوێن درێژەی تەنیا بۆ دە ڕۆژەی جێژنی ساڵ لەبەر دەکرد و خۆی پێوە دادەنا. لە دواییدا شانەیەکی هێنادەر و سەر و کاکۆڵە ئاڵۆزاوەکەی شانە کرد. باوکی دیسانیش لە کونی دەرگاکەوە تاماشای کرد و گوتی:

– من نابێ ئەمڕۆ هیچ بخۆم؟ بەو تەمەنەوە لەجیاتی ئەوەی زیاترم پێ ڕابگەن لە بەیانییەوە جگە لە ئاو ڕۆژووم لە هیچ شتێک نەشکاوە، بۆ دەبێ کەس ئاوڕم وێ نەدا؟

وەنگ لانگ گوتی:

– هەر ئێستا دێم.

دوای ئەوەی کەوا درێژەکەی دانا و قژی بەست، تەشتە ئاوەکەی هەڵگرت و ویستی کەمێک سەرداری لە ئاو کا و بیدا بەباوکی؛ بەڵام بۆخۆی ئیشتیای لە هیچ نەبوو. هەرچۆنێک بوو تەشتە ئاوەکەی تا بەر دەرگا برد و قلّپی کردەوە. کاتێک ئاوەکەی ڕشت وەبیری هاتەوە کە ئاوە گەرمەکەی هەموو خەسار کردووە و دەبێ دووبارە ئاوی دیکە گەرم بکاتەوە. لەو کاتەدا زۆر لە باوکی تووڕە بوو، لەبەر خۆیەوە بۆڵەی دەهات و دەیگوت: «ئەم پیرە پیاوە تەنیا لەبیری خواردن دایە».

ئەوە ئاخرین بەیانی بوو کە خۆراکی بۆ ئەو پیرەپیاوە دروست دەکرد. کەمێکی ئاو لە دیزەیەک کرد، دوای ئەوەی ئاوەکە کوڵی ورتکە نانی تێکوشی و لە پێش باوکی دانا و گوتی:

– بابە ئەوشۆ برینج دەخۆین بەوندە تلّتە بیگوزەرێنە.

باوکی گوتی:

– خۆ هێندەمان برینج نەماوە؟

وەنگ لانگ لە وەڵامدا گوتی:

– تۆڵەی دەکەینەوە. لە جێژنی بەهاردا برینج کەم دەخۆین.

بەڵام باوکی لەبەر خواردن ئاگای لە قسەکانی نەبوو. وەنگ لانگ گەڕاوە وەتاغەکەی خۆی، یەک دوو جار کەواکەی لەبەر کرد و دایکەندەوە. کاکۆڵەکانی بەرداوە و پەیتا پەیتا



دەستی بەسەر و ڕدێنی تازە تاشراویدا دێنا؛ نەیدەهێشت سەر وەدەرنێ. ڕۆژێک بەر لەوەی بچێ بۆ لای ژنەکە تەمای گرت لە هەوەڵێن هەل کەڵک وەربگێ و سەرێک لە گوزەری سەلمانییەکان بدا و ڕدێنی بتاشێ، بەڵام لە گیرفانی ڕانەدەدی ئەو کارە بکا. کیسەیەکی چڵکن و بۆری لە قەدی پشتێندەکەی هێنا دەر و پووڵەکانی حیساب کرد، شەش پووڵی زیو و لالۆچێک پووڵی مس بوو. هێشتاش بەباوکی نەگوتبوو کە چەند کەسی لە دۆستەکانی بانگ هێشتووە. کوڕە مامەکەی و سێ کەسی دیکە لە وەرزێڕانی گوندی خۆیانی بۆ شێو دەعوەت کردبوو. لە پاشان گوتی: وا چاکە لەبەر خاتری باوکم مامیشم بەسەرکەمەوە. تەمای گرت لە کاتی گەڕانەوە لە شار کەمێک گۆشتی بەراز، ماسییەکی چووک، هێندێک بەڕوو و چەند لق دارحەیزەران و بڕێک گۆشتی گوێلک بکڕێ، ئەویش بەومەرجەی کە پووڵی بۆ بمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر ڕدێنی تاشیبا ڕیسەکەی دەبووە خوری و تەنانەت گۆشتی گوێلکیشی بۆ نەدەکڕدرا.

بێ ئەوەی لەگەڵ پیرەباب قسە بکا وەدەرکەوت. هێشتا بەیان بوو، بەیانێکی تاریک کە بەرە بەرە دەهات و ئاسمان سوور هەڵدەگەڕا، تاو لەسەرووی هەوران سەری وەدەرنابوو، ئاونگی سەر گەڵای گەنم و جۆی وەک زێڕ وەترووسکە ترووسک خستبوو. بەچاوپێکەوتنی ئەو دیمەنە دڵڕفێنە کە دڵێک و هەزار دڵ ئاشقی دەبوو وردە وردە هەستی وەرزێڕی بزووت و کەوتەوە بیری مووچە و مەزراکەی. داهاتەوە و دوو سێ گوڵە گەنمی لێ کردەوە، بەڵام بەتەواوی پڕ نەببوون و پێویستیان بەباران بوو. هەوایەکی زۆر خۆش بوو، سەری بەرز کردەوە و تەماشای ئاسمانی کرد. هەور هەتا دەهات وڵاتی زیاتر تاریک دەکرد لە لایەکی دیکەشەوە شنەی با مزگێنی بارینی پێ بوو.

کاتێک پێی لەناو شار نا، وەبیری هاتەوە کە دەبێ لقێک عود بکڕێ و لە پەرەسگای بچووکی خودای خاک هەڵی بکا، چونکە پێی وابوو ئاگای لە هەموو شتێکە. سەری خۆی داخست و ملی ڕێگای گرت. دوای ماوەیەک دیواری تۆزگرتووی شاری لێ وەدەرکەوت، ئەو جێگایەی کە دەیویست بچێ دەوران دەوری حەوشە بوو. نەیدەزانی چۆن بچێتە ژوور، زۆری لەبەر گران بوو، هەر دەبا چووباش، چونکە ئەو ژنەی دەیویست بیهێنێ هەر لە سەرەتای منداڵییەوە بەکڵفەتی لەو ماڵەدا گەورە ببوو. ئەو ماڵە، ماڵی هوانگ بوو.

تاقمێک لاتاویان داویشت و دەیانگوت:

پیاو بەتەنیا بژی چاکترە لەوەی کڵفەتێک بێنێ.

بەڵام کاتێک ئەو بەباوکی گوتبوو من نابێ ژن بێنم، باوکی گوتبووی:

– کوڕم! ژنهێنان هێندە سادە نییە و خەرجێکی زۆر هەڵدەگرێ، هەر کەسێک دەستی لەسەر دانێی ئەنگوستیلەی ئەڵماس و پارچەی ئاوریشمی دەوێ! کەوابوو ئێمەی نەدار و هەژار جگە لەو کلّفەتانە ناتوانین ژنی دیکە بخوازین.

باوکی وەک داواکارێک قۆڵی هەڵماڵی و چوو بۆ ماڵی هوانگ و پرسی:

– کلّفەتتان زۆرن؟

لەبەینی ئەو قسانەشدا گەیاندی کە کلّفەتەکە نە زۆر جوان بێ و نە زۆر ناحەز. گوتی:

– بابەتی ئێمەمانان بێ.

بەڵام وەنگ لانگ بەدڵ نەیدەویست ژنێکی ناحەز بێنێ. لەبەر ئەوە پێی خۆش بوو جوان بێ کە خەڵک بەو بۆنەوە تاریفی بکەن. لە حاڵێکدا بەو ژنەی گوتبوو ژنی ژیکەڵە و جوان بۆ ئەو نابێ، گوتی:

– دەبێ ئەوەش بزانین کە ژنێک بۆ ئێمە دەبێ کە بەکاروباران ڕابگا، منداڵی ببێ، هەروەها لە کاروباری مووچەش ڕانەوەستێ.

لە پاشان گوتی:

– بلّێ بزانم ژنی جوان لەبەر بەخۆداهاتن دەتوانێ بەو کارانە ڕابگا؟ کە وابوو ژنی جوان و بەپۆز و ئیفادە، بەکەڵکی ماڵی ئێمە نایە، ئێمە جوتیارین، ئێمە و ئەو قسانە! جگە لەوەش تاکو ئێستا نەبیستراوە کلّفەتی جوان لە ماڵێکی وا گەورە بەساغی نەجاتی بووبێ و بەکچێتی مابێتەوە! ئەوە شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە کوڕە دەرەبەگەکان بەتەواوی مانا لە کلّفەتەکان کەڵک وەردەگرن و دوای ئەوەی لێیان تێر بوون وەدەریان دەنێن و پێیان دەڵێن وەشوێن کاری خۆتان کەون. بەبڕوای من ژنێکی جلوبەرگ پینەکراو هەزار مەرتەبە چاکترە لەو ژنەی کە خۆ بە زل دەزانێ. تۆ پێت وایە ژنێکی خڕوخۆڵ و نەرمونۆڵ و دڵتەڕ، دەستە چلّکن و قەڵشیوەکەی باوکت کە لەبەر تاو سووتاوە، لەگەڵ ئەو دەستە سپیی و سۆڵ و قەڵەوانەی کوڕە دەوڵەمەندێک -کە پێکەوە خەریکی دەست بازی و گاڵتە و گەپن- بەچاوێک تەماشا دەکا؟

وەنگ لانگ دەیزانی قسەکانی باوکی ڕاستن، بەڵام پێش ئەوەی وەڵامی بداتەوە لە دەروونی خۆیدا زۆر ناڕەحەت بوو. سەرەنجام بەدڵێکی پڕ لە پەژارە و خەمەوە گوتی:



– زۆر چاک با زۆر جوان نەبێ، بەڵام لانی کەم ڕووزە و لێوکەت نەبێ.

باوکی زۆر لەسەرەخۆ وەڵامی داوە و گوتی:

– با بزانین چمان بەسەر دێ، وا بزانە ژنەکەت جوانە و هیچ عەیبی نییە.

باوک و کوڕ دوو ئەنگوستیلە و جووتێک گوارەی زیویان کڕی و بەناوی دیاری بردیان بۆ ئەربابی کلّفەتەکە.

وەنگ لانگ سەبارەت بەو ژنەی کە بڕیار بوو مارەی بکا، جگە لەوەی کە بچێ و لە ئەربابەکەی وەربگرێ شتێکی دیکەی نەدەزانی. وردە وردە لە حەوشەی ماڵی ئەرباب نزیک بووەوە. لە پشت دەروازەوە چەند ئاوکێشی چاو پێکەوت کە بەچەرخی دەستی و کووپەی زل زل ئاویان دەکێشا.

دیواری حەوشەی ماڵی ئەرباب ئەوەندە ئەستوور بوو تەنانەت هاوینانیش پیاو هەستی بەگەرما نەدەکرد! بەم هۆیە کاڵەک فرۆشەکان ئەو بن دیوارەیان کردبووە بازاڕی خۆیان لەلایەکی دیکەشەوە سەرتاسەری دیوارەکەیان بەقەرتاڵەی هوڵووی کاڵ و نەگەیشتوو چنیبوو و بێ پسانەوە هەرایان دەکرد و دەیانگوت:

– نۆبەرەیە هوڵوو، هوڵووی بەهارە هوڵوو، بکڕە و بیخۆ دەرمانی زەردوویە هوڵوو!.

وەنگ لانگ لەبەر خۆیەوە گوتی: «کاتێک گەڕاینەوە ئەگەر پێی خۆش بوو کەمێکی بۆ دەکڕم». هێشتا باوەڕی بەوە نەکردبوو کاتی گەڕانەوە، بەدەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە یا دەست پڕ و ژنێک بەدواوە.

کاتێک گەیشتە دەروازەی شار ڕووی کردە گوزەری سەلمانییەکان. تەمای گرت نۆرە بگرێتەوە، بەڵام زیاتر لە دوو سێ کەسی لە پێش نەبوو. ئەو دوو سێ کەسەش لەو جوتیارە ڕوح سووکانە بوون کە سەر لە شەوێ وەڕێ کەوتبوون، بۆ ئەوەی بەرلەوەی تاو بکەوێ شتەکەیان خورد کەنەوە و بگەڕێنەوە مووچەکەیان و بەکاروباری ڕۆژانەیان ڕابگەن. بەشەو هەر بەلای قەرتاڵەکانی خۆیانەوە هەڵدەلەرزین و خەونووچە دەیبردنەوە.

وەنگ لانگ بەئانقەست خۆی لەوان دزییەوە و بەلایەکی دیکەدا ڕۆیشت، چونکە نەیدەویست لەو ڕۆژە تایبەتییەدا تووشیان بێ و لاتاوی پێدادەن.

سەلمانییەکان هەموو لە پەنا مەکینەکانی خۆیان ڕاوەستابوون و چاوەڕوانی مشتەری بوون. وەنگ لانگ ڕاستەوخۆ چووە لای ئاخرین سەلمانی و لەسەر کورسییەک دانیشت.

سەلمانی لەگەڵ جیرانەکەی خەریکی دەمەقاڵی و چەقە بوو! بەپەلە هاتە پێش و چادانەکەی لەسەر مەنقەڵەکە هەڵگرت و کەمێکی ئاوی گەرم لە جامێک کرد. لە پاشان بەزمانێکی لووس و مشتەری پەسندانە گوتی:

– هەمووی بتاشم؟

وەنگ لانگ گوتی:

– نەخێر تەنیا سەر و ڕیشم.

کابرای سەلمانی گوتی:

– گوێ و کەپوشت خاوێن بکەمەوە؟

وەنگ لانگ بەدوودڵی گوتی:

– دەبێ چەندت زیادی بدەمێ؟

سەلمانی گوتی:

– چوار شایی.

وەنگ لانگ گوتی:

– دوو شایی چاکە؟

کابرای سەلمانی گوتی:

– کەوابوو منیش گوێیەک و لایەکی کونەلووتت بۆ خاوێن دەکەمەوە، جا ئەوجار بۆ خۆت سەرپشک بە، کام لایان؟

کابرای سەلمانی بەشوێن ئەو قسانەدا چاوی لە هاوسێکەی هەڵتەکاند و لە قاقای پێکەنینیان دا. وەنگ لانگ هەستی بەوە کرد کە سەلمانی پیاوێکی فێڵبازە و بەو زووانە دەست بەرداری نابێ. جگە لەوەش لە بەرابەر شارەییەکاندا شەرمی دەکرد و بەخۆیدا دەشکاوە، نەشی دەزانی هۆیەکەی چییە! بەتایبەت لە بەرابەر سەلمانییەکەدا زمانی بەسترا و تووشی چەشنێک دڵەکوتە و پشووسواری بوو! پاشان زۆر بەناڕەحەتییەوە گوتی:

– هەرجۆرێک پێت خۆشە وا بکە.

کابرای سەلمانی دوای تاشینی سەر و ڕیشی بەبیانووی خاوێنکردنەوە، دوو سێ نەقورچی لە وەنگ لانگ گرت و داخی خۆی پێ ڕشت. لەبەرخۆشیەوە دەیگوت:



– ئەم وەرزێڕانە ئەگەر مووی سەریان بەگوێزانیش لێ دەن ناحەز نابن تێک ناچن، کەچی وەک لاوانی شار دێنە سەلمانی و بەمۆدی تازە سەریان کورت دەکەنەوە.

کابرای سەلمانی وردە وردە تا نێوچاوانی هات. وەنگ لانگ گوتی:

– دەست ڕابگرە، بەبێ ئیجازەی باوکم نابێ کاکۆڵم بتاشم.

سەلمانییەکە لە قاقای پێکەنینی دا و نێوچاوانیشی داماڵی.

وەنگ لانگ دوای ئەوەی پووڵەکەی لە دەستە چرچەکانی سەلمانی کرد، مات بوو و گوتی: «سەرتاشینێک و ئەو هەمـوو پووڵە؟» بەڵام دوای ئەوەی وەدەرکەوت و با لە سەروسەکەتی دا، فێنک بووەوە و هاتەوە سەرخۆ. گوتی: «هیچ نییە، خۆ دووپات نابێتەوە؟». لە پاشان ڕاستەوخۆ بەرەو بازاڕ ڕۆیشت و کیلۆیەک گۆشتی بەراز، هێندێک گۆشتی گوێلک، بڕێک شیرنی و دوو لقی عودی کڕی و بەرەو ماڵی هوانگ وەڕێ کەوت.

کاتێک گەیشتە بەر دەرگا، لە ترسان هەموو لەشی دەلەرزی؛ چونکە قەت نەچووبووە جێگای وا. جگە لەوەش دەبوو مامی یا کەسێکی دیکەی لەگەڵ خۆی بردبا. جا بۆیە شەرمی دەکرد کە بەخۆی و قەرتاڵەیەکی پڕ لە شتومەکەوە لە بنەماڵەیەکی وا ماقووڵ و گەورە وەژوور کەوێ و بڵێ هاتووم بۆ ژن. دوای ماوەیەک ڕاوەستان لەبەر دەرگا و تەماشاکردنی وێنەکانی هەڵکەندراوی سەر دەرگاکە، سەری سوڕمابوو و نەیدەزانی چ بکا! جگە لەو دوو وێنەی کە وەک نیگابانی بەسام بەرچاو دەکەوتن کەسی دیکەی لێ دیار نەبوو، خێرا گەڕاوە و گوتی: «نەخێر خراپ حاڵی بووم من و ئێرە؟».

لە پاشان برسیەتی هێرشی بۆ هێنا و کەوتە بیری پەیداکردنی خواردەمەنییەک. بەیانیش نانی نەخواردبوو، چووە قاوەخانەیەکی بچووک و لە پەنا مێزێک دانیشت، دوو شایی لە پشتێندەکەی دەرهێنا و لەسەر مێزەکەی دانا. منداڵێکی پیس و پۆخڵی لێ هاتە پێش و گوتی:

– دوو قاپ هەریشتەت بۆ بێنم؟

دوای ئەوەی خۆراکەکەی لە پێش دانا بەقامیش بڕێکی تێک وەردا و ملی لێنا. منداڵەکە لە سووچێک ڕاوەستا و بەرامبەر بە وەنگ لانگ پووڵەکەی هەڵداویشت و بیری لە بێ خەیاڵی وی دەکردەوە، دوای ماوەیەک پرسی:

– دەخۆی بۆت بێنم؟

وەنگ لانگ بەسەر وەڵامی داوە نەخێر. ئاخرین پارووی کە خوارد سەری هەڵێنا و تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد. چاوی بەناسیاوێک کەوت کە لەگەڵ چەند کەسی دیکە خەریکی نان و چا خواردن بوون.

ئەو قاوەخانە جێگای خەڵکی فەقیر و دەست کورت بوو. وەنگ لانگ کە لەوانی دیکە بەرچاوتر و پاک و خاوێنتر بوو سەرنجی سواڵکەرێکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، لێی نزیک بووەوە و گوتی:

– مامۆستا زۆر برسی و هیلاکم، پووڵێک، شتێکم بدەیە.

ئەوە یەکەم جار بوو کە وەنگ لانگ داوایەکی ئەوتۆی لە فەقیرێک دەبیست، بەڵام زۆری پێ خۆشحاڵ بوو کە بەنێوی پیاوێکی پووڵدار یا مامۆستا دەیناسن.

دەستی برد بۆ گیرفانی و دوو شایی دایە. کابرای سواڵکەریش دەستی ڕەش و چرچی ڕاداشت و پارەکەی وەرگرت و لە گیرفانی هاویشت.

وەنگ لانگ هەر لەوێ دانیشت تا ڕۆژ هاتە دەر. هێندەی پێ نەچوو منداڵێک لێی هاتە پێش و گوتی:

– ئەگەر تەواو بووی فەرموو دەنا دەبێ کرێی ئەو چوارپایەش بدەی کە لەسەری دانیشتووی.

وەنگ لانگ لە قسەی ئەو کوڕە زۆر نارەحەت بوو، بەڵام لەبەر کارەکەی هیچی نەگوت. زیاتر لە بیری ئەوەدابوو کە چلۆن بچێتە ماڵی ئەرباب و ژنەکەیان لێ وەربگرێ. هەموو جارێک ئارەقەی ڕەش و شینی دەردەکرد! لە پاشان بەکوڕەکەی گوت:

– چایەکم بۆ بێنە.

چایەکی بۆ دانا و گوتی:

– پووڵەکەی؟

وەنگ لانگ بەبۆڵەبۆڵ شاییەکی دایە و گوتی:

– ئەوە شت فرۆشتن نییە، دزییە.

لەو ماوەیەدا یەکێک لەو جیرانانەی کە بۆ زەماوەند بانگی هێشتبوو لەو قاوەخانەیە پەیدابوو، بەپەلە پووڵی چایەکەی لەسەر مێزەکە دانا، جایەکەی خواردەوە و وەدەرکەوت.

کاتێک پێی لە شەقام نا بەداماوی لەبەر خۆیەوە گوتی:



کار لە پیاوان دەقەومێ هیچ نییە. لە پاشان وردە وردە بەرەو ماڵی خان وەڕێ کەوت. کاتێک لە دەرگا نزیک بووەوە تەماشای کرد لایەکی دەرگا ئاوەڵایە و دەرکەوان خەریکی پیاسە و قەدەم لێدانە. جارجاریش بە چیلکەیەک کەلێنی ددانی دەکۆڵییەوە.

دەرکەوان پیاوێکی باڵابەرزی شلەی چاو و برۆ ڕەش و سەر و قژ لوول بوو. کاتێک وەنگ لانگ لێی نزیک بووەوە دەرکەوان پێی وابوو ئەو پیاوە قەرتاڵە بەدەستە چەرچییە و بۆ شت فرۆشتن هاتووە! بەسەریدا گوڕاند و گوتی:

– ها چ خەبەرە؟

وەنگ لانگ گوتی:

– من وەنگ لانگی جوتیارم.

دەرکەوانەکە لە حاڵێکدا جگە لە دۆستانی دەوڵەمەندی خان ئیحتیرامی کەسی نەدەگرت بەلالوتی و لاتاوەوە گوتی:

– زۆر چاکە بڵێ بزانم وەنگ لانگی جوتیار یانی چی؟

وەنگ لانگ لە شەرمان زمانی تێک هاڵا و گوتی:

– هاتووم... هاتووم...

دەرکەوان دەستی بەسەر و قژی داهێنا و گوتی:

– دەزانم هاتووی...

وەنگ لانگ لە شەرمان ئارەقەی کرد و گوتی:

– لەبەر مەسەلەی ژنەکە هاتووم.

دەرکەوان قاقایەکی لێدا و گوتی:

– ئەتۆ هەوی؟ پێیان گوتبووم کە ئەورۆ چاوەڕوانی زاوایەک بم، بەڵام بەو قەرتاڵەوە نەمناسیت.

وەنگ لانگ گوتی:

– ببوورە لە چەند پل گۆشت زیاتر شتێکی تایبەتی لەو قەرتاڵەدا نییە.

لە پاشان وەنگ لانگ چاوەڕوان بوو کە دەرکەوان بیباتە ژوور، کەچی هەست و خوستی لە خۆی بڕی. وەنگ لانگ پرسی:

– بۆخۆم بەتەنێ بڕۆم؟

دەرکەوان بە تووڕەییەوە گوتی:

– خانی پیر دەتکوژێ.

دوای ئەوەی دەرکەوان هەستی بەوە کرد کە وەنگ لانگ زۆر سادە و بێ پێچ و پەنایە و سەری لە هیچ دەرناچێ گوتی:

– بە بڕێک پووڵی زیو کارەکەت جێبەجێ دەبێ.

وەنگ لانگ تێگەیشت کە دەرکەوان پارەی گەرەکە، بەگریانەوە گوتی:

– من ئینسانێکی هەژار و نەدارم.

دەرکەوان گوتی:

– بزانم بەر پشتێندەکەت چەندی پووڵ تێدایە؟

وەنگ لانگ قەرتاڵەکەی لەسەر سەکۆی بەردەرگاکە دانا و کیسەیەکی بچووکی لەبەر پشتێندەکەی هێنا دەر و ئەو بڕە پووڵەی کە بریتی بوو لە سکەیەکی زیو و هەژدە شایی مس لەسەر دەستی دانا. دەرکەوان پێکەنی و گوتی:

– زیوەکە بۆ من.

بەر لەوەی وەنگ لانگ بەو سەودایە ڕازی بێ. دەرکەوان پووڵە زیوەکەی لە قۆڵی کراسەکەیدا شاردەوە، بەوەش ڕازی نەبوو، ئەوجار پەیتا پەیتا هەرای دەکرد.

– زاوا... زاوا...

وەنگ لانگ لە داخان نەیدەزانی چ دەکا، بەڵام چارەشی نەبوو. سەرجەم قەرتاڵەکەی هەڵگرت و وەدوای کەوت. ئەوە یەکەم جار بوو کە چوی بەماڵێکی ئاوا گەورە و خۆش دەکەوت، نەیدەزانی ڕوو لە کوێ بکا، لە حاڵێکدا سەری لەبەرخۆی نابوو جارجار لە دەوروبەری خۆی گوێی لە دەنگەدەنگ و پێکەنین دەبوو. دوای ئەوەی لە چەند حەوشە چوونە ژوور دەکەوانەکە بە وەنگ لانگی گوت:

– لێرە ڕاوەستە.

دەرکەوان چووە دیوەخان و دوای چەند دەقیقە گەڕاوە و گوتی:

– خاتوونی پیر فەرموویەتی بەخزمەتیان بگەی.



وەنگ لانگ ویستی وەڕێ کەوێ، بەڵام دەرکەوان ڕایگرت و بەتەوسەوە گوتی:

– بەو قەرتاڵەوە نابێ بچییە خزمەت خاتوونی گەورە، چونکە دەستت دەگیرێ و ناتوانی ڕێزی بۆ دانێی.

وەنگ لانگ بەترس و لەرز لەبەر خۆیەوە گوتی:

– بەسەرچاو قوربان بمبوورە.

بەڵام لە دڵی نەدەبووەوە قەرتاڵەکەی بەجێ بێڵی، پێی وابوو شتێکی لێ دەدزن!نەیدەزانی خەڵک وەک وی چاویان لەو کیلۆ گۆشتە نییە. دەرکەوان کە هەستی بەو مەسەلە کرد بەچاوێکی سووک و پڕ لە بێزارییەوە گوڕاندی و گوتی:

– بڕۆ ئاسودە بە، ئەو گۆشتە خواردنی ئێمە نییە. ئێمە ئەوجۆرە گۆشتانە نادەین بەسەگیش.

لە پاشان دەرکەوانەکە قەرتاڵەکەی لە پشت دەرگا دانا و وەنگ لانگی نارده ژوورەوە. کاتێک چووە ژوور لەبەر نەقش و نیگار چاوی هەڵنەدەهات! جگە لەوەش لە عومریدا ژووری وا گەورەی نەدیبوو! بیست ماڵی وەک ماڵی خۆی تێدا جێ دەبووەوە، ئەگەر ڕێنوێنییان نەکردبا لەوانەبوو سەری لێ بشێوێ و ڕێگا ون بکا.

سەرەڕای ئەوەی ماڵەکە زۆر گەورە بوو، هەموو وڵات وەک ئاوێنە دەدرەوشاوە! پیاو ویستبای چاو لە میچی بکا ئەگەر ئاگای لەخۆی نەبا تەپڵی سەری وەعەرزی دەکەوت.

دەرکەوان گوتی:

– ئەوجار دەتوانی ڕاست بڕۆی و لە بەرابەر خاتوونی پیردا بەرنەبییەوە.

وەنگ لانگ زۆر بەناڕەحەتی هەستا ڕۆیشت، لە نێو ئەو کۆشکەدا چاوی بە ژنێکی پیر و بەساڵاچوو کەوت، کە بەلیباسێکی ئاوریشمی و جوان خۆی ڕازاندبووەوە. لە لایەکی دیکەشەوە تریاکی ئامادەکراوی لەسەر چرایەکی بچووک دانابوو و جاروبار مژێکی لێ دەدا، ئەوەندەی تریاک کێشابوو چاوەکانی لە قووڵەوە چووبوون و زۆر وەک مەیمون دەچوو. بەڵام لەبەر ئەوەی دەوڵەمەند بوو هیچی پێوە دیار نەبوو. وەنگ لانگ کاتێک لێی نزیک بووەوە، چۆکی دادا و کڕنۆشی بۆ برد. خانمی بەساڵاچوو بەپۆز و ئیفادەیەکی خانمانەوە بەدەرکەوانەکەی گوت:

– ڕاستی کەوە، ئێمە نیازمان بەو چەشنە ڕەفتارە نییە، بزانە ئەو ژنە هاتووە؟

دەرکەوانەکە وەڵامی داوە و گوتی:

– بەڵێ خاتوونی گەورە.

خاتوون گوتی:

– ئەدی بۆ بۆخۆی قسە ناکا؟

دەرکەوان لە وەڵامدا گوتی:

– دەبێ بیبووری خاتوونی گەورە، هەر ئەوەندە تێ دەگا.

کاتێک وەنگ لانگ ئەو قسەی گوێ لێ بوو. زۆر ناڕەحەت بوو بەچاوێکی پڕ لە ڕق و بێزارییەوە تەماشای دەرکەوانی کرد و گوتی:

– ئەی خاتوونی بەڕێز. من ئینسانێکی ساویلکە و ساکارم و نازانم لە خزمەت گەورەیەکی وەک تۆدا بەچ شێوەیەک قسەکانم دەست پێ بکەم.

خاتوونی پیر لە حاڵێکدا حۆقەکەی بەدەستەوە بوو، بەڕواڵەت خۆی گێل کرد! هەرچەند دەیویست قسە بکا و وەڵامی وەنگ لانگ بداتەوە بەڵام وای خۆ نواند کە هیچ کەسی لەلا نییە. لە پاشان کڵفەتێک هات و کەمێکی دیکەی تریاک بۆ لەسەر حۆقەکەی دانا و دەستی کرد بە مژ لێدان، دوای ماوەیەک ئاگای لە خۆی بڕا. بەڵام وەنگ لانگ هەروا دەستەونەزەر لە بەرابەریدا ڕاوەستابوو تا خانم چاوی هەڵێنا و پرسی:

– ئەو پیاوە بۆ لێرە ڕاوەستاوە، چ کارێکی هەیە؟

دەتگوت هەموو شتێکی لەبیر چۆتەوە! دەرکەوانیش هیچی نەگوت.

وەنگ لانگ بەسەرسوڕمانەوە گوتی:

– خاتوونی بەڕێز من چاوەڕوانی ئەو ژنەم.

– ژن؟ کام ژن؟

بەر لەوەی خاتوونی پیر درێژە بەقسەکانی خۆی بدا، کڵفەتێک چووە بن گوێی و بەسرتە شتێکی پێ گوت. خاتوون برێک ڕاما و گوتی:

– ئەها بەڵێ بەڵێ... بۆ لەحزەیەک تووشی فەرامووشی بووم، کارێک نییە، زۆر هاسانە. دەزانم تۆ بەشوێن ئەو کڵفەتەدا هاتووی کە نێوی ئۆلانە. وەبیرم هاتەوە کە بڕیارم دابوو بیدەم بەجوتیارێک، تۆ هەمان جوتیاری؟

وەنگ لانگ وەڵامی داوە:



– بەڵێ من ئەوم.

خاتوون بەکڵفەتەکەی خۆی گوت:

– دادەی ئۆلانی بانگ کە.

ئەوەندە بەپەلەبوو، پیاو پێی وابوو دەیەوێ هەرچی زووتر ئەو مەسەلە ڕاپەڕێنێ و دەست بکاتەوە بەتریاک کێشان. دوای ماوەیەک کڵفەتەکە ئۆلانی لەگەڵ خۆی هێنا. ژنەکە کۆت و شاڵوارێکی مەیلەو شینی لەبەر دابوو. وەنگ لانگ بەسیلەی چاو تەماشای کرد و پاشان ڕووی خۆی وەرگێڕا و وەدڵەکوتە کەوت. خاتوونی پیر زۆر بێ پەردە سەری هەڵێنا و گوتی:

– وەرە پێش کڵفەت! ئەو پیاوە لەبەر تۆ هاتووە.

ژنە ڕووی کردە خاتوونی پیر و دەستەونەزەر ڕاوەستا. خاتوون پرسی:

– تۆ ئامادەی؟

ژنەکە لەسەرەخۆ وەڵامی داوە:

– بەڵێ ئامادەم.

ئەوە هەوەڵێن جار بوو کە وەنگ لانگ گوێی لە دەنگی دەبوو. لە پاشان تەماشای قەد و باڵای کرد، ژنێکی دەنگ خۆش بوو، نە زۆر کەڵەگەت و نە زۆر کورتەباڵا، ژنێکی زۆر ئارام و لەسەرە خۆ و بێ دەنگ بوو، ساکاری و بێ فڕوفێڵی لە قسەکانی ڕا دیار بوو، سەر و قژیشی جوان جوان شانە کردبوو. بەڵام کاتێک وەنگ لانگ چاوی بە پێ و پلی کەوت، بۆ لەحزەیەک تووشی ناهومێدی بوو، چونکە پێڵاوی لە پێدا نەبوو، بەڵام ماوەی ئەوەی نەبوو بیر لەو شتانە بکاتەوە. خاتوونی پیر بەدەرکەوانەکەی گوت:

– بڕۆ بوخچەکەی تا بەر دەرگا بۆ بەرە و بەڕێی کە.

لە پاشان خاتوونی پیر بانگی وەنگ لانگی کرد و پێی گوت:

– لە لای کڵفەتەکە ڕاوەستە و بزانە دەڵێم چی؟

وەنگ لانگ لە لای ئۆلان ڕاوەستا. خاتوون ڕووی تێ کرد و گوتی:

– ئەو ژنەم لە تەمەنی دە ساڵیدا کڕیوە و ماوەی دە ساڵە لە ماڵە منە، ئەوەش بزانە لە ساڵێکی قاتی و قڕیدا، دایک و باوکی لەبەر نەداری ئەو کچەیان بەمن فرۆشت. دایک و

باوکی ئەو کچە دانیشتووی «شان تۆنگ» بوون، دوو جار گەڕانەوە وڵاتی خۆیان و لە پاشان نەمزانی چیان لێ هات، بەکورتی بڵێم زۆر جوان و لەبەر دڵان نییە، ڕەنگە تۆش زۆر بەوە ماندوو نەبی. چونکە ئەوە ویستی پیاوی خۆشگوزەران و پووڵدارە کە ژنی جوانیان گەرەکە، ئەویش بۆ ئەوەیانە کە سەرگەرمیان بکەن. زیرەک نییە بەڵام هەر کارێکی پێی بسپێری چاکی ئەنجام دەدا. ئینسانێکی دەم بەپێکەنین و سەر و ڕوو خۆش نییە، بەڵام تا ئەو جێگایەی بزانم کچە و دەستی لێ نەدراوە، چونکە ئەوەندە لەبەردڵان نەبووە کە کوڕ و نەوەکانی ئێمە تەماحی تێ بکەن. ئەگەر وەک کلّفەتە جوانەکانی دیکە هەمیشە بەبەرچاوانەوە با، یا هات و چۆی حەوشە و هۆدەکانیشی کردبا کەس پێی وانەبوو سەری پێوەیە، چونکە نەزەری حەرام نەبوو. ها ئەوە خۆت و ژنت بەچاکی کەڵکی لێ وەربگرە. گوتم کەمێک کەم زەینە درەنگ حاڵی دەبێ بەڵام ئەوەندەی خودا حەز دەکا کلّفەتێکی چاک و لەسەرەخۆیە. ئەوەش بزانە بۆیە بەمێردی دەدەم کە خودا لە قیامەتدا بۆم بەکارێکی چاک بنووسێ و ئێوەش منداڵتان لێ بکەوێتەوە. ئەگەر لەبەر ئەوە نەبا بۆخۆم ڕام دەگرت، چونکە زۆر کابانە. دەبێ ئەوەش بڵێم من بەو مەرجە کلّفەتەکانم بەمێرد دەدەم، یەکەم داواکاریان هەبێ، دووەم ئەربابە جحێڵەکان نەیانەوێن.

لە پاشان ڕووی لە کلّفەتەکە کرد و گوتی:

– لە قسەی مێردەکەت دەرمەچۆ، دوابەدوای یەک کوڕت ببێ و هەوەڵێن منداڵیش بێنە لای من چاوم پێی بکەوێ.

ژنەکە گوتی:

– بەسەر چاو خاتوونی بەڕێز.

وەنگ لانگ ئەوەندە نیگەران بوو دەست و پێی خۆی لێ گوم بوو، نەیدەزانی چ بکا. لە پاشان خاتوونی پیر توورە بوو و گوتی:

– بڕۆن، بۆچی ڕاوەستاون؟

وەنگ لانگ دوای ئەوەی ڕێزی خاتوونی گرت وەدەرکەوت و ژنەکەی بەدوایدا ڕۆیشت. دەرکەوانەکەش بەر و بوخچەکەی بەکۆڵ دادا و بردییە هۆدەیەک کە وەنگ لانگ قەرتاڵەکەی لەوێ دانابوو. لە دواییدا بەبێ ئەوەی یارمەتیان بکا بەجێیی هێشتن. وەنگ لانگ گەڕاوە لای ژنەکەی و بۆ یەکەم جار بەچاکی تەماشای کرد و بۆی دەرکەوت کە ژنێکی بێ پێچ و پەنا و ئەم لا و ئەولایە، چی لە دڵدا نییە و زۆر بێ فڕ و فێڵە. ژنێک



بوو سەر و دەم و چاوپان و کەپۆ کورت و فش، ڕەنگ ڕەش و زار زەلام و چاو چکۆڵە. سەرەڕای ئەوانەش زۆر خەمناک. هەر بەو چاو پێکەوتنە بۆی دەرکەوت کە ئینسانێکی ئارام و لەسەرەخۆیە. وەک پەیکەر دەچوو، دەنگی لێ نەدەهات! وەنگ لانگ تەماشای دەکرد و ئەو هیچی نەدەگوت.

وەنگ لانگ پاش ئەوەی زۆری تێوەڕوانی حاڵی بوو کە دەم و چاوی جوان نییە و ڕەنگی ئامالّ بەقاوەیی سووتاوە، بۆیە هێندە تەماشای دەکرد تا بزانێ لێوکەت و گڕوێ نییە، چونکە لە پێشدا گوتبووی لانی کەم لێوکەت نەبێ، تەنیا شتێکی زۆر جێگای سەرنج بوو، گوارە و ئەنگوستیلەیەک بوو، کە پێشتر وەنگ لانگ بۆی کڕیبوو. وەنگ لانگ لە حاڵێکدا نەیدەویست خۆشحاڵی خۆی دەربڕێ گوتی: «ئێمەش بووین بەپیاو و خاوەن ژن و ماڵ». لە پاشان گوتی: «ئەوە بەر و بوخچەی خێزانم و ئەوەش قەرتاڵەکەی من».

ئۆلان بێ ئەوەی قسە بکا بەر و بوخچەکەی بەکۆڵیدادا.

وەنگ لانگ بڕێکی تەماشا کرد و گوتی:

– بیدە بەمن کاری تۆ نییە قورسە، تۆ وەرە قەرتاڵەکە هەڵگرە.

وەنگ لانگ بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە لیباسەکانی تازەن و چڵکن دەبن چەمدانی ژنەکەی بەکۆڵیدادا و ژنەکەشی قەرتاڵەکەی هەڵگرت. وەنگ لانگ بیری لەو هەموو حەوشە دەکردەوە کە بەجێیان هێشتبوو، چونکە تا گەیشتبووە بەر دەرگا زیاتر لە سەد حەوشەیان ئەژمارد، دەستی بە پرتەوبۆڵە کرد و گوتی:

– خۆزگە لە کەلێنێکەوە خۆمان دەگەیاندە بەر دەرگا و چاومان بەو هەموو حەوشە نەدەکەوت.

ژنەکە زۆری بیر لەو قسە کردەوە، بەڵام لە مەبەستی وەنگ لانگ حاڵی نەبوو. لە پاشان مێردەکەی بەحەوشەیەکی بچووکدا ڕێنوێنی کرد و هاتنە سەر شەقام. وەنگ لانگ دوو سێ جار ئاوڕی داوە و تەماشای ژنەکەی کرد.

گوتمان ژنە زۆر جوان نەبوو بەڵام پێ و پلی زۆر زل و خڕوخۆڵ و گۆشتن بوو، ڕێگا ڕۆیشتنەکەشی وەک خەڵک نەدەچوو، نەیدەزانی پێ هەڵێنێتەوە هەر دەتگوت قەت بەڕێگادا نەڕۆیشتووە.

کاتێک گەیشتنە ناو شار وەنگ لانگ دەستی برد بۆ پشتێندەکەی و باقی پارەکەی کە

بریتی بوو لە چەند شایی دەرهێنا و دای بەشەش هوڵووی کاڵ و گوتی:

– هانێ ئەو هوڵووانە بخۆ.

ژنەکە وەک منداڵ هوڵووەکانی لێ وەرگرت و هیچی نەگوت. کاتێک گەیشتنە مووچە، وەنگ لانگ یەک دوو جار تەماشای کرد بزانێ ژنەکە چ دەکا؟ ژنە خەریک بوو گازی لە هوڵووەکە دەگرت بەڵام کە چاوی بەمێردەکەی کەوت وەپەنا خۆی دا و ڕاوەستا. وردە وردە ڕۆیشتن تا گەیشتنە جێگایەک بەنێوی پەرەسگای خاک، ئەو پەرسگایە لەنێو مووچەیەکدا بوو و باپیری بەدەستی خۆی دایبنابوو. کەرەسەکەشی لە شارەوە بەچەرخی دەستی هێنابوو. ڕووکاری دیوارەکە هەموو گێچکاری کرابوو. کاتێک بەرهەم زیاد دەبوو نەقاشی گوندەکەیان بەکرێ دەگرت و وێنەی جۆراوجۆریان دەکێشاوە کە دڵێک و هەزار دڵ ئاشقی دەبوو. بەڵام بەهۆی باران و دڵۆپەوە زۆربەی ئەو شتانە پاک ببوونەوە.

لەنێو پەرسگاکەدا دوو پەیکەری گڵ بەنێوی خودای خاک و خێزانی لە سووچێک داندرابوون و بەکاغەزی سوور و زەرد ڕازاندبوویانەوە. لەگەڵ ساڵ تازە دەبووەوە، وەنگ لانگ بەکاغەزی ڕەنگاوڕەنگ لیباسەکانی بۆ تازە دەکردنەوە، ئەوە کاری هەموو ساڵێکی بوو؛ چونکە بەهۆی بەفر و باران و تینی ڕۆژەوە لیباسەکانیان کۆن و کاڵ دەبوونەوە. بەڵام چونکوو تازە ساڵ نوێ ببووەوە لیباسەکانیان هەر وەک خۆی مابووەوە. وەنگ لانگ پاک و خاوێنی وانی پێ خۆشبەختییەکی گەورە بوو و شانازی پێوە دەکرد.

قەرتاڵەکەی لە ژنەکەی وەرگرت و عوودەکەی دەرهێنا. دەترسا لەوەی کە عودەکەی شکابێ چونکە پێی وابوو ئەگەر عوودەکەی بشکێ تووشی بەدبەختی دەبێ، بەڵام خۆشبەختانە هیچی لێ نەهاتبوو. ئەوەندەیان عوود لە پەنا ئەو پەرسگایە سووتاندبوو تەپۆڵکێک خۆڵەمێش کەوتبووە سەر یەک.

وەنگ لانگ وەک هەموو جوتیارەکانی دیکەی ئەو دەورووبەرە، لە بەرابەر ئەو پەرەسگایەدا بە ملکەچی و لارە ملی چۆکی دادا و لە پاشان ئەو عوودەی کە نەزری وانی کردبوو لە سووچێک چەقاند و هەڵیکرد. لە پاشان ژن و مێرد لە بەرابەر خودای مووچەدا ڕاوەستان تا عوودەکە سووتا و بوو بەخۆڵەمێش. ژنە بە قامکی شادەی خۆڵەمێشی سەر عوودەکەی لادا، بەڵام پێی وابوو کارێکی دروستی نەکردووە، لە ترسان تەماشای وەنگ لانگی کرد. بەپێچەوانەی بڕوای خۆی وەنگ لانگ بەو تەماشا کردنەی زۆر خۆشحاڵ بوو. ژنەکە هەستی بەوە کرد کە ئەو لقە عوودە ئی هەردووکیانە. لێک نزیک بوونەوە و ژن و



مێرد زۆر سادە و ساکار پێوەندی سەرەتاییان دامەزراند. وردە وردە ڕۆژ درەنگ بوو، وەنگ لانگ چەمەدانەکەی بەکۆڵدادا و بەرەو ئاوایی وەڕێ کەوتن.

پیرەباب لەبەر بەربەرۆچکەی ماڵەکە ڕاوەستابوو و خۆی لەبەر تاو هەڵخستبوو. کاتێک وەنگ لانگ و ژنەکەی لێ نزیک بوونەوە قسەی لەگەڵ نەکردن؛ چونکە خۆی لەوە بەزیاتر دەزانی قسە لەگەڵ ژن بکا. بەبیانووی تەماشاکردنی پەڵە هەور لە ئاسمان خۆی خافڵاند و گوتی:

– تەماشای ئەو پەڵە هەورانەی پەنا مانگە کەن چەند جوان شۆڕابەیان هاتووەتە خوارێ! مزگێنی بارانیان پێوەیە و دەبارێ.

دوای ئەوەی وەنگ لانگ قەرتاڵەکەی لە ژنە وەرگرت، پیرەباب بەدەنگێکی بەرز گوتی:

– دیسانیش پارەت خەرج کردووە؟

وەنگ لانگ قەرتاڵەکەی دانا و گوتی:

– ئەمشەو میوانمان هەیە.

لە پاشان چەمەدانەکەی بردە هۆدەیەک کە بۆخۆی لەوێ دەخەوت لە پەنا سندووقی لیباسەکانی خۆی دانا. لە حاڵێکدا بەسەرسوڕمانەوە تەماشای دەکردن پیرەباب هاتە بەر دەرگا، دەستی کرد بە منگەمنگ و گوتی:

– لەم ماڵەدا پووڵ خەرج کردن تەواو نابێ و بنەی نایە.

پیرەباب سەرەڕای ئەوەی لە قووڵایی دڵەوە بەمیوانداری کوڕەکەی خۆشحاڵ بوو، بەڵام بۆ ئەوەی بووکەکەی هەر لە سەرەتاوە عادەت بگرێ کە دەست بڵاو نەبێ، لەبەرخۆیەوە هەر دەیبوڵاند و ئیرادی دەگرت.

وەنگ لانگ هیچی نەگوت، قەرتاڵەکەی بردە ئاشپەزخانە. شتەکانی یەک یەک هێنا دەر و بە ژنەکەی گوت:

– ئەوە گۆشتی بەراز، ئەوەش گۆشتی گوێلک و ماسی، حەوت نانخۆرمان میوانە. دەتوانی شتێکی چاکمان بۆ ساز کەی؟

وەنگ لانگ لە کاتی قسەکردندا تەماشای ژنەکەی نەکرد، چونکە داب نەبوو، جگە لەوەش پێی وابوو ژنەکەی سامی لێی دەشکێ. ژنە بەدەنگێکی نەرم و ئارام گوتی:

– لەو ڕۆژەوە کە چوومە ماڵی هوانگ تا ئەم لەحزەی کە لێرەم دەبینی هەر لە ئاشپەزخانە کارم کردووە و هیچ خۆراکێکی ماڵی ئەرباب بێ گۆشت نەبووە.

وەنگ لانگ سەری لەقاند و وەدەرکەوت. ئیدی چاوی بە ژنە نەکەوت تا هەموو میوانەکان هاتن. میوانەکان هەموو فەقیر و هاوشانی خۆی بوون. مامی پیاوێکی شۆخ و قسەخۆش و برسی بوو، کوڕەکەی مێرمنداڵ بوو بەڵام هەتا بڵێی بێ چاو و ڕوو و قۆشمە و زۆرزان بوو. باقی میوانەکانی دیکە کە بریتی بوون لە چەند جوتیاری دەست و پێ زل، دوو کەسیان جیرانە گوندی خۆیان بوون، کە لەکاتی گیرە و کێشە و خەلە و خەرمان هەڵگرتن بەدەستەوا یارمەتی یەکتریان دەکرد و بەدەرد و مەرگی یەکەوە بوون. یەکێکیشیان چینگ بوو، ئەویش پیاوێکی کورتەباڵا و بێ دەنگ و نەدوێ بوو.

دوای ئەوەی میوانەکان دانیشتن وەنگ لانگ چووە لای ژنەکەی لە ئاشپەزخانە و پێی گوت نانی دانێ. ژنەکەی گوتی:

– من شتەکانت بۆ دێنم ئەتۆش سفرەکە ڕاخە، جوان نییە من بەبەردەمی میوانەکاندا بێم و بچم.

وەنگ لانگ بەو ژنە زۆری پۆز و ئیفادە لێ پەیدا ببوو. هەرچەند سامی شکابوو و شەرمی نەدەکرد، بەڵام نەیدەویست لەلای پیاوەکان ئاشکرای بکا. دوای ئەوەی قاپ و کەوچکەکانی لەبەر دەرگای ئاشپەزخانە لێ وەرگرت و سفرەکەی دانا بەدەنگێکی بەرز گوتی:

– مامەگیان! براگیان! بخۆن با سارد نەبێتەوە.

مامی بەپێکەنینەوە پرسی:

– ئێمە نابێ چاومان بەبووک بکەوێ؟

وەنگ لانگ لە وەڵامدا گوتی:

– ئێمە هێشتا نەبووینە ژن و مێرد تا ڕێوڕەسمی مارەکردن پێک نەیە جوان نییە بێتە لای ئێوە.

لە پاشان بەمیوانەکانی گوت:

– فەرموون نان حازرە.

دەست بەنان خواردن کرا و بێدەنگی هەموو وڵاتی داگرت. دوای ماوەیەک دەست بەقسە



کرا و هەر کەسە لەبەر خۆیەوە شتێکی دەگوت. یەک دەیگوت سۆسەکەی جوان سوور کراوەتەوە، یەکی دیکە دەیگوت ماسییەکەی زۆر جوان لێ ناوە، دەست و چاوی خۆش بێ. وەنگ لانگیش دەیگوت:

– ماڵی خۆتانە شتێک نییە، ئێوە چاوتان جوان دەبینێ.

زۆری شانازی بە کابانەتی ژنەکەی دەکرد و دەیزانی کە دۆستەکانی تاکو ئێستا نان و چێشتی وا چاکیان نەدیوە و نەخواردووە. دوای ئەوەی نان خورا دەستیان کرد بە جەفەنگ لێدان و گاڵتە و گەپ.

وەنگ لانگ پاش بەڕێ کردنی میوانەکانی گەڕاوە لای ژنەکەی، تەماشای کرد لە پەنا مانگاکەی بەلادا هاتووە و خەوی لێ کەوتووە! کاتێک وەخەبەری هێنا کا و کۆتێکی زۆری لێ نیشتبوو! بەنێو بانگی کرد، ژنەکە بەخەواڵوویی چاوی هەڵێنا و چاوەڕوان بوو شتێکی پێ بڵێ.

بەڵام وەنگ لانگ کاتێک چاوی پێ کەوت، بەزەیی پێدا هات، دەستی گرت و بردییە ئەو وەتاغەی کە لەبەر خاتری وی خۆی لەوێ شوتبوو، شەمێکی سوور لەسەر مێزەکە بوو. شەمچەیەکی لێدا، کاتێک خۆی و ژنەکەی لە بەرابەر ڕووناکی ئەو شەمە دیت شەرمی دەکرد لەوەی تەنیا لەگەڵ ژنێک پێکەوە دانیشن، ماوەیەکی زۆر شەرم گرتی، سەرەنجام ناچار بوو ئەوە قەبووڵ بکا کە ئەو ژنە حەڵاڵی خۆیەتی و حەرامی هەموو کەسە. وەنگ لانگ وردە وردە لیباسەکانی خۆی داکەند، ژنەکەشی بەناز و شەرمەوە لە پشت پەردە خۆی شاردەوە و هەست و خوستی لەخۆی بری. دوای ماوەیەک خۆی ئامادە کرد و خزییە نێو جێگاوبانی بووک و زاوایەتی.

وەنگ لانگ بەدەنگێکی پیاوانە گوتی:

– ئەگەر ویستت بخەوی شەمەکە بکوژێنەوە، لەبیرت نەچێ.

لە پاشان لەسەر تەخت ڕاکشا، لێفەیەکی ئەستووری لە خۆیەوە پێچا و خۆی مەڵاس کرد. لەبن لێفەکەوە چاوی هەر زیتەزیتی بوو، لە تەپڵی سەری ڕا تا بەری پێی دەلەرزی و هەموو گیانی بەخەبەر بوو! ئەو ماوەی تا ژنەکە هاتە لای و ڕاکشا پێی بە سەد ساڵ دەبوو. لە خۆشیان هەر جینگڵی دەدا و حەجمینی نەبوو. کاتێک شەمەکە تەواو بوو و وڵات تاریک داهات، وەنگ لانگ بەحاڵەتێکی نیوە پێکەنین و نیوە تووڕەییەوە ژنەکەی لە باوەش گرت و پێک شاد بوون.

٢

وەنگ لانگ بەیانی ڕۆژی دوایی لە حاڵێکدا بەدەم خەوەوە لەسەر جێگای خۆی دەتلاوە، لەبن لێفەوە تەماشای خێزانی دەکرد و لە ژیانی خۆی ڕازی بوو.

ژنەکە قۆڵنجی شکاند و هەستا خۆی کۆ کردەوە و پێڵاوەکەی لە پێ توند کرد. لە کەلێنی پەنجەرە تاو بەسەری کشابوو، ئالۆگۆڕێکی بەسەردا نەهاتبوو، تێک نەچوبوو.

وەنگ لانگ لەو مەسەلە سەری سوڕمابوو، پێی وابوو شەوی ڕابردوو لە هەموو بارێکەوە ئالۆگۆڕی بەسەردا هێناوە. بەڵام ژنەکە وەک ئەوە دەچوو کە چەند ساڵە لەگەڵ ئەو پیاوە هەستاوە و دانیشتووە، دەستەوبەجێ دەست بەکار بوو. دەنگی کۆخەی پیرەباب بەیانی زوو لە هەموو لاوە دەبیسرا. وەنگ لانگ بەژنەکەی گوت:

– جارێ هیچ مەکە برێک ئاو بۆ سینگی باوکم گەرم کە.

ژنە پرسی:

– گەڵای چای تێکەم یا هەروا؟

وەنگ لانگ بەو پرسیارە ناڕەحەت بوو، بەڵام ژنەکە مەبەستی خراپی لەو قسە نەبوو. وەنگ لانگ گوتی:

– دیارە بێ گەڵا نابێ. بۆ پێت وایە ئێمە فەقیر و دەس تەنگین؟

زۆری پێ خۆش بوو ژنەکەشی وەک خۆیان وا بیر بکاتەوە کە چا لە لای وان شتێکی بێ کەڵک و بێ بایەخە. ئەوەشی دەزانی کە لە ماڵی هوانگ ئاوی بێ چا نەبوو، تەنانەت ڕەنجبەر و کلفەتەکانیش بەقەندناغ ڕازی نەبوون. بیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر خێزانی لە ڕۆژی هەوەڵەوە لە جیاتی قەندناغ چای بدا بەباوکی ناڕەحەت دەبێ. بێجگە لەوەش بەڕاستی ئەوەیان بۆ نەدەکرا، چونکە نەیانبوو هەتا خۆی پێ ڕانێن. لە پاشان بۆ ئەوەی مەسەلەکەی بگۆڕێ و خۆ نەشکێنێتەوە، وەڵامی داوە.

– چا؟ نانا نەکەی؛ بۆ کۆخەی باوکم خراپە.

ئەو دەمەی ژنەکە لە ئاشپەزخانە خەریکی ئاور کردنەوە و ئاو گەرم کردن بوو وەنگ



لانگ لەنێو جێگاوبانی گەرم و نەرمدا لەسەر پشت ڕاکشابوو. پێی خۆش بوو دیسان بخەوێتەوە بەڵام لەبەر ئەوەی عادەتی بە زوو هەستان گرتبوو نە حەساوە. هێشتا شەرمی دەکرد لە بارەی ژنەکەیدا بیر بکاتەوە. بیری لە مووچە و مەزرا و خەڵە و خەران و دەغڵودان دەکردەوە و دەیگوت: «ئەگەر خودا بکا باران بباریێ و تاو و ساو بێ هەروەها چینگی جیرانم سەودام لەگەڵ بکا هێندێک دەبووژێمەوە و دێمەوە سەر حاڵ». جارجاریش دەکەوتە سەر بیری ژیانی تازە بەسەردا کەوتووی، کاتێک شەوی ڕابردووی وەبیر کەوتەوە گوتی: «دەبێ ژنەکەشم منی خۆش بوێ؟ یا بەسەرجێیی و ماڵە من ڕازی بێ؟».

سەرەڕای هەموو ئەو فیکر و خەیاڵانە لەشی قەڵەو و خڕوخۆڵ و نەخاراوی خێزانی لەبیر نەدەچووەوە. هەر کە وەبیری دەهاتەوە پێکەنین دایدەگرت و شەوی زاوایەتی دەهاتەوە بەرچاوی؛ چونکە ئەو شەوە کاتێک شەمەکەی کوژاوە لەبەر پێکەنین خۆی بۆ ڕانەگیرا. لە پاشان بۆی ڕوون بووەوە کە بەچکە ئەربابەکان جگە لە دەم و چاوی ناحەز هیچی دیکەیان لەو کلفەتە چاو پێ نەکەوتووە. کەچی لەشی زۆر جوان و گۆشتن و سەرنج ڕاکێش بوو.

وەنگ لانگ ئارەزووی ئەوەی دەکرد کە ژنەکەشی وەک مێردێکی چاک خۆشی بوێ، کاتێک ئەوەی بەدڵداهات شەرم دایگرت.

لە پاشان دەرگای وەتاغەکە کراوە و ژنەکەی بەجامێک ئاوی گەرمەوە وەژوور کەوت. لەنێو جێگا هەستا سەر قوون و جامەکەی لێ وەرگرت و تەماشای کرد گەڵا چا لەسەری ئەم لا و ئەولای دەکرد.

وەنگ لانگ سەری هەڵێنا و تەماشای ژنەکەی کرد. ژنە بەترس و لەرزەوە گوتی:

– چام بۆ پیرەباب نەبردووە، هەروەک تۆ گوتت وام کرد، بەڵام بۆتۆ...

وەنگ لانگ پێی خۆش بوو ژنەکەی لێی دەترسێ، بەر لەوەی ژنەکەی قسەکەی تەواو بکا گوتی:

– مەسەلەیەک نییە من چام پێ خۆشە و زۆریشی حەز پێ دەکەم.

دوای ئەوەی چایەکەی خواردەوە، دەیویست شتێک بڵێ، بەڵام لە ڕووی هەڵنەدەهات ئاشکرای کا. ئەویش ئەوە بوو کە پێی وابوو ژنەکەی زۆری خۆش دەوێ.

دوای ئەوەی ژنەکەی هێنا ماڵێ حەساوە و دەستی لە ڕەش و سپی نەدەدا. تەنیا کاری ئەوە بوو لە سووچێک تەماشای ژنەکەی بکا و بەس! بەڵام وردە وردە حەوسەڵەی

بەسەرچوو، وەک جاران دەستی داوە پێمەڕەیەک و بەرەو مووچە وەڕێ کەوت. ڕاوەستانی نەبوو، جارێک بەپێمەڕە کەردووی هەڵدەدا و جارێک بەگاسن زەوی شێو دەکرد. هیچ ماندوو نەدەبوو؛ جار لەگەڵ جاریش خۆشحاڵتر دەبوو. تا سەعاتی دوازدە کارەکانی تەواو دەکرد و دەگەڕاوە ماڵێ و لەسەر حازری و بزری دادەنیشت و دەستی دەکرد بەخواردن، لە حاڵێکدا لە پێشدا جگە لەوەی ئەو کارانەی دەکرد و خواردەمەنی دروست دەکرد؛ خزمەتی باوکیشی بەئەستۆ بوو. بەڵام ئێستا ژنەکەی ئەو کارانەی هەموو لەکۆڵ کردبووەوە.

لێرەدا پێویستە بڵێین کە لەخۆڕا نەیانگوتووە ژن و ماڵ، بەڕاستی ژن وەک وەستایەکی چاک وایە کە ناهێڵێ هیچ کەرەسەیەک خەسار و زایە بێ؛ جگە لەوەش وەنگ لانگ کاتێک دەگەڕاوە و چاوی بە ئاوپڕژێنی حەوشە و دەرکە و بان و وەتاغی گەسک لێ دراو و سۆبەی پڕ لە دار دەکەوت لە خۆشیان هەر بزەی سمێڵی دەهات. سەرەڕای ئەوەش هەموو بەیانان وێڕای وەنگ لانگ دەستی دەدا درمغێکی دار و دەڕۆیشتە بەندەن و خەریکی کۆ کردنەوەی چیلکە و چاڵ و کێویلکە و شتی وا دەبوو. لە پاشان دەوروبەری نیوەڕۆ خۆی دەگەیاندەوە ماڵێ نەهاری ئامادە دەکرد. وەنگ لانگ بەو کارە زۆر خۆشحاڵ بوو، چونکە لەمەوبەدوا ئاوردووەکەشی بۆ کەوتبووە خۆڕایی.

ژنەکەی زۆر بەکار و ئازا و هەڵسووڕاو بوو. دوا نیوەڕۆیانیش بێکار دانەدەنیشت؛ دەستی دەدا پێمەڕەیەک و دەچووە سەر ڕێگای مەڕو ماڵات، ڕیخی کۆ دەکردەوە و دەیکردە تەپاڵە. بەم چەشنە قەڵاغێکی گەورەی پێکەوە نا. بەبێ ئەوەی کەسێک بێی بڵێ ئەو کارانەی ئەنجام دەدا، شەوانەش بێکار دانەدەنیشت! ئێواران کە ماڵات بەرەو ماڵ دەبوونەوە و دادەکران، تفاقی لەبەر وڵاغەکان دەکرد و ئاوی بۆ دادەنان. لە پاشان دەستی دەدا دەرزی و دەزوو و پینەوپەڕۆی دەکرد. یا لەبەر دەرگا لێفەی ڕادەخست و بە شووڵێک لۆکەکەی دەکردەوە. مەلافەی دەشوت و لۆکەکەشی لەبەر تاو هەڵدەخست تا زیندووی تێدا نەمینێ. بەکورتی هەموو ڕۆژێک کارێکی تازەی دەکرد تا سەرەنجام هەر سێک هۆدەکەی وەک ئاوێنە خاوێن کردەوە.

وردە وردە کۆخەی پیرەبابیش کەم بووەوە و بەپێی خۆی دەڕۆیشت و خۆی لەبەر بەربەڕۆچکە هەڵدەخست. لەبەر تینی خۆر گەرم دادەهات، دەوێژینکا و سەرخەوێکی دەشکاند.

ژنەکەی زۆر بێ دەنگ بوو، لەخۆڕا قسەی نەدەکرد و خەریکی کاروباری خۆی دەبوو.



کاتێک دەهات و دەچوو و کاری دەکرد، وەنگ لانگ وەک مشتەری چاک چاوی لێ نەدەترووکاند و لە لاق و لەتەری دەڕوانی! بەڵام هیچی لێ حاڵی نەدەبوو و نەیدەزانی چ جۆرە ژنێکە.

شەوانە لەگەڵ لەشی پتە و نەرمی ڕاهاتبوو، بەڵام بەڕۆژ ئەوەندەی لیباس لەبەر دەکرد لەگەڵ کلّفەت لێکت نەدەکردەوە! بێ دەنگ کاری خۆی دەکرد؛ وەنگ لانگیش بەپێویستی نەدەزانی بڵێ بۆ قسە ناکەی؟ ئەوەندە بۆوی بەس بوو کە بەچاکی بەکاروباری ماڵەکەی ڕادەگەیشت.

وەنگ لانگ کاتێک لە مووچەش کاری دەکرد بیری لەو سەد حەوشەی ماڵی ئەرباب دەکردەوە کە لەوێ چ قەوماوە؟ حەزی نەدەکرد ڕاستەوخۆ چۆنیەتی ژیانی ڕابردووی ژنەکەی لە خۆی بپرسێ. ژنەکەی زۆر خۆش دەویست بەڵام لە ڕووی هەڵنەدەهات هەموو شتێکی لەگەڵ باس بکا، جارجاریش دەیگوت: «ژن بۆوە نابێ پیاو هێندەی خۆ پێوە ماندوو بکا». بیری لە کارەکانی دەکردەوە و دەیگوت: «بۆ ژنێکی کە لە بەیانی ڕا تاکو شەو لە بنەماڵەیەکی وا گەورەدا کلّفەتی کردووە، پاک و خاوێن کردنی سێ وەتاغ و سازکردنی دوو ژەم نان و چێشت کارێکی سەخت و گران نییە».

لە لایەک دەغڵودان فەریکە ببوون و لە لایەکیش بژار هێرشی هێنابوو. لە حاڵێکدا وەنگ لانگ پشتی هەڵنەدەهاتەوە، پێمەڕەی دەست دایە و دەستی کرد بەبژار کردن. کاتێک سەری هەڵێنا چاوی بەژنەکەی کەوت، لە حاڵێکدا پێمەڕەیەکی لەسەر شانی بوو گوتی:

- هاتووم یارمەتیت بدەم.

وەنگ لانگ گوتی:

- ئەدی ماڵەکەت بۆ کێ بەجێ هێشتووە؟

- کارەکانم هەموو ئەنجام داوە و تا شەو کارم نییە.

لە پاشان بێ ئەوەی لە وەنگ لانگ بپرسێ چ بکەم، لە پەنا مێردەکەی لە دێراوێک دامەزرا و دەستی کرد بەبژارکردن. دوای ئەوەی کەمێکی کار کرد ئارەقەی بەنێوچاوانیدا هاتە خوار و لیباسەکانی هەموو خووسان و بەلەشیەوە نووسان. وەنگ لانگ هەستی بەیەکەتی و هاودەنگی ژنەکەی کرد و هەموو شتێکی لەبیر چووەوە. بیری لە شتێکی تایبەتی نەکردەوە، جگە لەو مووچەی کە هۆی بەرێچوون و ژیانیان بوو.

خاکەکەی خاکێکی چاک و بەقەوەت و نەرم بوو، بەپێمەڕەش دەیتوانی کاری لەسەر بکا و خۆی بەڕێ ببا. جاروبار دار و خشتیان لەژێر خاک دەدۆزییەوە، چونکە لە ڕابردوویەکی زۆر دووردا ئەو مووچە گۆڕستان بوو. وەنگ لانگ بیری لەوە دەکردەوە کە ڕۆژێک ماڵەکەی وانیش تێک دەتەپێ و دەبێتەوە گۆڕستان. سەرەڕای ئەوەش لەگەڵ ژنەکەی بەدڵگەرمییەکی زۆر کاریان لەسەر مووچەکە دەکرد و ڕانەدەوەستان.

ڕۆژێک وەنگ لانگ تەماشای کرد ژنەکەی بە لەشی ئارەقاوی هاتە لای و زۆر سادە و بێ پەردە گوتی:

– من زگم پڕە!

وەنگ لانگ لە جێگای خۆی ڕاوەستا، نەیدەزانی وەڵامی ئەو قسە چ بداتەوە. بەڵام بۆ ژنەکەی شتێکی عادی بوو. لە پاشان وەنگ لانگ گوتی:

– بابڕۆین ئەو مەسەلە بەباوکم بڵێین.

بەرەو ماڵ وەڕێ کەوتن. ژنەکە دوو سێ هەنگاو دوور لە مێردەکەی دەڕۆیشت؛ چونکە باو نەبوو ژن شان بەشانی مێردی بڕوا. کاتێک گەیشتنەوە، تەماشایان کرد پیرەباب زۆر برسی و بێ حەوسەلە چاوەڕێیانە. دوای ئەوەی وەنگ لانگ ئەو ژنەی هێنابوو کەس دەستی لە ڕەش و سپی نەدەدا. پیرەباب گوڕاندی و گوتی:

– پێتان وایە هەرەتی جوانیمە؟! نازانن پیرم و بێ خۆراک خۆم بۆ ڕاناگیرێ؟

وەنگ لانگ چووە پەنای و گوتی:

– دەبێ سەبرت بێ خێزانم زگی پڕە.

باوکی دوای ماوەیەک بیرکردنەوە تێگەیشت کە کوڕەکەی دەڵێ چی، بزەی هاتە سەر لێو و بە بووکەکەی گوت:

– کەوابوو نزیکە ژانت بێتێ.

لە حاڵێکدا ژنەکە لە شەرمان سەری هەڵ نەدەهات گوتی:

– جاری زۆر ناڕەحەت نیم، هەر ئێستا نان و چات بۆ ئامادە دەکەم.

دوای ئەو قسانە پیرەباب وەک منداڵ بەشوێن بووکەکەیدا چووە ئاشپەزخانە. بیری نەوە، خۆراکی لەبیر بردەوە. وەنگ لانگ لەسەر مێزێک دانیشت و بیری لە چۆنیەتی لەدایکبوونی منداڵەکەی دەکردەوە.



## ٣

دەوروبەری منداڵ بوون وەنگ لانگ بە ژنەکەی گوت:

– ئێمە دەبێ لە بیری مامان یا کەسێکی دیکە دابین یارمەتیمان بدا.

ژنەکە لە حاڵێکدا خەریکی کۆکردنەوەی ولات بوو، بەسەر هەڵتەکاندن تێی گەیاند پێویست ناکا. پیرەباب خۆی بۆ ڕانەگیرا و چوو ڕاکشا، بەڵام ژن و مێرد هەروا بەدەم فیکر و خەیاڵی منداڵ بوونەوە لەبەر ڕووناکایی فتیلە دانیشتبوون. وەنگ لانگ بەنیگەرانییەوە پرسی:

– مامانت ناوێ؟

ژنە هەر لەبیری ئەوەدا بوو کەنگێ ڕۆژ دەبێتەوە. وەنگ لانگ درێژەی بەقسەکانی دا و گوتی:

– ئەو کارە بەمن و باوکم ناکرێ، چونکە ئەوە کاری تایبەتی ژنانە. ڕاستییەکەی سەرم لەو کارانە دەرناچێ. لە ماڵی ئەربابیش کەسێکی وا نییە یارمەتیمان بدا.

ئەوە هەوەڵین جار بوو کە وەنگ لانگ باسی ماڵی ئەربابی لە لای ژنەکەی دەکرد. ژنە ڕەنگ و ڕووی گۆڕابوو، تەماشای مێردەکەی کرد و گوتی:

– باسی ماڵی ئەرباب مەکە.

وەنگ لانگ ئەوەی کە بیست سەبیلەکەی دانا و بەسەر سوڕمانەوە ڕووبەڕووی ژنەکەی ڕاوەستا. بەڵام ژنەکەی دوای ماوەیەک هاتەوە سەر حاڵ و دەستی کرد بە کۆ کردنەوەی چیلکە و چاڵ. وەنگ لانگ گوتی:

– زۆر سەیرە بەڕاستی سەیرە!

ژنەکەی هیچی نەگوت.

وەنگ لانگ گوتی:

– من و باوکم لەبارەی منداڵ بووندا هیچ شتێکمان لە دەست نایە و خزمەتێکمان پێ ناکرێ. جگە لەوەش باوکم بۆ خێزانم نامەحرەمە و نابێ بچێتە وەتاغی وی، بۆخۆشم

تەنانەت چاوم لە زانی مانگاش نەبووە. هەروەها ئەو دەستە قەڵەو و نالەبار و ئەستوورەی من زیان بەمنداڵەکە دەگەیەنێ، ئەوە کاری من نییە. ئەگەر کەسێک لە ماڵی خاتوونی پیر هاتبا زۆر چاک دەبوو، چونکە ئەوان لەو کارانەدا شارەزان و ڕۆژ نییە کڵفەتێک منداڵی نەبێ.

ژنەکە لە حاڵێکدا تەڵاشی برینج خۆری لەسەر مێز دادەنا تەماشای مێردەکەی کرد و گوتی:

– من وەختێک دەگەڕێمەوە ماڵی خاتوونی پیر کە منداڵەکەم بەباوەشەوە بێ و لیباسی جوانم لەبەر کردبێ و خۆشم ڕازاندبێتەوە. لە پاشان یەکسەر ڕوو دەکەمە ئەو ئاشپەزخانەی کە تەمەنێکم تێدا ڕابردووە. لەوێڕا دەچمە لای خاتوونی پیر و خۆم و کوڕەکەم پێشانی هەموو لایەک دەدەم.

ئەوە هەوەڵین جار بوو کە وەنگ لانگ ئەوەندە قسەی لە ژنەکەی دەبیست. وەنگ لانگ لە سەرەتاوە لای وابوو کە ئەو ژنە ئەوەی لەبیریدا نەبێ منداڵەکەیەتی، گوێی بۆ ڕاگرت تا قسەکەی خۆی کرد. لە پاشان سیغارەکەی داگیرساند و بە ژنەکەی گوت:

– دەزانم پێویستت بەپارە هەیە.

ژنەکەی بەترس و لەرزەوە وەڵامی داوە.

– سێ پووڵی زیو، دەزانم پووڵێکی زۆریشە بەڵام ئەوەش بزانە زۆری دەست پێوە دەگرم، نابەجێ خەرجی ناکەم. هەموو شتێکم لێک داوەتەوە بەپارچە فرۆشیش دەڵێم پارچەکەم زڕدایکانە بۆ لێ نەکاتەوە.

وەنگ لانگ ڕۆژی پێشوو بار و نیوێکی دار حەیزەران لە بازاڕ فرۆشتبوو؛ پووڵەکەی هێنا دەر و دای بە ژنەکەی. هەرچەند ژنەکەی داوای سێ پووڵی لێکردبوو، بۆی کردە چوار پووڵ و لە دەستی نا.

ئەو پووڵەی لەمێژ بوو لە گیرفانیدا بوو. بەتەمابوو ڕۆژێک بچێتە شار و لە قاوەخانە قوماری پێ بکا بەڵام لەوە دەترسا کە پارەکەی لەدەست دەرهێنن و بیدۆڕێنێ، ناچار لە سووچێک دادەنیشت و تەماشای دەکردن؛ یا دەچووە لای چیرۆک بێژ و گوێی دەدایە قسەکانی، بەم چەشنە خۆی ڕازی دەکرد. لە پاشان مژێکی لە سیغارەکەی دا و گوتی:

– ئێستا کە ئەو تەمایەت گرتووە ئەو پارەش هەڵگرە و کۆتی منداڵەکە لە کوتە پارچەی ئاوریشم بدروو. نابێ دڵمان زۆر بەشتەوە بێ؛ نۆبەرەیە.



ژنەکە لە هەڵگرتنی پارەکە، زۆر بەپەلە نەبوو! ماوەیەک چاوی تێ بڕی، لە پاشان بێ ئەوەی ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا بێ بەئارامی گوتی:

– ئەوە هەوەڵین جارە کە پووڵی زێو بەخۆمەوە دەبینم!

پووڵەکەی توند لە مستی گرت و بە پەلە چووەوە وەتاغەکەی خۆی. وەنگ لانگ دانیشتبوو سەبیلەکەی دادەگرتەوە؛ بیری لەو پووڵە دەکردەوە و دەیگوت: «ئەو پووڵە بەرهەمی ئەو خاکەیە، خاکێکی کە تەمەنێک زەحمەتی لەسەر کێشاوە و هەر دڵۆپە ئاوێکی کە لەسەر ئەو خاکە ڕشتوویەتی بەخەسار نەچووە، ئەوەندە پووڵە زیوە بەرهەمی ئەو زەحمەتەیە».

لەبەر ئەوەی زۆری زەحمەت لەسەر ئەو خاکە دەکێشا دەتگوت لەگەڵ قڕانێک گیانی دەکێشن و لە چنگی نەدەهاتە دەر. بەڵام ئەو پووڵەی کە ئێستا دەیدا بە ژنەکەی زۆری پێوە ناڕەحەت نەبوو، چونکە ئەو پووڵەی لە دەست تاجرێکی شار نەکردبوو، بەڵکو پێی وابوو پووڵەکەی بۆتە شتێکی چاکتر لە زیو یانی لیباسێک کە کوڕەکەی لەبەری کردووە.

ژنەکەی بێ ئەوەی شتێک بڵێ بەم لا و ئەولادا هەڵدەسووڕا و کاری دەکرد، ئەو ژنە هەوەڵین کەسێک بوو کە بەخەیاڵ خەریک بوو لیباسی لەبەر منداڵەکەی دەکرد.

وەختی ئەوە هات کە منداڵی ببێ، بەڵام ژنەکە نەیهێشت هیچ کەس بچێتە لای! لە بەرەبەری ڕۆژئاوابووندا ژان دایگرت، بەو حاڵەشەوە لەگەڵ مێردەکەی لە مووچەدا کاری دەکرد.

لەلایەک گەنمەکان فەریکە ببوون، لە لایەکیش بەچەقاندنی شەتڵی برینج مووچەکەیان ڕازابووەوە. وردە وردە برینجەکەشیان ڕەسیدە بوو، ژن و مێرد دەستیان دا داس و ملیان لە دروێنە نا. بەڵام ژنی بێچارە لەبەر زگی دانەدەهاتەوە و نەدەگەیشتە مێردەکەی. دوو سێ کەرخ وەدوا کەوتبوو. لە پاشان وەنگ لانگیش حاڵی بوو کە لە کورتی داوە و بەجێ ماوە گەڕاوە سەری و تەماشای کرد ئەوە ژنەکەی بەپێوە ڕاوەستاوە و داسەکەی لە دەست کەوتۆتە خوارێ. دیاربوو ژانی دەهاتێ و خەریک بوو منداڵی ببێ. ژنەکە گوتی:

– من دەچمەوە خۆم بۆ ڕاناگیرێ، مەیە لاشم تا بانگت دەکەم؛ بەڵام لە پێشدا قامیشێکم بۆ پەیداکە نێوکی منداڵەکەی پێ ببڕم.

دوای ئەو قسانە بەرەو ماڵ بووەوە، هەر دەتگوت هیچ نەقەوماوە و وەسەر خۆی نەهێنا.

وەنگ لانگ دوای ماوەیەک چاو تێبڕین قامیشێکی بەداس دوو لەت کرد و لە پێشی دانا.

هەوا تاریک داهات و ئەویش داسەکەی لەسەر شانی دانا و بەرەو ماڵ بووەوە. کاتێک گەیشتەوە تەماشای کرد وەک جاران شێو ئامادەیە و باوکی خەریکی نان خواردنە. سەیر ئەوە بوو بەو حاڵەش ژنەکەی خۆراکی بۆ ئامادە کردبوون لەبەر خۆیەوە گوتی: «بەڕاستی کەس ژنی وای نییە». لە پاشان چووەوە وەتاغەکەی خۆ و هەرای کرد:

– قامیش ئامادەیە.

چاوەڕوان بوو ژنەکەی وەڵام بداتەوە و قامیشەکەی لێ وەر بگرێ، بەڵام نەیتوانی لە جێگای خۆی بجووڵێتەوە. بۆخۆی چووەوە بەر دەرگا و ژنەکەی لە کەلێنێکەوە قامیشەکەی لێ وەرگرت و هیچی نەگوت: لە حاڵێکدا وەنگ لانگ گوێی لە هانکە هانکی ژنەکەی بوو کە وەک حەیوانێکی ماندوو پشووی سوار ببوو، پیرەباب سەری هەڵێنا و گوتی:

– شۆرباوەکەت سارد مەکەوە، خۆت ناڕەحەت مەکە لەبیرمە خێزانم هەوەڵین منداڵی کە دەبوو تا بەیانی بەژانانەوە بوو. کوڕم ئێمە دە دوازدە منداڵمان بووە، هەر تۆ ماوی. جارێ لە کوێتە، وردە وردە حاڵی دەبی کە بۆ دەبێ ژن منداڵی زۆر بێ؟

لە پاشان گوتی:

– ڕەنگە سبەی ئەودەمانە ببمە باپیرە گەورەی پیاوێک.

لە ناکاو پێکەنی و دەستی لە خواردن کێشاوە. بەڵام وەنگ لانگ هەروا لە پشت دەرگا ڕاوەستا، تاکو بزانێ چارەنووسی ژنەکەی بەکوێ دەگا. دوای ماوەیەک بۆنی خوێنێکی گەرمی لە کەلێنی دەرگاکەوە بۆ هات و خەریک بوو بڕشێتەوە. دەنگی هەناسە سواری خێزانی هەر دەهات و زیاتر دەبوو بەڵام دەتگوت هاوارێکە لە گەروودا گیری کردووە. وەنگ لانگ لە تاوان حەجمینی لێ هەڵگیرا و خەریک بوو بەپێلاقە دەرگاکە بشکێنی و بچێتە ژوور بزانێ چ خەبەرە. هێندی پێ نەچوو، دەنگی گریانی منداڵێکی بیست. ئەو دەنگە هەموو شتێکی لەبیر بردەوە تەنیا ئەوەندەی قسە کرد و گوتی:

– کوڕە؟

دیسانیش دەنگی گریانێکی ناخۆش بەرز بووەوە، وەنگ لانگ پرسی:

– کوڕە؟ لانی کەم ئەوەندەم پێ بڵێ کوڕە؟



ژنەکە لە حاڵێکدا نوزەی نەدەهاتە دەر گوتی:

– خاترجەم بە کوڕە!

لە پاشان وەنگ لانگ چوو لە سووچێک دانیشت، لەو ماوەدا باوکیشی لەسەر کورسییەک خرپ خەوی لێ کەوتبوو! شانی باوکی گرت و بەحاڵەتێکی سەرکەوتووانە گوتی:

– منداڵەکە کوڕە، من بوومە باوک و تۆش بوویە بابەگەورە.

پیرەباب لەناکاو لە خەو هەستا، دەستی کرد بە پێکەنین و گوتی:

– بەڵێ بەڵێ، دروستە، بووم بە بابەگەورە.

لە حاڵێکدا لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد و پێدەکەنی؛ چووەوە وەتاغەکەی خۆی. وەنگ لانگ لە برسان قاپە برینجەکەی هەروا بەساردی لە پێش خۆی دانا، بەڵام لەبەر ناڵەی ژنەکەی و زیقەزیقی منداڵەکەی بەگیانی نەکەوت. لەبەرخۆیەوە گوتی: «تازە ئەو ماڵە ڕووی ئاسایش و هێمنی بەخۆیەوە نابینێ». کاتێک نانەکەی خوارد و زگی تێر بوو، دووبارە چووەوە لای خێزانی. ئەمجار ژنەکەی گوتی:

– وەرە ژوور.

تەماشای کرد بۆنی خوێن دێ، بەڵام هیچی وەبەرچاو نەکەوت. ژنەکە دوای ئەوەی منداڵەکەی بوو، بەپێی داب و دەستووری خۆیان لە کۆنە بانتۆڵی باوکییەوە پێچا و لەپەنا خۆی درێژی کرد. وەنگ لانگ وردەوردە لێی نزیک بووەوە، بەڵام هیچی نەگوت. ماوەیەک لە خۆشیان نەیدەزانی چ بکا، داهاتەوە منداڵەکەی تەماشا بکا چاوی بەدەم و چاوێکی خڕ و نیوچاوان گنجاوی و ڕەش کەوت کە چاوی لەسەریەک دانابوو و خەوتبوو. ژن و مێرد تەماشای یەکتریان دەکرد و نەیاندەزانی چ بکەن. ژنە لە ناڕەحەتیان چاوی لە قوولەوە چووبوو. وەنگ لانگ لە حاڵێکدا هۆشی بەسەر ئەو دووانەوە بوو نەیدەزانی چ بڵێ، دوای ماوەیەک گوتی:

– سبەی دەچمە بازاڕ و بڕێکت شەکر بۆ دەکڕم، لە ئاوی بکە و بیخۆوە بۆ تۆ زۆر چاکە.

لە پاشان جارێکی دیکەش تەماشای کوڕەکەی کرد و گوتی:

– دەبێ قەرتاڵەیەکیش هێلکەی گەورە بکڕم و سووریان بکەن چونکە خەڵکی ئاوایی دێن. دەبێ بەمجۆرە پێیان ڕابگەیەنم کە کوڕمان بووە.

## ٤

ژنەکە ڕۆژێک دوای ئەوەی منداڵی بوو، لەسەر ئەوە ڕانەوەستا حەوتوی بچێ، هەر بە زەیستانی وەک هەمیشە نان و چێشتی بۆ هەمووان دروست کرد، بەڵام نەیتوانی لەگەڵ مێردەکەی بچتە دروێنە و یارمەتی بدا.

وەنگ لانگ ڕۆژێک بەتەنیا کاری کرد و لە پاشان لیباسە تازەکانی لەبەر کرد و ڕۆیشت بۆ شار. لە بازاڕ پەنجا هێلکەی گەورەی لەگەڵ کەمێک کاغەزی سوور کڕی، لە ئاودا کولاندنی تا جوان سوور بوون. لە دووکانێکیش نیوکیلۆی شەکر کڕی و بەکابرای گوت بۆم لە کاغەزێکی قاوەییەوە پێچە. دوکاندارەکە بەپێکەنینەوە گوتی:

– بۆ ژنی زەیستانە؟

وەنگ لانگ زۆر بەپۆز و ئیفادەوە تەماشای کرد و گوتی:

– بۆ نۆبەرەمە.

کابرای دوکاندار تەماشای مشتەرییەکەی کرد و گوتی:

– بەه بەه! پێ و قەدەمی پیرۆز بێ.

کابرای دوکاندار ڕۆژ نەبوو ئەو قسەی دووپات نەکاتەوە، بەڵام وەنگ لانگ پێی وابوو تەنیا لەگەڵ وی ئاوا سەر و ڕوو خۆشە! هەر بۆیەش کاتێک وەدەرکەوت ڕێزێکی زۆری لێ گرت.

وەنگ لانگ لەبەر خۆیەوە دەیگوت: «دەبێ کەسێک لە من خۆشبەختتر و خۆشحاڵتر هەبێ؟». لە سەرەتاوە زۆری بیر لەو مەسەلە کردەوە، بەڵام لە پاشان ترس و لەرز دایگرت و گوتی: «پیاو نابێ دڵ بەو ژیانە خۆش بکا، شەیتان و دووزمان زۆرن و پێیان خۆش نییە چاویان بەخۆشبەختی ئێمەی هەژار بکەوێ».

لە پاشان چوار لقی عوودی کڕی و بەرەو پەرسگای خوداکان وەڕێ کەوت، عوودەکانی لە بەرابەر خوداکاندا چەقاند و ئاوری دان. دوای ئەوەی عوودەکانی سووتاند پێی وابوو ئەرکی خۆی سەرکەوتووانە بەجێ هێناوە و بەخاترجەمی گەڕاوە. ئەو دوو خودایانەی زۆر لا گەورە بوو و ڕێزی بۆ دادەنان.



دوای ماوەیەکی کورت ژنەکەی گەڕاوە مووچە و وەک جاران ملی لە کارکردن نا، بەڵام دروێنە تەواو ببوو. ئەمجار نۆبەی جەنجەڕ و شەن کردن، باڵەکەو و قوونەکەو هات و ئەویشیان بەڕێکوپێکی ئەنجام دا. زمهەڕی زستانیان داخست و لە پاشان دەستیان کرد بە شێو بڕین و تۆو چاندن.

ژنەکەی هەموو کارێکی لەگەڵ دەکرد، کاتێک وەنگ لانگ دەیویست جووت و گا دابەستێ و شێوەرد ببڕێ خێزانی دەستی دەدا پێمەڕە و کەرسەکەکانی دەشکاند، کەردووی هەڵدەدا و بنەی دەناوە. ژنی بێچارە لە کاتی کارکردنیشدا منداڵەکەی هەر لە لابوو. لە لێفەیەکی کۆنی دەپێچاوە و لەسەر عەرزی درێژی دەکرد! هەر کە دەگریا یا لە خەو هەڵدەستا تۆزێکی مەمک دەدایە و کە دەخەوتەوە دەچووەوە سەر کارەکەی. لەبەر ئەو تاوە گەرمەی ئاخری مانگی پایز تاوێک نەدەحەساوە! دایک و کوڕ لەبەر تاو وەک ئەو خاکە ڕەش هەڵگەڕابوون.

منداڵەکە لە باری خۆراکەوە زۆر خۆشبەخت بوو، چونکە مەمکی دایکی وەک کانی هەڵدەقوڵی! کاتێک یەکێک لە مەمکەکانی دەمژت، ئەوی دیکەی ڕادەسا. جاری وابوو بەئەنقەست شیرەکەی دادەدۆشی تا کراسەکەی تەڕ نەکا؛ هێندێک جار عەرزیشی تەڕ دەکرد.

منداڵەکە وردە وردە وە گڕوگاڵ کەوت. زۆر خوێن شیرین ببوو، پیاو لەوانەبوو بیخوا! چونکە شیری دایکی پێدەکەوت زۆر جوان و خەپەتۆڵە بوو.

پایز تەواو بوو، زستان بەسەرداهات. ژن و مێرد زۆر خۆشحاڵ بوون، لە زستان نەدەترسان، چونکە بەتەواوی خۆیان بۆ تەیار کردبوو. حاسڵ و بەرهەمی ئەو ساڵەیان ئەوەندە زۆر بوو، تەنانەت وەتاغەکانیشیان پڕ کردبوو لە گەنم! هەروەها بۆ ڕۆژی مەبادا کووپە حەسیریان بۆ فرۆشتن پڕ کردبوون لە گەنم. وەنگ لانگ لەو پیاوە دەست بڵاوانە نەبوو و پووڵ و بەرهەمی خۆی وەک جوتیارەکانی دیکە بەفیڕۆ لە قومارخانە یا بەکڕینی خۆراکی جۆربەجۆر خەرج بکا. هەروەها مەجبوور نەبوو بەرهەم و حاسڵی خۆی شین خۆر کا. وەنگ لانگ لەجیاتی ئەوەی بەرهەمی خۆی شین خۆر بکا، پاشەکەوتی دەکرد و ئاخری زستانان بەگرانتر دەیفرۆشت.

مامی زۆر جاران هەر بەشینی سەلەمی دەکرد و دەیفرۆشت، خۆشی نەدەشکاندەوە و دەیگوت بۆیە بەپێوە دەیفرۆشم زەحمەتی دروێنەکەم لەکۆڵ دەبێتەوە. دەتوانین بڵێین کە

زیاتر پۆز و ئیفادەی ژنەکەی ئەو کارانەی پێ دەکرد، چونکە لەڕادە بەدەر خەرجی دەکرد و لاسای ژیانی خەڵکی شاری دەکردەوە، سەرەڕای ئەوەش لە پرتەوبۆڵە نەدەکەوت. داوای شتی سەیر سەیری دەکرد، بۆ وێنە شیرنی و پێڵاوی پانیە بڵیند، کەس نەبوو بڵێ دێهاتی و شیرنی؟ دێهاتی و پێڵاوی پانیە بڵیند؟

لە بەرابەردا خێزانی وەنگ لانگ سەرەڕای ئەوەی پێڵاوی مێرد و خەزوور و منداڵەکەی بۆخۆی دەدروو کارێکی وای نەدەکرد بۆ پێڵاوی خۆی مێردەکەی تووشی خەرج بکا.

ماڵی مامی بەرژەوەندی کارانیان نەدەکرد، بەپێچەوانە وەنگ لانگ و خێزانی زۆر بەمشوور بوون و لە هەموو شتێک کەڵکیان وەردەگرت. جیرانەکەیان چینگ بەرازەکەی نەخۆش کەوت و سەری بڕی. وەنگ لانگ ڕانێکی کڕی و بردیەوە ماڵێ، ژنەکەی لەگەڵ دوو مامری خۆیان کە نێوزگی دەرهێنابوون خوێی کردن و هەڵیواسین تا بۆ زستان وشک بن و کاتی سەرما و سۆڵ دەست بۆ ئەم و ئەو درێژ نەکەن. زستان لەبەر ئەوەی زۆر دوور و درێژ و سارد بوو، دەبایە لەبیری پاشەڕۆژدا بن. ژن و مێرد لەگەڵ یەک زۆر تەبا بوون و کەموکوڕییەکیان نەبوو، جگە لەوەش بەگڕوگاڵی منداڵەکەیانەوە سەرگەرم بوون.

مانگێک دوای لەدایکبوونی منداڵەکەیان خەڵکێکی زۆریان بانگهیشت و دۆکلێویان دانێ، بۆ ئەوەی عومری منداڵەکەیان درێژ بێ. وەنگ لانگ بەوانەی کە لە ژن گوێزتنەوەدا بەشدارییان کردبوو، هێلکەیەک و بەوانیە کە لە ئاوایی ڕا بۆ پیرۆزبایی هاتبوون دوو هێلکەی دانێ. میوانەکان سەرەڕای ئەوەی کوڕەکەیان زۆر پێ خەپەتۆڵە و جوان بوو، ئیرەییشیان پێ دەبرد...

کاتێک گەنم سەری وەدەر دەنا و لە خەم دەرست، خەڵک بەشوکرانەی ئەو بەرەکەتە دەچوونە ماڵی یەکتر. وەرزێڕەکان دەیانگوت ئەمجار دەبێ ئاسمان مووچەکەمان بۆ پاراو بکا، چونکە بەرلەوەی باران بباریێ بەسەتڵان زەوییەکانیان دەداشت. پیاوەکان لێک کۆ دەبوونەوە و دەستیان دەکرد بەقسەوباس و چا خواردنەوە. ژنەکانیش بەکاروباری نێوماڵ، پێڵاو دروون و پینەوپەڕۆ و هەروەها تەدارەکی جێژنی ساڵی تازەوە خەریک بوون. بەڵام وەنگ لانگ و ژنەکەی خۆیان لەو شتانە نەدەگەیاند.

لەو پێنج شەش ماڵەی کە لەو گوندەدا بوون ژیانی وەنگ لانگ و بنەماڵەکەی لە هەمووان خۆشتر بوو. وەنگ لانگ پێی وابوو ئەگەر سلاویان لێ بکا و لەگەڵیان سەر و ڕووخۆش بێ دیسانیش تووشی قەرز و قۆڵە دەبێتەوە. بەرەبەری ساڵی تازە خەڵک



پێویستیان بە لیباسی تازە بوو،. بەڵام پووڵیان نەبوو! وەنگ لانگ بۆ ئەوەی داوای پووڵی لێ نەکەن، وەدەر نەدەکەوت. ژنەکەی خەریکی پینەوپەڕۆ بوو، وەنگ لانگ گوتی: «وا چاکە منیش بێکار دانەنیشم و چاوێک لە شەنە و درمغ و بێژینگ و ئەو جۆرە شتانە بکەم و ئامادەیان کەم».

ژنەکەی زۆر بەمشوور بوو، نەیدەهێشت هیچ شتێک بەفیڕۆ بڕوا، تەنانەت ئەگەر گۆزەیەک ئاوی لێ چووبا وەک ژنانی دیکە فڕێی نەدەدا و بیانووی گۆزەی تازەی نەدەگرت. بەڵکو پنجی دەکردەوە. بەم چەشنە پێکەوە دەژیان و لە کاروباری یەکتر ڕازی بوون. بەڕاستی شەریکی ژیانی یەکتر بوون و قسەیان لە هەموو شتێک دەکرد، بۆ وێنە لە ئاوردووڕا بگرە تا دەغڵودان و خواردەمەنی، باسیان لەسەر دەکرد و بەمەسڵەحەتی یەکتر ئەنجامیان دەدا. جاری وابوو وەنگ لانگ دەیگوت:

– چێشتی ئەوڕۆ زۆر بەتام بوو، دەستت خۆش بێ.

ژنەکەی هەرچەند ئەو قسانەی زۆر پێخۆش بوو، بەڵام ئاشکرای نەدەکرد و دەیگوت:

– نەخێر ئەوە دەست و پوختی من نییە بەڵکو ئی ئاردەکەیە بەچاکی ڕەعەمەل هاتووە.

وەنگ لانگ زۆر چاک بەمووچە و مەزراکەی ڕادەگەیشت، شتەکانی بەوەخت دەفرۆشت و دەیکرد بەپووڵی زیو. بەڵام نەیدەوێرا وەک جاران لە قەدی پشتێندەکەی بنێ. جگە لە ژنەکەی کەس نەیدەزانی چی هەیە و چی نییە. ڕۆژێک لەگەڵ ژنەکەی دانیشت و گوتی:

– بە بڕوای تۆ چ بکەین؟

سەرەنجام ژنەکەی پێشنیاری پێکرد و گوتی:

– کونێک لە دیواری وتاغەکە دەکەین، لەوێ دەیشارینەوە، پێت چۆنە؟

وەنگ لانگ گوتی:

– زۆرم پێ چاکە.

بەڵێ پووڵەکەیان لە کەلێنێکی دیواری وەتاغەکە ناو سەریان سواغ دا. ئەو پووڵە بووە هۆی ئەوە کە وەنگ لانگ و ژنەکەی لافی دەوڵەمەندی لێ دەن. وەنگ لانگ قەتی وا بەخۆیەوە نەدیبوو، هەرچەندی ئارەزووی لێ با خەرجی دەکرد. ئەوەشی کاتێک هەست پێ دەکرد کە لەگەڵ دۆستان هەڵدەستا و دادەنیشت.

## ٥

ساڵی تازە وردە وردە نزیک بووەوە و خەڵکی ئاوایی خەریک بوون خۆیان بۆ ئەو جێژنە ئامادە دەکرد.

وەنگ لانگ کە یەکێک بوو لەو کەسانەی لەبیری بەڕێوەبردنی جێژن دابوو، بۆ شت کڕین چوو بۆ شار. لەسەرەتاوە چووە دوکانێکی شەمساز و بڕێکی کاغەزی سووری چوارگۆشە کڕی، کە بەخەتێکی جوان وشەی خۆشبەختی لەسەر کێشرابووەوە. دوو سێ دانەی لەسەر نیر و ئاموور و بێژینگ و کەو و شتەکەی دانا، تا لە ساڵی داهاتوودا بەرهەمەکەی زۆر بێ و پیت و بەرەکەتی تێ بکەوێ. بەکورتی دەرک و بان و حەوشەی بەو کاغەزانە ڕازاندەوە و دروشمی لەسەر نووسین. بۆ جلوبەرگی خوداکانیش هەر لەو کاغەزانە کەڵکی وەرگرت. هێندێکی دا بەباوکی و پێی گوت ئەوەش کاری تۆ. پیرەبابیش سەرەڕای پیری ئەرکی خۆی بەجێ هێنا. دوای ئەوەی لیباسەکان ئامادە بوون، وەنگ لانگ لەبەری کردن و عوودی بۆ سووتاندن. هەروەها بۆ خوداکەیماڵی خۆشیان دوو شەمی کڕی، تا شەوی جێژن بۆی هەڵکا.

وەنگ لانگ جارێکی دیکەش چووەوە شار، بڕێکی پیوی بەراز و شەکری کڕی. ژنەکەی لەگەڵ ئاردی برینج تێکەڵی کرد و وەک ماڵی هوانگ شیرنییەکی تایبەتی بە وێنەی مانگ لێ دروست کرد. کاتێک وەنگ لانگ چاوی بەدەسکردی ژنەکەی کەوت، لە خۆشیان لەوانەبوو باڵ بگرێ! چونکە تەنیا ژنێک بوو کە دەیتوانی لە ئاواییدا ئەو جۆرە کارانە بکا! ئەو شیرنییانە تایبەتی پیاوە ماقووڵەکان بوو کە بۆ شەوی جێژن بۆیان دروست دەکردن. دەتگوت لە شیرنیخانە کاری کردووە، میوەی لە نێو شیرنییەکان دەنا و وێنەی جۆربەجۆری لەسەر دەکێشانەوە. وەنگ لانگ گوتی:

– حەیفە پیاو ئەوانە بخوا.

پیرەبابیش وەک خول خولە بەدەوروبەری مێزەکەدا هەڵدەسووڕا و تەماشای شیرنییەکانی دەکرد و زاری پڕ ببوو لە ئاو! گوتی:

– ڕۆڵەگیان مامت و منداڵەکانیشی بانگکە با ئەوانیش بێن و ئەو شتانە تەماشا کەن.



وەنگ لانگ بەو ئاڵوگۆڕەی ژیانی لە زۆر شت خۆی دەپاراست و کارەکانی هەموو لە ڕووی حیساب و کیتابەوە بوو پێی وابوو نابێ خەڵکی نەدی و بدی بۆ تەماشاکردنی شیرنی دەعەوەت بکا، بۆیە لەبەرخۆیەوە گوتی:

– نابێ پێش ئەوەی ساڵ تازە بێتەوە شیرنییەکان تەماشا بکەین، دەنا بێ بەرەکەت دەبێ و خێر و خۆشی لە خۆمان نابینین.

خێزانیشی گوتی:

– ئێمە نابێ ئەوانە بخۆین، میوانەکانیش بۆ تام کردن یەک دوو دانەیان بەسە. جگە لەوەش ئێمە ئەوەندە دەوڵەمەند و دەست ڕۆیو نین کە بتوانین شەکری سپی و پیوی بەراز بخۆین. دەبێ لە قەدەر بەرەی خۆمان پێ ڕابکێشین. هەروەها ئەوانەم بۆ خاتوونی پیر ئامادە کردووە، ڕۆژی دووەمی جێژن لەگەڵ منداڵەکەم دەچمە لای خاتوون و ئەو شیرینییەی بە دیاری بۆ دەبەم.

وەنگ لانگ ئەوەی کە بیست هێندەی دیکە، شیرنییەکەی لا گەورە بوو، بەدڵ خۆشحاڵ بوو لەوەی کە ژنەکەی بەدەستی پڕ و منداڵ بەئامێزەوە بەنێوی میوان دەگەڕێتەوە ئەو تەلار و کۆشکەی کە ڕۆژێک بەناوی کلّفەت کاری تێدا دەکرد. چوون بۆ ماڵی خاتوونی پیر لە ساڵی تازەدا بۆ وان لە هەموو شتێکی دیکە گرینگتر بوو. وەنگ لانگ کاتێک جلوبەرگی دەسکردی ژنەکەی لەبەر کرد و گوتی:

– ئەگەر ژن و منداڵەکەم بردە ماڵی خاتوونی پیر، بۆخۆشم ئەو لیباسانە لەبەر دەکەم.

ڕۆژی هەوەڵی ساڵی تازە مامی و جیرانەکان بۆ پیرۆزبایی ساڵی تازە لە ماڵی وەنگ لانگ کۆ ببوونەوە دەستیان کرد بە مەشرووب خواردنەوە و هەرا و هوریا. بەڵام وەنگ لانگ هەر لەبیری ئەوەدا بوو نەهێڵێ میوانەکان چاویان بەشیرنییەکان بکەوێ، چونکە پێی خۆش نەبوو بیانداتێ. دەیویست بەدەستی پڕ و سەربڵیندی لە ماڵی خاتوونی پیر وەژوور کەوێ.

ڕۆژی هەوەڵی ساڵی تازە تایبەتی پیاوان بوو. ڕۆژی دووەم ژن ماڵە و ماڵ دەگەڕان و جێژنە پیرۆزەیان لێکتر دەکرد.

ژن و مێرد بەیانی زوو هەستان و خۆیان ڕازاندەوە. لە پاشان وەنگ لانگ کوڕەکەی لە باوەش کرد، ژنەکەشی قەرتاڵە شیرنییەکەی هەڵگرت و بەرەو شار وەڕێ کەوتن. کاتێک گەیشتنە بەر دەرگای هوانگ دەرکەوان گوتی:

– وەنگ لانگی جوتیار، تا ئێستا یەک بوو ئەمجار بۆتە سێ کەس.

دوای ئەوەی دەرکەوان سەرنجی لیباسەکانی دا قسەکەی گۆڕی و گوتی:

– ئەمجار پێویست ناکا پیاو بلێ ئیشاڵڵا ئەمساڵ لە ساڵی پێشوو چاکترن، تەماشا چەند کۆک و پۆشتەن!

وەنگ لانگ زۆر بەپۆز و ئیفادەوە، وەک لەگەڵ یەکێک لە ژێردەستانی خۆی قسە بکا گوتی:

– بەڵێ بەرهەم و حاسڵ و داهاتەکەمان زۆر چاک بوو.

لە پاشان بێ ئەوەی ئیجازە لە دەرکەوانەکە وەربگرێ چووە ژوورێ. دەرکەوان گوتی:

– دەکرێ تکات لێ بکەم لێرە دانیشی تا بچمە دیوەخان و بلێیم وەنگ لانگ ژن و کوڕەکەی هێناوە؟

وەنگ لانگ ڕاوەستا تا دەرکەوان گەڕاوە و گوتی:

– فەرموون!

وەنگ لانگ لە حاڵێکدا تەماشای ژن و کوڕەکەی دەکرد و بیری لەوە دەکردەوە کە ژنەکەی دیاری بۆ خاتوونی پیر دەبا، شانازی بەخۆی دەکرد. چونکە لە پێشدا جگە لەوەی بەچاوێکی سووک تەماشایان دەکرد، ڕێگایان نەدەدا بچێتە ژووریش! دوای ئەوەی ژن و منداڵەکەی لە پێش چاوی ون بوو، چووەوە وەتاغی دەرکەوانەکە و لەسەر سەندەڵێک دانیشت. ژنە دەرکەوان کە لە پێشدا قسە و سەدتمەنیشی لەگەڵ نەدەکرد، زۆری ئیحترام لێ نا و بەدەوریدا دەهات و دەچوو، چای بۆ دێنا و لە لای سەرووی خۆیەوە دایدەنا. وەنگ لانگ چایەکەی لێ وەرگرت و سپاسی کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی بەئیشتیای نەبوو نەیخواردەوە. ڕاست دەکەن کە دەڵێن: «کەوای سوور پلاو دەخوا!». سەفەری پێشوو بەسەد حاڵ ڕێگایان دا بچێتە لای خاتوونی پیر، ئەمجار ئەو ئیحتیرامەشی پێ کەم بوو!

لەو ماوەدا کە ژن و منداڵەکەی چوونە لای خاتوونی پیر، وەنگ لانگ بیری لەوە دەکردەوە کە ژنەکەی ڕازی دەگەڕێتەوە یا وەک جاران بەچاوی کلفەتێک وەری دەگرن؟ بەڵام بەپێچەوانەی بڕوای وەنگ لانگ زۆر ڕازی و خۆشحاڵ گەڕاوە. وەنگ لانگ منداڵەکەی لێ وەرگرت و گوتی:

– بلێ بزانم چیت دیوە؟



ئۆلان گوتی:

– ئەو پۆز و ئیفادەی جارانیان نەماوە و دەس تەنگ دێنە بەرچاو.

لە قسەکانی ئۆلان وا دەردەکەوت ئەوانە کە وەک خوداکان لە ناز و نیعمەتدا بوون، ئێستا وەزعێکی خراپیان بەسەر هاتووە. وەنگ لانگ گوتی:

– یانی چی؟ ئەو قسانە چن دەیانکەی؟ خەونت دیوە؟

ئۆلان گوتی:

– بۆ خەونم دیوە؟ خاتوونی پیر ڕۆژ نەبوو لیباس نەگۆڕێ! کەچی هەر لیباسی ساڵی پێشووی لەبەردایە! ئەوە نیشانەی چییە؟ منداڵەکەی ئێمە لە هەموو منداڵەکانی ماڵی ئەرباب کۆک و پۆشتەتر و پاک و خاوێنتر بوو!

لە پاشان وەنگ لانگ بەپێکەنینەوە منداڵەکەی بەخۆیەوە کوشی و گوتی:

– چەندە منداڵێکی خۆشبەخت و جوانە.

لە خۆشیان نەیدەزانی چ دەکا، بەڵام لەناکاو ترس دایگرت و گوتی: «ئەوە چ کارێکی ناشیانە بوو من کردم؟! بۆ دەبێ من وا سادە و ساکار بم و بیر لەوە نەکەمەوە کە لەباوەش گرتنی منداڵێکی وا جوان و ژن بەدواوە پڕە لە مەترسی؟!» وەنگ لانگ لەوە دەترسا دوو زمان و شەیتانێک تووشیان بێ و منداڵەکەیان لێ بستێنێ. بۆ ئەوەی شوێنەونکەیان لێ بکا، بەپەلە ئاتەکی کۆتەکەی هەڵداوە و سەری منداڵەکەی لە بن کۆتەکەی نا و بەدەنگێکی بەرز گوتی:

– بەڕاستی جێگای داخە، منداڵێمان هەیە و ئەویش کچە! سەرەڕای ئەوەش هەموو لەشی خولوێرکەیە! خودایە بەناشکوری مەزانە لێمان بستێنەوە.

ژنەکەی کە لە مێردەکەی حاڵی بوو مەبەستی لەو قسانە چییە گوتی:

– خودا لە زارت بڕوانێ مێردەکە.

دوای ئەوەی لە هەموو بارێکەوە خەیاڵیان ئاسوودە بوو، وەنگ لانگ دووبارە لەگەڵ ژنەکەی دەستی کرد بە وتوویژ تا قەسەی لێ دەرکێشی. گوتی:

– بلێ بزانم تێگەیشتی بۆ وەزعیان خراپتر بووە؟

ئۆلان گوتی:

– من هەر ئەوەندەم لە دەست هات کە بچمە ئاشپەزخانە و سەرێک لەو ئاشپەزە بدەم کە ماوەیەک لەبەر دەستیدا کارم دەکرد. لێم پرسی چۆنن؟ ئەو ماڵە ناتوانن هەتا سەر بەو شیوە بڕۆنە پێش و دەست پێوە نەگرن، لەوەش خراپتر دەبن، دەزانی ئەو ئەربابە جحێڵانە لە وڵاتانی دەرەوە بەلێشاو پووڵ خەرج دەکەن و خۆشگوزەرانی لەسەر دەکەن، بنیشی لە ئاودا بێ ڕۆژێک تەواو دەبێ. جگە لەوەش خانی پیرساڵێ دوو سیغەی تازە دەکا. خاتوونی پیریش خەرجی تریاک کێشانەکەی بارتەقای هەموویانە. لە هەموو شتێک خراپتر ئەو ئەربابە جحێڵانە دوای ئەوەی کەیفی خۆیان لەگەڵ ژنەکان دەکەن و لێیان تێر دەبن دەیاننێرنە ماڵی باوکیان.

وەنگ لانگ بەبیستنی ئەو قسانە سەری سوڕما و گوتی:

– بەڕاستی ئەوانە ئەو کارانەش دەکەن؟

ئۆلان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:

– بەهاری ئەمساڵ بڕیارە سێیەمین کچیان شوو بکا، خودا دەزانی جیازی چەند دەوێ؟ وەک دەڵێن قیمەتی خوێنی پادشایەکی دەوێ؟ پیاو بەو پووڵە دەتوانێ یەکێک لە کاربەدەستانی پایەبەرزی دەوڵەتی لە شارێکی گەورە بکڕێ. حەتمەن دەبێ لیباسەکانیشی لە هەرە چاکەکان بێ و تەرح و نەخشەی تایبەتی لێ چندرابێ، هەروەها خەیاتیش لە «شانگ های» بێنن، نەکا لیباسەکانی خانم لە مۆدی خانمەکانی دەرەوە دواکەوتووتر بێ و ئابڕووی بچێ.

وەنگ لانگ لەو هەموو خەرج و سەروەت بەفیڕۆدانە سەری سوڕما و گوتی:

– بەو هەموو خەرجەوە دەبێتە ژنی کێ؟

ئۆلان گوتی:

– دەبێتە بووکی کوڕی دووەمی قازییەکی خەڵکی «شانگ های».

لە پاشان گوتی:

– دەبێ وەزعیان چاک نەبێ، چونکە خاتوونی پیر بۆخۆی بە منی گوت دەمەوێ کەمێک زەوی بفرۆشم.

وەنگ لانگ گوتی:

– زەوی دەفرۆشن؟ کە وابوو فەقیر و بێچارە بوون! چونکە زەوی وەک گۆشت و خوێنی



ئادەمیزاد وایە، دەبێ پیاو ئاگای لێ بێ.

دوای ماوەیەک بیرکردنەوە بە ژنەکەی گوت:

– ئێمە ئەو مووچەیان لێ دەکڕین.

لە حاڵێکدا ئۆلان لەو قسە سەری سوڕمابوو بەخۆشحاڵییەوە گوتی:

– مووچە... تۆ مووچە دەکڕی؟

وەنگ لانگ وەک ئەربابان دەستی لە لاکەلەکەی نا و گوتی:

– بەڵێ زەوی دەکڕم و لە ماڵی ئەربابیش دەکڕم، بۆ ئێمە نەهەو؟

ئۆلان بەنیگەرانییەوە گوتی:

– ئەو مووچەی دەتەوێ بیکڕی زۆر دوورە، لانی کەم دەبێ دوو سێ سەعات بەڕێوە بی تا دەگەیە سەر کار.

وەنگ لانگ دەتگوت منداڵە و قسەی دایکی نابیسێ و دەبێ شتێکی دوو سێ جار بۆ دووپات کاتەوە، نێوچاوانی تێک نا و گوتی:

– من ئەو مووچە دەکڕم.

خێزانی گوتی:

– زەوی کڕین کارێکی چاکە هەرچی بێ لەوە چاکترە، پیاو پووڵەکەی لە کەلێن دیواردا بشارێتەوە. بەڵام بۆ پارچەیەک زەوی لە مامت ناکڕی؟ خۆ زۆری پێخۆشە کە ئێمە ئەو مووچەی پەنا مووچەی خۆمانی لێ بکڕین.

وەنگ لانگ بەدەنگێکی بەرز گوتی:

– مووچەی مامم بەخۆڕاییش ناوێ، چونکە بیست ساڵە لەسەریەک دایدەچێنن و کووتیان لێ نەداوە، لەوانەیە بەم زووانە ببێتەوە بەیار. نەخێر مووچەی هوانگ دەکڕم.

ئەوەندە سادە گوتی هوانگ دەتگوت دەڵێ زەوی چینگی هاوسێمان دەکڕم. وەنگ لانگ پێی وابوو لە پیاوەکانی ماڵی ئەرباب کەمتر نییە هیچ، بەڵکو خۆشی پێ زیاتر بوو. هەروەها لەبەر خۆیەوە دەیگوت: «من کە پووڵم هەیە، باکم لە هیچ کەس نییە. دەڵێم ئەو مووچەی دەتانەوێ بیفرۆشن قیمەتی چەندە؟». بەخەیاڵ پێی وابوو لەگەڵ خانی گەورە و کوێخا قسە دەکا. دەیگوت: «ئەمنیش وەک خەڵکی دیکە، ناڵێم بەخۆڕایی، قیمەتەکەم

پێ بڵێن ها ئەوەش پووڵ». ژنەکەی زۆری شانازی بەمێردەکەی دەکرد، چونکە چەندین ساڵ بوو کارەکەری بنەماڵەیەکی وا خۆ بەزۆرزان و قۆڕدەماغ بوو. هەروەها خۆشحاڵ بوو لەوەی کە مێردەکەی دەبێتە خاوەنی پارچە زەوییەک کە چەند وەچەیە بنەماڵەی هوانگ ئاغایەتی بەسەرەوە دەکەن. ئۆلان وردە وردە لە مەبەستی مێردەکەی حاڵی بوو و گوتی:

– ئەو مووچە بکڕە، بۆ برینج چاکە و لە جۆگەی ئاویش نزیکە؛ جێی نیگەرانی نییە.

لە پاشان یەک دوو جار بزەی هاتە سەر لێو و گوتی:

– پارەکە ئەو وەختانە من کڵفەتی ئەو ماڵە بووم.

دوای ئەوەی بیریان لە مانای واقیعی ئەو وشە کردەوە لەسەرخۆ و ئارام وەڕێ کەوتن.



## ٦

وەنک لانگ بە کڕینی ئەو پارچە زەوییەی ماڵی ئەرباب ئاڵوگۆڕێکی زۆری بەسەردا هات. دوای ئەوەی پووڵەکەی لە کەلێنی دیوار هێنادەر، ڕۆیشت بۆ ماڵی ئەرباب و شانازی چاوپێکەوتنی لەگەڵ پلەیەکی بەرزی وەک ئەربابی گەورە بۆ هاتە پێش. پێی وابوو لەمەودوا دەبێ شان بەشانی وان دانیشێ و شەرم نەکا بەڵام بەو حاڵەش خۆشحاڵ نەبوو. هەرکە چاوی بەکەلێنی دیوارەکە کەوت پووڵەکەی وەبیر هاتەوە. هەرچەند نیازی بەو پووڵە نەبوو بەڵام پێی خۆش بوو بیدەنەوە؛ چونکە قسەکەی ئۆلانی لێ وەڕاست گەڕا و دەیزانی مووچەکە زۆر دوورە و پیاو تا دەگاتە سەر کار دەبێتە نیوەڕۆ. ڕێوڕەسمی سەوداکەش وەک وەنگ لانگ خۆی بۆ ئامادە کردبوو و شانازی پێوە دەکرد وانەبوو. بەیانی زوو کە گەیشتە بەر دەرگای ماڵی ئەرباب، خانی پیر هێشتا لەخەو هەڵنەستابوو. سەرەڕای ئەو ڕێگا دوور و درێژەی کە پێوابووی کاتێک گەیشتە جێ، گوتی:

– بە خانی پیر بڵێ ئەوە هاتوومە خزمەتی و مەسەلەی پووڵ لە گۆڕێدایە.

دەرکەوان بەسەریدا گوڕاند و گوتی:

– ئەگەر تەواوی پووڵی ئەم دونیایەم بدەیەی خانی پیر وەخەبەر ناهێنم، چونکە دەزانم لەگەڵ ژنە تازەکەی کە سێ ڕۆژە کڕیویەتی دەستەمەلان بووە و لە خەوی شیریندایە و نامەوێ بۆ کارێکی وا بێ بایەخ گیان و ژیانی خۆم بخەمە مەترسییەوە. لە پاشان دەرکەوانەکە نێوچاوانی تێک نا و گوتی:

– ئەو بیرە لە مێشکت دەراوێ کە پووڵ و پلە، خان لە خەو هەستێنێ. چونکە لەو ڕۆژەوە لەدایک بووە هەر لەسەر پارە خەوتووە و نەبوونی نەکێشاوە. کەوابوو بۆ وی پووڵ و پەین وەک یەک وایە.

سەرەنجام وەنگ لانگ ناچار بوو لەگەڵ کوێخا قسە بکا، کوێخاش چ کوێخا! لەوانی هەرە زۆرزان و زیرەک و فێڵباز بوو! لە زۆرزانیدا لە کڵ هاتبووە دەر و کەس دەسکی لە دوا نەدەکرد. کوێخا ئەوەندەی بەم لا و ئەو لا دادا، ماندووی کرد و لەوانەبوو پەشیمان بێتەوە. پێشی ناخۆش نەبوو؛ چونکە بەتەماشاکردنی پووڵەکەی زیاتر خۆشحاڵ دەبوو

بەڵام تازە سەوداکەیان ببوو و هیچی بۆ نەدەکرا.

وەنگ لانگ ڕۆژێک چووە سەر مووچەکەی و بە شەقاو درێژایی و پانایییەکەی کە بریتی بوو لە سێ سەد شەقاو درێژایی و سەد و بیست شەقاو پانایی پێوا. سنوورەکەشیان بەچوار گاشە بەرد دیاری کرد، ناوی بنەماڵەی هوانگ لەسەر بەردەکان هەڵکەندرابوو. وەنگ لانگ گوتی: «ئەگەر پووڵم بوو ئەو ناوەش لەسەر بەردەکان دەگۆڕم و ناوی خۆم دەنووسم». چونکە نەیدەویست زاری خەڵکی لە خۆی بکاتەوە و بڵێن چ زوو دەوڵەمەند بووە کە بتوانێ لە بنەماڵەیەکی وا گەورە و بەناوبانگ زەوی بکڕێ. کاتێک تەماشای پارچە زەوییەکەی دەکرد گوتی: «هەرچەندە ئەو زەوییە بۆ ماڵی ئەرباب شتێک نییە، بەڵام بۆمن زۆر گرینگە». لە پاشان خۆی زۆر چکۆڵە هاتە بەرچاو و گوتی: «بۆ دەبێ پارچەزەوییەکی وا چووک لای من هێندە گرینگ بێ و بە کەوچکێک ئاو وەمەلە کەوم؟ ئەوە هەموو ئیشی فەقیرییە!» سەوداکەیان سەری گرت و پووڵەکەی دا بەکوێخا. کوێخا گوتی:

– هەرچەند کەمیشە بەڵام بەشی چەند ڕۆژی تریاک کێشانی خاتوونی پیر دەکا.

وەنگ لانگ سەرەڕای ئەوەی پووڵی زۆر بوو، بەو حاڵەش لە بەرەوڕووو بوون لەگەڵ بنەماڵەی ئەرباب خۆی دەپاراست و شەرمی دەکرد. لە پاشان تەمای گرت ئەوەندە زەوی لە ئەرباب بکڕێ تا لە پێش چاوی دەکەوێ.

با و بۆران و تەڕوتووشی بەهار پەیدا بوو و هەور بەری ئاسمانی گرت، وەنگ لانگ لەکۆڵ بێکاری بووەوە، کار و کوێرەوەری ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبوو. وەختی ئەوە هاتبوو کە باوکی ئاگای لە منداڵەکە بێ، چونکە ژنەکەی وێڕای ئەو دەچووە مووچە و کاری دەکرد. کاتێک وەنگ لانگ لە زگ پڕبوونی خێزانی ئاگادار بوو بەناڕەحەتییەوە گوتی:

– جا ئێستا وەختی زگ پڕ بوونە؟ مەگەر نازانی کاتی درووێنەیە و یەک تەنم؟ نەدەکرا وەختێکی دیکەت هەڵبژاردبا؟

ژنەکەی لە وەڵامدا گوتی:

– ناڕەحەتی ناوێ، ئەوە نۆبەرە نییە، تووشی گێرە و کێشەت ناکەم.

دوای ئەوەی زانی کار لەکار ترازاوە و چی بۆ ناکرێ مەسەلەکەی وەپشت گوێ دا و باسیان نەکردەوە.



لەبەر هەور و باو و بۆران چاوت بەئاسمان نەدەکەوت! وردە وردە تاو و ساو پەیدا بوو و درووێنە گەیشتێ. بەر لەوەی تاو بپەڕێ، ژنەکەی بە زگی پووچاوەوە گەڕاوە لای وەنگ لانگ و گوتی:

– ئەتۆ ئەوڕۆ زۆرت زەحمەت کێشاوە بڕۆ بحەسێوە.

لە حاڵێکدا هەردووکیان ماندوو ببوون وەنگ لانگ گوتی:

– بڵێ بزانم نێرە یا مێ؟

ئۆلان لەسەرەخۆ و ئارام وەڵامی داوە:

– ئەوەش نێرە.

وەنگ لانگ زۆر خۆشحاڵ بوو. هیچی دیکەیان نەگوت. ژن و مێرد ئەمجاریش وەک هەمیشە شان بەشانی یەک کاریان دەکرد تا سەرەنجام مانگ لە هەوران سەری وەدەرنا. دەستیان لەکار کێشاوە و بەرەو ماڵ بوونەوە. وەنگ لانگ دوای شێو خواردن ، خۆ شوشتن هەستا چووە وەتاغی ژنەکەی تا دووەمین کوڕی خۆی چاو پێ بکەوێ. ئۆلان دوای ئەوەی شێوەکەی خوارد و خۆی شوشت ڕاکشا. منداڵەکەی کردە مەلۆتکە و لە پەنا خۆی درێژی کرد. منداڵەکەی زۆر خەپەتۆڵە و ئارام بوو، بەڵام نەدەگەیشتە منداڵی پێشوویان و زۆر ورد بوو. وەنگ لانگ زۆر ڕازی و خۆشحاڵ گەڕاوە وەتاغەکەی خۆی و گوتی:

– ئێستا کە ئێمە هەموو ساڵێ کوڕێکمان دەبێ پێویست بە هێلکە سوور کردن نییە. جگە لەوەی بۆمان دەست نادا ڕەنگە ئەو ڕەسمە هەر بۆ نۆبەرە بێ!

سەرەڕای ئەوەی ئۆلان هۆی خۆشبەختی وەنگ لانگ بوو لە نێو ماڵێشدا زۆر تەبا بوون. لە پاشان وەنگ لانگ گوتی:

– بابە خەبەرت هەیە نەوەکان بوونە دوو؟ دەبێ یەکیان لەگەڵ تۆ بخەوێ جێگامان نابێتەوە.

پیرەبابیش لەو پێشنیارە زۆر خۆشحاڵ بوو، چونکە لەمێژبوو بەئاواتەوە بوو ئەو منداڵە لەگەڵ خۆی بخەوێنێ تا بەڵکو لەشی گەرم دابێنێ. هەرچی دەیانکرد منداڵەکە لە دایکی نەدەبووەوە، بەڵام کاتێک خۆی گەیاندە دایکی و چاوی بە براکەی کەوت حاڵی بوو کە جێگاکەی گیراوەتەوە. لە پاشان ڕازی بوو لەگەڵ باپیری بخەوێ. دیسانیش بەرهەم زۆر چاک بوو. وەنگ لانگ بەرهەمەکەی فرۆشت و پووڵەکەی لە کەلێنی دیواریدا شاردەوە.

ئەو زەوییـیـەی لە هوانگی کـڕیبـوو دوو بەرابەری زەوییـەکەی خـۆی پـووڵ دەرهینـا ، چونکە خاکـەکەی نمدار و بەقـەوەت بـوو. قـەت شتـی وانـەبـوو بۆ برینـج کـردن. دوای ئـەوەی خـەلە و خەرمانی کۆ کردەوە خەڵک زانیان کە وەنگ لانگ ئەو مووچەی کڕیوە. لە ئاواییدا دەنگی داوە و لە هەمـوو کـۆلانێک باس، باسی وەنگ لانگ بـوو. لەسـەر ئەوە سـاغ بـوونەوە کـە بیکەن بە کوێخای ئاوایی.



# ٧

وەنگ لانگ هەر وەک لە پێشدا بیری لێ کردبووەوە مامی واتە برا چوکەی باوکی زۆری نارەحەت دەکـرد و نەیدەهێـشت نانێکی بە ئاسـوودەیی بخـوا. بەپێی داب و دەسـتووری نێوخۆیان ئەگەر مامی خۆی پێ بەرێ نەچووبا دەبا وەنگ لانگ بەخێوی کردبا.

تا ئەو ڕۆژەی کـە وەنگ لانگ و باوکی نەدار و دەستکورت بـوون، مـامی کـاری پێیـان نەبوو، پیاوێکی زۆر دەستەوەستان و بێکارە بوو! هیـچی لەدەست نەدەهات. جاری وابوو لەخۆی دەنووسا و نانێکی نەمر نەژی لە زەوییەکەی بۆ حەوت سەر خێزانەکـەی پێکەوە دەنا. بەڵام هەر کە زگیان تێر دەبوو دەستیان لە ڕەش و سپی نەدەدا.

ئامـۆژنی ئەوەندە تەمـبـەڵ و تەوەزەل بـوو تەنانەت ئاوپڕژێنی دەرک و بان و گـەسک لێدانی وەتاغەکەشی لەدەست نەدەهات. منداڵەکانیش لە دایکیان تەمبەڵتر بوون، دەم و چاوی خـۆشیـان بۆ نەدەشۆردرا! بەڕاستی شەرم و شوورەیی بوو لە بنەماڵەیەکی ئەوتۆدا کەس خەتی کەسی نەدەخوێندەوە! کچەکانیشیان کە لەسەر مراد و حازەب بوون، بە لینگی ڕووت و سەری شـانە نەکـراوەوە لە کـوچە و کـۆلانەکـانی ئاواییـدا دەخـولانەوە و هەڵبـەز هەڵبەزیان دەکرد. بەوەش ڕازی نەبوون هێندێک جار لەگەڵ پیاوی بێگانە ڕادەوەستـان و قسەیان دەکرد.

وەنگ لانگ ڕۆژێک تەماشای کرد ئەوە کچی مامی خەریکی کۆلان گەڕییە! زۆری پێ ناخـۆش بوو. لەبەرخـۆیەوە گـوتی: «ئاخـری ئەو کـچـانە تووشی ئابڕوو چوونمـان دەکـەن» . یەکسەرە چووە لای ئامۆژنی و گوتی:

– بلێ بزانم بۆ وا پێشی ئەو کچانەت بەرەڵڵا کردووە، هیچ دەزانی ئەو کچەی شەو و ڕۆژ بەکووچە و کۆلاناندا بگەڕێ، کەس نایخوازێ؟ سێ ساڵی تەواوە بۆ مێرد دەبێ بەڵام هێشتا خەریکی کۆلانگەڕییە و بەم لا و ئەولادا دەسووڕێتەوە! بۆخۆشی نازانێ چ دەکا! ئەمڕۆ تەماشا دەکەم لەگەڵ یەکێک لەو هەتیوە بێ دایک و بابانە قۆڵیان تێک کردووە و بەقاقا لێدان قەدەم لێ دەدەن.

ئامـۆژنی جگە لە زمـان درێژی هیـچ هونەرێکی دیکەی نەبـوو! وەنگ لانگیش بیـانووی

دایە دەست و زاری ئەو زمان درێژەی لەخۆی کردەوە. وەنگ لانگ گوتی:

– کاتێک کچەکانت بەشوو دان، کێ جیازیان بۆ دەکڕێ؟

ئامۆژنی گوتی:

– ئەو کەسانەی کە مووچە و مەزرایەکی زۆریان هەیە و نازانن چی لێ بکەن و لەگەڵ بنەماڵەی گەورە تەڕەفن دەبێ ئەو قسانەش بکەن، بەڵام مامی تۆ کە پیاوێکی فەقیر و چارەڕەش و بەدبەختە، چارەنووسی خۆشی بەدەست خۆی نییە، جگە لەوە زەمانەش پێی نەیارە، دەتوانێ چ بکا؟ لەگەڵ قەزا و قەدەر چ ناکرێ. هەر شتێک دەستی بۆ دەبا بەدەستییەوە نایە! مووچەی خەڵک بەرهەمی زۆر چاک دێنێ بەڵام بەرهەمی مووچەکەی وی دەبێتە چێودان و فریزوو.

دوای ئەو قسانە دەستی کرد بە شین و گریان و گوتی:

– کەس لە دەردی کەس ئاگادار نییە! تۆ نازانی چارەڕەش بوون یانی چی؟ مووچەی خەڵک برینج و گەنمی لێ شین دەبێ و مووچەی ئێمە فریزوو. خانووبەرەی خەڵک سەد ساڵ تەمەن دەکا بەڵام خانووی ئێمە وەک تڕەکەڵەکە وایە و هەر ڕۆژەی لایەکی دێتە خوار! بەڕاستی چارەڕەشین! ژنی خەڵکی کوڕی دەبێ بەڵام سەرەڕای ئەوەی دەزانم زگم بەکوڕ پڕ دەبێ کەچی کاتی منداڵ بوون دەبێتە کچ! بەدبەختی و چارەڕەشی لەوە زیاتر چی؟

لە پاشان دەنگی هەڵێنا و تەواوی ژن و منداڵی کووچەی لەخۆی کۆ کردەوە، بەڵام وەنگ لانگ گوێی بۆ ڕاگرت تا تەواو بوو. لە پاشان گوتی:

– ئەمن کارم بەو گوڕەگوڕ و شین و واوەیلایە نییە. حەدی ئەوەشم نییە مامم ئامۆژگاری بکەم بەڵام دەمەوێ ئەوە بڵێم کە کچ بەکچی و دەست لێ نەدراوی مێرد بکا چاکترە. کچ نابێ بەری بەرەڵڵا بکرێ، وەک داری بەری وایە هەموو کەس تەماحی تێ دەکا. جگە لەوەش سەگی بەرەڵڵا هەموو کەس بەردی پێدا دەدا و چەغەی دەکاتێ.

دوای ئەوەی بێ پەردە قسەی خۆی کرد گەڕاوە ماڵێ. بەڵام ئامۆژنی هەر بەخۆیدا دەدا و هات و هاواری بوو.

وەنگ لانگ لە لایەک بیری لەوە دەکردەوە کە ئەمساڵ یا ساڵێکی دیکە هێندێکی دیکەش زەوی لە بنەماڵەی هوانگ بکڕێ و وەتاغێکی دیکە دروست بکا. لە لایەکی دیکەشەوە کە وردە وردە دەوڵەمەند دەبوون و بنەماڵەیەکی خاوەن ملک و ماشیان پێک دێنا، ئامۆزاکانی پێ نەنگی بنەماڵە بوو کە وەک توڵەسەگی بەرەڵڵا دەخولانەوە.



ڕۆژێک مامی لە مووچە بەسەر و وەزعێکی شپرزە و دووگمە دانەخراو چووە لای وەنگ لانگ. وەنگ لانگ خەریکی دێراو هەڵدان و بژار بوو. لەبەر خۆیەوە بە لۆمە گوتی:

– دەمبووری کە ناتوانم لەگەڵت ڕاوەستم، خێزانم زگی پڕە و تەنیام. بژاریشم زۆر ماوە، حەتمەن ئێوە تەواو بوون. من زۆر لەسەرخۆ کار دەکەم. وەرزێرێکی هەژار و فەقیرم کارەکانم لە وەختی خۆیدا بۆ تەواو نابێ، نازانم چی بکەم برێک بحەسێمەوە؟

مامی تێگەیشت کە وەنگ لانگ بە تەشەر ئەو قسانە دەکا. زۆر ئارام و لەسەرخۆ وەڵامی داوە و گوتی:

– من ئینسانێکی چارەڕەش و بەدبەختم. ئەوساڵ لە تەواوی ئەو باقلەی کە چاندوومە تەنیا یەکیان شین بووە. وەختێک حاسڵ وا خراپ بێ پێمەڕە لە عەرز وەژاندن بێ هودەیە.

لە پاشان ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی:

– هیچ کەس لایەنگری لێ قەوماو نییە.

وەنگ لانگ خۆی بۆ شل نەکرد، چونکە دەیزانی کە مامی لە خۆشەویستی نەهاتۆتە لای و دەیەوێ شتێکی بداتێ. خۆی هاویشتە سەر پێمەڕەکەی تاکو بزانێ مامی دەڵێ چی؟ سەرەنجام مامی قسەکەی درکاند و گوتی:

– خێزانم ئەو قسانەی تۆی لە بارەی کچە گەورەکەمدا بۆ گێڕامەوە. قسەکانی تۆم هەموو قەبووڵە، ڕاستە دەبێ ئەو کچە بەشوو بدەین چونکە تەمەنی پازدە ساڵ زیاترە و ئەگەر شووی کردبا ئێستا منداڵی یەک ساڵەی لەبەر دەبوو. هەروا منیش لەو ماوەدا ترسی ئەوەم هەبووە کە لەناکاو لە سەگێکی بەرەڵڵا زگی پڕ بێ و ببێتە هۆی نەنگ و ئابڕوو چوونی بنەماڵەکەمان. بیری لێ بکەوە کە ئەگەر شتێکی ئەوتۆ لە بنەماڵەی ئێمە و لە ماڵی من ڕوو بدا ئابڕووی بە هەزار ساڵمان دەچێ.

وەنگ لانگ لە حەیفان پێمەڕەکەی بەعەرزی دادا و بەرچاوی تاریک بوو. حەزی دەکرد دەردی دڵی هەڵڕێژێ و بڵێ: «کە وا دەزانی بۆ بەرت بەرەڵڵا کردووە؟ وەک باوکی چاک ئاگاداری لێ بکە با نەبێتە هۆی ئابڕوو چوون. بۆخۆت تاوانباری، نابێ پێشی بەرەڵڵا بکەی. دەبێ مەجبووری کەی بەکاروباری ماڵێ ڕابگا، دەرک و بان گەسک لێدا، چێشت لێ بنێ و لیباسی هەموو لایەک بدروێ». بەڵام جوان نەبوو لاوێکی کەم سین و ساڵ بەم جۆرە لە بەرابەر لە خۆی گەورەتر ئەویش لە بنەماڵەی خۆی بەم چەشنە قسە بکا. مامی بەپەرێشانی و ناڕەحەتییەوە درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی:

– ئەگەر منیش شانسم هەبا ژنێکم دینا وەک ژنی باوکت. ژنێک کە کاری کردبا، کوڕی ببا وەک ژنەکەی تۆ؛ نەک ئەو ژنەی من کە جگە لە تەمبەڵی و بەخۆداهاتن و کچ بوون هیچی لە دەست نایە. ئەگەر کوڕیشی ببێ هێندە ساڵح نابن، لە ڕادەبەدەر بەدفەڕ دەبن و دەبێ بلێیی سەد خۆزگە بە مێیەکان. هەر وەک گوتم ئەگەر خاو و خێزانێکی چاکم هەبا منیش دەوڵەمەند دەبووم. ئەو وەختە دار و نەداری خۆم لەگەڵ تۆ نیوە دەکرد. مێردی چاکم بۆ کچەکانت پەیدا دەکرد. کوڕەکەتم دەکردە شاگردی تاجرێک و زەمانەتم دەکرد. جگە لەوەش لەگەڵ خۆم تۆفیرم دانەدەنا؛ چونکە ئێمە هەموومان خوێن گر و خوێن ئەستێنی یەکترین.

وەنگ لانگ لە وەڵامدا گوتی:

– بۆخۆت دەزانی کە من ئینسانێکی پووڵدار و دەوڵەمەند نیم. جگە لەوەش یەک تەنم، باوکێکی پیرم هەیە و پێنج نانخۆر و یەکی دیکەش بەڕێوەیە.

مامی بە قەڵسی گوتی:

– ئەتۆ پیاوێکی دەوڵەمەندی و پووڵدار. ناتوانی لێمان بشارییەوە. چونکە سەودا لەگەڵ بنەماڵەیەکی وەک ماڵی هوانگ بە پووڵی زۆر دەکرێ، دەزانم مووچەت لێ کڕیون! جگە لەتۆ کەس لەخۆ ڕانابینێ دەست بۆ کارێکی وا بەرێ.

کاتێک مامی ئەو قسانەی کرد وەنگ لانگ بەتووڕەیی پێمەڕەکەی بەعەرزی دادا و گوتی:

– ئەگەر من ئێستا پووڵم هەیە و زەوی پێ دەکڕم لەبەر ئەوەیە کە خۆم و خێزانم وچان نادەین و کار دەکەین؛ بۆ نەتبیستووە دەڵێن: «دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە؟». ئێمە وەک هێندێک کەس وەختی خۆمان بە قومار کردن و تەمبەڵی ڕانابوێرین، هەروەها لەبەر دەرگای ئاوپڕژێن نەکراو و گەسک لێ نەدراوی ماڵەکەمان دانانیشین قسەی بێهوودە بکەین و گاڵتە بەخەڵکی بکەین. ناتوانین بێکار دانیشین و مووچەکەمان وەبن بژار کەوێ و منداڵەکانمان تونی و برسی و لە پاشان دەست بۆ لای ئەم و ئەو ڕادێرن و بپاڕێنەوە.

مامی کاتێک ئەو قسانەی بیست لە حەیفان بەرچاوی تاریک بوو! وردە وردە خزی و بۆ لای وەنگ لانگ دوو شەپەلاغەی توندی تێ سرەواند و گوتی:

– بگرە بزانم لەگەڵ خزمی باوکت ئاوا قسە دەکەی؟ بێ حەیا گەورە و چکۆڵەییت لەبیر



چۆتەوە؟ مەگەر نازانی لە قانوونی پیرۆزدا هاتووە کە پیاو نابێ عەیب و ئیراد لە خۆی گەورەتر بگرێ؟

وەنگ لانگ سەرەڕای ئەوەی دەیزانی هەڵەی کردووە و بەپێچەوانەی قانوون جووڵاوەتەوە، بەڵام بەدڵ پێی خۆش بوو دووری لە مامی بکا. مامی بەدەنگێکی لەرزۆک نەڕاندی و گوتی:

– تەواوی ئەو قسانەی تۆ بۆ خەڵکی ئاوایی دەگێڕمەوە و دەڵێم دوێنێ چوویە ماڵە من و ئامبازی خێزانم بووی و پێت گوتووە کچەکەت کچێنی نەماوە و ئەمڕۆش لۆمەی من دەکەی. کاتێک باوکت مرد من بۆتۆ دەبمە باوک، شەرمێ بکە. ڕەنگە کچەکانی من کچێنییان نەمابێ بەڵام ئەو قسە لە هیچ کام لەوان نابیسم.

هەر دەڕۆیشت و دەیگوت:

– ئەوەی گوتووتە بۆ خەڵکی ئاوایی دەگێڕمەوە.

سەرەنجام وەنگ لانگ وەدەنگ هات و گوتی:

– دەتەوێ چ بکەی؟

وەنگ لانگ حەزی نەدەکرد ئەو قسانەی بەگوێی خەڵکی ئاوایی بگاتەوە چونکە نەدەکرا خۆ لە خزمایەتی مامی بشواتەوە. مامی خێرا ڕەفتاری گۆڕا، هاتەوە سەرخۆ و ڕقی نیشتەوە، بەپێکەنینەوە باسکی وەنگ لانگی گرت و گوتی:

– من لە سەرەتاوە دەمزانی تۆ ئینسانێکی چاک و پاکی، مامت لە تۆ ڕازییە و وەک کوڕی خۆم وای ڕۆڵەگیان ئەگەر کەمێکم پووڵی زیو بەدەستەوە با دەمتوانی بیدەم بە دەڵاڵێک و مێردێکی بۆ کچەکەم پەیدا بکەم. ئاخر لەگەڵ نەبوونی دەڵێی چی؟ فەرموو لێرە چەوەندەرێکم بۆ هەڵکەنە، بزانم دەتوانی؟

لە پاشان وەک ئینسانێکی خوداپەرست ئاخێکی هەڵکێشا و دەستە و دوعا ڕووی لە ئاسمان کرد. وەنگ لانگ پێمەڕەکەی دانا و گوتی:

– فەرموو با بچینەوە بزانم چ شک دەبەم؟ خۆ من شازادە نیم پووڵم لەگەڵ خۆم بگێڕم.

بەرەو ماڵ وەپێش مامی کەوت، زۆری پێ ناخۆش بوو پووڵێکی کە بۆ زەوی کڕین پاشەکەوتی کردبوو بیدا بەمامی، بەڵام ناچار بوو، ئەوەشی دەزانی کە مامی لەجیاتی ئەوەی لە دەرد و مەرگ خۆی خەرج کا دەیکاتە قومار.

کاتێک گەیشتەوە تەماشای کرد کوڕەکانی بە لینگی ڕووت و پێی پێخواس خەریکی کایە و گاڵتەن. مامی لە حاڵێکدا خۆی کز و داماو و فەقیر پێشان دەدا کوڕەکانی بانگ کردە لای خۆی و یەکی پووڵێکی مسی دانێ. لە پاشان بەخۆیەوە کوشین و گوتی:

– بێ خەبەر نەبن ئێوە دوو پیاوی چکۆڵەن و هیوا و ئاواتی دوا ڕۆژی ئێمەن.

وەنگ لانگ ڕانەوەستا ، یەکسەر چووە وەتاغەکەی خۆیان، ماوەیەک ڕاوەستا و لە پاشان گوتی:

– چ خەبەرە دیسان؟ بۆنی خوێنی گەرمم بۆ دێ.

ژنەکەی لەنێو جێگاوبانەکەی هاتە دەر و گوتی:

– جارێکی دیکەش لێ بوومەوە، چت لێ وەشارم قەرەواشێکی تۆم بوو.

وەنگ لانگ لە جێگای خۆ وشک بوو، خێرا کچەکانی مامی وەبیر کەوتەوە و گوتی: «تازە بەدبەخت بووین جا من چ بکەم؟». لە دواییدا چووەوە لای ئەو دیوارەی کە پووڵەکەی تێدا شاردبووەوە، دەستی لە کەلێنی دیوارەکە ناو و بە ئەژمار کەمێکی پووڵ هەڵگرت. ژنەکەی گوتی:

– ئەو زیوانە بۆ هەڵدەگری؟

وەنگ لانگ وەڵامی داوە و گوتی:

– بە قەرز دەیدەم بەمامم.

ژنەکەی دوای ماوەیەک گوتی:

– هەرچی بێ خزمەت، چاک نییە نێوی قەرزی لێ بنێی.

وەنگ لانگ سەرەڕای ئەوە بەو مەسەلەوە زۆر ماندوو بوو گوتی:

– ئەوە چاک دەزانم بەڵام دەڵێی گۆشت لە بەدەنم دەکەمەوە و دیدەم بە مامم!

هیچ چارەشم نییە، بە قەولی تۆ خزمە و چی لەگەڵ ناکرێ.

لە پاشان وەدەرکەوت و لەبەر دەرگا پووڵەکەی لە دەست مامی ناو گەڕایەوە بۆ مووچە.

وەنگ لانگ وەک پەپوولە هەر بە دەوری پووڵەکانییەوە بوو، بیری لەوە دەکردەوە و دەیگوت: «بڵێی چ دەستێکی خوێڕی لەسەر مێزی قومار هەڵیگرێ؟ نازانێ ئەوە بەرهەمی زەویەکەمە کە بە خوێنی خۆم و خێزانم وەسەریەکمان ناوە.».



سەرەتای شەو بوو، وردە وردە ڕقەکەی نیشتەوە، دەستی لە کار کێشاوە و کەوتە بیری ماڵ و ژیان و شێو خواردن. لە پاشان بیری لەو نان خۆرە کردەوە کە تازە لە دایک ببوو. گوتی: «ئاخر کچێک کە بۆ دایک و باب کەڵکی نییە و دەبێ بۆ خەڵکی گەورە بکەی بە کاری چ دێ؟». لە حەیفی مامی نەدەپڕژا تەماشای کچەکەشی بکا، لە گۆشەیەک ڕاوەستا خۆی هاویشتە سەر پێمەڕەکەی و غەم و پەژارە وەک نۆبەتێ دایگرت. بەڵام نەیدەتوانی هیچ بکا دەبوو ڕاوەستێ تا دروێنە دەگاتێ تا بەڵکو بتوانێ کەمێک پووڵی دیکە پەیدابکا و ئەو مووچەی پەنا مووچەکەی خۆی بکڕێ. سەرەڕای ئەوەش بیری لەو نان خۆری جێ گرە دەکردەوە کە تازە لە دایک ببوو. کاتێک ڕۆژ ئاوا بوو وەنگ لانگ چاوی بە دەستەیەک قەلەسابوونی کەوت کە بە قاڕە قاڕ بە سەر ویدا دێن و دەچن؛ پێی وابوو گاڵتەی پێدەکەن. دەستی دا پێمەڕەکەی و بۆ لایان چوو. قەلەکان هەڵفڕین و دوور کەوتنەوە، وەنگ لانگ گوتی: «ئەوانە شومیان خراپە خودا بمانپارێزی.»

## ٨

پێیان وابوو ئەگەر خوداکان لە هەر کەسێک ڕوو وەرگێڕن تازە دانی بە خێری پێدا ناهێنن و ئاوڕی وێ نادەن.

باران کە لە کاتی خۆیدا نەباری هیچ، ئاسمانیش ڕۆژبەڕۆژ سافتر دەبوو زەوی لە توونیان لەوانەبوو وشک بێ و بفەوتێ بەڵام ئاسمان گوێی لەوانە نەبوو. ئەو خەڵکە هەژارە لە بەیانی ڕا تا ڕۆژ ئاوا دەبوو، چاویان لە ئاسمان دەبڕی، بەڵام بۆ وێنە پەڵە هەورێکیان وەبەر چاو نەدەکەوت. شەوانەش ئەستێرەکان بە ئاسمانەوە وەک دوڕ دەدرەوشانەوە و هێندەی دیکەیان خەڵک تازیەبار دەکرد.

سەرەڕای ئەوەش وەنگ لانگ لەوپەڕی داماویی و دەس تەنگیدا پێمەڕەی لە دەست نەدەکەوت و لە مووچە کاری دەکرد و پێی ڕادەگەیشت بەڵام ئەو تەلاشەشی بووەوە هیچ و خاکەکەیان وشک و قەڵش قەڵش بوو. بڕە ڕەپستەیەکی کە تازە سەری هێنابووەوە دەر، ئەویش زەرد هەڵگەڕا و وشک بوو. ئەو زەوییانەی کە کردبوونی بە شێوەرد و ئامادەی کردبوون لە دوورەوە هەر تروسکە تروسکیان بوو. وەنگ لانگ دوای ئەوەی لە گەنمەکان ناهوێد بوو گوتی: «واچاکە دەست لەسەر دەست دانەنێم و تا باران دەبارێ بۆخۆم خەریکی ئاودانیان بم». دەستی دا دار حەیزەرانێک و دوو سەتڵی بەو سەرەوسەریدا کرد. وردە وردە لە چاڵاوێک ئاوی هەڵدەکێشا و برینجەکەی ئاو دا، بەڵام باران هەر نەباری. سەرەنجام ئەو چاڵاوەش وشک بوو. ئۆلان گوتی:

– ئەگەر بمانەوێ منداڵەکان لێویان تەڕ کەن و باوکت ئاوی گەرم بخواتەوە دەبێ زەوییەکەمان بفەوتێ.

وەنگ لانگ لە حاڵێکدا گریانی لە ئەوکیدا قەتیس ببوو گوتی:

– ئەگەر بڕیار بێ مووچەکەمان بفەوتێ ئەوان بۆ بمێنن؟ نازانی ژیانی ئێمە پەیوەندی بەو خاکەوە هەیە؟ ئەگەر خاک نەبێ ژیانمان هەڵناسووڕێ.

لەو هەموو زەوییانە تەنیا پارچە زەوییەک بەرهەمی دا، چونکە باران نەباری وەنگ لانگیش بە دەستی هەر ئەو پارچە زەوییەی بۆ ئاو درا. وەنگ لانگ بەرهەمی ئەو وشکە



سالّییەی فرۆشت و وەک ئەسپێی دەست کوێری توند لە مستی گرت، پێی وابوو بەو پووڵە بەربەرەکانی لەگەڵ دونیا دەکا! بە خۆی دەگوت: «سەرەڕای ئیرادە و ویستی خوداکان، هەروەها ئەو وشکە سالّییە ناخۆشە لەسەر خۆم واتە کڕینی زەوی سوورم». بە کورتی خەو و خۆراکی لە خۆی هەڵگرت تا سەرەنجام مستێکی پووڵی زیو وەدەست هێنا و بەپەلە بەرەو ماڵی هوانگ وەڕێ کەوت. کوێخای دیتەوە و گوتی:

– ئەو مووچەی پەنا مووچەی خۆم دەکڕم.

ئەوە لە کاتێکدا بوو کە وەنگ لانگ لە خەڵکی بیستبوو کە ماڵی هوانگ چی چاکیان بۆ نایە و لەوانەیە سەگ و شوانیشیان بێتەوە. خاتوونی پیریش لەو چەند ڕۆژەی ئاخردا نیوە و نیوەچڵ بەشە تریاکەکەی خۆی وەرگرتبوو، بەڵام وەک بەبری برسی شالاوی بۆ کوێخا دەبرد و جنێوی پێدەدا و بە باوەشێن لە سەر و سەکوتی دەدا و دەیگوت:

– پێم بڵێ بزانم لە زەوییەکان چ خەبەر، هیچ ماوە یان نا؟

ئەوەندەی ئەو قسە لە کوێخا دووپات کردەوە، کوێخا لەوانەبوو دەست لە دەلالّییەکەی خۆشی هەڵبگرێ. جگە لەوە خانی پیریش تازە کلّفەتێکی هێنابوو، هەر جارەی بیانووی شتێکی پێدەگرت. دایکی کلّفەتەکەی ژنی یەکێک لە ڕەنجبەرەکانی ماڵی ئەرباب بوو. کچەکە تازەی خۆ ناسیبوو بەڵام خانی پیر هیچی لە باردا نەمابوو.

هەموومان دەزانین تێپەڕبوونی زەمان لە هەموو بارێکەوە شوێن دەکاتە سەر ئینسان و خانی پیریش یەکێک بوو لەو ئینسانانە کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە کەمی دەدا، بەڵام زۆر دڵتەڕ بوو، هەمیشە لە بیری ئەوەدابوو ژنێکی جوان بێنێ و خۆی پێوە بخافڵێنێ.

هەروەها خاتوونی پیر لە وەختی تریاک لێبڕاندا شالاوی بۆ هەموو شتێک دەبرد. خانی پیریش بۆ خۆشگوزەرانی خۆی هیچ کارێکی ناحەز نەمابوو نەیکا، کەسیش نەیدەوێرا پێی بڵێ دەست لە خۆشگوزەرانی هەڵگرە، پووڵ نەماوە شت کڕین بۆ گراوییەکانت وێڵ کە.

کوڕە ئەربابەکانیش کە ڕەفتاری خان و خاتوونیان بەم جۆرە چاو پێدەکەوت شانیان هەڵدەتەکاند و دەیانگوت حەتمەن ئەوەندە پووڵ و سەروەت ماوە کە تەمەنێک پێی بژین. تەنیا لە یەک شتدا بیر و باوەڕیان یەک بوو ئەویش ئەوەبوو کە بە سەر کوێخادا دەهاتن و دەیانگوت بەچاکی بە ملک و ماڵەکەمان ڕاناگا. ئەوەندەیان کوێخا وەتەنگ هەڵێنابوو، ئەو کوێخا قەڵەو و زمان لووسە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ کزتر و لاوازتر دەبوو.

مووچەی ماڵی هوانگیش یەکێک بوو لەو مووچانەی کە لەبەر بێ بارانی هیچی لێ پەیدا نەبوو، وەنگ لانگ پێی هەلێکی چاک بوو چووەوە لای کوێخا و گوتی:

– زیوم هەیە.

وەک ئەوە دەچوو یەکێک بچێتە لای ئینسانێکی برسی و بلێ چ دەخۆی؟ کوێخا خێرا بە پێچەوانەی جاران زۆری بە خێر هێنا و دەستیان کرد بە قسەکردن. بەر لەوەی قسەکانیان تەواوبێ، سەوداکەیان بڕاوە و وەنگ لانگ کاغەزی مۆرکراوی زەوییەکەی وەرگرت.

هەروەک پێشتر گوتمان وەنگ لانگ پووڵەکەی خۆی خۆشتر دەویست، ناهەقیشی نەبوو چونکە بە خوێنی جەرگ پەیدای دەکرد. بەڵام ئەمجار زۆری پێوە ماندوو نەبوو. لەبەر ئەوەی بە ئاواتی خۆی گەیشتبوو و زەویی کڕیبوو.

وەنگ لانگ بە کڕینی ئەو مووچە زۆر خۆشحاڵ بوو، چونکە دوو بەرابەری ئەو زەوییەی بوو کە لە پێشدا کڕیبووی، گرینگتر لەوەش ئەوەبوو کە ببوو بە خاوەن پارچە زەوییەک لە زەوییەکانی ئەرباب بەڵام ئەوی تەنانەت بە ئۆلانیش نەگوت.

چەند مانگ تیپەڕی و باران هەر نەباری! بەرە بەری پایز پەڵەپەڵە هەوری چووک بەری ئاسمانیان گرت. خەڵک لە کووچە و کۆڵانەکانی ئاوایی لێک کۆبوونەوە. هەریەکی شتیکیان دەگوت؛ یەک دەیگوت ئەو هەورە، هەوری بارانە و یەک دەیگوت ناباری. بەڵام بەر لەوەی پەڵە هەورەکان وێک کەون و مزگێنی باران بدەن، گێژەڵووکەیەک هات و هەموو هەورەکانی ڕاماڵی و لەگەڵ خۆی بردن و خەونەکەیان لێ پووچەڵ بووەوە. بەم چەشنە شەو و ڕۆژ چاویان بڕیبووە ئاسمان کەچی جار لەگەڵ جار ئاسمان سافتر و ڕووناکتر دەبوو.

وەنگ لانگ ئەو ساڵە جگە لە کەمێک باقلە و گەنمەشانی کەمدان بەرهەمی زۆر کەم بوون. کاتی بەرهەم هەڵگرتن تەنانەت نەیهێشت دەنکێکیش بە فیڕۆ بڕوا!. دوای ئەوەی لە گێرە بوونەوە، منداڵەکانی بە پەرێزەکاندا دەگەڕان. دەنکە دەنکە گەنمەشانییەکانیان دێنا دەر. پاش ئەوەی لاسکەکانیان ڕووتاندەوە، تەمای گرت ئەوانیش بکا بە ئاوردوو بەڵام ژنەکەی گوتی:

– لەبەر خاتری ئاوردوو خەساریان مەکە، ئەوانەش ڕۆژی خۆیان بەکاردێن. لە بیرمە ساڵێک لە "شان تۆنگ" قاتی و قڕی بوو، لاسکی سەرداریییەکانمان دەکوڵاند و دەمانخوارد. چونکە پێمان وابوو هیچ نەبێ لە گیا چاکترە.



کاتێک ئەو قسانەی دەکرد هەموو بێدەنگ بوون، چونکە زەوییەکانیش شتێکی وایان لێ پەیدا نەببوو. چاوەڕوانی ڕووداوێکی شووم بوون. هەموو ناڕەحەت بوون، جگە لە کچە چکۆڵەکەیان، چونکە ئەو نەیدەتوانی بیر لەو جۆرە شتانە بکاتەوە. هەر لە بیری مەمکی دایکی دابوو، وەختی خۆی؛ ئەویش وەک کانی هەڵدەقوڵی. دایکی مەمکی لە زاری دەنا و دەیگوت.

– بخۆ چارە ڕەش، بخۆ تا دەتوانی.

لە پاشان ئۆلان دووبارە زگی پڕ بوو، مەمکی ئیشکی کرد لە برسان منداڵەکانیان دەستیان کرد بە گریان و گڕووگرتن و نووکە نووک. هێندەی دیکە ماڵەکەیان ناخۆش بوو. ئەگەر لەو کاتەدا یەکێک لە وەنگ لانگی پرسیبا پاییز چ دەخۆن؟ بێ شک وەڵامی دەداوە نازانم؟ بەڵام کەس نەبوو ئەو پرسیارەی لێ بکا، چونکە جگە لە خۆی کەس لە بیری ئەودا نەبوو. قسەی هەمووان ئەوە بوو کە ئەوڕۆ چ بخۆین؟

وەنگ لانگ هەلی بۆ هاتە پێش کە لە گایەکەی ئاگاداری بکا و نەهێڵی برسی بێ. لە مووچە کای لە بەرکرد و لە دەرەوەش گەڵی بۆ دەکرد. سەرەنجام زستان بە سەردا هات و گەڵیش تەواو بوو.

جگە لەوەش زەوییەکە نەمابوو بیکێڵن. ئەگەر شتێکیان بە عەرزی وەرکردبا شین نەدەبوو! بنەتۆوەکەشیان خواردبوو! ناچار گایەکەیان بەڕەڵڵا کرد تا بۆخۆی لە دەرێ کڕوکاشێ بکا. بەڵام کوڕەکەی بۆ تەرخان کرد ئاگای لێبێ نەکا بیدزن.

لەو ئاخریانەدا مەترسی ئەوەش هاتە پێش کە خەڵکی ئاوایی گایەکە لە دەست کوڕەکە بێننە دەر و بە خزمەتی بگەن. لەو ترسانە سینگێکی لەبەر دەرگا داکوتا و گایەکەی بەستەوە، سەرەنجام گای بەستەزمان لە برسان و لە توونیان ئەوەندە کز بوو جگە لە ئێسک و پێست هیچی پێوە نەما. لە لایەکی دیکەشەوە زمهەرێشیان بەرەو تەواو بوون دەچوو. بەشی یەک دوو ڕۆژیان باقلە و سەرداری لە عەمباردا مابوو. گایەکەش لە برسان هەر دەیهۆڕاند. پیرەباب گوتی:

– دوای ئەوەی باقلە و سەرداریییەکە تەواو بوو گایەکەش دەخۆین.

وەنگ لانگ کاتێک ئەوەی بیست دەنگی بەرز بووەوە، چونکە ئەو قسە بۆوی وەک ئەوە دەچوو کە یەکێک بلێ لە مەوبەدوا ئینسان دەخۆین! ئەو گایە بۆ وەنگ لانگ وەک دۆست و هاودەم وابوو. هەمیشە بە لایەوە بوو؛ جاری وابوو تاریفی دەکرد. هێندێک جار

لێی تووڕە دەبوو و باری دەکرد. لەو وەختە کە بە گوێلپاری کڕیبووی تا ببووە گا بە چاکی دەیناسی؛ بۆیە گوتی:

– چلۆن دەکرێ ئەو گایە بخۆین؟ خۆ ئێمە بە بێ ئەو گایە بەڕێچوونمان نابێ؟

بەڵام پیرە باب لە وەڵامدا گوتی:

– بۆ خۆت سەرپشک بە یا دەبێ ئێمە ببین یا گایەکە، کاممانت دەوێ؟ پیاو دەتوانێ زۆر سادە گایەکی دیکە بکڕێ بەڵام لە دەست دانی ئینسان زۆر چەتوونە و هەرگیزا و هەرگیز نابێتەوە.

هەر جۆرێک بوو وەنگ لانگ ملی نەدا گایەکە بکووژنەوە. بەم جۆرە یەک دوو ڕۆژ تێپەڕی. بەڵام منداڵەکان هاواری نانیان لێ بەرز بووەوە و بێدەنگ نەدەبوون. ئۆلان بەزەیی بە منداڵەکاندا هات و داوێنی وەنگ لانگی بادا و بەرۆکی لەبەر دارنی. وەنگ لانگ دەستێکی کەوتە ئەملا و یەک ئەولا، سەرەنجام تێگەیشت کە دەبێ گایەکە بخۆن، نێوچاوانی تێک نا و گوتی:

– زۆر چاکە سەری ببڕن بەڵام من ئەو کارە ناکەم.

چووەوە وەتاغەکەی خۆی ڕاکشا و لێفەیەکی لە سەروچاوی خۆی هاڵاند بۆ ئەوەی لە کاتی سەربڕیندا بۆڕەی گایەکەی گوێ لێ نەبێ. لە پاشان ئۆلان وەدەرکەوت لە ئاشپەزخانە گاکووژێکی هێنا و سەری گایەکەی بڕی. بەم چەشنە دوایی بە ژیانی هێنا! بەڵام نەیهێشت خوێنەکەشی بە فیڕۆ بڕوا. کاسەیەکی وەبەرگرت و بۆ چێشت دروست کردن لە سووچێکی دانا. لە پاشان دەست بەجێ ئەوەندەی بلێیی یەک دوو گایەکەی لەت و پەت کرد. وەنگ لانگ نەهاتە دەر تا سفرە داندرا و گۆشت سوورکراوە، بەڵام لە گەروی نەدەچوو خوار، تەنیا کەمێکی لە ئاوەکەی خواردەوە. ئۆلان کەمێکی دڵخۆشی داوە و گوتی:

– کابرا هێندە خۆت ناڕەحەت مەکە، خودا تا سەر بدا ڕۆزیش دەدا. بۆ خۆمان سەلامەت بین گا هەر دەبێتەوە، جگە لەوەش زۆر پیر ببوو بەو نیەتەی کە ڕۆژێک گایەکی زۆر لەوە چاکتر بکڕی.

وەنگ لانگ بەو قسەیە کەمێک هاتەوە سەرخۆ و ملی لە خواردن نا. سەرەنجام هەرچی بوویان خواردیان، نە گۆشت ما نە ئێسک، تەنیا چەرمەکەی ماوە ئۆلان ئەویشی لەسەر حەیزەرانێک پان کردەوە تا ئەویش بکا بە کاڵە.



لە سەرەتاوە لە ئاواییدا کردبوویانە چاووڕاو کە وەنگ لانگ پووڵی زیوی زۆرە و شاردوویەتەوە! لەبەر ئەوە پێی بەدبین بوون و سەد خەونیان بۆ دەدیت بەتایبەتی دوای ئەوەی کە بە درۆ بیستبوویان ئازووخە و خۆراکی هەیە و بۆ ڕۆژی مەبادا عەمباری کردووە.

مامی هەوەڵێن برسییەک بوو کە زۆر بێ شەرمانە خۆی بە ماڵی وەنگ لانگ داکرد. بە خۆی و هەشت سەر خێزانەوە هیچیان شک نەدەبرد بیخۆن! وەنگ لانگ ناچار دوو سێ لالوێچی باقلە و سەرداری بۆ دانا، بەڵام پێی وابوو لە جەرگی خۆی دەکاتەوە، لە پاشان گوتی:

– لەوە زیاترم نییە چونکە بۆ خۆشم کەرکێکم خێزان هەیە و دەبێ لە بیریاندا بم.

وەنگ لانگ بۆ جاری دووەم مامی دەنگ دا و گوتی:

– مام نەبی بڕبڕەی پشتیش بی، چم لە دەست هەڵناوەرێ.

بەم چەشنە مامی بە ناهومێدی و دەستی خاڵی گێڕاوە. مامی وەک سەگی هار و دار لە سەر دراو هەر خۆی بەم لا و ئەولا دادەدا و لە ئاواییدا ئاڵای دژایەتی دژی وەنگ لانگ هەڵگرت! قسەی بۆ هەڵدەبەست و دەیگوت:

– برازاکەم سەرەڕای ئەو هەمووە پووڵ و ئازووخەی کە هەیەتی، ئەوەندەمان ناداتێ لەسەر چاومانی دانێین! ناچار دەبێ بە برسیایەتی سەر بنێینەوە و بمرین.

لە حاڵێکدا ئەو ماڵانە بە دوازدە سەر خێزانەوە هیچیان نەمابوو، سەرمای زستانیش لێیان ببووە براگەورە و لای ژووررووی لێ گرتبوون. خەڵکی ئاوایی لە برسان هەموو زگیان بە پشتیانەوە نووسابوو! زاق و زرووقی منداڵی برسیش سەرباری دەردان بوو!

مامی وەنگ لانگ زۆر کز ببوو؛ سەگ کلکی لێدابا دەکەوت! بەڵام بەو حاڵەش بە کووچە و کۆڵانەکانی ئاواییدا دەسووڕاوە و دەیگوت:

– ئی وامان هەیە لە گوند زۆر تێر و تەسەلە و منداڵەکانی خەپەتۆڵە و بە کەیفن.

سەرەنجام خەڵکی ئاوایی شەوێک پەیاغ بە دەست ڕژانە ماڵی وەنگ لانگ و دەرگایان وەبەر پێلاقان دا. وەنگ لانگ بە هات و هاواری دراوسێکان دەرگای کردەوە، هەموویان ڕژانە سەری و بە پاڵەستۆ وەدەریان نا و تەنانەت بەزەییان بە منداڵەکانیشدا نەهات، کەلێن و قوژبنی ماڵی هەموو گەڕان و تەواوی ئازووخەکەی کە بریتی بوو لە چەند دەنک

باقله و کاسەیەک سەرداری دۆزییەوە، کاتێک بە ناهومێدی گەڕانەوە، لە نوێن و بانی پیرەبابڕا بگرە تا مێز و نیمکەت هەرچی وەبەر دەستیان کەوت بە تالاّنیان برد. لە پاشان ئۆلان خۆی پێ ڕانەگیرا، دەستی کرد بە هات و هاوار و گوتی:

– بۆ شەرم ناکەن و دانارزن ئەو شتانە بۆ دەبەن؟! بۆ ئێمە لە چاو ئێوە شاین؟! خۆ هێشتا واتان لێ نەهاتووە شتەکانی ئێمە بەرن. تا ئێرە ئێمەش وەک ئێوە هیچ نابەین دەتوانم بڵێم لە ئێمەش چاکترن! ئێمەتان لە سەر ساجی عەلی داناوە! ئەوەش بزانن ئەگەر کەلوپەلی ماڵەکەمان بەرن ڕۆژگار پەتتان لە مل دەکا و خەڵک سینگتان لێ دەکوتێ:

ئۆلان لە حاڵێکدا دەستی لەسەر زگی لە ژێڵلا هاتووی دانابوو درێژەی بە قسەکانی دا. پیاوەکان بە بیستنی ئەو قسانە خەجاڵەت بوونەوە، سەریان لەبەر خۆیان نا و یەک یەک دەرکەوتن. دەبێ ئەوەش بڵێین کە برسییەتی ببوە هۆی ئەو کردەوە ناحەزە، دەنا خەڵکێکی خراپ نەبوون.

جگە لە چینگ هەموویان وەدەرکەوتن ئەویش بۆ مایە ماوە کە سەبارەت بە پەشیمانی خۆی قسە بکا و بڵێ دەردی نەبوونی تووشی ئەو ڕۆژەی کردم. ئەو دوو سێ دەنکە باقلەشم لە دەستی ڕفاندووە. دەترسا لەوەی قسەیەک بکا و مەجبوور بێ ئەو دوو سێ دەنکەش بداتەوە بە خاوەنەکەی! چاوێکی لە وەنگ لانگ کرد و وەدەر کەوت.

وەنگ لانگ لە حاڵێکدا زۆر نارەحەت بوو لەبەر خۆیەوە دەیگوت: «خۆ هیچمان لە ماڵێدا نەماوە بیدەم بە باوکم و منداڵەکانم! خێزانم بە زگی پڕەوە چ لێ بکەم؟ هەر نەبێ لەبەر منداڵەکەی دەبێ شتێکی بۆ پەیدا بکەم، چونکە ئەو منداڵەی لە زگی دایە بە خوێنی دایکی دەژی».

بۆ ماوەیەک ترس سەراسەری وجوودی داگرت و پاشان لەبەر خۆیەوە گوتی: «خۆ ئەوانە ناتوانن زەویوزارەکەم لێ بستێنن، بەلاّم ئەگەر زەوییەکەم کردبا پووڵ هەموویان لێ دەستاندم، خۆشیەختانە زەوییەکەم ماوە و ئی خۆمە».



٩

وەنگ لانگ لەبەر دەرگای ماڵەکەی خۆیان دانیشتبوو، جار جار بۆڵەیەکی لێ دەهات و دەیگوت: «ئەو کەرکە خێزانە بێ نان و ئاو بەرێ ناچن لە وانەیە بمرن دەبێ لە بیریاندابم و پەلەقاژەیەک بکەم». هەرچەند ڕۆژ بە ڕۆژ کزتر و بێ تاقەت تر دەبوو بەلاّم ورەی بەرنەدا، چونکە هەستی بەوە کردبوو کە بەرەو ئەوە دەچێ ببێتە پیاو و خەڵک حیسابی لەسەر بکەن. لەو سەردەمەدا جاری وابوو ئەوەندە قەلّس دەبوو کەس نەیدەوێرا خۆی لێدا!! کەسێکی نەیناسیبا دەیگوت شێتە و لە کەللەی داوە. لەسەر جێ خرمانی بەر دەرگای ماڵەکەیان وەک شێتان دەستی دەقووچاند و بەم لا و ئەولادا هەڵدەهات و جنێوی بە عەرز و ئاسمان دەدا! یا لە خۆڕا هاواری دەکرد و دەیگوت:

– ئەی پیاوە پیرەی ئاسمانەکان بەڕاستی لە ڕادەبەدەر پەست و شەڕانی و بەدفەڕ و خوێن خۆری!

هێندێک جاریش بە دەنگێکی بەرزتر دەیگوڕاند و دەیگوت:

– لەو ڕۆژە ڕەشتر تووش دەبم؟

لە حاڵێکدا لە برسان هەنگاوی هەڵنەدەهاتەوە ڕووی کردە پەرستگای خاک. لەوپەڕی بێزاریدا تفێکی لە سەر و سەکوتی خوداکەی کرد. ماوەی چەند مانگێک بوو هیچ کەس ئاوڕی وێ نەدەدان؛ لیباسەکانیان دڕابوو و لە پاشان وەدەرکەوتبوو. بەلاّم ئەو دوو خودایە بە بێ ئەوەی نیگەران بن یا خۆ سڵ بکەن هەست و خوستیان لە خۆیان بڕی. وەنگ لانگ دوای ئەوەی لە بەرامبەر خوداکاندا ڕق و تووڕەیی خۆی ڕشت، بە شیوەن و واوەیلا گەڕاوە ماڵێ و لەسەر جێگا و بانەکەی ڕاکشا. وەک جاران پڕکار نەبوون و خوداخودایان بوو شتێک بێ و خۆی پێوە بخافڵێنن. جاری وابوو لەبەرئەوەی هیچیان نەبوو بیخۆن خۆیان لە خەو دەکرد!

برسیایەتی هێرشی بۆ هێنا و لە برسان شالاّوی بردە سەر لاسکە سەرداری وشک و گەلاّ و پێستی دارەکان. تەنانەت تەپۆلکەکانی دەوروبەری گوندەکەشیان ڕووتاندبووەوە و هەرچی پێوەی بوو خواردبوویان! چاوت بە هیچ مالاّتێک نەدەکەوت. منداڵ لە برسان

زگیان به پشتیانەوە نووسابوو و برسییەتی بڕستی لێ بڕیبوون. تەنیا سەرگەرمی کوڕەکانی وەنگ لانگ ئەوەبوو کە بێنە بەر دەرگا، تاوێک خۆیان هەڵخەن و تاو بیانسوتێنێ. کچەکەی سەرەڕای ئەوەی دەبوو گاگۆڵکە بکا و دابنیشێ زۆر بێ هێز بوو و هەمیشە دەکوڕووزاوە! کاتێک برسییەتی هێرشی بۆ دێنا پیاو ئاوری بۆ تێبەر دەبوو! بەڵام ئەوەی ناهومێد دەبوو کە هیچ لە گۆڕێدا نییە لە حاست خۆی بێدەنگ دەبوو. ئەو دیمەنە دڵتەزێنە شتێک نەبوو لە بیر بچێتەوە، بەڵکو سەرەڕای هەموو ناڕەحەتییەکی دیکە زۆری پێوە ماندوو بوون؛ بەتایبەتی وەنگ لانگ. بەڵام هیچی لە دەست نەدەهات، جاری وابوو بە دەم تەماشا کردنەوە دەیگوت:

– شێتەکە! بچکۆڵانەی چارە ڕەش! جگەر گۆشەکەم! بەستەزمانی هیچ نەزان!

هێندێک جار چاوی هەڵدێنا و بزەی دەهاتە لێو، باوکی کوڵ دایدەگرت و چاوی پڕ دەبوو لە ئاو. پەنجە نەرم و نۆڵەکانی لە نێو دەستە زوورەکانی خۆی دەنا و دەیلاواندەوە، یا لە باوەشی دەکرد و دوو سێ سەعات ڕووبەڕووی مووچە فەوتاو و بێ حاسڵەکەی ڕادەوەستا.

لەو نێوەدا وەزعی پیرەباب تا ڕادەیەک لە وانی دیکە چاکتر بوو، چونکە هەر شتێک پەیدایان کردبا بەر لە هەموان بۆ ئەویان دادەنا. وەنگ لانگ بەڵێنی دابوو سەبارەت بە باوکی لۆمەی نەیەتەوە سەر و ئەرکی کوڕیەتی خۆی بەجێ بێنێ و تەنانەت ئەگەر گۆشتی خۆشی بداتێ نەهێڵێ برسی بێ.

کار و پیشەی پیرەبابیش شەو و ڕۆژ خەو و خواردن بوو، جاری جاریش لە خۆی دەنووسا و نیوەڕۆیانە دەورێکی حەوشەی دەدا و خۆی لەبەر تاوێ هەڵدەخست. پیرەباب لە هەموویان هیوادارتر بوو، ڕۆژێک بە دەنگێکی لەرزۆک و پیرانەوە گوتی:

– من بیرم لە ئێوە زیاترە و دەور و زەمانی زۆر ناخۆشترم چاوپێکەوتووە. بیرم دێ ژن و مێرد، منداڵی خۆیان خواردووە.

وەنگ لانگ کاتێک ئەوەی لە باوکی بیست بە یەک دونیا سەری سوڕمانەوە هاواری کرد و گوتی:

– ئەو مەسەلە لە ماڵی من ڕوو نادا.

ڕۆژێک چینگی دراوسێیان بە لاکەلاکە خۆی گەیاندە ماڵی وەنگ لانگ و لەبەر خۆیەوە دەیگوت:



– خەڵک لە نێو شاردا دەستیان کردووە بە ئەسپ و باڵندە خواردن و تەنانەت لە سەگیش ڕاناوەستن و ئێمەش لێرە گۆشتی ماڵات و گیا و پێستی دارەکان دەخۆین، بەڕاستی چ ماوە بیخۆین؟

وەنگ لانگ لە حاڵێکدا کچەکەی لە ئامێزدا بوو بە خۆیەوە دەکوشی، جگە لەوەی زۆری ناهومێد بوو بیری لە چارەڕەشی و چارەنووسی خۆیان دەکردەوە. چینگ لێی نزیک بووەوە و گوتی:

– هیچ دەزانی لە نێو ئاواییدا گۆشتی ئینسان دەخۆن؟ دەڵێن مام و مامۆژنیشت هەر بەوە بەڕێ دەچن. ئەگەر ئەوەیان نەکردبا تا ئێستا لە حەوت ساڵان ڕاست دەبوونەوە، چونکە هەموو کەس ئەوە دەزانێ کە لە عەرز و ئاسمان هیچ شک نابەن.

چینگ ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو جگە لەوەش ئەگەر لەگەڵ یەکێک قسەی دەکرد وەک چەقە پێوەی دەنووسا و بەری نەدەدا. وەنگ لانگ بە هەر جۆرێک بوو لە کۆڵ خۆی کردەوە، بەڵام لە پڕ هەستی بەوە کرد کە دەترسێ! نەشیدەزانی هۆی چییە! پاش ماوەیەکی گوتی:

– ئێمە ئێرە بەجێ دێڵین و بەرەو جنووب دەڕۆین، خۆ لەو سەرزەوییە پان و بەرینە هەموو لە برسان نامرین؟ ڕۆژگار هەرچەند پەست و بێ ڕوحمیش بێ وا هەر نییە بنەچەکەیەک لە ناو بەرێ.

پیرەبابیش بەو قسانە چاوی پێ زەق بوو و دونیای لێ بووە چەرمی چۆلەکە و ترسی برسییەتی هێرشی بۆ هێنا. نا هەقیشی نەبوو چونکە وەنگ لانگ بۆ هەوەڵین جار بەر لە باوکی چێشتی بۆ ژنەکەی دانا.

ژنەکەی لەبەرئەوەی لەسەر مانگ و ڕۆژی خۆی بوو بە بێ مەیلی چێشتەکەی کێشا پێش خۆی و بڕێکی خوارد، چونکە پێی وابوو ئەگەر شتێک ناوێتە بەر دڵی بە ژانی منداڵەوە دەمرێ.

وەنگ لانگ بۆ خۆشی دوو سێ دەنکی وەپاش قولی دا، دوای ئەوە بڕێکی لە زاریدا هێنا و برد وەک لەگ لەگ زاری بەزاری کچەکەیەوە نا و دەزاری هاویشت! کاتێک دیتی کچەکەی لێوی دەبزوێ، لە خۆشیان پێی وابوو بۆ خۆی شت دەخوا! ئەو شەوە وەنگ لانگ تا بەیانی لە وەتاغەکەی خۆی نەهاتە دەر. کوڕەکان لە لای پیاوە پیرە خەوتن، ژنەکەشی لە وەتاغێکی دیکە بە ژانانەوە بوو.

ئۆلان دوای سێ منداڵیش لە ڕووی هەڵنەدەهات هیچ کەس بێنێتە لای خۆی، بە بێدەنگی دادەنیشت تا لێ دەبووەوە. وەنگ لانگ وەک جاران چاوی لەوە نەبوو کە ژنەکەی کچی دەبێ، یا کوڕ بەڵکو بیری لەوە دەکردەوە کە نان خۆرێکی دیکە لە دایک دەبێ و دەبێ بەخێوی بکا. لەبەرخۆیەوە گوتی:

– خودا بکا بە مردوویی لە دایک بێ، ئاسوودە دەبین بڵێی خودا ئەوەندە ڕوحمەمان پێ نەکا؟

لەپاشان گوێی لە دەنگێک بوو کە بە ناچاری دەیگوت:

– ئەو ڕۆژانە ڕەحم و پیاوەتی نەماوە.

دوای ماوەیەک گوێ هەڵخستن گوێی لە هیچ نەبوو، دەیگوت قەبرستانە سریوە نەدەهات! لەبەرئەوەی دەستیان وەهیچ کوێ ڕانەدەگەیشت هەموو چاوەڕوانی مەرگ بوون. وەنگ لانگ سەرەڕای ئەوەی زۆر دەترسا و ناڕەحەت بوو خۆی گەیاندە وەتاغەکەی ئۆلان و لە کەلێنی دەرگاوە ژنەکەی بە نێو بانگ کرد و گوتی:

– چۆن دەخۆت دەگەی؟ چاکی؟

وەنگ لانگ لەوە دەترسا کە ژنەکەی مردبێ، بەڵام جار جار گوێی لە خشپە خشپێک دەبوو، سەرەنجام ژنەکەی بە دەنگێکی زۆر پەرۆش و ناڕەحەتەوە گوتی:

– وەرە ژوور.

وەنگ لانگ کاتێک چووە ژوور، ژنەکەی بەجێ و بان ڕاکشابوو. هێزی لەبەردا نەمابوو؛ دەتگوت مردووە! پرسی ئەدی منداڵەکە کوا؟ بە دەست ئیشارەی بە تەرمی منداڵەکە کرد، وەنگ لانگ چاوی بە تەرمی منداڵەکە کەوت و هاواری کرد.

– مردووە؟

ژنەکەی لەسەرەخۆ گوتی:

– بەڵێ مردووە.

وەنگ لانگ دوای ئەوەی بۆی ڕوون بووەوە منداڵەکە کچە دەیویست بڵێ خۆ گوێم لە دەنگی بوو. ژنەکەی ئەوەندە کز و بێ تاقەت بوو پەراسووی هەموو بە دەرەوە بوون. وەنگ لانگ بیری لەوە کردەوە کە چ بکا تا بەڵکو کەمێک ژنەکەی بێتەوە سەر حاڵ و ناڕەحەتی منداڵەکەی لە بیر بەرێتەوە؛ چی لە دەست نەدەهات. لە پاشان تەرمی منداڵەکەی لە



حەسیرێکەوە پێچا و بردییە گۆڕستانێکی قەدیمی و کوێرەوە بوو لە ڕۆژ ئاوی مووچەکەی. هێشتا تەسلیم بە خاکی نەکردبوو سەگێکی برسی وەک گورگ لێی پەیدا بوو، وەنگ لانگ سەرەڕای ڕەپێ نان و بەرد پێدادان کەمێک دوورکەوتەوە و ڕاوەستا. سەرەنجام وەنگ لانگ لە حەیبەتان دەستی بە چاوی گرت، خۆی بۆ ڕانەگیرا و تەرمی منداڵەکەی بەجێ هێشت. بەڵام ئێستاش زمانی هەڵنەپچڕا کە بڵێ کارە و هاتۆتە پێش، زۆر ناڕەحەت و نا هومێد بوو، بەڵام هیچی بۆ نەکرا.

بەیانی ڕۆژی دوایی هاتە سەر ئەو بڕوایە کە: «سەفەر لەگەڵ ئەو پیاوە پیرە و ئەو منداڵانە خەونە و بە زگی برسییەوە ناتوانن سەد مایل بە ڕێگادا بڕۆن. بێجگە لەوەش ئەگەر بگەنە جێگایەکی پڕ لە نیعمەت و بەرەکەت پێم وانییە ئازووخەیان وەدەست کەوێ». هێندێک جار دەهاتە سەر ئەو بڕوایە کە: «ئاسمان هەر ئەوەیە کە هەیە؛ بگەینە جنووبیش تووشی خەڵکێکی لە خۆمان برسیتر و توونیتر دەبین و ناشیانناسین کەوابوو چاکتر ئەوەیە کە لێرە بمێنینەوە، لە ماڵی خۆمان بمرین نەک لە خۆڕا ئاوارەی وڵاتان بین».

وەنگ لانگ دەستە و ئەژنۆ لەبەر دەرگا دانیشتبوو و لەوپەڕی ناڕەحەتی و ناهومێدیدا چاوی بڕیبووە مووچە وشک و بێ حاسڵەکانی. چونکە هۆی بەرێچوونیان تەنیا ئەو خاکە بوو. پوڵی هیچ نەمابوو ماوەیەک لەمەوپێش ئاخرین شایی خۆی خەرج کردبوو تازە بە پووڵیش هیچ کارێک نەدەکرا، چونکە شتێک لە گۆڕێدا نەبوو بیکڕن. هەرچەندە لە پێشدا بیستبووی کە پووڵدارەکانی شار ئازووخەی زیادییان هەیە و دەیفرۆشن بەڵام بەوەش ناڕەحەت نەبوو، چونکە بە خێراتیش شتیان دابا خەڵک نەیدەتوانی بە پێیان بچێتە شار.

دوای ماوەیەک هاتە سەر ئەو باوەڕە کە تەنانەت بە دەرخوارد دانی خاکی مووچەش بێ، منداڵەکانی لە مەترسی مەرگ نەجات دا و نەهێڵێ بمرن. ماوەی چەند ڕۆژ خاکی مووچەکەیان لەگەڵ ئاو دەخوساند و دەیانخوارد، لەبەرئەوەی ئەو خاکە مادەیەکی خۆراکی تێدا بوو پێیان دەگوت «خودای ڕەحمەت». هەرچەندە بە خواردنی ئەو خاکە مەترسی مەرگ نەجاتیان بوو، و تا ڕادەیەک هاتنەوە سەر حاڵ و بووژانەوە، بە کورتی چاو و گوێی منداڵەکانی دەنووساند و بۆ ماوەیەکی کورت برسیایەتییان لە بیر دەچووەوە.

لە حاڵێکدا نانێک بە حەوت برایان پەیدا نەدەبوو ئۆلان چەند دەنکی لووبیا بە دەستەوە بوو جار جار دەنکێکی لە زاری داویشت. وەنگ لانگ وەسەرخۆی نەهێنا و

زۆریشی پێ خۆشحاڵ بوو، چونکە دەیزانی زەیستانە و پێویستی بە خۆراک هەیە.

دوای ماوەیەک تەماشای کرد لە دوورەوە چەند کەس دیارن، ڕاوەستا تا نزیک بوونەوە، یەکێک لە وان مامی بوو، بەڵام سێ کەسەکەی دیکەی نەناسین. مامی بە ڕواڵەت خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و گوتی:

– وەک ئەوە دەچێ خۆشت ڕابورادبێ، بلێ بزانم براگەورەی من واتە باوکت چلۆنە؟ چاکە؟

وەنگ لانگ پێی سەیر بوو کە مامی لەو قاتی و قڕییەدا وا چاک ماوە. جگە لەوەش لە حەیفان مووی لێی گرژ بوون و بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی:

– زۆر چاکت خواردووە و چاک بە خۆت ڕاگەیشتووی.

لە داخان بیری لەوە نەکردبووەوە کە لە لای بێگانە نابێ قسەی وا بکا چونکە چاوی هەر مامی دەدیت. مامی دەستە و دوعا ڕاوەستا و گوتی:

– چاکم خواردوە، خۆ سوێندی کەسم لەسەر نییە، وەڵلاهی زەوادمان لە ماڵێدا نییە، خێزانمت دیبوو چەند قەڵەو و پتەو بوو؟ ئێستا ئێسک و پێست! منداڵەکانیش تەنیا چواریان ماون، سێ چکۆڵەکان عومری درێژیان دا بەئێوە، بۆ خۆشم ئەوەم کە دەمبینی.

دوای ئەو قسانە بە قۆڵی کراسەکەی فرمێسکی چاوەکانی پاک کردەوە و بێدەنگ بوو. وەنگ لانگ گوتی:

– وانییە شتێکت پەیدا کردووە بیخۆی.

مامی گوتی:

– من بێجگە لە تۆ و باوکت بیرم لە هیچ شتێکی دیکە نەکردوەتەوە، ئێستاش پێت سابیت دەکەم. بەڵێ شتم لەو پیاوە چاکانە قەرز کردووە، شەرتیشمان ئەوەبوو برێک لە زەوی دەوروبەری گوندی ئێمە بکڕن. بۆ ئەو مەبەستەش زەوی تۆم لەبەر چاو گرتووە. ئێستاش ئەوانە هاتوون زەوی تۆ بکڕن و پووڵت بدەنێ، پووڵ بۆ ژیان و خۆراک.

مامی دوای ئەو قسانە پاشەوپاش کشاوە زۆر بە ئەدەب دەستی لەسەر سینگی دانا و ڕاوەستا. بەڵام وەنگ لانگ هەست و خوستی لە خۆی بڕی و پیاوەکانی بە هێند نەگرت. تەنیا کارێکی کردی ئەوەبوو کە سەری هەڵێنا و تێ یانەوە ڕوانی بزانێ چ کەسن؟ تێگەیشت کە خەڵکی شارن و لە خۆڕا نەهاتوون و دەنگیان لە کەللەیانەوە دێ. وەنگ



لانگ حەزی نەدەکرد لێیان نزیک بێتەوە چونکە ئەوان تێر و تەسەل بوون و منداڵەکانی ویش لە برسان خاکی زەوییەکەیان دەخوارد، بەو حاڵەش هاتبوون زەوییەکان لە دەست وەنگ لانگ دەربێنن. بەڵام وەنگ لانگ گوتی:

– زەوییەکەم نافرۆشم.

لە حاڵێکدا وەنگ لانگ قسەی دەکرد، کوڕە چکۆڵەکەی بە گاگۆڵکە خزی و خۆی گەیاندە بەر دەرگا، هەرچەند پێی هەڵگرتبوو، بەڵام وەک منداڵی بەرمەمکانی لێهاتبووە. مامی هاتە پێشەوە و گوتی:

– ئەوە منداڵی تۆیە؟ ئەوە کوڕە خەپەتۆڵەی هاوینی ڕابردوو نییە کە پوولێکی مسم دایە؟

کاتێک ئەو قسەی کرد هەموو تەماشای منداڵەکەیان کرد. وەنگ لانگ خۆی بۆ ڕانەگیرا و دەستی کرد بە گریان. سەرەنجام پرسی:

– بەچەند دەیکڕن؟

دوای ماوەیەک بیرکردنەوە، بەو ئاکامە گەیشت ئەگەر زەوییەکەی نەفرۆشێ بەڕێ ناچن، دەکرا بۆ خۆیان دان بە جەرگی خۆیاندا بگرن، بەڵام منداڵەکان نەبوونیان نەدەزانی و بێ شت بەڕێ نەدەچوون. یەکێک لە پیاوەکان بە زمانێکی لووس دەستی کرد بە قسە و گوتی:

– ئێمە دڵمان بەو منداڵانەت دەسووتێ لەبەر خاتری وان کە خەریکن لە برسان دەمرن بە قیمەتی ڕۆژ لێت دەکڕین. کەمێک بێدەنگ بوو و لە پاشان گوتی:

– هەر دەهەزار میتری چوارگۆشە و پازدە تمەنت دەدەینێ.

وەنگ لانگ بە پێکەنینەوە گوتی:

– وەڵڵا بابم تەواوم کرد، ئەگەر بە خۆڕایی بدەم بەو پووڵانەی نافرۆشم دیارە ئێوە زەوی کڕ نین؛ لە باب مردوو دەگەڕێن! من ئەگەر زەویم کڕیبا، بیست بەرابەری ئەو پووڵەم پێدەدا.

یەکی دیکە لە پیاوەکانی گوتی:

– ڕاست دەکەی بەڵام تۆ زەوی لەو کەسانە ناکڕی کە خەریکن لە برسان دەمرن.

وەنگ لانگ بەوردی تەماشای ئەو سێ کەسەی کرد و خەریک بوو مل بدا، بەڵام ورەی

بەرنەدا. وەک سەگێکی چوست و چالاک ئامبازی دوژمنەکانی بوو، بە سەریدا گوڕاند و گوتی:

– دڵنیا بن زەوییەکەم نافرۆشم و دەیدەم بە منداڵەکانم بیخۆن و ئەگەر مردیشن هەر لێرە دەیانئێژم. باوکیشم لێرە لە دایک بووە، پێکەوە دەمرین.

وەنگ لانگ لە داخان چاوی بەر پێی خۆی نەدەدی، زۆر تووڕە بوو! وەک مەنجەڵ هەڵدەچوو و دەنیشتەوە! جگە لەوەش دەگریا و وەک مێژۆکە دەلەرزی. ئەو سێ کەسە و مامیشی ڕاوەستابوون و تەماشایان دەکرد، دەتگوت ڕەگی بەزەیی و پیاوەتییان لە لەش دانییە، پێی پێدەکەنین و دەیانگوت شێت بوو! ڕاوەستان تا تێر و پڕ گریا و بێدەنگ بوو. لە پاشان ئۆلان هاتە بەر دەرگا، زۆر بە ئارامی و لەسەرەخۆیی مەسەلەکەی گۆڕی گوتی:

– ئێمە زەوی نافرۆشین، چونکە دوای گەڕانەوە لە جنووب، جگە لە زەوی شتێکی دیکەمان نییە پێی بەرێ بچین. بەڵام برێکمان مێز و نیمکەت و تەخت و پێخەف هەیە و دەیفرۆشین. کەلوپەل و ئامرازی فەلایی وەک درمغ، پێمەڕە و نیر و ئاموور نافرۆشین، بەڵێ زەویش نافرۆشین.

ئۆلان بەو دەنگە نەرم و ئارامەی خۆی باشتر لە وەنگ لانگ قسەی کرد. لە پاشان مامی وەنگ لانگ بە دوو دڵی گوتی:

– ڕاست دەکەی دەتانەوێ بچن بۆ جنووب؟

دوای ماوەیەک پیاوە کوێرەکە لەگەڵ ئەو دوو کەسەی دیکە سرتەیەکی کرد و گوتی:

– ئەو شتانە بۆ سووتاندن نەبێ، بۆ لای هیچی دیکە نابن، بە دوو پووڵی زیو هەموویانم دەوێ، هەر ئەوەندەش دێنن.

دوای ئەو قسانە ڕووی لە ئۆلان کرد. ئۆلان لە وەڵامدا گوتی:

– ئەوە هەر پووڵی تەخت و خابەکەیە! بەڵام زۆر چاکە پووڵەکەم دەیە و بیانبە.

بەڵێ بەم چەشنە سەوداکەیان بڕاوە و پیاوە یەک چاوەکە دەستی برد بۆ بەر پشتێندەکەی و دوو پووڵی زیوی دا بە ژنە. لە پاشان سێ کەسەکە وەک چەتە لوور بوونە ژوور، لە سەرەتاوە مێز و تەخت و خاب و نیمکەتەکانی وەتاغی وەنگ لانگ و سێڵی سەر تەندوورەکەیان گرجێک تێکەوە پێچا. بەڵام کاتێک چوونە وەتاغی پیرەباب، مامی وەنگ لانگ لە دەرەوە ڕاوەستا، چونکە نەیدەویست لەو حاڵەدا کە تەخت و خابەکەی



لەبن براگەورەکەی دەردێنن چاوی بە کاکی بکەوێ، بەکورتی شتەکانیان هەموو پێچاوە و گەسکیان لە وڵات دا! لە پاشان ئۆلان گوتی:

– کابرا هێندە ساوە ساو مەکە، وەرە تا ئەو دوو پووڵە زیوەمان هەیە و ئامراز و دار و دیوارەکەشمان نەفرۆشتووە وەرێکەوین.

وەنگ لانگ بە دڵ پڕی گوتی:

– دەڕۆین.

دوای ئەوەی مامی و وان ڕۆیشتن چاوی لە زەوییەکەی بڕی، لەبەر خۆیەوە گوتی: «چاک بوو زەوییەکەم لە دەست نەبووەوە».

## ١٠

پێویست بەوە نەبوو خۆیان ئامادە بکەن، تەنیا کارەکەیان ئەوە بوو کە دەرکە پێوەدەن و ئاڵقەڕێزی پێداکەن، لیباسەکانیشیان هەر ئەوەندە بوو کە لەبەریان دەکرد. ئۆلان هەر منداڵەی کاسەیەک برینج و دووتەڵاشی پڵاوخۆری دانێ، دوو منداڵە چکۆڵەکەش وەک چەقە پێیانەوە نووسابوون! پیاو پێی وابوو دەیانەوێ لەو ڕێگایەوە خۆراکی خۆیان دابین بکەن.

سەرەنجام لە مووچەڕا وەڕێکەوتن. ئەو سەفەرە بۆ وان زۆر سەخت بوو، کەس پێی وانەبوو دەگەنە دیواری شار. وەنگ لانگ لە حاڵێکدا کچە چکۆڵەکەی بە باوەشەوە بوو، سەری هەڵێنا و تەماشای کرد و باوکی لەو لاوە کەوتووە، منداڵەکەی دا بە ئۆلان و باوکی لە کۆڵ کرد. هەرچەند پیرەباب وەک پەلەپووشی لێهاتبوو، بەڵام وەنگ لانگیش لە وی بە تاقەتتر نەبوو، ئەژنۆی دەلەرزین و هەر جارەی بە لایەکدا دەکەوت. لە پاشان لەبەرابەر پەرسگای خودای خاک بەڕێز و حورمەت تێپەڕین. سەرەڕای ئەوەی هەوا سارد بوو وەنگ لانگ لەبەر بێ تاقەتی هەموو لەشی بوو بە ئارەقە! جگە لەوەش بایەکی دەهات تفت هەڵاویشتبا دەیبەست، منداڵەکان لە حەیبەتان دەستیان کرد بە گریان. وەنگ لانگ لە حاڵێکدا بە پێکەنینەوە دڵخۆشی منداڵەکانی دەداوە گوتی:

– تازە ئێوە گەورە بوون و بوونە پیاو، دەزانن کە سەفەری جنووب دەکەین. لەوێ هەموو شتێک بە کەیفی ئێمەیە، هەم گەرمە و هەم خواردەمەنی زۆر. هەموو ڕۆژێک برینجی دەخۆین و ئێوەش هەر دەخۆن و دەخەون.

دوای ماوەیەکی زۆر ڕێگا بڕین و پشوودانی جاروبار گەیشتنە دیواری دەروازەی شار، ئەو جێگایەی کە ڕۆژێک وەنگ لانگ بۆ پشوودان پەنای بردبووە بەر سێبەرە فێنکەکەی، بەڵام ئێستا لە سەرمان ددانیان نەدەگرت. لە لایەکی دیکەوە ئۆلانیش منداڵەکەی لێ ببووە بار و نەیدەتوانی پێ هەڵێنێتەوە. وەنگ لانگ هەر چۆنێک بوو باوکی و منداڵەکانی لە سووچێک دانا، بەڵام ئەوەندە ماندوو ببوو چاوی ڕەشکە و پێشکەی دەکرد و ئارەقەی لەبەری پێی دەڕۆیشت! وەهەناسەبڕکە کەوتبوو، بەو حاڵەش ئەو کەرکە خێزانە لە سەرمان هەڵدەلەرزین و چاویان لە دەستی ئەو بوو.



بەکورتی بە هەر فێڵ و تەڵەکەیەک بوو، لە ماڵی ئەرباب نزیک بوونەوە، بەڵام دەرگا بە قفڵێکی زەلام گاڵە درابوو. لەولا و ئەولای دەرگاکە وێنەی شێریان کێشابووەوە، بەڵام بەهۆی باو بۆران و تاو و ساو کوێر ببوونەوە. لەسەر پلیکانەکان هەیکەلی چەند پیاو و ژنی داماو بەرچاو دەکەوت کە وەک ئینسانێکی برسی و قاتی دیتوو چاویان بڕیبووە دەرگای گاڵەدراو. کاتێک لەبەرابەر ئەو وێنانە تێپەڕین دەنگێکی لەرزۆک و نیوە گیان گوتی:

– دڵی ئەو پیاوە پووڵدارانەش وەک دڵی خوداکان سەخت و مردووە! سەرەڕای ئەوەی برینجیان هەیە و دەیخۆن زیادییەکەشی دەکەن بە شەراب! لە حاڵێکدا ئێمە لە برسان خەریکین دەمرین.

یەکی دیکە دەینالاند و دەیگوت:

– خۆزگە دەسەڵاتم دەبوو، تەواوی ئەو دەرک و دەروازە و حەوشانەم ئاور تێبەردەدا، با بۆ خۆشم سووتابام. لەعنەت لەو دایک وبابەی کە بنەماڵەی هوانگی لێ بووە.

بەڵام وەنگ لانگ گوێی نەدا ئەو تووک و دوعایە، زۆر بە ئارامی بەرەو جنووب درێژەی بە ڕێگای خۆی دا. وەختێک گەیشتنە ئەو سەری شار، هەوا تاریک بوو، تووشی تاقمێکی زۆر بوون کە وەک وان لە بیری جێگا و ڕێگا دابوون، بەڵام خەڵکەکە ئەوەندە زۆر بوون دەرزیت هەڵاویشتبا وەعەرزی نەدەکەوت. یەکێک هاتە پێش و گوتی:

– ئەو خەڵکە بۆ کوێ دەڕۆن؟

پیاوێک وەڵامی دایەوە و گوتی:

– خەڵکێکی ئاوارە و برسی و لێقەوماوین؛ بە سواری قەتار بڕۆین بۆ جنووب.

– ئەدی بۆ وا سواری سەری یەک بوون؟

– لەبەرئەوەی پووڵمان نییە، دەمانەوێ خۆ بگەیەنینە قەتاری هەرزان بایی و بەجێ نەمێنین.

لە بارەی قەتاردا خەڵک شتیان زۆر بیستبوو. وەنگ لانگ ماوەیەک لەمەوبەر لە قاوەخانەدا بیستبووی خەڵک دەیانگوت:

– ئەو قەتارانە پێکەوە زنجیر کراون و بە بێ ئەوەی ئینسان یا حەیوانێک لە دووی خۆیان بکێشێ، دەڕۆن!

هەروەها دەیانگوت:

– ئەوە ماشێنێکە وەک ئەژدیها ئاو و ئاوری لە زار دێتە دەر و ئەو قەتارانە بە دووی خۆیدا دەکێشێ.

وەنگ لانگ زۆر جاران وەعدەی دابوو بەخۆی کە لە ڕۆژێکی تەعتیلدا لە نزیکەوە تەماشای ئەو قەتارانە بکا، بەڵام لەبەر کاروباری مووچە لە دەستی نەدەهات.

سەرەڕای ئەوەش دەترسا و ترسەکەشی لەبەرئەوە بوو دەیگوت: «ئینسان شتێکی پێی شارەزا نەبێ، نابێ لێی نزیک بێتەوە». جگە لەوەش دەیگوت: «ئینسان شتێکی لە ژیانی ڕۆژانەدا کاری پێی نییە، پێویست بەوە ناکا خۆی زۆر پێوە ماندوو بکا». لە پاشان بە دوو دڵی ڕووی لە ژنەکەی کرد و گوتی:

– کە وابوو ئێمەش بەو قەتارە دەڕۆین.

باوکی منداڵەکانیان لە نێو خەڵکەکە دوور کردەوە و بە حاڵەتێکی نیگەرانی و پەرۆش تەماشای یەکتریان دەکرد. پیرەباب کە خۆی بۆ ڕانەدەگیرا، لەسەر عەرز تخێڵ بوو، منداڵەکانیش لەبەر پێی دا ڕاکێشان. وردە وردە خەڵکیش لە پەنایان دانیشتن. منداڵە چکۆڵەش لە ئامێزی دایکیدا چاوی لەسەر یەک دانابوو، هەر دەتگوت مردووە! وەنگ لانگ کاتێک چاوی بە منداڵەکەی کەوت هەموو شتێکی لە بیر چووەوە و پرسی:

– کچە چکۆڵەکەمان مردووە؟

ئۆلان وەڵامی داوە و گوتی:

–نەمردووە، نەفەس دەکێشێ، بەڵام ئەمشەو ئەویش و ئێمەش دەمرین، مەگەر ئەوە کە...

لە پاشان تف لە زاریدا وشک بوو، هەر ئەوەندەی بۆکرا تەماشای مێردەکەی بکا. وەنگ لانگیش وەڵامی نەداوە، بەڵام لەبەر خۆیەوە دەیگوت: «ئەگەر بێتو ڕۆژێکی دیکە پیادەڕەوی بکەین ناگەنە شەو و هەموو دەمرن». لە پاشان دڵخۆشی دانەوە و گوتی:

– هەستن دەڕۆین سواری قەتار دەبین.

هێندەی نەخایاند گوتیان قەتار هات. بە بیستنی ئەو قسە کەمێک هاتنەوە سەر حاڵ و وێڕای خەڵکەکە بەرەو ئیستیگای قەتار وەڕێ کەوتن. بەڵام نەیاندەوێرا لێک جوێ بنەوە، تا سەرەنجام بە هۆی پاڵەستۆی خەڵک، گەیشتنە بەر دەرگایەک و لە وێوە چوونە وەتاغێکی چووک، دوای ماوەیەک ئەو شتەی کە سواری ببوون بە دەنگێکی سەرسوڕهێنەر لە جێی خۆی هەڵکەندرا و وەڕێ کەوت.



## ١١

وەنگ لانگ دوو پووڵی زیوی بوو، لەو پووڵەی کرێی سەد مایلی دا بە مەئمووری قەتارەکە. بە باقییەکەشی کەمێک وردکە نان و کاسەیەکی برینج بۆ کچە چکۆڵەکەی کڕی. ماوەی چەند ڕۆژ بوو ڕۆژوویان نەشکابوو و چاویان بە نان نەکەوتبوو لەبەر ئەوە زاریان هەڵنەدەپچڕا و لە ئەوکیان نەدەچووە خوار، بە سەد هەڕەشە و گوڕەشە پارووەکیان دەرخوارد دان. پیرەباب زۆر بە ئیشتیا پارووی دەکرد و بە پووکی ئەم لا و ئەولای پێدەکرد؛ جگە لەوەش گاڵتە و جەفەنگی خۆی پەک نەدەخست و دەیگوت:

– پیاو دەبێ تا دەتوانێ بخوا، کارم بەوە نییە کە ئەوە چەند ڕۆژە زگم بە هۆی کەم کاری تەمبەڵ بووە! دەبێ شتێکی پێ بگا. من لەوانە نیم سەر بەردەمەوە و بمرم، تا ماوم پەلەقاژی خۆم هەر دەکەم.

ئەوانەی لە دەوروبەری بوون هەموو لە قاقای پێکەنینیان دا. وەنگ لانگ لێرەشدا دواڕۆژی لەبەر چاو گرت و پووڵەکانی هەموو خەرج نەکرد، کەمێکی وەپاش قولی دا. بۆ ئەوەی ئەگەر گەیشتە جنووب دوو سێ حەسیر بکڕێ و کەپرۆکێک دروست بکا.

قەتارەکە ژن و پیاوی جۆربەجۆری تێدا بوو، ئی وابوو چەند ساڵ لە مەوبەر سەفەری جنووبی کردبوو، ژمارەیەکیش کاری هەموو ساڵێیان بوو و بۆ ئەوەی دەچوون کە کارێک پەیدا بکەن، یا دەست بکەن بە سواڵ و لەو ڕێگایەڕا شتێک پاشەکەوت بکەن. وەنگ لانگ لە سەرەتاوە هەر بۆی دەکرا تەماشای شتی سەیر و دیمەنی جۆربەجۆر بکا و گوێ بداتە وتوێژی خەڵک و لێیان حاڵی بێ. بەڵام خەڵکەکە کاتێک ئەوەیان دەزانی هێندەی دیکە لووتیان هەڵدەمساند و خۆیان وا هەڵدەخست کە زانا قسە بۆ نەزان دەکا. یەکێک لە پیاوەکان کە لێوەکانی وەک لێوی وشتر بەرببوونەوە گوتی:

– بەر لە هەموو شتێک دەبێ شەش حەسیر بکڕی، نرخی هەرکام لەوان دوو پووڵی مسە! ئەویش بەو شەرتەی کە نەتناسن دێهاتی، دەنا زیاتر بۆ حیساب دەکەن.

وەنگ لانگ گوتی:

– بەوە ناڕەحەت نابم، جگە لەوەش لەوانە نیم تەنانەت پووڵدارەکانی جنووبیش بتوانن کلاوم لەسەر نێن.

پیاوەکە لە درێژەی قسەکانیدا چاوەڕوانی ئەوە بوو تەشویقی بکەن. وەنگ لانگ کە گوێی بۆ قسەکانی شل کردبوو پرسی:

– زۆر چاک، لە پاشان چی؟

هەرچەند دەوێژینکا و بە تۆز و خۆڵی نێو قەتارەکەی دەتگوت ئاشێرە و تازە لە ئاشی گەڕاوەتەوە، بەڵام نەدەترسا لەوەی کە لەو قەتارەدا چی بەسەر دێ. کابرا لە درێژەی قسەکانیدا بە دەنگێکی توند گوتی:

– دەبێ ئەو حەسیرانە لە سەر یەک کەیەوە و کەپرۆکێکی بۆ خۆتان دروست بکەی و دەست بکەی بە سواڵکردن، ئەوەش بزانن بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵک ڕاکێشن دەبێ سەر و چاوی خۆت خۆڵاوی کەی و خۆت فەقیر و بێچارە پێشان دەی.

بەڵام وەنگ لانگ نە سواڵی کردبوو، نە لە ڕووی هەڵدەهات سواڵ بکا! لەبەرئەوە پرسیاری کرد و گوتی:

– بۆ؛ پیاو دەبێ سواڵ بکا؟

کابرا وەڵامی داوە و گوتی:

– بەڵێ دەبێ سواڵ بکەی، بەڵام دوای ئەوەی پووڵت لێ برا. خەڵکی جنووب ئەوەندەیان برینج هەیە وەبەر چاویان نایە، پیاو دەتوانێ بە پووڵێکی کەم تا بەیانان بچێتە ئاشپەزخانەی گشتی و تا دەتوانێ دۆکڵێوی بە برینج بخوا و لە پاشان بە زگی تێر دەست بکا بە سواڵ و ئەوەی پەیدای دەکا بیدا بە لووبیا و کەلەم و سیر.

وەنگ لانگ کەمێک لە خەڵک دوور کەوتەوە و پووڵەکەی بژارد، دەیتوانی بەو پووڵە شەش حەسیر و خۆراکی چوارکەس بکڕێ و سێ پووڵیشی بۆ دەماوە، بەوە زۆر خۆشحاڵ بوو کە بتوانێ بەم چەشنە ژیانی خۆی درێژە بدا. بەڵام کاتێک بیری لەوە دەکردەوە، کە کاسەیەک بە دەستەوە بگرێ و لەم و لەو سواڵ بکا، زۆر نارەحەت دەبوو. بۆ پیرەباب و منداڵەکان مەسەلەیەک نەبوو، چونکە چیان لە دەست نەدەهات بەڵام بۆ خۆی حەزی بە کارکردن دەکرد و سواڵی لەبەر گران بوو، ڕووی لە کابرا کرد و پرسی:

– کارێک نییە پیاو بیکا؟

کابرا بە گەمە پێکردن گوتی:

– دیسان کار! ئەگەر بتەوێ کار زۆرە، بۆ وێنە دەتوانی پیاوە پیرەکان سواری گالیسکە بکەی و بیانگێڕی.



وەنگ لانگ گوتی:

– کەوابوو سواڵ کردنەکەم چاکترە.

لە پاشان پیاوەکە دەستی کرد بە جنێو و قسەی ناحەز، بەڵام وەنگ لانگ ناچار بوو تا قەتار گەیشتە جێ گوێی بۆ بگرێ.

وەنگ لانگ بەر لەوەی بگەنە جێ، بەرنامەی کارەکەی خۆی دارشتبوو، پیاوە پیرە و منداڵەکانی لە پەنا ماڵێک دانا و بە ژنەکەی ئەسپاردن. لە پاشان بۆ خۆی وەشوێن حەسیر کڕین کەوت و بە پرسیار خۆی گەیاندە بازاڕ، بەڵام لە قسەکانیان حاڵی نەبوو چونکە لەهجەی جنووبییەکان شێوەیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو. جگە لەوەش لەبەر پڕکاری خۆیان نەدەپرژانە سەر ئەوەی بە چاکی وەڵامی پرسیاری خەڵک بدەنەوە. وەنگ لانگ تێگەیشت. کە دەبێ چاو و گوێی خۆی پاک بکاتەوە و بڕێک بۆ حاڵی خۆی وریا بێ. تێدەکۆشا لەگەڵ ئەو کەسانە قسە بکا کە سەر و ڕوو خۆش بوون؛ چونکە دەیزانی کە ئەو جنووبییانە زۆر زوو هەڵدەچن.

سەرەنجام دووکانی حەسیر فرۆشی لە گۆشەیەکی شار دۆزییەوە، لە ڕێوە شەش حەسیری لوولە کرد و پووڵەکەی لە پێش کابرا دانا؛ دەتگوت بۆخۆی حەسیر فرۆشە و قیمەتەکەی لە دەست دایە! گەڕاوە لای منداڵەکان. کاتێک منداڵەکان چاویان بە باوکیان کەوت لە خۆشیان دەستیان کرد بە چەقڵەسەما؛ چونکە خۆیان بە غەریب و بێ سەرپەرشت دەزانی. تەنیا پیرەباب نەبێ زۆر خۆشحاڵ بەر چاو دەکەوت بە وەنگ لانگی دەگوت:

– چاوت لێکردووە ئەو جنووبییانە چەند قەڵەون؟ پێستەکەیان چەند چەور و زەردە؟ حەتمەن هەموو ڕۆژێ گشتی بەراز دەخۆن؟

هەرچەند لەسەر ڕێی خەڵک بوون، بەڵام خۆیان تێ نەدەگەیاندن. جاری واشبوو ژمارەیەکی زۆر کە بە بارەوە بە پەنایاندا دەهاتن، کاروانچییەکان لەبەر بەدفەڕی کە دەگەیشتنە ئاستی وان، بە قامچی وڵاغەکانیان دادەگرت و ئەوانی وەخەبەر دێنا، یا بە چاوێکی زۆر سووک تەماشای وەنگ لانگیان دەکرد و وەک سواڵکەرێک چاویان لێ دەکرد و دەتگوت شازادەن لافیان بە سەردا لێدەدا.

وەنگ لانگ کاتێک ئەوەی چاوپێکەوت گەڕاوە لای منداڵەکان. تا بەڵکو بتوانێ جێگایەک بۆ کەپرۆکەکەی خۆیان دیاری بکا. وەنگ لانگ دوای ئەوەی چاوی لە کەپرۆکەکانی دیکە کرد بە هەر جۆرێک بوو حەسیرەکانی لەسەر یەک دانا. بەڵام وردەوردە

خەریک بوو ناهومێد بێ ئۆلان دڵخۆشی داوە گوتی:

– من لەو کارەدا شارەزام بە منداڵی فێر بووم، منداڵەکەی دانا و حەسیرەکانی ڕاست و چەپ کرد، بە نێو پەسێوێکیان دروست کرد و تێیدا دانیشتن. ئەوەندە گەرم و گوڕ پێکەوە دانیشتبوون پیاو پێی وانەبوو ئاوارەن و لە وڵاتی غەریبایەتین.

مەودای ئەو وڵاتەی خۆیان تا دەگاتە جنووب ئەوەندە زۆر بوو لە توانای پیادەدا نەبوو، هیچ شتێک لەوەدا نییە بە پێیان نەدەگەیشتنە جێ و دەمردن ئەگەر هەمووشیان نەمردبان یەک دوویەکیان لە پێ دەکەوتن. کاتێک گەیشتنە جێ و دامەزران قاتی و قڕییان لە بیر چووەوە، هەر کە وەنگ لانگ گوتی با بڕۆین بۆ ئاشپەزخانەی گشتی هەموو بە خۆشحاڵی هەستان و وەڕێ کەوتن. منداڵەکان بەو خەبەرە تا ڕادەیەک بووژانەوە و لە خۆشی چێشت کاسە و کەوچکەکانیان لێک دەدا و هەرا هەرایەکیان ساز کرد و وەرە سەیری!

سەرتاسەری ئەو دیوارە بە کەپرۆکە گیرابووەوە و پڕ بوو لە خەڵک! هەر کە ڕۆژ دەبووەوە دەستیان دەدا کاسە و کەوچک و بەرەو ئاشپەزخانەی تایبەتی لێقەوماوان دەڕۆیشتن. وەنگ لانگ وێڕای خەڵکەکە وەڕێ کەوت تا گەیشتە دوو خانووی گەورە کە لە حەسیر دروست کرابوون. هەرکەسەی لە کونێکی خانووەکەوە دەستی کرد بە هات و هاوار. پشت خانووەکان ژمارەیەکی کوورەی گڵی لێ بوو، وەنگ لانگ لە عومری دا شتی وای نەدیبوو! لەسەر ئەو کوورانەڕا دەرخۆنەیان دانابوو، هەموو گەورە و بە قەدەر حەوزێکی چووک! کاتێک دەرخۆنەکانیان هەڵگرت، چاویان بە برینجێکی سپی کەوت کە قوڵتەقوڵت دەکوڵی و بۆن و بەرامەی ئەو ناوەی داگرتبوو. هەموو دەستە دەستە خۆیان دەکوتا بۆ پێشەوە، جگە لەوەش ژمارەیەک لە خوڕاهات و هاواریان بوو، لە لایەکی دیکەشەوە دایکەکان لە ترسی ئەوەی کە منداڵەکانیان وەبەر پێیان بکەون دەیانزیراند. بێجگە لەوەی زاق و زووقی منداڵانیش گوێی پیاوی کەڕ دەکرد. ئەوانەی دەیانویست دەرخۆنەکان هەڵگرن یەک بە خۆیان دەیانگوراند و دەیانگوت:

– لەسەرخۆ بن بەشی هەمووتان دەکا.

بەڵام هیچ کەس نەیدەتوانی بەر بە لافاوی ئەو خەڵکە برسییە بگرێ، وەک ماڵات تێک بەربوون و دەچوونە سەر شانی یەکتر. وەنگ لانگ لە حاڵێکدا دەرەتانی بۆ هیچ جێگایەک نەبوو، تەنیا لە بیری ئەوەدابوو ئاگای لە منداڵەکانی بێ. سەرەنجام بە هۆی پاڵپێوەنانی خەڵک لە دەرخۆنەکە نزیک بووەوە، کاسەکەی بردە پێش، دوای ئەوەی پڕ بوو



پوڵێکی بۆ دانان، لە پاشان هەوڵی ئەوەی بوو کە چێشتەکەی لێ نەڕێژن. وەنگ لانگ بڕێکی لە چێشتەکەی خۆی لەبەرماوە و گوتی:

– ئەوەش لەگەڵ خۆم دەبەمەوە بۆ شەوێ.

بەڵام نیگابانەکە بە سەریدا گوڕاندی و گوتی:

– هەرچەند دەخۆن لێرە بخۆن، نابێ هیچ لەگەڵ خۆتان بەرنەوە.

وەنگ لانگ لەو قسەیە سەری سوڕما و گوتی:

– ئەمن پووڵی خۆم داوە؛ بە تۆ چی لە زگی دەکەم یا دەیبەمەوە ماڵێ؟

نیگابانەکە لە وەڵامدا گوتی:

– ئەوە قانوونە و دەبێ بەڕێوە بچێ، چونکە هێندێک ئینسانی هەل پەرست لەو هەلە کەڵک وەردەگرن و بە ئێوەی فەقیر و هەژار خۆراک وەردەگرن و دەیدەن بە بەرازەکانیان، ئەوەش بزانە ئەو پووڵەی تۆ لە دەرەوە هیچ ناکا.

وەنگ لانگ لە حاڵێکدا بە چاکی گوێی دابووە قسەکانی بێزاری خۆی لەو چەشنە کەسانە دەربڕی و گوتی:

– بەڕاستی ئینسانی واش هەیە؟

لە پاشان درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی:

– تێناگەم ئەو خۆراکە بۆ دەدەن بە فەقیران؟ بڵێی ئەم کارە کاری کێ بێ؟

نیگابان وەڵامی داوە و گوتی:

– ئەو کارە لە لایەن پووڵدار و گەورە گەورەکانی شارەوە بەڕێوە دەچێ بۆ ئەوەی لەو دنیا پاداشتیان بدرێتەوە، هەروەها پێیان وایە بەم جۆرە کارانە دەتوانن بەهەشت بکڕن.

وەنگ لانگ گوتی :

– بە هەر مەبەستێک بێ کارێکی چاکە، هیچ شک لەوە دا نییە کە مەبەستی هێندێک لەوان چاکەیە و بەس.

دوای ئەوەی کابرا هیچی نەگوت وەنگ لانگ بۆ دیفاع لە قسەی خۆی گوتی:

– ئەگەر هەمووشیان وانەبن خۆ چەند کەسیان مەبەستیان هەر ئەوەیە.

بەڵام کابرا بۆ ئەوەی لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، لەبەرخۆیەوە دەستی کرد بە ورتە ورت. لە

لایەکی دیکەشەوە منداڵەکانی بەربینگیان پێگرت و مەجبووریان کرد بگەڕێتەوە. هەرهەموویان هاتنەوە نێو کەپرۆکەکەی خۆیان، تا بەیانی ڕاکشان. بەیانی ڕۆژی دوایی لەبەرئەوەی پووڵەکەیان هەموو دابوو بە برینج ناچار بوون لە بیری پووڵی دیکەدا بن. وەنگ لانگ لە حاڵێکدا چاوی لە ئۆلان دەکرد نەیدەزانی بڵێ چی؟ دیارە ئەو چاو لێ کردنەی لەگەڵ چاو لێ کردنی مووچە تۆفیری زۆر بوو، چونکە لێرە لە شار بوون و چاویان بە پیاوی ماقووڵ و گەورە دەکەوت. پیادەڕەو و شەقامەکان پڕ بوون لە گۆشت و سەوزەی و ماسی تازە؛ نەدەکرا منداڵ لە برسان و لە توونیان بمرێ. ئێرە وەک وڵاتەکەی خۆیان نەبوو کە بە پارەش شت وەدەست نەکەوێ! بەم هۆیە ئۆلان وەک هەمیشە لەسەرەخۆ و ئارام گوتی:

– من و منداڵەکان دەست دەکەین بە سواڵکردن، وابزانم پیرەبابیش بتوانێ ئەگەر ئاوڕیش وە ئێمە نەدەن لانی کەم بەزەییان بە مووی سپی ویدا دێ.

لە حاڵێکدا منداڵەکانی وەک هەموو منداڵێکی هاوتەمەنی خۆیان زگیان تێر ببوو، هەمووشتێکیان لە بیر چووبووەوە. بەڵام لە شارێکی غەریب بوون و چاو لەدەست.

ئۆلان بە نێو بانگی کردن و گوتی:

– کوڕەکانم! هەریەکەی کاسەیەک دەست دەنێ، من چم کرد ئێوەش چاو لە من بکەن.

لە پاشان بۆ ئەوەی فێریان بکا چ بکەن جامێکی دەست دایە، چووە نێو خەڵک و گوتی:

– ئاغایان! خانمەکان! لێم قەوماوە یارمەتیم بدەن، بەزەییەکتان بە ئێمەی هەژاردابێ. خودا لە دنیا و قیامەت چاکەتان بداتەوە. ئەگەر فریامان نەکەون لە وانەیە منداڵەکانم لە برسان بمرن بە هاوارمەوە وەرن خودا بە هاوارتانەوە بێ.

وەنگ لانگ و دوو کوڕەکەی زاریان کردبووەوە و تەماشای ئۆلانیان دەکرد! دەیانگوت ئەو سواڵ کردنە لە کوێ فێر بووە؟ ئۆلان زۆرشتی دیکەشی دەزانی کە وەنگ لانگ لەوان بێ خەبەر بوو. کاتێک کە مێردەکەی تەماشای دەکا و گوتی:

– من لە کاتی منداڵیدا بەم جۆرە پووڵم کۆ دەکردەوە و زگی خۆم تێر دەکرد! لەو سەردەمەدا بوو کە منیان بە کەنیزی فرۆشت.

بەڵێ پیرەبابیان هەستاند و جامێکیان لە دەستی ناو هەرچواریان لە نێو شەقام



دەستیان کرد بە سواڵکردن. ژنە لە حاڵێکدا کچەکەی بە کۆڵەوە بوو دەستی کرد بە دوعا و پاڕانەوە لەم و لەو و بە دەنگێکی ئارام دەیگوت ئەی ئاغا! ئەی خانم! وەرن شتێکم بدەنێ، خودا بۆتان بە حەج بنووسێ، بەزەییتان بەو منداڵەدابێ خەریکە لە برسان و لە توونیان گیان دەدا، ئەگەر دەستمان نەگرن هەموو دەمرین.

منداڵەکەشی بەڕاستی دەتگوت مردووە، ئەوەندە کز بوو سەری خۆی بۆ ڕانەدەوەستا! کاتێک خەڵک چاویان بەو منداڵە دەکەوت بە نابەدڵی پووڵی خوردیان بۆ دەکاسەکەی داویشت. بەڵام منداڵەکان سواڵ کردنەکەیان پێ بە جەفەنگ و شۆخی بوو. پیرەبابیش هەرچەند بە ڕواڵەت بزەی لەسەر لێو بوو، بەڵام زۆری شەرم دەکرد. ئۆلان هەر منداڵەکانی بەم چەشنە چاو پێکەوت، بە پاڵەستۆ لە نێو کەپرۆکەکەی کردنەوە و زۆریان بەسەر داهات. لە پاشان بە نەقوڕچ و شەپلاغان دایگرتن و گوتی:

– ئێوە بە گیانی ناخێرتان قسە لە برسیەتی و مردن دەکەن و قاقاش پێدەکەنن! کەوا بوو دەبێ لە برسان بمرن.

ئەوەندەی بە شەپلاغە لێدان، جگە لەوەی بۆخۆشی دەستی تەزی منداڵەکانیشی وەگریان خست. لە پاشان هەر دووکی بردنە دەر و گوتی:

– ئەو جارە بۆ سواڵکردن دەبن، ئەوەندەش بزانن ئەگەر ئەوجار پێ بکەنن تا مردن دەتانکوتم.

وەنگ لانگیش بێ کار دانەنیشتبوو، بە پرسیار خۆی گەیاندە شوێنێک کە لەوێ گالیسکە و فایتوونیان بەکرێ دەدا، فایتوونێکی ڕۆژێ بە نیو سکەی زیو بە کرێ گرت، بەو شەرتەی شەواوشەو کرێی خۆی بداتێ. لە هەوەڵەوە پێی وابوو هەموو کەس تەماشای دەکەن و پێیان شێتە، جگە لەوەش دەتگوت گای تۆڕە و بە نیر و ئاموور ناڕەحەتە! نەیدەزانی بە چاکی بە ڕێگادا بڕوا، بە کورتی فایتوونەکەی بە دوای خۆیدا کێشا و چووە شەقامێکی تەنگ و باریک، کە نە دووکانی لێ بوو نە بازاڕ. تۆزێ لەولاتر چەند ماڵی لێ بوو کە ئەوانیش دەرگایان گاڵە دابوو و کەس بەدەرەوە نەبوو. پاش ماوەیەک هاتوچۆ فکر دایگرت و گوتی: «سواڵکردن لەو کارە چاکترە». لەو قسانەدا بوو کەچی دەرگایەک کراوە و مامۆستایەکی چاویلکە لە چاو بانگی کرد. وەنگ لانگ لەبەرئەوەی تازە کار بوو دەستی کرد بە قسە کردن، بەڵام کابرا وەک گوێی لە هیچ نەبێ وابوو! زۆر ئارام و لەسەرەخۆ وەنگ لانگی حاڵی کرد کە سەری فایتوونەکەی دانێتە سەر عەرز و سوار بێ.

وەنگ لانگ چاوی لە زاری کابرا بوو، چونکە بۆ خۆی نەیدەزانی چ بکا! پیاوێکی زۆر وێچوو بوو، دانیشت و گوتی:

– بمبە پەرسگای "کۆنفۆسی یووس".

لە پاشان پیاوەکە وەک میر لەسەر جێگای خۆی دانیشت، خۆی وا هەڵخست کە هیچ پرسیارێکی لێ نەکا. وەنگ لانگ ناچار ملی ڕێگای گرت، بەڵام نێونیشانی پەرستگای "کۆنفۆسی یووس"ی نەدەزانی. هەرچەند قەدەم دەڕۆیشت و پرسیاری دەکرد، سەرەنجام گەیشتە شەقامێکی پڕ لە خەڵک و بازاڕێکی گەورە، تەماشای کرد پڕە لە داشقەی ئەسپ و کالیسکەی وەک ئی خۆی کە خەریکی بار لێدانن. هەر کەسەی لە بیری خۆیدا بوو، دەبا بە زۆر خەڵکی دڕدابا و جێگای خۆی کردباوە! ئەویش لە ڕووی هەڵنەدەهات. جگە لەوەش دەستی هەموو ببووە بلۆق؛ چونکە هەر بە کۆڵ کاری کردبوو. کاتێک گەیشتە پەرستگاکە کابرا سکەیەکی بچووکی زیوی دایە و گوتی:

– لەوە زیاترت نادەمێ ئەگەر شکایەتیش بکەی.

ئەوەی گوت و چووە ژوور. وەنگ لانگ گوتی: «ئەوە دەڵێی چی، شکایەت بۆ؟». چونکە لە مێژ بوو پووڵی وای چاو پێ نەکەوتبوو لە بیری ئەوەدا بوو چۆن بیکا بە پووڵی مس، جگە لەوەش نەیدەزانی کرێی ئەو مەودایە چەندە؟ بە کورتی سکەکەی لە لای دەڵاڵێکی بە بیست و شەش پووڵ خورد کردەوە. وەنگ لانگ سەری سوڕمابوو کە وا بە هاسانی پووڵ پەیدا دەبێ! خەریک بوو پووڵەکەی حیساب دەکرد، فایتوونچییەک لێی پەیدا بوو و گوتی:

– تەنیا بیست و شەش پووڵ؟ ئەو پیاوە پیرەت تا کوێ بردووە؟

کاتێک وەنگ لانگ وەڵامی داوە، فایتوونچییەکە گوتی:

– بەڕاستی پیرێکی لە خودا نەترس و بێ ڕوحم بووە! خۆماڵتە تەنیا نیوەی کرێکەی پێداوی، چەندو قەرار کردبوو؟

وەنگ لانگ گوتی:

– قەرار و مەدارێکمان لە بەیندا نەبووە، ئەو بانگی کردم و منیش چووم.

فایتوونچییەکە لە حالێکدا بەزەیی بە وەنگ لانگ دا هات بە دەنگێکی بەرز بە دەووروبەری خۆی گوت:



– وەرن تەماشا کەن، کە دەڵێن دێهاتی نەزانن ئەوەیە! تەماشای سەر و کاکۆڵی بکەن؛ دەڵێی کلکی بەرازە و بە پشتدا هاتوتە خوارێ! وەک شێت و ماخولیا دەچێ.

لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:

– نەفام بۆ لە خۆڕا هەڵدەکوتییە سەرشتی؟ کەللە کەر هەرکەس بانگی کردی بپرسە چەندم دەدەیەی؟ خۆ تۆ لاڵ نی؟! لە بیرت نەچێ تەنیا لەگەڵ سپی پێستەکان قسە مەکە، دروستە زۆر زوو تووڕە دەبن و هەڵدەچن بەڵام پووڵی چاکیش دەدەن. چونکە ئەوەندە نەزانن گوێ نادەنە کار و وەک خیز پووڵ خەرج دەکەن.

ئەوانەی لە دەوروبەریان کۆببوونەوە هەموو لە قاقای پێکەنینیاندا. وەنگ لانگ هیچی نەگوت چونکە لەبەر شارییەکاندا سەری هەڵنەدەهات. فایتوونەکەی بە دوای خۆیدا ڕاکێشا و بەجێی هێشتن.

بەیانی ئەو ڕۆژە تەنیا مشتەرییەکی بوو، دوانیوەڕۆش دووکەسی دیکەی سوار کرد. دوای ئەوەی شەوێ پووڵی کرێی فایتوونەکەی لە لایەک دانا، تەماشای کرد پووڵێکی بۆ ماوەتەوە. لە پاشان زۆر بە پەرێشانی گوتی: «ڕۆژێ پووڵێکی مس زۆر کەمە». لە پاشان کەوتە بیری ئەو زەویوزارەی کە لە پاشی بەجێ مابوو. کاتێک گەڕاوە کەپرۆکەکەی خۆی، تەماشای کرد ئۆلان بە ڕۆژێک سواڵکردن چل پووڵ، کوڕە گەورەکەی هەشت پووڵ و کوڕە چکۆڵەکەی سێزدە پووڵی هێنابووەوە، کە لەسەر یەک پووڵی ڕۆژێکی برینجی پێ تەواو دەبوو! وەختێک پووڵی کوڕە چکۆڵەکەیان تێکەڵ ئی خۆیان کرد، دەستی کرد بە گریان و پووڵەکەی خۆی تا بەیانی لە مستی نا و کەس نەیتوانی فریوی بدا تا سەرەنجام بۆ خۆی پووڵی برینجی خۆی دا. پیرەبابیش هەرچەند بە نێوی سواڵکردن وەدەرکەوتبوو، بەڵام هیچی پەیدا نەکردبوو، چونکە پیرتر لەوە بوو بتوانێ خۆی لەسەر لاق ڕابگرێ؛ تازە بۆ شتی واش نەدەبوو، هەروەها بۆ لۆمەش نەدەبوو. کاتێک بە دەستی خاڵی گەڕاوە گوتی:

– کوا ئەوە کاری منە! من لەو ڕۆژەوە کە دەستی ڕاست و چەپی خۆم ناسیوە تەنیا بە کشتوکاڵەوە خەریک بووم! ئەویش زۆر چاک دەزانم، بۆ وێنە جووت و گا، تۆ و چاندن، کەشاو، دروێنە و... بەو کارانە کاسەی خۆم پڕ کردووە لە برینج و یەک دوو کوڕیشم گەیاندۆتێ.

پیرەباب بەو قسانە وەک منداڵێک خۆی دڵنیا کرد کە زگی تێر دەکەن، دەبێ ئەوە بڵێین کە بە پشت ئەستووری کوڕەکەی و سێ نەوەکەی ئەو قسانەی دەکرد.

## ١٢

وەنگ لانگ کاتێک بۆی ڕوون بووەوە کە هەموو ڕۆژێ بە کرێی خۆی و سوالکەری ئۆلان دەتوانێ منداڵەکانی لە برسییەتی نەجات بدا، دڵی ئاسوودە بوو. هاتە سەر ئەو بڕوایە کە وردە وردە بگەڕێ و بزانێ ئەو شارە چلۆن جێگایەکە. هەڵسووڕانی ڕۆژانەی بەو فایتوونە، بوو بە هۆی ئەوە کە تا ڕادەیەک چاو و گوێی بکرێتەوە و بە کەلێن و قوژبنی شار ئاشنا بێ. هەر دەهات و شت فێر دەبوو، بۆ وێنە ئەگەر موسافیرەکەی ژن با، بێ پرس و ڕا دەیبردە بازاڕ، ئەگەر پیاو با دەیزانی دەچتە قوتابخانە یا تجارەتخانە. بەڵام نەیدەزانی ئەو قوتابخانانە چن و چلۆن بەڕێوە دەچن! جگە لەوەی کە جاری وابوو پێیان دەگوت قوتابخانەی گەورەی بارهێنان و فێرکردنی غەربی یا قوتابخانەی گەورەی چین چیدیکەی نەدەزانی.

وەنگ لانگ لە نزیکەوە قوتابخانەکانی نەدیبوو، چونکە دەیزانی ئەگەر لە خۆڕا مل پێوەنێ و بچێتە ژوور پێشی پێدەگرن و زۆریش خۆی بەو جۆرە شتانەوە ماندوو نەدەکرد، ئەوەی کە بە چاکی پێی ئاشنا بوو تەنیا پووڵ بوو. وەنگ لانگ هەستی بەوە دەکرد کە خەڵک شەوانە دەچنە گازینۆ و جێگای خۆشگوزەرانی. هەروەها خەریکی عەیش و نۆش و قومار و گۆرانی و ڕەقس و سەما دەبن. بەڵام ئەوانە بۆ وەی وەک خەون وابو.

جگە لەوەش لەو شارە گەورەدا زۆر غەریب و بێگانە بوو! ئەویش چۆن بێگانەیەک! دەتگوت مشکە خۆ لە خاوەن ماڵ دەشارێتەوە؛ کەسیش وەخۆی نەدەگرت. لە شت حاڵی بوو، دەیزانی کە ڕێگای ئاوی ڕێگای وشکی وەک یەک نین. هەروەها سەد مایل لەگەڵ هەزار مایل تۆفیریان زۆرە.

وەنگ لانگ و بنەماڵەکەشی بەو ئەندازە لە خەڵکی ئەو شارە دوور بوون لە هیچ بابەتێکەوە یەکتریان نەدەگرتەوە، بەتایبەت لە باری زمانەوە؛ بۆ وێنە لە "ئەن هۆی" کە مەوتەنی وەنگ لانگ بوو خەڵک ئارام و نەرم و بە بن گەروو قسەیان دەکرد، بەڵام لە شاری "کی یانگ سۆ" ئەو شارەی کە ئێستا لێی گیرسابوونەوە خەڵک دانەدانە بە لێو و زمان قسەیان دەکرد. مووچەکانیشیان وەک یەک نەدەچوو! وەنگ لانگ لە مووچەی خۆی



هەموو ساڵێ دوو جاری بەرهەم هەڵدەگرت بەڵام لەو شارەدا بە سەد فێڵ و تەڵەکە و کود و ئەم لا و ئەولا جگە لە برینج کەمێکیان سەوزی دادەچاند. لە ئاوایی وەنگ لانگ پیاو بە لەتێک نان لقێک سیر تێری دەخوارد و مەیلی هیچ شتێکی دیکەی نەدەما بەڵام خەڵکی ئێرە دەبێ ئەو شتانەیان لەسەر سفرە بێ؛ کفتەی بەراز، گۆشتاو، جەرگ و دڵی مریشک؛ هەروەها هەموو چەشنە سەوزی و میوەیەک. ئەوەندە بە هەوا و ئیفادە بوون، چاویان لە عەرزی نەدەکرد. بە بۆنی سیریش زۆر ناڕەحەت بوون، ئەگەر بەلای یەکێکدا ڕۆیشتبان و بۆنی سیری لێهاتبا جگە لە لووت گرتن بە لاتاو و قسەی سووک دەیانگوت:

– تەماشای مووی دەلێی کلکی بەرازە بەربۆتەوە! ئەوە لە شیمالەوە هاتووە.

هەر ئەو بۆنە دەبووە هۆی ئەوە کە پارچە فرۆشەکانیش وەک مشتەری خاریجی بە دوو بەرابەر شتیان پێ بفرۆشن.

کەپرۆکەکانیان زۆر لە شار دوور بوو، ڕۆژێک وەنگ لانگ بیستی کە لاوێک لە پەرستگەی "کۆنفۆسی یووس" قسە دەکا، بە هەر جۆرێک بوو خۆی گەیاندێ. کاتێک لاوەکە گوتی دەبێ لە چین ئینقلاب بکرێ و خاریجییەکان دژی بێگانەکان ڕاپەڕن، وەنگ لانگ بە بیستنی ئەوقسە خۆی دزییەوە و هەڵات، چونکە پێی وابوو مەبەستی لاوەکە لە بێگانە ئەوە و دەیەوێ خەڵک دژی وی ڕاپەڕن. ڕۆژێکی دیکە لاوێکی دیکە لەسەر قسەی لاوەکەی پێشوو ڕۆیشت و گوتی:

– دەبێ خەڵکی چین لە کارێکی ئەوتۆدا دەست بدەنە دەستی یەک و خۆیان لە جەهل و نەخوێندەواری نەجات دەن و با سەودا بن.

بەڵام وەنگ لانگ ئەوجار هەڵنەبەزیوە و حاڵی بوو کە مەبەست ئەو نییە سەرنجام بۆی ڕوون بووەوە کە ئەو شارە لەویشی بێگانەتر تێدا.

ڕۆژێک بەپەنا دووکانێکی ئاوریشم فرۆشیدا ڕۆیشت، مشتەرییێک بانگی کرد کاتێک ئاوڕی داوە شتێکی سەیری چاو پێکەوت نەیدەزانی ژنە یا پیاو بەڵام هەتا دەست هەڵێنی کەڵەگەت بوو! لیباسێکی ڕەش و شاڵگەردنێکی لە ملی هاڵاندبوو، کاتێک وەنگ لانگ لێی نزیک بووەوە، پێی گوت ڕاوەستە، وەنگ لانگ ڕاوەستا و گوتی:

– ئەوە دەبێ چ جانەوەرێک بێ ئەوڕۆ تووشی من بووە؟

بە لەهجەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ گوتی:

– دەچم بۆ شەقامی پردان.

وەنگ لانگ بێ ئەوەی بزانێ چ دەکا دوای ماوەیەک ڕێگا ڕۆیشتن تووشی فایتوونچییەکی ئاشنای بوو گوتی:

– تەماشاکە چم سوار کردووە!

ئاشناکەی لە وەڵامدا گوتی:

– ئەوە خاریجییە، ژنە و ئەمریکایی، خۆزگەم بە خۆت پووڵدار بووی.

بەڵام وەنگ لانگ لە ترسی موسافیرەکەی ئەوەی لە بیری نەبێ پووڵ بوو! ئەوەندەی لە توانایدا بوو هەڵات تا گەیشتە شەقامی پردان. زۆر ماندوو بوو ئارەقەی لەبەری پێی دەڕۆیشت و لەوانەبوو لە پشوو بکەوێ. ژنەکە دابەزی و بە دەنگە ناخۆشەکەی خۆی گوتی:

– پێویست نەبوو وا خۆتان ماندوو کەن.

لە پاشان دوو سکەی زیوی دایە کە دوو بەرابەری کرێی ئاسایی بوو. ئەوجار وەنگ لانگ دڵنیا بوو کە خاریجییە. وەنگ لانگ شەوێ کە چووەوە ماڵێ مەسەلەکەی بۆ ئۆلان باس کرد ئۆلان لە وەڵامدا گوتی:

– منیش ئەوانەم زۆر چاوپێکەوتووە، سواڵیشم لێکردون. دەزانم جگە لەوان کەس پووڵی زیو نادا بە سواڵکەر.

بەڵام نە وەنگ لانگ و نە ژنەکەی باوەڕیان نەدەکرد کە بە دڵ ئەو پووڵەی دەدەن بە سواڵکەر، بەڵکو لە ڕووی نەزانی ئەو کارەی دەکەن. جگە لەوەش وەنگ لانگ تەجرەبە بۆی ڕوون بووەوە کە لاوەکان لەو کۆبوونەوانەدا مەبەستیان کێ بووە.

وەنگ لانگ بەوەی کە بە پەنا دیواری شار گیرسابوونەوە زۆر خۆشحاڵ بوو چونکە لەگەڵ وڵاتی خۆیان عەرز و ئاسمانی فەرق بوو. لە وڵاتی خۆیان پووڵیش بەکار نەدەهات؛ چونکە هیچ شتێک وەگیر نەدەکەوت. بە پێچەوانە لەو شارە ڕووت لە هەر جێیەک دەکرد شت بەپێی فیلان بوو، لەسەر هیچ شتێک پەکت نەدەکەوت! تا چاو هەتەری دەکرد ماسی فرۆش دانیشتبوو و ماسیان دەفرۆشت. قرژاڵیش یەک بوو لەو شتانەی کە لەسەر یەک داندرابوون و دەیانفرۆشتن. هێندێکیش مارماسیان دەفرۆشت، بە کورتی پیاو لەو بازاڕەدا لەوانەبوو خۆی لێ گوم بێ. لە برینجیڕا بگرە تا گەنم، لووبیای چینی، لووبیای سوور، باقلەی شین و هەرزن؛ بۆ هیچ شتێک پەکت نەدەکەوت. جگە لەوەش لە بازاڕی قەسابەکانیش بۆ هیچ چەشنە گۆشتێک مەحتەل نەدەبووی؛ بۆ وێنە گۆشتی بەراز، مراوی،



جەرگ و دڵ و سیکەتۆرە و قاز. بە کورتی دەستت بۆ هەرشتێکی بردبا حازر بوو. خۆ سەوزیش بۆ قسە لێکردن نابێ کە چەند زۆر بوو! بۆ وێنە شتێک نەبوو پیاو داوای بکا و نەبێ!

دەست فرۆشەکان بارارِیان گەرم بوو پیاو لاقی نەبوو بێتە دەر، لە لایەک ئاجیلی ڕەنگاو ڕەنگ و شیرینی و میوە هەڵدرابووەوە! لە لایەک یەرەڵماسی گەرم و کولاو، کولیچەی بەراز و نانی برینج، هەروەها زۆرشتی تر. بە سەدان منداڵ دەوریان دابوو، ئەوەندە قەڵەو بوون لە دوورەوە پێستیان بریقەی دەدا. بە کورتی دەتوانین بڵێین کە لەو شارەدا کەس لە برسان نەدەمرد. بەڵام وەنگ لانگ و بنەماڵەکەی هەموو ڕۆژێ پێش ئەوەی تاو بکەوێ لە کەپرۆکەکەی خۆیان دەهاتنە دەر و دەستیان دەدا کاسە و کەوچک و هاوڕێ لەگەڵ خەڵک بەرەو ئاشپەزخانەی گشتی وەڕێ دەکەوتن.

ئاو و هەوای ئەو شارە ئەوەندە سارد بوو هەموو لە سەرمان هەڵدەلەرزین جگە لەوەش لیباسی تازەیان لەبەردا نەبوو تاکو سەرما بگێڕێتەوە. هەر وەک گووتمان وەنگ لانگ هەم بۆ خۆی کاری دەکرد و هەم ژنەکەی سواڵ. بەڵام بەشی ئەوەندەیان پەیدا نەدەکرد کە لە کەپرۆکەکەی خۆیان بیخۆن، چونکە هەر پووڵەکە نەبوو، دەبا لە بیری چیلکەوچاڵیشدا بان ئەوەشیان بۆ نەدەکرا. ئەگەر زیاتر لە خۆیان پەیدا کردبا دەیاندا بە کەلەم و دەیانخوارد، بەڵام کەلەم خواردنەکەش بۆ ئەوان گران تەواو دەبوو، چونکە پێویستی بە چیلکە و چاڵ بوو، ئەوەش ئەرکی منداڵەکان بوو. ئەوانیش لەبەرئەوەی نەیاندەوێرا لە کەپرۆکەکەی خۆیان دوور کەونەوە دەچوونە زگ منداڵە دێهاتی یا کاروانچییەکان، کە چرپی و دارحەیزەرانیان دێنا بۆ بازاڕ، هێندێکیان لێ دەدزین و هەڵدەهاتن. بەڵام جاری وابوو تووش دەبوون و خوری شۆر دەیانکوتان. جارێکی زۆریان لە کوڕە گەورەکەی دا و بە چاوی هەڵمساو گەڕاوە ماڵێ و زۆر لە کردەوەی خۆی پەشیمان بووەوە. بە پێچەوانە برا چکۆڵەکەی زۆری پێخۆش بوو. ئەو ڕووداوە بۆ ئۆلان مەسەلەیەکی تایبەت نەبوو چونکە دەیویست منداڵەکانی خۆ بەخێوکەن. سواڵ کردنەکەیان لەبەر پێکەنین بۆ نەدەکرا؛ چ دەماوە؟ دزی! وەنگ لانگ وەڵامێکی ئەوتۆی نەبوو کە ئۆلان ڕازی بکا، هەروەها بەو کارەی منداڵەکانیش نارەحەت و پەرۆش بوو. جاری وابوو لە عەیبەتان بەر چاوی تاریک دەبوو. بەڵام ئێستاش کوڕە گەورەکەی لەسەر ئەو کارە لۆمە نەکرد. وەنگ لانگ ژیانی ئەو پەنا دیوارە دوور و درێژەی پێ ناخۆش نەبوو، حەزی دەکرد زەوییەک هەبێ کاسبی لەسەر بکا.

شەوێک کە هاتەوە نێو ماڵ و منداڵەکەی چاوی بە پلێک گۆشتی بەراز کەوت کە لە مەنجەڵێکدا وەسەر ئاوریان نابوو. ئەو هەوەڵێن جار بوو کە دوای گایەکەی خۆیان گۆشتیان دەخوارد. وەنگ لانگ بە سەر سوڕمانەوە تەماشای ئۆلانی کرد و گوتی:

– حەتمەن ئەورۆ خاریجییەکت لە داو خستۆ و پووڵت لێ وەرگرتووە.

بەڵام ژنەکەی وەک هەمیشە وەڵامی نەداوە. دوای ماوەیەک کوڕە چکۆڵەکەی گوتی:

– من ئەوەم دزیوە، ئەو گۆشتە ئی منە، کاتێک قەسابەکە ڕوی وەرگێڕا بە بن پیلی پیرێژنێکدا ڕۆیشتم، ئەو پلە گۆشتەم دزی و هەڵاتم! خۆم لە پەنا بۆشکەیەک شاردەوە تا کاکم هات.

وەنگ لانگ زۆر ناڕەحەت بوو، قیژاندی و گوتی:

من دەم لەو گۆشتە نادەم، گۆشتێک کە دەخۆم کە بە پووڵی خۆمان کڕدرابێ؛ نەک دزی. دەکرێ سواڵکەر بین بەڵام دز هەر نا.

هەرچەند کوڕەکەی دەستی کرد بە هاوار و زیڕ و هەر گۆشتەکەی بە دوو قامکان هەڵگرت و فڕێی دا.

لە پاشان ئۆلان گۆشتەکەی هەڵگرتەوە، دوای دوو ئاوی شوتەوە لە دیزەیەکی هاویشت و گوتی:

– گۆشت هەر گۆشتە، خۆت ناڕەحەت مەکە.

وەنگ لانگ هەرچەند زۆر ناڕەحەت بوو بەڵام هیچی نەگوت. زۆر دەترسا، چونکە بەو کارەی منداڵەکانی ناڕازی بوو. ئۆلان دوای ئەوەی گۆشتەکەی لە دیزە هێنا دەر کردی بە چەند کوتی بچووک و دای بە پیرەباب و منداڵەکان. پلێکی لە زاری کچەکەی هاویشت و بۆ خۆشی کەمێکی خوارد. بەڵام وەنگ لانگ بە کەمێک کەلەم گوزەراندی.

دوای ئەوەی شێویان خوارد، کوڕە چکۆڵەکەی بردە دەر و بە مست و شەپەلاغان دایگرت. هەرچەندە دەستی کرد بە هات و هاوار و گریان بەڵام وەنگ لانگ هەر لێی دەدا و دەیگوت:

– هەقی خۆتە، فێر دەبی و دزی دەکەی.

دوای ئەوەی منداڵەکەی بەڕەڵڵا کرد لەبەرخۆیەوە گوتی: «دەبێ بگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان».



## ١٣

ڕۆژگار دەگوزەران و وەنگ لانگ وەک هەمیشە سەرەڕای ئەوەی شار پڕ بوو لە نیعمەت لەوپەڕی فەقیری و دەس کورتیدا دەژیا. دەبێ ئەوەش بڵێین کە زۆربەی زۆری دانیشتوانی شارەکە هەژار و دەس تەنگ بوون.

جگە لەوەی دووکان و بازاڕ پڕ بوون لە کەلوپەل، پارچەی ڕەش و سوور و نارنجی، وەک ئاڵا بە دار و دیواری پارچە فرۆشەکانەوە هەڵاوەسرابوو. پیاوە دەوڵەمەندەکان خۆیان بە لیباسی ئاوریشمی دەڕازاندەوە و بە پت خۆیان دەتەکاند و بۆ هیچ شتێک دانەدەمان.

بەڵام وەنگ لانگ سەرەڕای ئەو هەموو ناز و نیعمەتە، چاو لە دەست و پەرۆش لە سووچێک جێگای خۆی کردبووەوە و نەمر نەژی دەژیا. جگە لە خواردەمەنی لیباسیشیان ئەوەندە لەبەردا نەبوو کە ئێسکی سارد و سڕیان گەرم دابێنێ. ئەو خەڵکە بێ پەنا و هەژارە لە بەیانی ڕا تا ڕۆژ دەپەڕی پشوویان نەدەدا و هەدادانیان نەبوو! کاریان دەکرد و ئارەقەیان دەڕشت بۆ ئەوەی نان و شیرنی بۆ میوانی ئەشڕافەکان دروست کەن و ئەوانیش پیاوەتی بەسەرەوە بکەن. جگە لە خۆیان منداڵەکانیشیان سەرەڕای ئەوەی کارێکی زۆریان لێ دەکێشان، هەر بەو لیباسە چەور و بۆرانەوە لەسەر کا یا پووش و پەلاش بۆ ماوەیەکی کورت خۆیان مات دەکرد! ئەوەندە ماندوو دەبوون ڕۆژی دوایی وەک منداڵێک کە تازە دارە دارە دەکا بە کەوتن و هەستانەوە خۆیان دەگەیاندە ئاشپەزخانەی گشتی. زۆر بە ئاوات بوون پارووێک لە نانی تایبەتی ئەشڕافەکان بخۆن، بەڵام ئێستاش ئەو ئاواتەیان وەدی نەهات، چونکە ئەوەندەیان پووڵ وەدەست نەدەکەوت کە بتوانن ئەو کارە بکەن.

ژن و پیاوەکان سەرەڕای ئەو هەموو هەژاری و چارە ڕەشییە خۆیان بە دار و بەرد دادەدا، تا بەڵکو لیباسی هاوین و زستان بۆ ئەو دەوڵەمەندانەی کە لە ناز و نیعمەت دا دەژین پێک بێنن! لە بەرابەردا ڕووتی و ڕەجاڵی خۆشیان بە هێندێک جاو دادەپۆشی.

وەنگ لانگ لە نێو ئەو خەڵکەدا دەژیا کە بۆ شەونشینی و خۆشگوزەرانی ئەعیان و ئەشڕافەکان هەدادانیان نەبوو، بەڵام وەسەرە خۆی نەدێنا. هەرچەند ژن و پیاوە پیرەکان کارێکیان بەو کارانە نەبوو و خۆیان پێوە ماندوو نەدەکرد، بەڵام ڕدێن سپییەکان بە

گالیسکە بەردە خەڵووز و چرپیان بۆ دەوڵەمەندەکان و دووکانەکان دەبرد. بەم چەشنە دانیان بە جەرگی خۆیاندا دەگرت و نانێکی نەمر نەژی و فەقیرانەیان دەخوارد. شەوانەش ئەوەندە ماندوو دەبوون چاویان لەسەر یەک دادەنا و بێدەنگ دەبوون. ڕەنگ و ڕوویان وەک ئۆلان پەژارەی لێ دەباری و ڕووناکایی تێدا نەبوو. هەروەها قسەکانیان زیاتر لە بارەی وردە پووڵدار بوو، کەمتر هەڵدەکەوت کە سەبارەت بە پووڵی زیو قسەیان کردبا، چونکە کەم وابوو پووڵی زیویان وەدەست کەوێ. تەنانەت لە وەختی پشووودان و حەسانەوەشدا و کینەیان لە نێو چاوان دەباری! چونکە تەمەنێک بوو لە ناڕەحەتیدا بوون و خەریکی کالیسکە کێشان بوون؛ چرچی ملیان داکەوتبوو و هیچی لەسەر شکڵ و وێنەی خۆیان نەمابوون. دەتگوت کێوین، تەنانەت بۆ خۆشیان بێزیان لە خۆیان دەکرد و نەیاندەزانی چ مەوجودێکن؟!

ڕۆژێک یەکێک لە وان تەماشا دەکا ئاوێنەیەک لە بارەکەی دایە، دەست دەبا و تەماشای خۆی دەکا، کاتێک چاوی بە خۆی دەکەوێ خۆی لە پێش چاو دەکەوێ و دەڵێ ئەو شکڵ و قەلافەتە وەک ئینسان نەبێ وەک هەموو شتێک دەچێ! لە پێشدا نەیدەزانی بۆ خەڵک گەپی پێدەدەن و پێدەکەنن، بەڵام دوای ئەوەی خۆی لەبەر ئاوێنە چاو پێکەوت هەقی پێدان.

هەروەک لە پێشدا گوتمان وەنگ لانگ یەکێک بوو لەو ئاوارانەی کە بە حەسیر و جەگەن کەپرۆکێکی پێکەوە نابوو و لە وێدا دەژیا. ژنەکانیش بۆ داپۆشینی عەیب و عاری خۆیان مەلۆتکەکردنی یەک لە دوای یەکی منداڵەکانیان کوتەپارچەیان لە وڵاتی بریبوو. دێهاتییەکانیش لەوان خراپتریان لێقەومابوو، بۆ ئەوەی لە برسان نەمرن لە مووچە و بازاڕ دەستیان کرد بە دزی، لە کاتی دروێنەشدا وەک چۆلەکە بەشوێن پاڵە و درووێنەوانەوە بوون؛ نەیاندەهێشت دەنکە گەنمێک زایە بێ و هەڵیاندەگرتەوە.

لەو کەپرۆکانەدا بێ پسانەوە منداڵ دەبوون، بەڵام هێندەیان خۆ نەدەگرت و دەمردن، لەبەرئەوەی حیساب و کیتابێک نەبوو، دایکەکان نەیاندەزانی چەند منداڵیان بووە، چەندیان ناشتووە، چەندیان بۆ ماوەتەوە. بیریان لە چارەنووسی منداڵەکەیان نەدەکردەوە و دوارۆژیان لەبەر چاو نەدەگرت، کەس نەبوو بڵێ ئێوە کە خۆتان بۆ بەرێ ناچێ، ئەو هەموو منداڵەتان بۆ چییە؟

لە ئاکامدا ئەو ژن و پیاو و منداڵانە بۆ بەرێچوون ناچار بوون هەمیشە بە قوون دەرک و



کووچە و دووکان و بازاڕدا وێڵ و سەرگەردان بن. چاک بوو پیاوەکان بە کار کردن شتێکیان پەیدا دەکرد، بەڵام ژن و منداڵەکان دزییان دەکرد و لەم و لەو شتیان دەڕفاند. وەنگ لانگیش بە خۆی و خاو و خێزانی لەگەڵ ئەو خەڵکە دەژیا.

ژن و پیاوی بەساڵاچوو ناچار بوون بە هەموو شتێک ڕازی بن، بەڵام وردە وردە منداڵەکانیان گەورە دەبوون. لە نێو پیاوەکاندا لاوەکان زۆر ناڕەحەت و قەڵس بوون، بەڵام دوای ئەوەی ژنیان دێنا؛ ئەوانیش گرفتاری ماڵ و منداڵ دەبوون و هەموو شتێکیان لە بیر دەچووەوە. ڕقەکەیان دەبوو بە ناهومێدی و دەکەوتنە بیری بەڕێچوون و فریای شتی دیکە نەدەکەوتن.

وەنگ لانگ ڕۆژێک تەماشای کرد لە پشت ئەو دیوارەی کە کەپرۆکەکەیان پێوە هەلوەسیبوو، دەنگە دەنگ دێ. دوای ماوەیەک گوێ گرتن حاڵی بوو کە چ دەگوزەرێ.

شەوێکی ئاخروئۆخری زستان خەڵک لێک کۆ بوونەوە و گوتیان بەهار نزیکە و وردە وردە دەوروبەرمان دەبێتە قوڕ و لیتە و دەرناچین. کە وابوو بەر لەوەی زستان تەواو بێ، دەبێ کارێکی وا بکەین کە ئەگەر بەفر توانەوە جێگامان پێ لێژ نەبێ. بەڵام بەر لەوەی قەول و قەرارەکەیان بەرێوە بەرن دەوروبەریان هەموو بوو بە ئاو. وەنگ لانگ زۆر ناڕەحەت بوو، دوای ئەوەی شێوەکەی خوارد، هەستا وەدەرکەوت و چووەوە سەر شەقامێک ڕاوەستا؛ پیرەبابیش لە چەنگ منداڵان بە قاپە چێشتەوە چووبوو لەسەر شەقام ڕاوەستابوو! جگە لەوەش کچە چکۆڵەکەی بە لەتێک لە پشتێندەکەی ئۆلان لە خۆی بەستبوو و ئاگاداری لێ دەکرد و بە دوای خۆیدا دەکێشا. کچەکەشی ئەوەی پێ ناخۆش بوو، چونکە لە باوەشی دایکی هاتبووە خوار. لەبەرئەوەی ئۆلان دووبارە زگی پڕ بوو پیرەباب ئەو منداڵەشی لێ بوو بە سەربار و دەبا ئاگاداری لێکردبا. منداڵەکە لێکدا لێکدا هەڵدەستا و دەکەوتەوە، چونکە بە چاکی خۆی نەگرتبوو. پیرەبابیش نەیدەوێرا چاوی لەسەر هەڵبڕێ و بەڕەڵڵای کا.

وەنگ لانگ لە حاڵێکدا تەماشای ئەو دیمەنەی دەکرد، هەوایەکی زۆر فێنک و خۆش لە دم و چاوی دەدا، کەوتە بیری مووچە و مەزراکەی و غوربەت هەڵیگرت. سەرەنجام بە دەنگێکی بەرز بە باوکی گوت:

– لە مەوبەدوا دەبێ بچمە سەر زەوییەکانم ودایانچێنم.

پیرەباب زۆر بە ئارامی و لەسەرخۆ لە وەڵامدا گوتی:

– ڕۆڵە گیان! دەزانم بیر لە چی دەکەیتەوە، سەبرت بێ، منیش دوو جار تووشی دەربەدەری بووم و لە ماڵ و حاڵی خۆم بووم. دوورکەوتوومەوە و مووچە و مەزرام بەجێ هێشتووە، بەڵام تۆ دەزانی وڕێنە دەکەی و خەون دەبینی؟! چاو بقووچێنە بزانە ئێستا تۆ لە کوێی؟

وەنگ لانگ گوتی:

– بابە تۆ دەگەڕایەوە؟

پیرەباب زۆر بە ساکاری گوتی:

– ڕۆڵە گیان! زەویوزارەکە دەستی لێ نەدەدرا.

وەنگ لانگ دەیگوت سەرەنجام ئێمەش دەگەڕێینەوە، ئەوساڵ یا ساڵێکی دیکە. بەڵام بیری لەوە دەکردەوە کە ئەو ماوەی مووچەکەیان بەجێ هێشتووە، بەفر و باران بە سەریدا باریوە و کەس نەبووە بە سەری ڕابگا. لە دڵی خۆیدا پێی وابوو زەوییەکان چاوەڕوانن بگەڕێتەوە. بە دەم ئەو خەیاڵانەوە بە ژنەکەی گوت:

– ئەگەر شتێکمان هەبا سبەینێ دەمانفرۆشت و دەگەڕاینەوە. دەستی ئەو پیرەبابەم کورتە دەنا لە برسانیش مردباین بە پێیان دەڕۆیشتین و خۆمان دەگەیاندەوە وڵاتی خۆمان. بەڵام ئەو پیرەبابە و منداڵە سەروپێچکانە چیان لەگەڵ ناکرێ؟ جگە لەوە تۆش زگت پڕە! ئۆلان دوای ئەوەی قاپ و کەوچکەکانی شوت لە گۆشەیەک هەڵیپەساردن و بە وەنگ لانگی گوت:

– مەگەر کچەکە بفرۆشین.

وەنگ لانگ بەو قسەیە زۆر ناڕەحەت بوو گوتی:

– من حازر بەو کارەنیم کچ بفرۆشم.

ژنەکە لە وەڵامدا گوتی:

– ئەو مەسەلە لە خۆم ڕووی داوە، دایک و باوکم لە کاتی خۆیدا بە پووڵی من گەڕانەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. بە بڕوای من تۆش ئەگەر بتەوێ بگەڕێیەوە دەبێ منداڵەکەت بفرۆشی.

ئۆلان درێژەی بە قسەکانیدا و گوتی:

– دەزانم منداڵ کوشتن ناخۆشە، بەڵام کڵفەتیش هیچ هەر نییە، دیسانیش لەو



هەلومەرجەدا پووڵەکە بۆ ئێمە چاکترە تا ئینسانێکی مردوو، من حەزدەکەم ئەو کچە بە خاتری تۆ بفرۆشم و بگەڕێینەوە سەر زەویوزاری خۆت.

وەنگ لانگ گوتی:

– نانا، من هەرگیز ڕازی نیم لەبەر خاتری من ئەو کارە بکەی؛ تەنانەت ئەگەر بڕیار بێ تەواوی ژیانم لەو شارە غەریبە بمێنمەوە مل بەو کارە نادەم و ڕازی نیم.

بەڵام کاتێک لە کەپرۆکەکەی وەدەر کەوت فکر دایگرت و حاڵی شێوا، چونکە دیمەنی کچەکەی بە دەست باوکی هێنا بەر چاو، کە دەکەوت و هەڵدەستاوە، موچڕکێکی پێدا هات و گوتی: «چلۆن دەکرێ پیاو دەست لە جگەر گۆشەی خۆی هەڵگرێ و بیفرۆشێ! ئەویش لەو پلە لە ژیاندا کە منداڵ گرۆگاڵ دەکا لە هەموو وەختێک خۆشەویستترە». هەرچەند منداڵەکە قسەی نەدەکرد بەڵام کاتێک چاوی بە باوکی دەکەوت بزەی دەهاتە سەر لێو و پێدەکەنی. وەنگ لانگ لە حاڵێکدا زۆر ناڕەحەت بوو، لەبەر خۆیەوە گوتی: «ئەگەر لە باوەشمدا نەخەوتبا و نەیناسیبام ڕەنگ بوو لە دڵم بێتەوە بیفرۆشم بەڵام زەحمەت تازە بتوانم بیفرۆشم». لە پاشان کەوتە بیری زەویوزارەکەی، بە قەڵسی قیژاندی و گوتی:

– من نابێ دووبارە چاوم بە زەوی و مووچە و مەزراکەم بکەوێ؟ خۆ لەو شارەدا کە دیمەنی شاری سواڵکەرانی بە خۆیەوە گرتووە، نە بە سواڵ و نە بە کارکردن، تەنانەت ئەوەندەمان وەدەست ناکەوێ زگمان تێر کەین! کە وابوو هیچ وەختێک پاشەکەوتمان بۆ ناکرێ.

لەو قسانەدا بوو کە دەنگێکی نەرم و ناسک وەڵامی داوە و گوتی:

– تۆ لەو شارەدا تەنیا نی، بە سەدان کەسی وەک تۆ چارە ڕەش هەن.

ئەوە دەنگە دەنگی هاوسێیەکی وەنگ لانگ بوو، بە ڕۆژ کەمتر دەهاتە دەر، چونکە داشقەکەی زۆر گەورە بوو بازاڕیش شلۆغ ناچار شەوانە کاری دەکرد جاروبارە لەگەڵ وەنگ لانگ تووشی یەکتر دەبوون و دەردی دڵیان دەکرد.

وەنگ لانگ پێش ئەوەی کاری شەوانەی دەست پێ بکا، لەگەڵ خەڵک ڕادەوەستا و قسەی دەکرد، ڕۆژێک گوتی:

– تاکەی ئێمە دەبێ وابین؟ ئەو کارە هەمیشەمان دەبێ؟

کابرا پیرە مژێکی لە قەننەکەی دا، تفێکی لە عەرزی کرد و گوتی:

– دونیا هەروا نامێنێ و بەرخ هەر لە بن سەوەتەدا نابێ، خاترجەم بە ئێمەش هەروا هەژار نامێنین. کاتێک فەقیر و هەژار زۆر بوون و پووڵدارەکان گیرفانیان پڕ بوو، ئەوجار نۆرەی ئێمە دێ. زستانی ڕابردوو دوو کچمان بوو، فرۆشتنمان و سەری خۆمان پێ ڕاگرت. ئەوساڵێش خێزانم زگی پڕە، ئەگەر دیسان کچی بێ دەیفرۆشم. کچی هەوەڵم ڕاگرتووە، بەڵام ئەوانی دیکەم فرۆشتووە، چونکە فرۆشتنەکەیان بە قازانجترە تا ئەوەی کە بیانکوژم. هەرچەندە تاقمێک پێیان وایە بەر لەوەی نەفەس بکێشن بکوژرێن چاکترە، هەرچێک بێ ئەوەش ڕێگایەکە بۆ بژێوی فەقیران. هەروەک گوتمان کاتێک پووڵدارەکان چاویان سوور بوو و گیرفانیان پڕ بوو گلۆڵەیان دەکەوێتە لێژی! ئێستاش ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، کاتی ئەوە هاتووە خۆ خڕ کەنەوە.

لە پاشان بە سەر لەقاندن تەماشای دیواری پشتی خۆیان کرد و گوتی:

نێو ئەو دیوارەت چاو لێکردووە؟

وەنگ لانگ چاوێکی لە دیوارەکە کرد و گوتی:

– نەخێر بۆ دەفەرمووی؟

کابرا درێژەی بە قسەکانیدا و گوتی:

– من دەزانم چ خەبەرە. جارێک یەکێک لە کچەکانم برد لە لای وێ بیفرۆشم، تەماشام کرد ڕەنجبەرەکانیان بە ئێسکی فیلی دەسک زیو نان دەخۆن، کلفەتەکانیشیان گوارەی یاقووتیان لە گوێ دایە! مرواریان لە پێڵاوەکانیان داوە! جگە لەوەش ئەگەر پێڵاوەکانیان قوڕاوی بوو، یا دڕا بەو هەموو خشڵ و زینەتەوە فڕێی دەدەن؛ کەچی ئەگەر ئێمەمانان بێ دڵمان نایە لە پێشی کەین.

کابرا لێکدا مژی لە قەننەکەی دەدا. وەنگ لانگیش بە سەر سوڕمانەوە زاری داپچڕیبوو، لە حاڵێکدا گوێی دابووە قسەکانی لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

– دەبێ ئەو قسانە ڕاست بن و شتی وا هەبێ؟

کابرا گوتی:

– بۆ ئینسانی دەوڵەمەند و پووڵداریش ڕێگا زۆرن. پیاو نابێ ناهومێد بێ، دنیا هەر شەو و ڕۆژێک نییە، کەسێکی نەمرێ ڕۆژی ئێمەش دێتەوە.



دوای ئەو قسانە گوتی:

– واچاکە وەدوای کار و کاسبی بکەوین.

ئەوەی گوت و ون بوو. بەڵام وەنگ لانگ ئەو شەوە خەوی لێ نەدەکەوت، بیری لەوە دەکردەوە کە لەو دیوی ئەو دیوارە چ دەگوزەرێ؟ وەنگ لانگ زۆر ڕووت و ڕەجاڵ بوو، لیباسی تازەی نەبوو هیچ؛ ڕایەخیشی خشت و حەسیر بوو! دوای ماوەیەک کەوتە بیری ئەوە کە منداڵەکەی بفرۆشێ، سەرەنجام بە خۆی گوت: «وا مەسڵەحەتە بە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی بفرۆشم، بەشکوو خودا بکا ئەربابەکەی پەسندی بکا و لە خۆراکی خۆش و زێڕ و زیو بێ بەش نەبێ». بەڵام دووبارە بە پێچەوانەی مەیلی خۆی وەڵامی خۆی داوە و گوتی: «وای دانێین ئەو کارەمان کرد، خۆ ئەوەندە پووڵ ناکا پێی بگەینەوە وڵاتی خۆمان! دامنا گەیشتینەوە، ئەدی گا و مێز و نوێن و بان و ئەو خرتە و پرتانە بە چێ بکڕین. من بۆیە منداڵەکەم دەفرۆشم کە لە غەریبی، لە برسان نەمرم و بچمەوە وڵاتی خۆم. بە دەستی بەتاڵ چمان بۆ ناکرێ».

وەنگ لانگ هۆشی هەر لەسەر قسەی کابرا پیرە بوو کە گوتبووی: «ئەگەر پووڵدارەکان گیرفانیان پڕ بوو ڕێگاچارە هەیە». بەڵام نەیدەزانی مەبەستی چییە؟

## ١٤

بۆنی بەهار وردەوردە لە ئاوایی گەڕا و مزگێنی هەوای خۆشی هێنا. ئەو کەسانەی کە تا ئەورۆ بە سواڵ و سواڵکەری بەڕێ دەچوون، لە خەم ڕستن و دەیانتوانی بە مەزرا و دەشت و کێو وەربن و بژێوی خۆیان لە گیا و گۆڵی جۆربەجۆر وەدەست بێنن و لە کۆڵ دزی بنەوە. بەم جۆرە، هەموو ڕۆژێ بەیانی دەستە دەستە ژن و منداڵ کە لە کەپرۆکەکانی خۆیان دەهاتنە دەر، بە کێرد و چەقۆ و قامیشی تیژ بە سەحرا و بەندەن وەردەبوون، تا بەڵکو لە کۆڵ سواڵکردن بنەوە. ئۆلان و دوو کوڕەکەشی وێڕای ئەو خەڵکە دەچوون بۆ سەحرا و شتیان دێنا. بەڵام پیاوەکان خەریکی کاروباری خۆیان دەبوون. وەنگ لانگیش زۆر بە نارەحەتی و دڵپڕی لەبەر ئەو سوورەتاوەی هاوینێ کاری دەکرد.

هەر چۆنێک بوو، کارەکانی زستانیش بەڕێوە چوو بەڵام لەوپەڕی بێ دەسەڵاتی و ڕووتی و ڕەجاڵیدا لەبەر بەفر و بۆران و سەرما و کرێوە هەڵدەلەرزین! ڕایەخیشیان هیچ نەبوو! ناچار دانیان بە جەرگی خۆیان دادەگرت بۆ ئەوەی کەس دەنگیان لێ نەزانێ پشوودانیان نەبوو. بە کورتی بە سەد سواڵ و سەدەقە و بەدبەختی بە پارووە نانێک، چاوی خۆیان دەنووساند و دەخەوتن. بەو هیوایە کە خەونی خۆش ببینن، بەڵام خۆراکەکە ئەوەندە نەبوو بەری دڵیان بگرێ و خەونی خۆش ببینن. وەنگ لانگیش لەماڵۆچکەکەی خۆیدا، هەر بەم شێوە دەژیا.

وردە وردە بەهار نزیک بووەوە، تا ڕادەیەک بووژانەوە و خـــۆشـــحـــاڵ بوون. لە کەپرۆکەکانیان دەهاتنە دەر و لێک کۆ دەبوونەوە. ئەو هەلێک بوو کە وەنگ لانگ لەگەڵ هاوسێکانی ببێ بە ئاشنا، چونکە لە ماوەی زستاندا چاوی پێیان نەکەوتبوو. ئۆلان وەک ژنەکانی دیکە قسەی پیاوانی نەدەهێنا و نەدەبرد و قسەی بۆ مێردەکەی نەدەگێڕاوە. کاری بەوە نەبوو کێ لە ژنەکەی خۆی داوە، یا فلان کەس گوول بووە، خۆرە لێی داوە و... جگە لە قسەی ئاسایی شتێکی دیکەی لەگەڵ مێردەکەی باس نەدەکرد. وەنگ لانگ لە سووچێک ڕادەوەستا و گوێی دەدا قسەی ئەم و ئەو.

زۆربەی خەڵکەکە فەقیر و هەژار بوون و ئەوەی بە سواڵکردن پەیدایان نەکردبا نەیانبوو!



وەنگ لانگیش لەوان چاکتر نەبوو، بەڵام خۆی نەدێنا ڕیزی وان و دەیگوت:

«من خاوەن زەویم، پێشی وابوو زەوییەکە چاوەڕوانیەتی».

خەڵکەکەی دیکە بە پێچەوانەی وەنگ لانگ زیاتر بیریان لەوە دەکردەوە، کە سبەینێ چلۆن پارووە نانێک پەیداکەن، جگە لەوەش وەختی خۆیان بە قومارکردن دەگوزەراند، چونکە لەبەر بێکاری و دەس کورتی هیچ هیوا و هومێدێکی دیکەیان لە دڵدا نەبوو. ناهەقیشیان نەبوو؛ چونکە لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا تەنیا هۆی سەرگەرمی بۆ ئینسان قومار و سەرگەرمیترە.

بەڵام وەنگ لانگ سەرەڕای ئەوەی بێکار بوو، بیری لە مووچەکەی دەکردەوە، هەمیشە لەم دەرگا و ئەو دەرگای دەدا، دەچووە لای ئەم و ئەو تا بەڵکو ڕێگا چارەیەک بدۆزێتەوە و دەستی بگاتەوە مووچەکەی. هەستی بەوە دەکرد کە لەو چینە بەرەڵڵا و ڕەش و ڕووتە جیایە وەک وان بەو دیوارەوە نەنووساوە، هەروەها لە بنەماڵە ماقووڵ و گەورەکانیش نییە.

وەنگ لانگ تەنیا لەگەڵ زەوییەکەی دەهاتەوە، کە ئی خۆی بوو، تەنیا ئەوەی بە ژیان دەزانی، کە لەسەر زەوی خۆی بێ و لەگەڵ نیر و ئاموور و جووت و گا و دروێنە و داس، سەروکەللە لێکدا. بەم هۆیە هەمیشە دوور لە خەڵک ڕادەوەستا و جاروبار گوێی دەدا قسەکانیان.

هەرچەند بۆ خـــۆی زەوی هەبوو، بڕێکیـــشی زەوی باوکی پێ بڕابوو. جگە لەوەش بە کڕینی زەوی ئەو بنەماڵە دەوڵەمەندە، هێندەی دیکە پشت ئەستوور بوو. پیاوەکانی دیکە زیاتر لە بیری پووڵدا بوون و سەبارەت بەو مەسەلە قسەیان دەکرد و دەیانگوت: «ئەوەندەم پووڵ داوە بە نیو گەز پارچە، یا ماسییێکی چکۆڵە، هەروەها ئەورۆ ئەوەندە کاسب بووم». بە کورتی سەرەنجامی قسەکانیان ئەوەبوو کە ئەگەر پووڵی ئەشرافەکانیان بە دەستەوە با، چۆنیـــان بەم لا و ئەولادا دەدا. بە ئاواتی زێڕ و زیوی فـــلان و فـــیـــســـار، هەریەکـــەی ئارەزوویەکی دەکرد. بۆ وێنە یەک دەیگوت: «ئەگەر ئەو سیغانەی گەردن پڕ لە مرواری و یاقوتی ژنەکانم بە دەستەوە با وا و وام دەکرد».

وەنگ لانگ لە تەواوی ئەو قسانەدا تەنیا ئەوەی گوێ لێ دەبوو کە دەڵێن وا دەکەین، وا دەخۆین، وا لەبەردەکەین، وا دەخەوین، وا لە قاوەخانە قومار دەکەین و ژنی جوان جوان دەکڕین.

به کورتی دەیانویست جێگای ئەعیان و ئەشرافەکان بگرنەوە دەست لە هیچ نەدەن و ئاسوودە بخۆن و بخەون. لەو کاتەدا بوو کە وەنگ لانگ بە دەنگێکی بەرز گوتی:

– ئەگەر زێڕ و زیو و جەوهێراتم هەبا، هەمووم دەدا بە زەوی و بەرهەمم لێ هەڵدەگرت.

بە بیستنی ئەو قسانە هەموو گەڕانەوە، ڕوویان لە وەنگ لانگ کرد و گوتیان:

– وەرن تەماشای ئەو کابرایە دێهاتییە کەن، هێشتا کووچە و کۆڵانی شار شارەزا نییە دەیەوێ پووڵ خەرج کا! ئەوەش لەو بێچارانەیە کە وەک سەگ بە شوێن کەر و گاوەن و دەستیش هەڵناگرن.

هەر کام لەوان لایان وابوو ئەوان زیاتر لە وەنگ لانگ دەوڵەمەندییان لێ دەوەشێتەوە و دەزانن چلۆن پووڵ خەرج کەن! بەڵام ئەو لۆمە و گەپ پێدانە تەئسیری لەسەر وەنگ لانگ دانەنا، تەنیا بووە، هۆی ئەوە کە تۆزێک ئارامتر قسە بکا، سەرەڕای ئەوانەش قسەی خۆی نەدەخواردەوە و دەیگوت:

– ئەگەر زێڕ و زیو و جەوهێراتم هەبا، هەمووم لە زەویوزارەکەم خەرج دەکرد.

سەعات بە سەعات سەبارەت بە مووچە و مەزراکەی زیاتر عەلاقەمەند دەبوو. وەنگ لانگ شتەکانی ئەو شارەی وەک خەوەن دەهاتە بەر چاو، ئەو شتە سەیرانەی کە بە بێ قسە لێکردنی وی پێک دەهات، بێ ئەم لا و ئەولا قەبووڵی دەکرد. بۆ وێنە کاتێک خەڵک لێرە و لەوێ کاغەزیان دەدا بە یەکتر و هێندێک جار ئەویش وەدەستی دەکەوت نەیدەزانی مەبەست لەو کاغەز بڵاو کردنەوە چییە؟ لەبەرئەوەی کاغەزەکانی بۆ نەدەخوێندراوە، لە مەبەست و ئامانج و ناوەڕۆکی نووسراوەکان حاڵی نەدەبوو. هەروەها نەیدەزانی لەبەرچی دەست بە دەست دەیگێڕن و لە دەر و دیواری دەدەن یان دەیفرۆشن و بەخۆڕایی دەیدەن بە خەڵک.

دوو جار لەو کاغەزانەیان دا بە وەنگ لانگ. جاری یەکەم پیاوێکی خاریجی باڵابەرز و چولاواز و لووت زەلام هاتە لای و کاغەزێکی دایە. وەنگ لانگ دوای ئەوەی کابرا ڕۆیشت، کاغەزەکەی لێک کردەوە و چاوی بە وێنەی پیاوێکی سپی کەوت کە سەری لار بۆتەوە و چاوی لەسەر یەک داناوە. وەنگ لانگ بە سەر سوڕمان و عەلاقەیەکی تایبەت، تەماشای وێنەی سەر کاغەزەکەی کرد، لە ژێر وێنەکە چەند دێرێک نووسرابوو، بەڵام بۆی نەدەخوێندراوە. شەو وێنەکەی بردەوە کەپڕۆکەکەی خۆیان و بە باوکی نیشاندا، ئەویش لێی حاڵی نەبوو، لەگەڵ دوو نەوەکەی سەریان پێکەوەنا و هەربەکەی مانایەکیان لێ



دەداوە. دوای ماوەیەک منداڵەکان بە خۆشحاڵی و سەر سوڕمانەوە قیژاندیان و گوتیان تەماشای خەریکە خۆێنی لەبەر دەڕوا! پیرەباب گوتی:

– حەتمەن پیاوێکی خراپ بووە، کە بەم چەشنە هەڵیان واسیوە.

بەڵام وەنگ لانگ لە حاڵێکدا لە کابرای خاریجی دەترسا، دەیگوت ڕەنگە یەکێک لە براکانی خۆی بێ و براکانی دیکەی بە تۆڵەی خوێنی وی ڕاپەڕیون. لەبەرئەوە تەمای گرت تازە تخوون ئەو شەقامە نەکەوێتەوە کە کاغەزیان دەداوەتێ.

دوای ئەوەی مەسەلەی کوتە کاغەرەکە، لەبیرچووەوە ئۆلان کاغەزەکەی پێچاوە و لەگەڵ کاغەزی دیکە لە بن کەوشەکەی درووە، بۆ ئەوەی لاقی نەی گرێ. بەڵام ئەوجار لاوێکی شار کاغەزێکی وێنەداری دایە کە خوێن و مەرگی لێ دەباری، بەو تۆفیرە کە ئەو شکڵی پیاوێکی سپی نەبوو، بەڵکو پیاوێک بوو وەک خۆی چاو و برۆ ڕەش و لیباس دڕاو. لەسەر تەرمی ئەو پیاوە، وێنەی پیاوێکی قەڵەو و چوارشانە کێشرابووەوە، کە بە خەنجەر لەشی ئەو بێچارەی هەموو ئەنجنیبوو! دیمەنێکی زۆر دڵتەزێنی هەبوو، وەنگ لانگ لە حاڵێکدا خەریک بوو ئەو دیمەنەی تەماشا دەکرد دەیگوت:

– خۆزگە دەمتوانی کاغەزەکە بخوێنمەوە.

کە ئاوڕی داوە پیاوێک لە پەنای ڕاوەستا بوو، ڕووی تێکرد و گوتی:

– دەتوانی ئەو دوو سێ دێرەم بۆ بخوێنیەوە و پێم بڵێی ئەو شتانە یانی چی؟

پیاوەکە گوتی:

– بێدەنگ بە و گوێ ڕاگرە، مامۆستا هەموومان بۆ دەخوێنێتەوە.

وەنگ لانگ دانیشت و گوێی گرت هەرچی دەیبیست بۆ وی زۆر تازە بوو. مامۆستاکە یەک بە خۆی دەی قیژاند و دەیگوت:

– ئەو وێنە مردووە، ئێوەن و ئەو پیاوە خوێن خۆرەش کە بە کێرد لە گیانتان بەربووە و بەزەیی بە تەرمەکەشتان دانایە، وێنەی سەرمایەدار و پووڵدارەکانە؛ تەنانەت بە مردوویش دەستتان لە کۆڵ ناکەنەوە.

لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:

– هیچ دەزانن کە بۆ ئێوە فەقیر و بێچارە و چارە ڕەشن؟ هۆی بنەڕەتی ئەو سەرمایەدارانەن، چونکە دەستیان بە سەر هەموو شتێکی ئێوە داگرتووە. بۆ ئەوەی

هەمیشە لە ژێر شەق و زللەی وان دابن و نەتوانن سەر هەڵبێنن.

وەنگ لانگ تێگەیی کە بۆ فەقیر و بێ ئەنوایە. بەر لەوەی لای وابوو کە هۆی فەقیری وی ڕۆژگارە؛ کە لە کاتی خۆیدا باران نابارێنێ یا ئەوەندە دەبارێ لە تام دەچێتە دەرێ. بە کورتی کاتێک حاڵی بوو کە هۆی هەژاری و دەس تەنگی وی پووڵدارەکانن، گوتی با بزانم ئەگەر باران لە وەختی خۆیدا نەبارێ سەرمایەدارەکان چ دەکەن؟ دوای ئەوەی ئەو لاوە لە قسەکانی خۆیدا مەبەستی وەنگ لانگی باس نەکرد و وەڵامی نەداوە. وەنگ لانگ غیرەتی دا بە خۆی و پرسی:

– ئاغا! ئەو پووڵدارانەی ئێمە دەچەوسێننەوە، لە دەستیان دێ باران ببارێنن و ئێمەش لەسەر زەوی خۆمان کار بکەین؟

کاتێک ئەو قسەی کرد لاوەکە گەمەی پێکرد و گوتی:

– ئەتۆ پیاوێکی ناحاڵی کە هێشتا بۆنی شیری خاوت لە زاری دێ و خەریکی پرچ داهێنانی. باران ئەگەر بۆ خۆی نەبارێ، کەس ناتوانێ بیبارێنێ، تازە ئەو مەسەلە بە ئێمە چی؟ ئەگەر سەرمایەدارەکان سەروەتی خۆیان لەگەڵ ئێمە نیوە بکەن، ئەو حەلە کەس پێویستی بە باران نابێ، چونکە هەموو لایەک پووڵ و خۆراکیان دەبێ.

دوای ئەوەی خەڵکەکە ئاڵۆز بوون و دەنگە دەنگ بەرز بووەوە، وەنگ لانگ بە نارەحەتی گەڕاوە و گوتی:

– ئەوانە بە جێگای خۆی، ئەدی چ لە زەوییەکەم بکەم؟ خۆ ئەو هەر ماوە. خۆ سەروەتەکەشیان لەگەڵ ئێمە نیوە کەن، ئەگەر باران نەبارێ ئەویش تەواو دەبێ و تووشی برسیایەتی دەبین.

لە پاشان ئەو کاغەزانەی کە لە لاوەکەی وەرگرتبوو هێنایەوە بۆ ئۆلان و گوتی:

– ها ئەوەش بڕێکی دیکە کاغەز بۆ نێو فەرشی کەوشەکەت.

وەنگ لانگ لە حاڵێکدا سوور بوو لەسەر بیر و بڕوای خۆی، تاقمێکی دیکە لە هاوسێیەکانی ڕاوەستابوون و گوێیان دابووەوە قسەی لاوەکە. بۆیە قسەی ئەو لاوەیان بە کەیفێ بوو، کە لەگەڵ پیاوە دەوڵەمەندەکە تەنیا دیوارێکیان لە بەین دابوو پێیان وابوو ئاخری ڕۆژێک بە دەست و بە دار دیوارەکە دەڕوخێنن و لێی وەژوور دەکەون.

نەبوونی باران لە لایەک و قسە و باسی دژ بە سەرمایەدارەکان لە لایەن لاوەکانەوە، نارەحەتی ئەوانی دوو بەرابەر کردبوو. هۆیەکەشی ئەوەبوو کە شەو و ڕۆژ کاریان دەکرد بەڵام قڕانێک بە پووڵەکەیان زیاد نەدەبوو و هەر لە جێگای خۆیان بوون و چاو لە دەست! وردە وردە دڵی لاوەکان وەک دەریا مەوجی دەدا و کەس خۆی لەبەر ڕانەدەگرت. بەڵام وەنگ لانگ سەرەڕای ئەو هەموو هاوار و تووڕەییەی خەڵک جگە لە مووچە و مەزراکەی خۆی بیری لە هیچی دیکە نەدەکردەوە.

وەنگ لانگ لە پێشدا هەموو شتێکی ئەو شارەی پێ سەیر و غەریب بوو! ئەو جار شتێکی تازە سەرنجی ڕادەکێشا کە بە چاکی لێی حاڵی نەبوو. ڕۆژێک بە دوای مشتەریدا دەگەڕا، تەماشای کرد کە ئەوە بە چەند سەرباز پیاوێکیان گرتووە. کاتێک پیاوەکە ڕەخنەی گرت، هەڵیانکێشا سەرە نێزە و هەڕەشەیان لێکرد. وەنگ لانگ خەریک بوو تەماشای ئەو دیمەنەی دەکرد، کەچی تاقمێکی زۆریان گرت و وەپێش خۆیاندان. یەکێک لەو گرتووانە هاوسێیەکی وەنگ لانگ بوو کە ئەویش وەک هەزاران لێقەوماوی دیکە، بە سەد حەولەوەلا، لە سووچێکی دیواری گەورەی شار کەپرۆکێکی بۆ خۆی پێکەوە نابوو. وەنگ لانگ تێگەیی کە ئەو چارە ڕەشانە وەک خۆی لە هەموو شتێک بێ خەبەر و بێ تاوان گیراون. کاتێک ئەوەی چاو پێکەوت بە پەلە داشقەکەی بردە کووچەیەک و خۆی لە ئاوردانی حەمامێکدا حەشاردا تا سەربازەکان ڕۆیشتن. لە پاشان لە کرێکاری حەمامەکەی پرسی:

– ئەوە چ خەبەرە و بۆ خەڵک دەگرن؟

پیاوەکە لە حاڵێکدا لەبەر دوکەڵ و هەڵم و گەرما لەشی هەموو ڕەش و چرچ ببوو گوتی:

– دەبێ لە جێگایەک شەڕ دەستی پێکردبێ، کەسیش نازانێ ئەو شەڕە لەبەر چیە؟

بەڵام لە منداڵییەوە وەبیرم دێ، کە تاکو ئێستا هەر شەڕ و شووڕ و ئینقلاب و بگرە و بەردە بووە و دڵنیام تا دەمرم وەزع هەروادەبێ.

وەنگ لانگ بە سەر سوڕمانەوە پرسی؟

– ئەدی بۆ ئێمەی بێ تاوان دەگرن؟! خۆ لە بارەی ئەو شەڕەدا لە هیچ جێگایەک هیچمان نەبیستووە.

پیاوە پیرەکە گوتی:

– ئێوە بۆیە دەگرن تا تفەنگ و شتومەکی نیزامیتان پێ هەڵگرن. ئەتۆ خەڵکی کوێی؟

ئەوە شتێکی تازە نییە لەو شارەدا!

وەنگ لانگ گوتی:

– ئاکامەکەی چییە و چ سوودێکی هەیە؟ چەند کرێ دەدەن؟

کابرای حەمامچی کە لەبەر کاروباری خۆی نەدەپرژا سەر ئەو شتانە بە حاڵەتێکی بێ تەفاوەت گوتی:

– وا چاکە قسە لە کرێ نەکەی، خوداخودات بێ زگت تێر کەن و بتوانی بە پێیان بگەڕێییەوە.

وەنگ لانگ گوتی:

– ئەدی ژن و منداڵەکەمان چی؟

کابرای حەمامچی لە حاڵێکدا ملی خوار کردبووەوە و تەماشای مەنجەڵەکەی دەکرد گوتی:

– ئەوانە بەزەیییان بەکەس دا نایە.

هەرچەندە ئەو پیاوە سەر و چاوی بە دوکەڵ داپۆشرابوو، زۆر ساکار و لەسەردڵان بوو. دوای ماوەیەک سەربازەکان دووبارە گەڕانەوە و دەستیان کرد بە ڕەش بگیر. وەنگ لانگ پێی وابوو مەسەلە تەواو بووە بەڵام پیاوەکە گوتی:

– ڕاوەستە دووبارە دەگەڕێنەوە.

وەنگ لانگ لە ترسان خۆی شاردەوە تا سەربازەکان ڕۆیشتن. لە پاشان هاتە دەر،داشقەکەی دەست دایە و بە غاردان خۆی گەیاندەوە کەپرۆکەکەی خۆی. ڕووداوەکەی لە نووکەوە بۆ ئۆلان گێڕاوە کە بە چ فێڵ و تەڵەیەک خۆی نەجات داوە. وەنگ لانگ بە گێڕانەوەی ڕووداوەکەش لە ترسان دەلەرزی، چونکە پێی وابوو ئەگەر بچێ بۆ شەڕ بنەماڵەکەی لە برسان دەمرن و چاوی پێیان ناکەوێتەوە! هەروەها بۆ خۆشی لە وڵاتی غەریبی دەمرێ و چاوی بە زەوییەکەی ناکەوێتەوە، زۆر ناڕەحەت بوو، بە ژنەکەی گوت:

– دەڵێم منداڵەکەم بفرۆشم و بگەڕێمەوە سەر مووچە و مەزراکەی خۆم.

ژنەکەی گوتی:

– چەند ڕۆژی دیکەش دەست ڕاگرە، بزانین ئاخریکەی بە کوێ دەگا.



وەنگ لانگ بە قسەی ژنەکەی ئەو ڕۆژە وەدەر نەکەوت بەڵام داشقەکەی بە کوڕەکەیدا ناردەوە بۆ خاوەنەکەی. لە پاشان بۆ خۆشی بە نیوەی ئەو پووڵەی کە لە داشقەکەی وەدەستی کەوتبوو لە حەمبارەکان دەستی بە کار کرد. کاری ئەو جارەی زۆر قورس و گران بوو، لەگەڵ هاوکارەکانی لە بەیانی ڕا تا بەتلێیک لە شەو دەچوو واگۆنییان بە دوای خۆیاندا دەکێشا. تۆپە پارچە و تا لۆکەی تاجرەکانیان دەگوێزتەوە. سەرەنجام لە ناڕەحەتیان دەنگیان بەرز بووەوە و وەگیان هاتن. بە شەویش ڕانەدەوەستان بە ڕووتی و پێخواسی فانووسێکیان لە دەست منداڵێکی دەنا و بۆخۆشیان داشقەکەیان بە کەندرێک لە خۆ دەبەست وەڕێ دەکەوتن.

وەنگ لانگ مەلابانگدان ماندوو مردوو دەگەڕاوە کەپرۆکەکەی خۆی! ئەوەندە ماندوو دەبوو نانیشی بۆ نەدەخورا! ناچار دوای کەمێک خەوتن هەڵدەستا و کەمێکی نان دەخوارد. بە ڕۆژیش لە ترسی سەربازەکان لە گۆشەیەکی کەپرۆکەکەی خۆی دەشاردەوە و دەخەوت. وەنگ لانگ لە باری چۆنیەتی ئەو شەڕە کە لە کوێیەو بۆچی و چلۆن دەڕواتە پێش و کێ و لەگەڵ کێ بەشەڕ دێ، بێ خەبەر بوو!

بە هاتنی بەهار ترس و لەرز شاری داگرت ڕۆژ تاکو ئێوارێ بە داشقە و کالیسکە شتومەک و کەلوپەل و نوێن و بانی ئەعیان و ئەشرەفەکانیان ڕادەگوێزت. وەنگ لانگ بە ڕۆژ وەدەر نەدەکەوت بەڵام کوڕەکانی دەچوونە شەقامەکان و بەسەر سوڕمان دەگەڕانەوە کەپرۆکەکەی خۆیان و دەیانگوت:

– فڵان و فڵانمان لە شەقامەکان چاوپێکەوتووە! تووشی پیاوێک بووین قەڵەو وەک خودای نێو پەرسگە بە دوو سێ گەز پارچە ئاوریشمی زەرد خۆی داپۆشیبوو! قامکەکانیشی پڕ بوون لە ئەنگوستیلە و شتی دیکەی زینەتی! هەروەها ئەوەندە قەڵەو بوو پێستەکەی لە دوورەوە ترووسکەی دەهات.

کوڕە گەورەکەی دەیگوت:

– ئەوەندەم پرێسکە و چەمەدان چاو پێکەوتووە مەپرسە! پرسیم ئەوانە چییان تێدایە؟ یەکێک گوتی پڕن لە زێڕ و زیو! بەڵام پووڵدارەکان ناتوانن هەموویان لەگەڵ خۆیان بەرن، ڕۆژێک ئەوانە دەبنە ئی ئێمە.

بە باوکی گوت:

– پێم بڵێ بزانم مەبەست لەو قسە چ بوو؟

دوای ئەوەی کوڕەکەی بە پرسیاران باوکی داگرت، وەنگ لانگ بە توندی وەڵامی داوە و گوتی:

– من چووزانم کابرایەکی لۆتی و بەڕەڵڵا چی گوتووە؟

کوڕەکە بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

– ئەگەر بڕیارە ببێتە ماڵی ئێمە، هەر ئێستا با بچین و دەستی بەسەردا بگرین. زۆر تامەزرۆی ئەوەم کەمێک نانی شیرینی بخۆم؛ چونکە تاکو ئێستا تامم نەکردووە.

پیرەباب هەرچەند خەوتبوو، بەڵام کاتێک ئەوەی بیست سەری هەڵێنا و بە دەم خەوەوە گوتی:

– ئێمە کاتێک بەر و بوو و خەلە و خەرمانمان چاک دەبوو، ئەو شتانەمان بۆ پاییزێ دروست دەکرد.

بە شوێن ئەوەدا وەنگ لانگیش ئەو شیرنیانەی وەبیر کەوتەوە کە ئۆلان بە ئاردی برینج و ڕۆن و شەکر بۆ جەژنی ساڵی تازە دروستی کردبوو. لە حاڵێکدا زاری پڕ ببوو لە ئاو، خۆشی دەورانی ڕابردوو تەئسیری لەسەر دانا و گوتی:

– خۆزگە ئێستا لەسەر زەویوزاری خۆمان باین، هەر ئەوەندە بتوانین بگەڕێینەوە هەموو شتێک جێ بەجێ دەبێ.

لە پاشان کەپرۆکەکەی وا لەبەر چاوکەوت، لێی ببووە دێو و درنج و نەیدەتوانی ڕۆژێکی دیکە خۆڕاگرێ. چونکە کەندری داشقەکەی نێو قەدی هەموو ڕەش و شین هەڵگێڕابوو، برینی لێ سارد ببووەوە و لە نارەحەتیان دار و دیوار و شمەکەکانیشی لێ ببووە دوژمن! لە هەموو شتێک بێزار بوو بەتایبەت کاتێک باران دەباری جگە لەوەی داشقەی بۆ لە دوای خۆی نەدەکێشرا، خۆشی لێ دەبووە بار و لاقی بە عەرزەوە بەند نەدەبوو! پێی وابوو هەموو شتێک پێی دوژمنە! لەو بیر و باوەڕەدا بوو کە لە ناکاو هەرای کرد و گوتی:

– ئاخ مووچە جوانەکانم!

لە پاشان دەستی کرد بە گریان؛ چۆن گریانێک! وەک سێلاو ئاو بە چاوانیدا دەهاتە خوار. منداڵەکان واقیان بردەوە! پیرەبابیش کاتێک چاوی بە وەنگ لانگ کەوت خۆی بۆ ڕانەگیرا. بەڵام ئۆلان بە ئارامی گوتی:

– ئەگەر سەبر بکەین و حەوسەلەمان بێ، ئاڵوگۆڕیک بەدی دێ.



ئەوە قسەی ڕۆژ بوو، کە پێکتریان دەگوت. وەنگ لانگ لە حاڵێکدا بە لارەملی لە سووچێکی کەپرۆکەکەی دا مابوو گوێی لە دەنگی لاقی ئەو سەربازانە دەبوو، کە دەڕۆیشتن بۆ شەڕ. جاری وابوو حەسیری بەر دەرگای کەپرۆکەکەی لادەدا و ڕێچکەی سەربازەکانی دەدیت کە دوو دوو، بیست بیست و هەزار هەزار بە دڵ تەنگی و پەشۆکاوی دەهاتن و دەڕۆیشتن. بە شەو دەیدیتن بەڵام نەیدەوێرا خۆیان لێ ئاشکراکا و قسەیان لەگەڵ بکا و شتیان لێ بپرسێ. بە ناچاری سەری بەرداوە و خۆی لێ نەدیو دەکردن. هەروەها ڕۆژانەش لە پشت حەشارگایەک خۆی دەشاردەوە، لەو سەر و بەندەدا کەس نەدەوێرا لەگەڵ کەس ڕاوەستێ! ماتەمێکی گەورە شاری داگرتبوو، خەڵک بە پەلەپەل و نیگەرانێکی زۆر کارەکانیان ئەنجام دەدا! ئەویش خۆی لە سووچێک دەخزاند و دەرگای لەسەر خۆی دادەخست.

لەبەر بەربەڕۆچکە و دەوروبەری کەپرۆکەکانیش وەک جاران نە کۆ بوونەوەیەک بوو، نە دەردی دڵ کردنێک! وڵات دەتگوت چۆڵە و زیندەوەری تێدا نەماوە. دووکانەکانی بەرازفرۆشیش بێ گۆشت ماوە. پارچە فرۆشەکان لە حاڵێکدا دووکانەکانیان وەک کۆلکە زێڕینە بە پارچەی جۆربەجۆر ڕازاندبووەوە بە قفڵێکی زەلام دەرگاکانیان گاڵە دابوون. پیاو ئەگەر بە وێدا دەڕۆیی سامی دەکرد و دەترسا.

لە گۆشە و کەناری شار قسە لەوە دەکرا، کە دوژمن خەریکە دێتە خوار، ئەوانەی کە شتێکیان هەبوو لە ترسان دەست و پێی خۆیان نەدەناسییەوە. بەڵام وەنگ لانگ و زنج نشینەکان لە هیچ نەدەترسان. چونکە نە دوژمنیان دەناسی و نە شتێکیان هەبوو لە دەستی دەن، تەنانەت لە گیانی خۆشیان وەڕەز بوون. دوژمن هاتبا نەهاتبا بۆ ئەوان وەک یەک وابوو؛ چونکە هەرچییەک با وەزعیان لەوە خراپتر نەدەبوو.

بەڵام بەو حاڵەش خەڵک ڕاوەستانیان نەبوو، خەریکی کاروباری خۆیان بوون و کاریان پێکتر نەبوو. سەرەنجام خاوەن کالاکان کرێکارەکانیان جواب کرد و گوتیان تازە پێویستیمان بە ئێوە نەماوە، چونکە هیچ کەس شت ناکڕێ. بەم چەشنە وەنگ لانگ دووبارە بێکار کەوتەوە و ناچار لە کەپرۆکەکەی خۆی دانیشت. لە سەرەتاوە بەو وەزعە خۆشحاڵ بوو، چونکە زۆر ماندوو دەبوو، بەڵام لە لایەکیشەوە نارەحەت بوو لەوەی کە بێکار بەڕێ نەدەچوو. جگە لەوەش ڕۆژێک خەبەریان دانێ و گوتیان ئاشپەزخانەکانی گشتی تەعتیل بوون، چونکە ئەوانەی یارمەتی فەقیرەکانیان دەکرد لە ترسان خۆیان

شاردوەتەوە. بە کورتی نە خواردەمەنی بوو نە کار. تەنانەت لە کووچە و شەقامەکانیش کەس بە دەرەوە نەبوو کە بتوانن لانی کەم دەست بکەنەوە بە سواڵکردن.

وەنگ لانگ کاتێک ئەوەی زانی کچەکەی لە باوەش گرت. ماوەیەکی زۆر تێیەوەڕوانی و لە پاشان گوتی:

– بچکۆلانەی من پێت خۆشە بچیە ماڵێکی گەورە، نان و ئاو و خۆراک و شتومەکت بدەنێ و ڕووت و ڕەجاڵە نەمێنی؟

کچەکە لەبەرئەوەی نەیدەفامی لە باوکی حاڵی نەدەبوو، نەیدەزانی چلۆنی وەڵام بداتەوە بزەی هاتە سەر لێو و دەستی بەسەر و چاوی وەنگ لانگ داهێنا. وەنگ لانگ کاتێک ئەوەی چاوپێکەوت خۆی بۆ ڕانەگیرا بە ژنەکەی گوت:

– بڵێ بزانم تۆش لەو ماڵە گەورە کوتەکت دەخوارد؟

ژنەکەی لە وەڵامدا گوتی:

– بەڵێ هەموو ڕۆژێ لێیاندەدام.

وەنگ لانگ گوتی:

– بە چ شتێک لێیاندەدای؟ بە کەندر و دارحەیزەران؟

ژنەکەی گوتی:

– نەخێر بە قامچی ئێستر.

وەنگ لانگ دەیزانی کە ژنەکەی لە مەبەستی وی حاڵی بووە بەڵام قسەی ئاخریشی ئەوە بوو گوتی:

– لە منداڵی ژیکەڵە و جوان خەپەتۆڵەش دەدەن؟

ژنەکەی گوتی:

– یا کوتەک دەخۆن یا پیاویان لە باڵ دەکەن؛ ئەوە بەستە بە مەیلی خانە. ئەویش نە یەک و دوو هەرچەندی پێیان خۆش با. جحێڵەکانیان، لەسەر شتی وا لێیان دەبووە کێشە و ناخۆشی. هەریەک بەوی تری دەگوت ئەوشۆ بۆ من و سبەی شەو بۆ تۆ. کاتێک ئاغاوەتەکە تێر دەبوون نۆبە دەگەیشتە ڕەنجبەرەکان و پاشماوەی خانەکانیان لە خۆیان دابەش دەکرد! جاری وابوو ئەوانیش لێیان دەبووە کێشە و پێک هەڵدەپرژان. کڵفەتی منداڵ و جوان ئەوەی بە سەر دەهات و تووشی ئەو ڕۆژە ڕەشە دەهات.



لە پاشان وەنگ لانگ منداڵەکەی لە باوەش گرت و گوتی:

– ڕۆڵە گیان! ڕۆڵەی چکۆڵە و نەزانی من.

بەڵام چی لە دەست نەدەهات. زۆر ناڕەحەت بوو، لەبەر خۆیەوە ورێنەی دەکرد و دەیگوت: «چ بکەم تازە چارە نییە». لەوپەڕی ناڕەحەتی دابوو کە لە ناکاو دەنگێکی ترسێنەر وەک دەنگی هەورە تریشقە، تەواوی وڵاتی داگرت. بێ ئیختیار لەسەر عەرزی ڕاکشان، چونکە پێیان وابوو هەموویان فلچ بوونەوە و کوژراون. وەنگ لانگ لە حاڵێکدا نەیدەزانی ئاکامی ئەو دەنگە دەبێتە چی دەستی بە سەر و چاوی منداڵەکەی داگرت! لە پاشان پیرەباب بە سرتە بە گوێی گوت:

– ئەوەندەی وەبیرم دێ دەنگی وام نەبیستووە.

دوو کوڕەکانیش لە ترسان بێدەنگ نەدەبوون، بەڵام دوای ئەوەی وڵات ئارام بووەوە ئۆلان سەری هەڵێنا و گوتی:

– ئەوەی لە پێشدا بیستبووم هاتە جێ، دووژمن دەروازەی شاری شکاندووە.

بەر لەوەی کەسێک وەڵامی بداتەوە، هەرا و هۆریا لە نێو شار دەستی پێکرد. دەنگەکە هەر دەهات و نزیک دەبووەوە، لە سەرەتاوە وەک ویزەی دەنگی بایەک دەچوو کە مزگێنی تۆفان دەدا، بەڵام وردە وردە گەورەتر بووەوە و بوو بە نەعرەتە و تەواوی کووچە و شەقامی شاری داگرت.

وەنگ لانگ دەستەوئەژنۆ لە کەپرۆکەکەی خۆی دانیشت، لە حاڵێکدا بە سەر سوڕمانەوە تەماشای یەکتریان دەکرد، چاوەڕوانی شتێک بوون کە نەیاندەزانی چییە؟ ئەوەی کە مەعلوم بوو تەنیا دەنگەدەنگ و نەعرەتە کێشان بوو. لە پاشان لە پشت دیوارەکەوە گوێی لە دەنگی دەرگا گەورەکە بوو کە دیار بوو بەزۆر دەیانکردەوە. چاوی بە پیاوێک کەوت سەری هێنا نێو کەپرۆکەکە و گوتی:

– ئەوە بۆ بێدەنگ دانیشتووی؟ ماڵتە خۆ تۆ لە گوێی گادا نەخەوتووی؟ کاتی ئەوە هاتووە کە خۆ کۆ کەینەوە، هیچ دەزانی دەرگای پووڵدار و دەوڵەمەندەکان کراوە.

ئۆلان ئەوەی کە بیست، ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو خۆی گەیاندە وێ. لە پاشان وەنگ لانگ هەستا کچەکەی لە سووچێک دانا و دەرکەوت. تەماشای کرد خەڵکێکی زۆر بەرەو دەرگای گەورەی ماڵەکانی شار هاوار دەکەن و دەڕۆنە پێش! جار لەگەڵ جار دەنگیان

هەڵدێنا و نەعرەتەیان بەتاڵ دەکرد، بەچەشنێکی ئەوتۆ کە لە کووچە و شەقامەکان دەنگی دەداوە.

وەنگ لانگ تەماشای دەکرد کە بەر دەرگای ئەو ماڵە گەورانە پڕن لە ژن و پیاوی بێسەواد و برسی و زەحمەتکێش و حەول دەدەن خۆ بگەیننە ژوور. هەروەها چووەوە نێو خەڵکەکە بزانێ چ خەبەرە، هەرچەند نەیدەزانی چ دەکا بەڵام دەرەتانیشی نەبوو بێتەوە دەر. واقی وڕ مابوو، خەڵکەکە ئەوەندە زۆر بوو کەس خۆی لەبەر ڕانەدەگرت، دوای ماوەیەک تەماشای کرد ئەوە خەریکە لە دەرگای ماڵە کابرایەکی دەوڵەمەند دەڕواتە ژوور. دەتگوت حەیوانی برسین بە نەعرەتە کێشان حەوشە بە حەوشە دەچوونە ژوور بەڵام ماڵەکان کەسیان تێدا نەمابوو دەتگوت کاولاشن هەروەها تۆزی مەرگیان لێ نیشتبوو! هەرچەند دار و دیوارەکان تێک ڕووخابوون بەڵام لە کەلێنی بەردچنی باغەکان گوڵی سۆسن و زەنبەق سەریان دەرهێنابووە دەر. دەوڵەمەندەکان هەر ئەوەندەیان بۆ کرابوو کە خۆ دەرباز کەن، سەرەڕای ئەوەی سفرە نانیان بەجێ هێشتبوو ئاشپەزخانەشیان هەروا بەشپرێوی بەجێمابوو.

خەڵک وەک ماڵە خۆیان بە هەموو کون و قوژبنی ماڵە گەورەکانیان ئاشنا بوون و زۆر زوو لە وەتاغی خزمەتکار و کڵفەتەکان تێپەڕین و خۆیان گەیاندە دیوەخانەکان و وەتاغی خەوی خاتوون و خانزادەکان پڕ بوون لە سندووقی سوور و ڕەشی زێڕ و زیو، هەروەها چەمەدانی پڕ لە ئاوریشم. دار و دیواری ئەو وەتاغە ئەوەندە جوان بوو دڵێک و هەزار دڵ ئاشقی دەبوو! لە تاریف نایە کە چەند جوان ڕازابوونەوە.

خەڵک وەک تالانکەری چ نەدیو، هورژمیان بردە سەر شتەکان. هەر کە مجرێک یا چەمەدانێکیان دەدیت، هەزاران دەست درێژ دەکرا و لێکتریان دەڕفاند! جاری وابوو شتەکانیان لە نێو دەستاندا پرش و بڵاو دەکرد! کەس بە سەر کەسەوە نەبوو هەو کەس لە بیری خۆیدا بوو! بەڵام وەنگ لانگ تەنیا کەسێک بوو کە دەستی بۆ هیچ نەبردبوو، چونکە لە ماوەی ژیانیدا شتی خەڵکی دەست نەدابوویە و ئێستاش نەیدەتوانی عادەتی لە مێژینەی خۆی تەرک بکا. بەم هۆیە لە سەرەتاوە لە نێو سێڵاوی خەڵکەکە ڕاوەستا بێ ئەوەی بۆ خۆی بیهەوێ بە هۆی پاڵەپەستۆی خەڵک بەم لاو ئەولادا دەکەوت. دوای ئەوەی هۆشی هاتەوە بەر خۆی و دڕی بە خەڵکەکەدا و لە سووچێک ڕاوەستا تەماشای کرد دەرگای پشتەوەش ئاواڵەیە. ئەو دەرگایەک بوو کە گەورەکان ئاگاداریان لێ دەکرد بۆ



ئەوەی ڕۆژی لێقەومان کەڵکی لێ وەرگرن و بەوێدا هەڵێن، هەر لەبەرئەوە نێویان نابوو دەروازەی ئاشتی. بێگومان هەموویان لەو دەروازەڕا ڕایانکردبوو و لە گۆشە و کەناری شەقامەکان خۆیان وەپەنا دابوو بۆ ئەوەی سێلاوی ئەو خەڵکە تەماشاکەن کە چلۆن کەوتوونە نێو وەتاغ و بارەگاکانیان.

یەکێک لە خانەکان لەبەر قەڵەوی و مەستی نەیتوانیبوو خۆی دەرباز کا، لە هەلێک دەگەڕا و خۆی نەجات دا، بەڕاستی سەری لێ شێوابوو. جگە لەوەش دەتگوت بە ڕووتی خەوتووە یا لەگەڵ ژنێکی جوان و قەڵەو خەڵوەتیان کردووە! گۆشتی چین چین بە سەر مەمکیدا بەر ببوونەوە و چاوی هەر زیتەزیتی بوو. کاتێک چاوی بە وەنگ لانگ کەوت وەک خەنجەری لێدەن وابوو یەک بە خۆی زیڕاندی. وەنگ لانگ زۆری پێ سەیر بوو، ئەوەندە پێکەنی بێ ئیختیار کەوت! بەڵام پیاوەکە لە ترسان ئەژنۆکانی نووشتانەوە دەستی کرد بە پاڕانەوە و گوتی:

– بێچارە و بێ پەنام مەمکوژە، پووڵم زۆرە هەرچەندی بتەوێ دەتدەمێ، نەجاتم دە! وەنگ لانگ بە بیستنی وشەی پووڵ بووژاوە، وەزعی خۆی هەڵسەنگاند و گوتی:

– پووڵ؟

ئەوەندەی خودا حەز دەکا موحتاجی پووڵ بوو. دووبارە نوقمی بیرکردنەوە بوو، وەک ئەوە دەچوو کەسێک بڵێ بە پووڵ منداڵەکەت نەجاتی دەبێ و دەتوانی بگەڕێیەوە سەر زەویوزاری خۆت. بەم چەشنە گوتی:

– ئەدی بۆ ڕاوەستاوی؟ پووڵەکەم بدەیە!

پیاوەکە لە حاڵێکدا دەگریا دەستی بۆ گیرفانی برد مستێکی پووڵی زیو لە پێش وەنگ لانگ ڕاگرت، وەنگ لانگ ئاتەگی کەواکەی بۆ ڕاگرتەوە و تێی هاویشت.

لە پاشان وەنگ لانگ گوتی:

– زیاترم بدەیە.

پیاوەکە بە گریانەوە مستێکی دیکەی دا بە وەنگ لانگ و گوتی:

– لەوە زیاتر شک نابەم.

لە پاشان دەستی کرد بە نووکە نووک و فرمێسکی هاتنە خوار. وەنگ لانگ لە حاڵێکدا خەریک بوو تەماشای شین و واوەیلای کابرای دەکرد، تەماشای کرد سەبارەت بە

کابرا وەزعی گۆڕاوە، حەزی نەدەکرد لێی نزیک بێتەوە و گوتی:

– هەرچی زووترە لە پێش چاوم ون بە، دەنا دەتکوژم!

ئەو قسـە بۆ وەنگ لانگ زۆر سـەیر بوو، چونکە لە دەستی نەدەهات مـاڵاتیش سـەر ببڕێ. پیاوەکە کاتێک ئەوەی گوێ لێ بوو، وەک سەگ کلکی لە گەڵۆزی گرت و هەڵات. لە پاشان وەنگ لانگ بێ ئەوەی بزانێ پووڵەکە چەندە لە گیرفانی هاویشت و گەڕایەوە کەپرۆکەکەی خۆی.

پووڵەکانی بە خۆیەوە کوشی و گوتی: «ئەوجارە دەگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان سبەینێ وەرێ دەکەوین».



## ١٥

دوای ئەوەی گەڕانەوە، وەنگ لانگ وا سەرگەرمی کاروباری خۆی بوو دەتگوت قەت زەویوزاریشی بەجێ نەهێشتووە. کاتی گەڕانەوە لە جنووب بایی شەش سکەی زیوی تۆوی گەنم و برینج و سەرداری کڕی، هەروەها تۆوی سەوزی دانەوێڵەی وەک کەلەم و توور و... کڕی.

پێش ئەوی بگەنەوە تووشی مووچەیەک بوون. کابرای خاوەن مووچە گایەکی زۆر چاکی هەبوو، وەنگ لانگ ئاشقی گایەکە بوو و گوتی:

– هەرچەند گایەکەت بێ حاڵە و بە کار نایە، بەڵام لەبەرئەوەی پێویستم بە گایە و بەو پەلە پەلە گای دیکەم وەدەست ناکەوێ دەمەوێ لێت بکڕم. بە پووڵی زیو، گایەکەت بە چەندی دەدەی؟

کابرای ئامپا وەڵامی داوە و گوتی:

– حازرم ژنەکەم بفرۆشم بەڵام گایەکەم نافرۆشم، چونکە زۆری لێ ڕازیم. بۆ دەیفرۆشم خۆ شێت نەبووم!

بەم جۆرە گوێی نەدا قسەی وەنگ لانگ. وەنگ لانگ بە ڕادەیەک ئاشقی ئەو گایە ببوو پێی وابوو ئەو دنیایە گایەکی تێدا و ئەویش گای کابرایەیە. لە ئۆلان و باوکی پرسی:

– گایەکەی چۆنە؟ بە کاردێ؟

پیرەباب تەماشای کرد و گوتی:

– خراپ نییە چاک خەساوە.

ئۆلان گوتی:

– ساڵێک پیرتر لە تەمەنی خۆی بەر چاو دەکەوێ.

بەڵام وەنگ لانگ کاری بەو قسانە نەبوو، تازە دڵی گرتبووی و لە کارەکەشی ڕازی بوو، چونکە دەیتوانی بەو گایە هەم زەوییەکانی دابچێنێ، هەم ئاشەکەی پێهەڵسووڕێنێ و زمهەری زستانیشی پێداخا، بە کورتی لە کابرای چووە پێش و گوتی:

– پیاوی چا بە پێم بفرۆشە، زەرەر ناکەی ئەوەندەت پووڵ دەدەمێ کە بتوانی بە دڵخوازی خۆت گایەکی دیکە بکڕی و پووڵێکیشت بۆ بمێنێتەوە.

سەرەنجام دوای گێرە و کێشەیەکی زۆر، بە زیاتر لە قیمەتی خۆی گایەکەی لە دەست کابرا هێنا دەر. وەنگ لانگ لەبەرئەوی دڵی بە گایەکەوە بوو، پووڵی وەبەر چاوی نەهات! خێرا پووڵەکەی لە دەست کابرا نا و پەتێکی لە ئەستۆی کرد و وەدوای خۆی دا.

کاتێک گەیشتنەوە ماڵە خۆیان تەماشای کرد هیچ شتێک لەسەر جێگای خۆی نەماوە، تەنانەت دەرگایان لە ڕێسمە دەرهێنابوو، دار و پوش و پەلاشی خانووبەرەکەشیان شوێنەواری لە هیچ کوێ دیار نەبوو، هەروەها ئەو هەموو کەلوپەلی دیکەی کشتوکاڵی وەک پێمەڕە، درمغ و کەو و بێژینگ، بە کورتی جگە لە چوار دیوارەکە هەموو شتێکیان بردبوو؛ کە ئەویش بە هۆی شڵێوە و بەفر و باران هەموو تلیسابووەوە.

وەنگ لانگ لە سەرەتاوە پێی سەیر بوو، بەڵام لە پاشان چوو بۆ شار نیر و ئامووڕێک و دوو درمغ، هەروەها چەند پێمەڕە و حەسیری کڕی و گەڕاوە! پێش هەموو شتێک بە حەسیرەکان خانووەکەی داپۆشی و لێک کۆبوونەوە. بەرەبەری ڕۆژئاوابوون لەبەر دەرگای ماڵەکەی ڕاوەستا و چاوی لە زەوییەکانی دەکرد کە بە هۆی بەفر و باران کەشاو کرابوون وەگا هاتبوون. وردە وردە بەهار نزیک بووەوە و دەنگی بۆق لە گۆلاوان بەرز بووەوە، هەروەها دارحەیزەرانەکان بە شنەی بای بەیانان وەک بێشکە ڕادەژان و دەجووڵانەوە لە لایەکی دیکەشەوە دار پشکووتن و وڵات وەک بەهەشت خەملی.

وەنگ لانگ لە سەرەتاوە تا ماوەیەکی زۆر حەزی نەدەکرد چاوی بەکەس بکەوێ، پێی خۆش بوو تەنیا بێ. نەدەچووە ماڵە هیچ کەس، جگە لەوەش کاتێک خەڵکی ئاوایی واتە ئەوانەی لە قاتی و قڕی بە سەلامەتی نەجاتیان ببوو دەهاتنە لای، ڕووی نەدەدانێ و خۆی دەگرت یا بە قەڵسی لێی دەپرسین:

– کێ دەرگای ماڵی ئێمەی دەرهێنا؟ کێ درمغ و پێمەڕەکەی بردووین؟ کام لە ئێوە ئاورتان بە ئالاش و قامیشی ماڵەکەمان کرووەتەوە؟

کەس نەبوو وەستۆی بگرێ، جگە لەوەش خۆیان وەک ئینسانێکی بە شەڕەف و ڕاست و دروست پێشان دەدا. لە پاشان یەکێکیان وەقسە هات و گوتی:

– بوختانێ بەکەس مەکە؛ کاری مامت بووە.

یەکێک دەیگوت:



– ئەوە کاری یەکێک نییە و ناتوانین بڵێین فلانە کەس ئەوەی کردووە. چونکە لەو قاتی و قڕییەدا هەموو کەس دزی کردووە.

ڕۆژێک چینگی هاوسێیان بە ملکەچی و لارەملی هات بۆ سەردانی و گوتی:

– ئەو زستانە ماڵەکەت پڕ بوو لە دز و هەموو شەوێ ئاواییان تالان دەکرد، دەڵێن مامت ئەوانی زۆر چاک دەناسی. بەڵام لەو ڕۆژانەدا کەس نەیدەتوانی پیاوی ڕاست و دروست لێک کاتەوە، من بەش بە حاڵی خۆم ناتوانم کەس تاوانبار کەم.

چینگ ئەوەندە بێ تاقەت بوو، ببووە ئێسک و پێست و چاوی بستێک لە قووڵەوە چوبوون! دەتگوت پیاوی حەفتا ساڵەیە! سەر و ڕدێنی هەموو سپی ببوو دەتگوت مشکە لە کەندووی ئاردی کەوتووە! وەنگ لانگ زۆری بەزەیی پێدا دەهات و پرسی:

– تۆ وەزعت لە ئێمە خراپتر بووە! لەو ماوەدا چت خواردوە؟

پیاوە فەقیرەکە هەناسێکی هەڵکێشا و بە دەنگێکی کز گوتی:

– چت لێ وەشارم، وەک سەگ بە کووچە و کۆلانان‌دا دەگەڕام و لە سەتڵی زبڵی بەر دەرگاکان ملۆمۆم دەکرد! تەنانەت سەگی تۆپیویشم خواردووە، جارێکیان ژنەکەم بەر لەوەی بمرێ گۆشتی لێ نابوو، لەبەر دەس تەنگی لە خۆم ڕانەدی لێی بپرسم گۆشتی چییە؟ بەڵام ئەوەم دەزانی کە بۆ خۆی دەسەلاتی ئەوەی نییە هیچ شتێک سەر ببڕێ، هەر چی دەمانخوارد لە کووچە و کۆلانان هەڵماندەگرتەوە. دوای ماوەیەک خێزانم لە برسان عومری درێژی دا بە ئێوە و مرد، منیش ناچار بۆ ئەوەی کچەکەشم لە پێش چاوی نەمرێ دام بە سەربازێک.

لە پاشان کەمێک ڕاوەستا و گوتی:

– ئێستا بێکار ماومەوە، تۆوم نییە بیچینم.

وەنگ لانگ گوتی:

– وەرە با بڕۆین.

لەگەڵ خۆی برد و بڕێکی لە تۆوی خۆی دایە کە لە جنووب هێنابووی. بە کورتی لە هەر یەکەی کەمێکی دایە و پێی گوت:

– جارێ ئەوانە بەرەوە، سبەینێش بە جووت و گای خۆم زەوییەکەت بۆ دادەچێنم.

لە پاشان چینگ دەستی کرد بە گریان، وەنگ لانگ دڵخۆشی داوە و گوتی:

– پێت وایە چاکەی تۆم لە بیر دەچێتەوە؟ نەخێر لەو پیاوانە نیم کە سپڵە بم. قەتم ئەو ڕۆژە لە بیر ناچێتەوە کە مستە باقلەکەت دامێ.

بەڵام چینگ بێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێ بە گریان ڕۆیشت. وەنگ لانگ زۆری پێ خۆش بوو کە مامی لە ئاواییدا نەمابوو؛ کەسیش نەیدەزانی لە کوێیە؟ هێندێک دەیانگوت چۆتە شارێک. تاقمێکیش پێیان وابوو ماڵ و منداڵەکەی لەگەڵ خۆی بردووە و چوونە جێگایەکی دوور. وەنگ لانگ لە خەڵکی بیست کە کچەکانی فرۆشتووە، بەو مەسەلە زۆر نارەحەت بوو. لە پاشان قۆڵی هەڵماڵی و دەستی کرد بە کار. ئەوەندە بە دڵگەرمی کاری دەکرد حەزی دەکرد لەتە نان و چەند دەنکە سیرەکەش هەر لە مەزرایە بخوا، هەمیشە لە بیری ئەوەدا بوو جێگایەک بۆ شتەکانی دیاری بکا و بیانچێنێ. نیوەڕۆیانیش نەدەهاتەوە؛ لە نێو کەردوویەک ڕادەکشا و دەخەوت.

ئۆلانیش وەک ژنێکی ماڵدار و بەئەمەک بێکار دانەنیشت و لە ماڵێ خەریکی حەسیر دروستکردن و سواغی دار و دیوار بوو، هەروەها تەندوورێکی چاکی دروست کرد و هەموو کەلێن و قوژبنی گرتن. لە پاشان لەگەڵ وەنگ لانگ چوونە شار و بڕێکیان شتی نێو ماڵێ وەک تەختی خەو و مێز و نیمکەت و دەرخۆنەیەکی گەورەی ئاسن و چادانێکی گڵی سوور کراویان کڕی. لە پاشان لە دووکانێکی عەتر فرۆشیش خودایەکیان کڕی بە نێوی خودای سەروەت؛ کە لە کاغەز دروست کرابوو. لە دووکانێکی دیکەش شەمیان کڕی و لە لای خوداکە هەڵیانکرد.

کاتێک ئەوشتانەیان کڕی و گەڕانەوە، وەنگ لانگ کەوتەوە بیری دوو خوداکەی پەرسگەی خاکەکەی و سەرێکیشی لەوان دا. تەماشای کرد ئەوانیش وەک خەڵکەکەیان لێهاتووە؛ حاڵیان چاک نییە! لەبەرئەوەی لەو ماوەدا کەس خزمەتی نەکردبوون ئەو جوانی زەرق و بەرقەی پێشوویان نەمابوو! قاتی و قڕی ئەوانیشی لە بیر بردبووەوە. وەنگ لانگ بڕێکی تێوەڕوانین و گوتی:

– ئەو خودایانەی خراپەی خەڵکیان دەوێ دەبێ چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەش بن.

دوای ئەوەی ماڵەکەیان ڕێک و پێک کرد، شەمیان هەڵکردن. چادان و ئیستکانیان لەسەر مێز دانا. هەروەها جێگا و بانیان ڕاخست و وڵاتیان ڕازاندەوە و دەرک و پەنجەرەکانیان تێخستەوە. وەنگ لانگ لە ئاکامی ئەو بەسەرداکەوتن و خۆشبەختییە دەترسا.



ئۆلان دیسانیش زگی پڕ بوو، منداڵەکانی دیکەشی وەک تولە لەبەر دەرگا بەسەر یەکدا دەتلاندەوە و قوماریان دەکرد. پیرەبابیش لەبەر بەربەڕۆچکە دادەنیشت و تەماشای لووبیا و شیناوەردی مووچەکەی دەکرد و دڵی دەکراوە. نیگەرانی بەرێچوونیش نەبوون، چونکە بەشی ئەوەندەیان پووڵ مابوو زگی خۆیان پێ تێر کەن. وەنگ لانگ لە حاڵێکدا چاوی لە ئاسمانێ بڕیبوو و چاوەڕوانی باران بوو گوتی:

– دەبێ عوودێکیش لە پێش ئەو خودایانە بسووتێنم، چونکە هەرچییەک بن دەسەڵاتیان لەسەر ئەو عەرزە هەیە و زۆر شتیان پێدەکرێ.

## ١٦

شەوێک وەنگ لانگ لە پەنا خێزانی ڕاکشابوو، دەستی بە سەر سینگیدا هێنا و پرێسکەیەکی چکۆڵەی وەبەر دەست کەوت و پرسی:

– ئەوە چیە لە بەرۆکەت قایم کردووە؟

خێزانی لە سەرەتاوە خۆی کێشاوە دواوە، بەڵام وەنگ لانگ دەستی لەسەر پرێسکەکە هەڵنەگرت. بەتەما بوو لە بەرۆکی بکاتەوە. ژنەکە بە ناچار تەسلیم بوو و گوتی:

– بۆ دەتهەوێ لە بەرۆکەم کەیەوە، فەرموو تەماشای کە.

لە پاشان پرێسکەکەی لە ملی دەرهێنا و دای بە وەنگ لانگ. وەنگ لانگ کاتێک پرێسکەکەی کردەوە، پڕ بوو لە جەواهێرات. لە خۆشیان لەوانەبوو گەشکە بێ، نەیدەزانی چ بکا، چونکە لە عومری خۆیدا جەواهێراتی نەدیبوو! بەڵام ئەوەندەی دەزانی کە سەروەتێکی زۆری لە دەست دایە، لەگەڵ ژنەکەی زۆریان تەماشای یەکتر کرد، لە پاشان گوتی:

– ئەوانەت لە کوێ وەدەست کەوت؟

ژنەکە لە وەڵامدا گوتی:

– ئی ماڵە پووڵدارەکانە و خەزێنەی یەکێک لە گراوییەکان بووە. کاتێک چوومە ژوور تەماشام کرد خشتێک لە دیوار جیا بووەتەوە، بە سەبرایی چوومە پێش، بێ ئەوەی کەسێک ئاگای لێبێ و لەگەڵی نیوەکەم، خشتەکەم لە دیوار هێنا دەر و جەواهێرات هاتە خوار، کۆم کردەوە و لە قۆڵی کراسەکەم نا.

وەنگ لانگ ئەو کارەی خێزانی زۆر پێ چاک بوو، هێندێکی تاریف کرد و پرسی:

– پێم بڵێ بزانم چلۆنت زانی؟

ژنەکە گوتی:

– تۆ پێت وایە من لە کوێ گەورە بووم؟ ئاخر کلفەتی ئەو بارەگایەنە بووم، با ئەوەشت پێ بڵێم دەوڵەمەند و پووڵدار زۆر ترسنۆکن. جارێکی بە چاوی خۆم دیتم کە ساڵێکی قاتی و قڕی و ڕێگر و چەتەکان ڕژانە نێو ماڵە پووڵدارە. کلفەت و سیغە، هەروەها



خاتوونی پیر هەریەکەی مستێکیان زێڕ و زیو و جەواهێرات دەست دایە و لە حاشارگەیەکی کە لە پێشدا دیاریان کردبوو شاردیانەوە و دەرباز بوون.

دوای ماوەیەک وەنگ لانگ هەناسێکی هەڵکێشا و گوتی:

– شەیتان و شۆفار زۆرن، پیاو نابێ شتی وا لە ماڵێدا ڕابگرێ، دەبێ بیفرۆشین و لە جێگایەکی ئەمین بیشارینەوە. واچاکە بیدەین بە زەوی، دەور و زەمانە ناخۆشە. ئەگەر بێتو کەسێک بۆن بکا و بزانێ شتێکی وامان هەیە، تا سبەینێ هەردووکمان دەکوژن و جەواهێراتەکە دەکەوێتە دەست چەتەکان. هەرچۆنێک بێ دەبێ ئەوڕۆ بیدەم بە زەوی، دەنا شەوێ خەوم لێ ناکەوێ.

بە دەم قسەکردنەوە جەواهێراتەکەی لە پرێسکەیەکەوە پێچا و گرێی دا. کاتێک دەیویست لە باغەڵی بنێ تەماشای کرد خێزانی چوار مێردەکی دانیشتووە و نێو چاوانی تێک ناوە و تەماشای دەکا. وەنگ لانگ بە چاو پێکەوتنی بیچم و ڕواڵەتی ژنەکەی پەشۆکا و گوتی:

– بۆ دەڵێی مودووت لێ مردووە؟! چ قەوماوە؟!

ژنەکە لە حاڵێکدا کوڵی گریانی لە ئەوکی مابوو پرسی:

– دەتهەوێ هەمووی بفرۆشی؟

پیاوەکە وەڵامی دایەوە و گوتی:

– ئەگەر نەیفرۆشم چی لێ بکەم، ئەو خانووبەرە خاوێنەی ئێمە بۆ ئەوە نابێ. جەواهێرات لەو ماڵەدا بە چ دەردێکی ئێمە دێ؟

ژنەکە گوتی:

– حەز دەکەم دوو دانە لەوانە ڕاگرم.

ئەوەندە بە ملکەچی ئەو قسەی کرد دەتگوت منداڵی ساوایە و گرووی لە شت گرتووە. وەنگ لانگ بە سەر سوڕمانەوە گوتی:

– زۆر چاکە.

ژنەکە لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:

– دوو دانەم لەوانە بۆ ڕاگیرابا زۆر چاک بوو، زۆرم پێخۆشە مرواری بێ.

پیاوەکە گوتی:

– مرواری!

ژنەکە گوتی:

– من تەنیا ئەوان ڕادەگرم، مەترسە بە خۆمیانەوە هەڵناواسم، دەیانشارمەوە.

لە پاشان سەری خۆی بەرداوە، دەستی دا دەرزی و دەزوویەک و بێدەنگ بوو. وەنگ لانگ بیری لەوە کردەوە کە ئەو ژنە تەمەنێک زەحمەتی کێشاوە و ئەرکی خۆی ئەنجام داوە و داوای هیچ شتێکی نەکردووە. هەروەها ماوەیەکی زۆر لەو ماڵە ئەعیان و ئەشرافانەدا بووە، زڕ و زیوی خاتوونەکان سەرنجی ڕاکێشاوە؛ ئەویش لە دوورەوە. ژنەکە لەبەر خۆیەوە گوتی:

– جاروبار ئەوانە بە دەستەوە دەگرم.

لە پاشان مێردەکەی بە بێ ئەوەی لێی بپرسێ چی لێ دەکەی بەرۆکی کردەوە و جەواهێراتەکەی دا بە ژنەکەی. ژنەکەی لە نێو جەواهێراتەکە، دوو مرواری هەڵگرت و ئەوانی دیکەی داوە بە مێردەکەی. لە پاشان مروارییەکانی لە نێو کولێجەکەیدا شاردەوە. وەنگ لانگ لەبەر خۆی بیری دەکردەوە و دەیگوت: «دەزانم ئەو ژنەی من ئەو مروارییانە نە لە مل دەکا، نە تەماشایان دەکا، ئەدی بۆ چییەتی؟». لە پاشان تەمای گرت بچێتە ماڵە ئەرباب و بزانێ زەوی فرۆشتنیان هەیە؟

سەرەنجام بەرەو ماڵە ئەرباب وەڕێ کەوت، چونکە نەدەترسا لەوەی کە ئیزنی نەدەن و پێشی پێ بگرن. کاتێک گەیشتە بەر دەرگا، تەماشای کرد دەرگاکانیان هەموو گاڵە دراون و کەس نییە دەرگای لێ بکاتەوە، ئەو خەڵکەی بە پەنایدا دەڕۆیشتن ئاوڕێکیان ویدەدا و دەیانگوت:

– هەتا ئێوارێ لە دەرگا دا، کەس نییە لێی بکاتەوە، مەگەر خانی پیر وەخەبر بێ، یا شانسی خۆی یەکێک لەو کڵفەتانەی کە لەو دەوروبەرە وەک سەگ خەریکی ملّومۆن بە وێدا بێ و دەرگای لێ بکاتەوە.

سەرەنجام گوێی لە دەنگی پێیەک بوو کە بە هەست ڕاگرتن دەهاتە پێش، سەرت نەیەشێنم دەرگاکەی بە جیڕەجیڕ کردەوە و گوتی:

– کێیە؟

وەنگ لانگ لە حاڵێکدا نوقمی بیرکردنەوە بوو وەڵامی داوە.

– منم وەنگ لانگ!



لە پاشان یەکێکی نێو چاوان تاڵ گوتی:

– ئەو وەنگ لانگە غەزەبە کێیە؟

وەنگ لانگ کاتێک ئەو جوێنانەی بیست تێگەیی کە ئەوە دەبێ خانی پیر بێ، چونکە قسەی خۆشی ئەربابان هەمیشە جنێو و قسەی سووک بووە. وەنگ لانگ وەڵامی داوە و گوتی:

– خانی مەزن، بۆ کارێکی چووک هاتوومە خزمەتت مەبەستم زەحمەت دانی ئێوەی بەڕێز نییە، کارم بە کوێخای بوو.

خانی پیر گوتی:

– کوێخا؟ نەعلەت لە دایک و بابیان، ئەو تووتکە سەگانە، ئەوە ماوەی سێ مانگە ڕۆیشتوون و بەجێیان هێشتووم.

وەنگ لانگ کاتێک ئەو وەڵامەی بیست، سەری لێ شێوا و هەموو شتێکی لێ تێکچوو. دەبا سەوداکەی لەگەڵ یەکی دیکە قسە لێکردبا، نەک خانی پیر لە لایەکی دیکەشەوە جەواهێراتەکەی لێ ببووە بارێک و دەتگوت پۆلووی ئاوورە لە دەستی دایە. دەیویست خۆی نەجات دا؛ هەروەها نەیدەویست بە دەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە، بە هەر جۆرێک بوو مەبەستی خۆی ڕاگەیاند و گوتی:

– ئەو پووڵەم هێنابووە خزمەتتان.

خانی پیر دەرگای پێک دادا و گوتی:

– پووڵی چی؟ پووڵ نەماوە، کوێخا دزە گەسکی لە وڵاتی داوە و قەرزی کەسم بۆ نادرێتەوە.

وەنگ لانگ بە پەلە گوتی:

– ببوورە لە مەبەستی من حاڵی نەبووی، هاتووم پووڵت بدەمێ، نەک پووڵت لێ وەرگرم.

کاتێک وەنگ لانگ ئەوەی گوت ژنێک لە دەرگا سەری هێنا دەر و گوتی:

– ئەگەر قسەت وا خۆشە وەرە ژوور، لەمێژە قسەی وامان نەبیستووە.

وەنگ لانگ چووە ژوور دەرگایان گاڵە داوە. وەنگ لانگ تەماشای کرد خانی پیر لیباسێکی بۆر و چڵکن و کۆنی لەبەردایە و بە لارەملی لە گۆشەیەک ڕاوەستاوە، دیار بوو کە لیباسی شین و شایی هەر ئەوە بوو کە لە بەریدا بوو. وەنگ لانگ باوەڕی نەدەکرد کە

ئەوە خانی پیرە! باوەڕی نەدەکرد کە بتوانێ لەگەڵ خانی پیر قسە بکا. و دەیگوت: «وا هەر نییە، ئەوە خەونە» وەنگ لانگ پێی وابوو ئەوەش وەک بابی پیاوێکی پاک و خاوێن و دەم بە پێکەنینە، بەڵام بە پێچەوانە قەڵەوێکی ناحەز و لەرزۆک و سەر و ڕدێن نەتاشراو و پیس و پۆخڵ بوو. ژنەکە هەرچەند تا ڕادەیەک خاوێن و بەهۆش بەرچاو دەکەت، بەڵام لەسەر و سەکەتی بەدفەڕی بێ بەزەیی دەباری، لە قسەکانی وا دەردەکەوت کە لە بنەماڵەی خانی پیر نییە، بەڵام کڵفەتێکی دم هەرا و ڕووهەڵماڵاو بوو. جگە لەو ژنە و خانی پیر کەس لە حەوشەدا نەبوو، دوای ماوەیەک ژنەکە گوتی:

– بڵێ بزانم چ پووڵێک؟

وەنگ لانگ هەرچی لە خۆی نووسا نەیتوانی لە خزمەت خانی پیر قسە بکا. دوای ئەوەی ژنەکە حاڵی بوو لەبەر خانی پیر لە ڕووی هەڵنایە قسە بکا بە خانی پیری گوت:

– ئێوە فەرموون، بۆخۆم قسەی لەگەڵ دەکەم با بزانم دەڵێی چی.

خان بە بێ ئەوەی قسەیەک بکا و هەستا و بە کۆخە کۆخ وەدەرکەوت. کاتێک وەنگ لانگ لەگەڵ ژنەکە دانیشت نەیدەزانی کە دەبێ چ بکا و چ بڵێ؟ ژنەکە بەسەریدا قیژاندی و گوتی:

– بۆ لاڵ بووی زەلام؟

وەنگ لانگ لە عەیبەتان یەک بە خۆی ڕاچەنی. ژنەکە درێژەی بە قسەکانیدا و گوتی:

– چ کارێکت هەیە؟ ئەگەر پووڵت هەیە فەرموو نیشانی دە.

وەنگ لانگ گوتی:

– نەمگوت پووڵم هەیە، گوتم کارم هەیە.

ژنەکە گوتی:

– کار یانی پووڵ ئەژماردن. یان پووڵم بدەیە یان پووڵت بدەمێ، ئەوەش بزانە کە پووڵ لەو ماڵە نارِواتە دەر.

وەنگ لانگ گوتی:

– ئاخر من ناتوانم لەگەڵ ژن قسە بکەم.

ژنەکە پرسی:

– بۆ ناتوانی؟ شێتی نەفام مەگەر نازانی کەسی دیکە لێرە نییە.



وەنگ لانگ لە حاڵێکدا باوەڕی بەو قسە نەدەکرد، بە سەر سوڕمانەوە تەماشای ژنەکەی کرد. ژنەکە دووبارە بە سەریدا قیژاند و گوتی:

– سەرینی خاترجەمی وەبن سەرت دە هەر من و خانی پیر ماوین.

وەنگ لانگ هەرچی دەیکرد خۆی بۆ ڕازی نەدەکرا. لە پاشان پرسی:

– چۆن دەکرێ ئەو ماڵە گەورە کەسی تێدا نەبێ؟

ژنەکە زۆر بە قەڵسی وەڵامی داوە و گوتی:

– خۆ ئەوەی دەزانی کە خاتوونی پیر مرد، خۆت بۆ گێل دەکەی؟ مەگەر نەتبیستووە کە چەتە و دزەکان ڕژانە ئەو ماڵە و هەرچی وەبەر دەستیان کەوت بە کۆڵیان دادا و بە تاڵانیان برد؟ جگە لەوەش خانی پیریان لە دارێک بەست و بە شەپەلاغان بەر بوونە گیانی، بەوەش ڕانەوەستان خاتوونی پیریشیان بە گوریسێک لە سەندەڵی بەست و کوتێکیان پەڕۆ لە زاری نا تا هاوار نەکا! لە پاشان پێیان پێوەنا و هەڵاتن، ئەمنیش کە ماوم لەبەر چاوی ڕەشم نییە، خۆم لە کووپە ئاوێکدا شاردبووەوە، کاتێک هاتمە دەر دزەکان ڕۆیشتبوون. بەڵام خاتوونی پیر لە ترسان هەر بە سەندەڵێکەوە گیانی دەرچوو و مرد.

وەنگ لانگ پرسی:

– ئەدی ڕەنجبەر و دەرکەوانەکان چیان دەکرد؟

ژنەکە گوتی:

– ئەوان بەر لەو ڕووداوە ڕۆیشتبوون، چونکە لە نیوەی زستانێدا هیچ شتێک نەمابوو نە خۆراک و نە پووڵ.

لە پاشان درێژەی بە قسەکانیدا و گوتی:

– زۆربەی ڕەنجبەرەکان و کڵفەتەکان دار و دەستەی ئەو دزانە بوون، من بە چاوی خۆم دیتم کە ئەو دەرکەوانە سەگ بابە لە پێشەوەی هەمووان دەرۆیشت و ڕێگای پێشاندەدان، هەرچەندە ئەو سپڵە و بێ ئەمەکە لە بەرابەر خانی پیردا سەر و چاوی خۆی داپۆشیبوو، بەڵام هەم ئەو و هەم ئەوانی دیکەم ناسییەوە. دڵنیام کە ئەوان بوون، چونکە جگە لەوان کەسی دیکە جێگای زێڕ و زیوی وانی پێ نەدەزانی. هەرچەندە کوێخا بە ڕواڵەت دووری لەو کارە دەکرد، بەڵام دەتوانم بڵێم کە بە دەس کیسی وی ئەو کارە جێ بەجێ کرا.

ژنەکە بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو، لە پاشان گوتی:

– ئەوە هەوڵێن بەدبەختی و چارە ڕەشی نەبوو، خانی پیر و باوکی ئەو شتانەیان زۆر چاو پێکەوتبوو. خان و دەرەبەگ لەبەر قۆڕدەماغی خۆیان لە قەدیمەوە خۆیان لە کاروباری زەوی و موڵک و ماش نەگەیاندووە، پووڵیان لە کوێخا وەردەگرت و بە کەیفی خۆیان بەم لا و ئەولایاندا دەدا.

وەنگ لانگ لە حاڵێکدا تەماشای ئەم لاولای خۆی دەکاد نەیدەتوانی باوەڕ بەو شتانە نەکا، بەم هۆیە پرسی:

– ئەدی خانزادەکانی جحێڵ لە کوێن؟

ژنەکە بە لالووتی وەڵامی داوە.

– ئەوانیش هەر لەو دەوروبەرەن، شانسی خۆیان بەر لەو ڕووداوە ژنیان هێنا و ماڵی خۆیان کرد. کوڕە گەورەکەی خانی پیر کاتێک بیستی کە چ بەڵایەک بە سەر دایکی هاتووە، یەکێکی لە خانی پیر ڕاسپارد کە بێتە دەر، بەڵام خانی پیر جوابی نەداوە. چونکە پێم گوت چۆن دەڕۆی و ئافرەتێکی وەک من بەتەنێ بەجێ دێڵی؟

هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:

– سەرەڕای ئەوەی لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا کڵفەتێکی بە ئەمەکی خان بووم، نە ماڵم هەیە نە ژیانێک کە پێی بڵێن ژیان.

لە پاشان وەنگ لانگ بە وردی تەماشای ئەو ژنەی کرد و تێگەیی ئەوە لەو ژنانەیە کە بە خۆ نزیک کردنەوە لە خان دەیەوێ خان بڕووتێنێتەوە. بەم هۆیە پێی گوت:

– لەگەڵ کڵفەتێکی وەک تۆ چۆن سەودا بکەم؟

ژنەکە ئەوەی کە بیست و گوتی:

– لە قسەی من دەرناچێ و بە چاوی کڵفەتێک تەماشام ناکا.

ئەو قسە بۆ وەنگ لانگ بوو بە مەسەلەیەک، بڕێکی بیر کردەوە و گوتی: «ئەگەر منیش ئەو زەوییە نەکڕم ئەو ژنە بە یەکی دیکەی دەفرۆشێ». جا لەبەر ئەوە پرسی:

– زەوی زۆرما ماوە؟

ژنە کە لە مەبەستی وەنگ لانگ حاڵی بوو و گوتی:

– ئەگەر زەوی کڕ بی زەویمان هەیە.

سەد یەکتار لە لای ڕۆژئاوا و دووسەد یەکتارمان لە لای جنووب هەیە. تۆ کامیانت دەوێ؟ هەرچەندە بە سەر یەکەوە نین، بەڵام پارچەکانیان گەورەن و بۆ فرۆشتن دەبن.



وەنگ لانگ دوای ئەو قسانە تێگەیی کە هەموو شتێکی خان دەزانێ و تەنانەت بست بە بستی زەوییەکانیش دەناسێ، بەڵام هێشتا حەزی نە دەکرد لەگەڵ ئەو ژنە سەودا بکا، هەربۆیە پێی گوت:

– ڕەنگە خانی پیر زەوییەکانی بە بێ کوڕەکانی نەفرۆشێ؟

بەڵام ژنەکە خێرا وەڵامی داوە و گوتی:

– لەو بابەتەوە خەیاڵت تەخت بێ، کوڕەکانی کوتوویانە هەر وەختێک پێت خۆش بوو زەوییەکان بفرۆشە. جگە لەوەش ئەو زەوییانە لە جێگایەکن کە بەدەردی کوڕەکانی نایەن و ناتوانن کاریان لەسەر بکەن. هەروەها لە ترسی چەتە و دز و تالانچی ناتوانن لەو جۆرە جێگایانە بژین، دەبێ ئەو زەوییانە بفرۆشن و پووڵەکەی لە نێو خۆیاندا بەش کەن.

وەنگ لانگ لە حاڵێکدا باوەڕی بە ژنەکە نەدەکرد و گوتی:

– زۆر چاکە دەبێ پووڵەکەم بدەم بەکێ؟

ژنەکە زۆر وشیارانە گوتی:

– جا ئەوە پرسیار بوو تۆ کردت؟ دیارە دەبێ بیدەی بە خانی پیر، ناکا پێت وابێ دەبێ بیدەی بە کەسێکی دیکە.

وەنگ لانگ تێگەیی کە خانی پیر بە قسەی ئەو ژنە هەڵدەسووڕێ، بەڵام گەڕاوە و گوتی:

– با بمێنێ بۆ ڕۆژێکی دیکە.

ژنەکە وەدوای کەوت و گوتی:

– ئەوڕۆ و سبەی بۆ ئێمە فەرق ناکا.

وەنگ لانگ بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە سەری خۆی داخست و ڕۆیشت، چونکە دەیویست لە جێگایەکی چۆڵ دانیشێ و سەبارەت بەو مەسەلە بیر بکاتەوە. هەر بۆیە چوو لە قاوەخانەیەک دانیشت و داوای چای کرد. چایەکی خواردەوە و دەستی کرد بە بیرکردنەوە، بە کورتی پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر گوتی: «دەبێ چ بووبێ کە بنەماڵەیەکی وا دەوڵەمەند و گەورە ماڵ تووشی ئەو ڕۆژە ڕەشە بووبن و زەوی بفرۆشن؟». لەبەر خۆیەوە گوتی: «زەوییەکانیان فرۆشتووە، بۆیە تووشی ئەو ڕۆژە ڕەشە بوون». لە پاشان کەوتە بیری دوو کوڕەکانی خۆی، دەتگوت بە گوێیان هەڵیاندەکێشن، لەبەرخۆیەوە گوتی: «وا

چاکە هەر لە ئێستاوە بیانئێرمە مووچە و فێری جووت و گا و خەلە و خەرمانیان کەم و نەهێڵم چیدیکە کایەی منداڵانە بکەن». بەڵام هۆشی هەر لە لای جەواهێراتەکەی بوو. لەوە دەترسا لە بن لیباسەکانی بریقە بدا و بڵێن تەماشای ئەو سواڵکەرە کەن، بە جەواهێراتی پادشا چۆن خۆی ڕادەنێ! هەر لە بیری ئەوەدابوو جەواهێراتەکەی بە زەوی بگۆڕێتەوە. لە قاوەخانە خۆی خافڵاند تا قاوەچییەکە بێکار بوو، بانگی کرد و گوتی:

– وەرە چایەکمان لە لا بخۆوە و برێکم باسی شار بۆ بکە، بزانم چ خەبەرە؟ لە مێژە لە وڵات نیم و بێ خەبەرم؟

کابرای قاوەچی لەو پیاوانە بوو کە قسەی زۆر پێخۆش بوو، بەتایبەت

لەبەرئەوەی کە چایەکەی بە خۆڕایی دەخواردەوە، خوداخودای بوو شتێکی وای وەگیر کەوێ. دەستی پێکرد و گوتی:

– کارمان بەوە نییە کە خەڵک لە برسان دەمرن و مردوون، ئەوە کۆن بووە! گرینگترین مەسەلە تاڵان کردنی ماڵە هوانگە.

وەنگ لانگ لەو شتە دەگەڕا و زۆری پێخۆش بوو. پیاوەکە مەسەلەکەی بۆ وەنگ لانگ گێڕاوە و گوتی:

– لەو تاڵان کردنەدا دزەکان بەزەییيان بە کەسدا نەهات و دەستییان بۆ نامووسی ژنەکانیش درێژ دەکرد، بە کورتی دەردێکیان دا بەو ماڵە، دەردی بێ دەرمان! لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی:

– جگە لە خانی پیر کە ئەسیری کڵفەتێکە بە نێوی کووکوو هیچ کەس لەو ماڵەدا نەماوە. کووکوو کڵفەتێک بوو کە ماوەی چەند ساڵ بوو لە وەتاغی خانی پیر دەخەوت! لەو ماوەدا لەبەر زمان لووسی خۆی کەس نەیتوانیبوو جێگای پێ لێژ کا.

وەنگ لانگ لە حاڵێکدا گوێی دابووە قسەکانی و گوتی:

– کە وابوو ئەو ژنە ئێستا بۆخۆی خانمێکە؟

پیاوەکە وەڵامی داوە و گوتی:

– دیارە هەمە کارەیە، چونکە هەموو کارێک دەکا و تا ئەو جێگایەی بۆی بکرێ لەم لا و ئەولا شت کۆ دەکاتەوە و وەسەریەکی دەنێ! بەڵام هەتا سەر ناتوانێ کڵاویان لەسەر بنێ و خۆی بە ئەمەگ پێشاندا، ڕۆژێک دێ وەدەرینێن. باوەڕم پێ بکە بەشی سەد ساڵی بۆ خۆی پێکەوە ناوە.



وەنگ لانگ لە حاڵێکدا لە خۆشیان دەلەرزی پرسی:

– زەویوزاریان ماوە؟

پیاوەکە گوتی:

– زەوی چی؟

کابرای قاوەچی لەبەرئەوەی سەری لە زەوی دەرنەدەچوو ئەو پرسیارەی پێ سەیر بوو. وەنگ لانگ دیسانیش پرسی:

– پیاوەکە وەڵامی داوە و گوتی:

– ئەوە دەڵێی چی؟

لەو وەختەدا مشتەریەک هاتە قاوەخانە و هەر بە سەرپێوە گوتی:

– بیستوومە جگە لەو پارچە زەوییەی کە قەبرستانی شەش پشتی بنەماڵەکەیانە هەمووی دەفرۆشن.

وەنگ لانگ دوای ئەوەی لە مەسەلەکە حاڵی بوو قاوەخانەکەی بەجێ هێشت و ڕۆیشت بۆ ماڵە ئەرباب. کاتێک لە دەرگای دا هەر ئەو ژنەی پێشوو هات و دەرگای لێ کردەوە.

وەنگ لانگ گوتی:

– پێم بڵێ بزانم خانی پیر مۆری خۆی لە قەباڵەی زەوییەکە دەدا یان نا؟

ژنەکە گوتی:

– بەڵێ بەڵێ لێی دەدا، بە گیانی خۆم لێی دەدا. لەو بابەتەوە خەیاڵت تەخت بێ و نیگەران مەبە؛ ئەمن لە خۆڕا قسان ناکەم.

لە پاشان وەنگ لانگ گوتی:

– پووڵی زیوو بدەمێ یا جەواهێر؟

ژنەکە گوتی:

– جەواهێرمان بدەیە.

## ١٧

وەنگ لانگ زیاتر لەوەی کە چاوەڕوان دەکرا زەوی هەبوو کە بە پیاوێک و گایەک ڕەحەمەل نەدەهات؛ بۆ ئەوەی بەرهەمی زایە نەبێ وەتاغێکی دیکەی بە وەتاغەکانی زیاد کرد و کەرێکیشی لە کابرایەکی دێهاتی کڕی و بە چینگی هاوسێی گوت:

– مووچەکەت بە من بفرۆشە. بۆخۆشت وەرە ماڵە ئێمە و یارمەتیم بکە، پێکەوە زەوییەکەن دەکێڵێن.

چینگ زۆری پێخۆش بوو، خۆشبەختانە ئەو ساڵە ساڵێکی زۆر خۆش و پڕ باران بوو. شەتڵەکانی برینج گەورە بوون و دوای دروونەوە و جەنجەڕ کردن پێکەوە شەتڵەکانیان چەقاند. وەنگ لانگ ئەو ساڵە زیاتر لە هەموو ساڵێکی دیکە گەنمی چاند. چونکە جگە لەوەی باران زۆر باری ئاویش زۆر بوو، تەنانەت ئەو زەوییانەی کە لە ساڵی قاتی و قڕییەکەدا فەوتابوون، کردیان بە برینج. دوای ئەوەی بەرهەمەکەیان پێ گەیشت وەنگ لانگ تەماشای کرد لەگەڵ چینگ پێیان جێ بەجێ ناکرێ؛ بۆ ئەوەی زەحمەتەکەیان نەبێتەوە هیچ دوو کەسیان لە خەڵکی ئاوایی بەکرێ گرت و بە هەموویان بەر و بوویەکەیان ڕەحەمەل هێنا.

وەنگ لانگ لە کاتی کار کردندا ئەو زەوییانەی وەبیر هاتەوە کە لە بنەماڵەی چارەڕەشی هوانگی کڕیبوو. بۆ ئەوەی کوڕەکانی خۆی تووشی ئەو چارە نووسە نەبن بە سەد لۆمە و نانووت و بڕ و بیانوو دەیناردن بۆ مووچە. زۆری چاو لە کاری ئەوان بوو، مەبەستی لەو کارە ئەوەبوو دەست و پێ سپیلکە بار نەیەن و ئەگەر لێیان قەوما بتوانن کارێک بکەن و بەرەی خۆیان لە قوڕاو بێننە دەر.

وەنگ لانگ نەیدەهێشت کەس بێکار بێ، بەڵام نەیدەویست ئۆلان وەک جاران زەحمەت بکێشێ. چونکە لە فەقیری و چارەڕەشی نەجاتیان ببوو تازە پێویست بەکارکردنی وی نەبوو؛ کرێکاریان هەبوو.

ئەو ساڵەی زەوییەکانی زۆر چاک بوون، سەرەنجام لێ بڕا، وەتاغێکی دیکەش بە وەتاغەکانی زیاد کا و نەهێڵێ بەرهەمەکەی لە عەرزی بمێنێتەوە. وەنگ لانگ بۆ ئەوەی



هیچ شتێک بە فیڕۆ نەڕوا، سێ بەراز و ژمارەیەک مریشک و کەڵەباب و قاز و مراوی کڕی. بۆ ئەوەی لە پەرێز و جێخوونەکان چینە بکەن و گەورە بن.

ئۆلان کە لەگەڵیان نەدەچووە مووچە و مەزرا، بێجگە لەوەی لیباس و پێڵاوی بۆ هەموویان دەدروو، وەک هەللاجی چاک دەستی دەدا شووڵێک و لۆکەی دۆشەگ و لێفەکانی دەکردەوە و لەبەر تاو هەڵیدەخستن و پاشان پاک و خاوێن مەلافەی تێهەڵدەکێشان. ئۆلانی بێچارە سەرەڕای ئەو هەموو زەحمەتکێشانە جارێکیش بۆ خۆی لە نێو ئەو جێگاوبانە خاوێنەدا نەخەوت و منداڵی نەبوو! ئەو جاریش وەک جارەکانی پێشوو لە کاتی منداڵ بووندا، نە داوای مامانی کرد نە هێشتی هیچ کەس یارمەتی بکا! لە حاڵێکدا دەیتوانی قەرەواشێک بۆخۆی بگرێ تا خزمەتی بکا.

ئەو ڕۆژەی کە ئۆلان بە ژانەوە بوو، وەنگ لانگ لە مووچە بوو. کاتێک هاتەوە تەماشای کرد باوکی لەبەر دەرگا ڕاوەستاوە، سڵاوی کرد باوکی بە پێکەنینەوە گوتی:

– ئەو جار مریشکەکەت هێلکەی دوو زەردێنەی داناوە.

وەنگ لانگ کاتێک چووە ژوور تەماشای کرد ئۆلان دوو مەلۆتکەی ساوای لە پەنا خۆی درێژ کردووە، منداڵەکان یەکیان کوڕ و یەکیان کچ بوو. هەر دەتگوت سێوێکن لەت کراون، هێندێک ڕاوەستا و بۆ پێکەنین گوتی:

– کەوابوو ئەو دوو مرواریییەت لەبەرئەوەی لەسەر سینگت دابوو؟!

پاش ماوەیەک دیسانیش بەو قسەی خۆی پێکەنی، لە بەرابەردا ئۆلانیش وەک هەمیشە بزەیەکی هاتە سەر لێو و هیچی نەگوت. وەنگ لانگ لە پاشان کەوتە بیری کچە گەورەکەی، سەرەڕای ئەوەی زۆری بەزەیی پێدادەهات هەمیشە هەوڵی دەدا دڵی وەدەست بێنێ. بەڵام قسەی نەدەکرد، جارجارێک بە باوکی پێدەکەنی و هیچی دیکە. مەعلووم نەبوو لە هەوەڵەوە تووشی ئەو بەڵایە بووە یا لە برسان وای لێهاتووە. وەنگ لانگ زۆر بە ئاواتەوە بوو جارێکی قسەیەکی لێ ببیسێ یان لانی کەم بڵێ: «دادا»؛ وشەیەکی کە منداڵ پێی بانگ دەکا، بەڵام جگە لە پێکەنینی منداڵانە خەبەرێک نەبوو. وەنگ لانگ کاتێک تەماشای کرد بە ناڕەحەتی دەیگوت:

– ڕۆڵەکە گیان! شێتەکە گیان! گەوجەگیان! ئەوە بۆ هیچ ناڵێیی؟!

هێندێک جاریش دڵی پڕ دەبوو لە گریان و دەیگوت:

– جا چا نەبوو ئەو مشکە چکۆڵەم نەفرۆشت، خۆ زانیبایان لاڵە هەر دەیانکوشت.

وەنگ لانگ بۆ ئەوەی ماوە بە کچەکەی نەدا بیر لە کەموکوڕی و چارەڕەشی خۆی بکاتەوە، لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ مووچە و نەیدەهێشت تەنیا بێ.

یەکێک لە تایبەتییەکانی ئەو وڵاتە ئەوەبوو کە بە حەوت ساڵ یان پێنج ساڵ، جارێک تووشی قاتی و قڕی دەبوون. هۆیەکەشی ئەوەبوو کە یا زۆر باران دەباری و هەموو وڵات دەبەتلا یان نەدەباری و وڵات وشک دەبوو! یان چۆم و ئاوبەندەکان ئاویان ڕەسەر دەکەوت و هەموو وڵات وەسەر ئاو دەکەوت! جاری وابوو خەڵکەکە لە ترسان لە وڵات و نیشتمانی خۆیان ڕایان دەکرد تا سێڵاوەکە دەنیشتەوە و وڵات دەبرینگاوە.

وەنگ لانگ پیاوێکی بە مشوور بوو، دەستی کرد بە ماڵ و ماڵداری و سەروەت وەسەریەک نان. بە کورتی دوارۆژی لەبەر چاو گرت و پاشەکەوتێکی زۆری کرد و ئەگەر تووشی قاتی و قڕیش با، تازە زەویوزاری خۆی بەجێ نەدەهێشت چونکە تا ساڵێکیش دەیتوانی خۆی ڕابگرێ.

وەنگ لانگ سەرەڕای ئەوەی بۆ خۆی قۆڵی هیمەت و پیاوەتی هەڵماڵی، خوداش یارمەتی دا. ماوەی حەوت ساڵ شت ئەوەندە زۆر بوو، جگە لەوەی تێر و تەسەل بوون، لە خۆشیان زیاد دەبوو. هەروەها ساڵ لەگەڵ ساڵیش کرێکارەکانی زیاد دەبوون. دوای ئەوەی بوونە شەش کەس، ماڵێکی دیکەی دروست کرد. بۆ خۆی چووە ماڵە تازەکە و کرێکارەکانیش لە ژێر چاودێری چینگ لە ماڵەکەی پێشوودا مانەوە.

لەو ماوەدا وەنگ لانگ لە هەموو بارێکەوە چینگی تاقی کردەوە و دڵنیا بوو کە پیاوێکی بە شەڕەف و ڕاست و دروست و بە ئەمەگە. کردی بە جێنشینی خۆی و مانگانە دوو پووڵی زیویشی بۆ دیاری کرد. چینگ ئەوەندەی شەرم دەکرد، نانیشی بە تەواوی بۆ نەدەخورا! هەرچەند وەنگ لانگ حەولی لەگەڵ دەدا بێ فایدە بوو. چینگ وەک ئەندامێکی ئەو بنەماڵە زەحمەتی دەکێشا و بە دڵگەرمییەوە کاری دەکرد. بێ ئەوەی کەس قسەی لێ بزانێ، لە بەیانی ڕا تا تەنگی نوێژی شێوان پێمەڕەی لە دەست نەدەکەوت و بە مووچە و مەزرا ڕادەگەیشت. سەرەڕای هەموو ئەوانە وەنگ لانگ دڵنیا بوو لەوەی کە ئەگەر یەکێک لە کرێکارەکانی زیاتر لەوەی کە بۆی دیاری کراوە، وەریگرێ یا خۆ بخافڵێنی و لە بن دارخورما خۆ وەپەنا دا و شت بخوا، یا بە دزی ژنەکەی بێ و مستێک گەنم بدزێ، بێگومان لە ئاخری ساڵدا کە دوای گێرە و کێشە و خەلە و خەرمان ئەرباب و ڕەنجبەر لێک کۆ دەبنە و جێژەن دەگرن چینگ ئەرباب حاڵی دەکا و دەڵێ ساڵێکی دیکە فڵان و فڵانمان ناوێ و بە کاری ئێمە نایەن.



وەنگ لانگ و چینگ پێکەوە نێوانیان زۆر خۆش بوو، هەر دەتگوت بران؛ لە ڕاستیدا ئەو مستە تۆوەی کە دابوویان بە یەکتر شوێنی خۆی دانابوو. بەڵام چینگ دەیزانی بە کرێ گیراوە و ماڵەکەی بە ماڵە خۆی دەزانی. وەنگ لانگ لە ئاخری ساڵی پێنجەمدا کەمتر دەچووە مووچە، چونکە کاری دیکەی وەک بەرهەم بردن بۆ بازاڕ و بە سەر ڕاگەیشتنی مووچە و مەزار و کرێکارەکانی بۆ پەیدا ببوو. وەنگ لانگ لەبەرئەوەی سەودای نەبوو کارەکانی بە چاکی بۆ بەڕێ نەدەچوو. جا لەبەرئەوە زۆر بە خۆیدا دەشکاوە و شەرمی دەکرد! بەتایبەت کاتێک دەیویست لەگەڵ گەنم فرۆشەکاندا قەرارداد بنووسێ بە ناچاری ڕووی لە دەلاڵ و مشتەرییە بە پۆزەکانی شار دەکرد و دەیگوت:

– ئاغا گیان! دا زەحمەت نەبێ ئەوەم بۆ بخوێننەوە.

جگە لەوەش کاتێک دەیانگوت نێوی خۆت لە بن قەرارداەکەی بنووسە نیوەعومر دەبوو و لە خەجاڵەتیان ئارەقەی دەکرد. لە پاشان یەکێک لە میرزاکان دوای تانە و لۆمەیەکی زۆر نێوەکەی دەنووسی، ئەویش چ نووسینێک! بە گەپ لێی دەپرسی لانگ بە کام پیت دەنووسێ؟ بە پیتی ئەژدیها یا بە پیتی بێ سەدا و شتی دیکە؟ وەنگ لانگیش ناچار سەری بەردەداوە و بە خەجاڵەتی دەیگوت:

– چۆنت پێخۆشە وای بنووسە، من بێسەوادم و نازانم نێوی خۆم بنووسم.

وەنگ لانگ بە بیستنی ئەوقسانە سوور هەڵدەگەڕا و دەیگوت:

– خۆ هیچ کام لەو نەفامانە بستێکیان زەوی نییە، بۆ دەبێ بۆ ئەوەندە شت نووسینە، وەک قاز دەندووک پێکدادەن و بە من پێ بکەنن؟!

دوای ئەوەی ڕقەکەی نیشتەوە: «تازە بۆ خۆم هیچ کە ناتوانم بنووسم و بخوێنمەوە! بەڵام لە مەوبەدوا کوڕە گەورەکەم نانێرمە مووچە و دەیبەمە شار و لەبەر خوێندنی دەنێم با هیچی دیکە لە بازاڕ گەپم پێ نەدەن». دوای ئەوە کەمێکی بیر کردەوە لەسەر تەمای خۆی ساغ بووەوە و هەر ئەو ڕۆژە کوڕەکەی بانگ کردە لای خۆی و پێی گوت:

– لەوڕۆڕا مەچووە مووچە. دەمهەوێ دەرس بخوێنی. پیاو ماڵ بێ، خوێندەوارێکی هەردەوێ، با چی دیکە زار لەبەر خەڵکی نەکەینەوە و قەرارداەکان بۆ خۆمان بنووسین. بۆ لە خۆڕا تووشی خەجاڵەتی بین؛ خۆ دەست نییە لە گوزەدا مابێ.

کوڕەکەی لە خۆشیان ڕوومەتی سووربوونەوە، دوای ماوەیەک گوتی:

– بابە گیان! منیش لەمێژ بوو ئەو ئاواتەم لە دڵدا بوو، بەڵام لە خۆم ڕانەدەدی دەری برم و ئاشکرای کەم.

کوڕە چکۆڵەکە کاتێک ئەو قسەی گوێ لێ بوو، وەک هەمیشە بە گریان و نووکە نووک هاتە لای باوکی و دەستی پێکرد. ئەوە هەوەڵێن جار نەبوو وای دەکرد. هەر لە هەوەڵەوە منداڵێکی زۆربڵێ و چەنەدرێژ بوو! هەمیشە ڕەخنەی لەم و لەو دەگرت و دەیگوت:

– بۆ من لە فلان و فیسارە کەس کەمترم! بۆ ئەو فلان شتی هەیە و من نیمە؟!

بە دەم ئەو قسانە بە باوکی گوت:

– منیش لە سبەینێرا ناچمە مووچە و کار ناکەم. ئەو فەرق و جیاوازییە تا کەی؟! من لەگەڵ براکەم فەرقم چییە؟ بۆ ئەو بچێتە قوتابخانە شت فێر بێ و منیش وەک دێهاتییێک کار بکەم؟ مەگەر من وەک وی کوڕی تۆ نیم؟

وەنگ لانگ حەوسەلەی گوێ ڕاگرتن لەو هەموو بڕ و بیانوو و گریان و ڕەخنانەی نەبوو. بۆ ئەوەی سەر و مێشکی نەبا گوتی:

– زۆر چاکە هێندەی لەسەر مەڕۆ، هەردووکتان بڕۆن. ئەگەر خودای نەخواستە ڕۆژگار تووڕە بوو و یەکێک لە ئێوەی بردەوە، یەکتان هەر دەمێنن یارمەتیم بکەن.

دوای ئەو قسانە بە خێزانی گوت:

– هەرچی زووترە بڕۆ بۆ شار پارچەی بکڕە و لیباسیان بۆ دروست کە. بۆ خۆشم دەفتەر و کاغەز و قەڵەم و شتیان بۆ دەکڕم.

سەرەنجام هەموو شتێک ئامادە بوو و ناردیانن بۆ قوتابخانەیەک لە نزیک دەروازەی شار. مامۆستاکەیان پیاوێکی پیر بوو کە لە سووچێکی ماڵەکەی خۆی چەند مێز و سەندەڵی دانابوو و بە پوولێکی کەم کە جێژنانە دەیاندایە دەرسی بە منداڵەکان دەگوت.

مامۆستا پیرە زۆریان لەگەڵ خەریک دەبوو، نەیدەهێشت بێکار بن یا دەرسی پێدەگوتن یا لێی دەپرسینەوە. بەڵام هاوین و بەهاران لەبەر ئەوەی هەوا گەرم دەبوو، دوای ئەوەی نانی دەخوارد سەرخەوێکی دەشکاند. لەو ماوەدا منداڵەکانیش دەستیان دەکرد بە گاڵتە و کایە کردن. هەروەها ئەگەر مێش بە سەر و چاوی مامۆستا هەڵگەڕابا لە قاقای پێکەنینیان دەدا و مامۆستایان وەخەبەر دێنا. ئەویش ناچار بە باوەشێن لە گیانیان بەردەبوو. جیرانەکان کاتێک دەنگە دەنگی منداڵەکانیان گوێ لێ دەبوو دەیانگوت:



– حەوسەلەی دەوێ لەگەڵ منداڵ حاوانەوە؛ ئەویش ئەو پیاوە پیرە! بەڵام پیرێکی بە ئابڕوویە.

وەنگ لانگیش تەنیا لەبەر ئەو مەبەستە ئەو قوتابخانەی بۆ دەرس خوێندنی منداڵەکانی هەڵبژاردبوو. کاتێک منداڵەکانی بردە لای ئەو مامۆستا پیرە دەسرێکی پڕیشی هێلکە دایە. مامۆستا چ مامۆستا چاویلکەیەکی گەورەی لە چاو دابوو! کەوایەکی درێژ لەبەردا و باوەشێنێکی گەورەی بە دەستەوە بوو. وەنگ لانگ کاتێک چاوی بەو دیمەنە کەوت هەڵبەزییەوە، لە پاشان سڵاوی کرد و گوتی:

– ئاغا ئەو منداڵانەم هێناوەتە لای تۆ دەرسیان پێ بڵێی. بەڵام پێم وایە بە کوتەک نەبێ هیچیان ناچێتە گوێیەوە و حاڵی نابن. تکات لێدەکەم دڵت پێیانەوە نەبێ، زۆر چاکیان لێدە با دەرسەکانیان ڕەوان کەن.

لەو بەینەدا منداڵەکان بێدەنگ ڕاوەستابوون و لەگەڵ منداڵەکانی دیکە تەماشای یەکتریان دەکرد. وەنگ لانگ منداڵەکانی دانا و گەڕاوە، ئەوەندە خۆشحاڵ بوو حەجمینی نەبوو، چونکە منداڵەکانی لەوانی دیکە باڵابەرزتر وێچووتر بوون. بە کورتی کاتێک لە ئاوایی نزیک بووەوە تووشی یەکێک لە جیرانەکانی بوو و گوتی:

– بەڵێ ئەوڕۆ لە قوتابخانەی منداڵەکانم دەگەڕێمەوە.

دوای ئەوەی جیرانەکەی بە سەرسوڕمانەوە تەماشای کرد، وەنگ لانگ بە فیزەوە گوتی:

– من تازە پێویستم بەوە نییە منداڵەکانم لە مووچە کارم بۆ بکەن، با بۆخۆیان فێری خوێندن و نووسین بن.

دوای ئەوەی پیاوەکە ڕۆیشت لەبەر خۆیەوە گوتی: «هیچ دوور نییە کوڕە گەورەکەم ببێتە گەورەی کلاس». دوای ماوەیەک لە قوتابخانە بە کوڕەکانیان گوت کوڕە گەورە و کوڕە چکۆڵە. مامۆستا پیرەش کاتی نێو نووسی کە گوتی باوکتان چ کارەیە دوو نێوی تازەی بۆ دانان. بە کوڕە گەورەکەیان دەگوت «نانگ ئەن» و بە وی تریان گوت «نانگ وەن». وشەی هەوەڵی هەردووکیان یانی کەسێکی سەروەتەکەی لە خاکە.

## ١٨

بەم چەشنە وەنگ لانگ سەروەتی بنەماڵەی پێکەوەنا، سەرەتای ساڵی حەوتەم سێلاو هات و هەموو وڵاتی داگرت. بەڵام وەنگ لانگ سەرەڕای ئەوەی دوو پێنجەمی زەوییەکەی ببووە ئاو نیگەران نەبوو. ئەو سێلاوە بوو هۆی ئەوە کە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە، ماڵەکانیان بەجێ بێڵن. جگە لە خانووبەرەی وەنگ لانگ و دوو سێ خانووی دیکە کە دوور لە ئاوایی و لەسەر تەپۆڵکێک بوون و بە ساغی مانەوە، ئەوانی تر تا ماوەیەک هەروا مانەوە، بەڵام لە پاشان خووسان و لە جێگای خۆیان تێک تەپین. سێلاو ئەوەندە زۆر بوو تەنانەت ڕێگاکانیش پڕ بوون لە ئاو، کەسێکی بەڵەد نەبا سەری لێ دەشێوا و ئاو دەیبرد.

بۆ چوونە شاریش دوو داریان لێک دەبەست و وەک کەڵەک وەسەر ئاویان دەخست، بەم چەشنە کاروباری خۆیان جێ بەجێ دەکرد. ژمارەیەکیش هەبوون هیچیان لە دەست نەدەهات و لە برسان دەمردن و چارەنووسی هەمیشەیان دووپات بووەوە. بەڵام وەنگ لانگ ئەوەی بیری لێ نەکردباوە ئەوە بوو. چونکە سەرەڕای ئەوەی چاڵەکانی پڕ بوون لە دەغڵودان، گەنم فرۆشەکانیش پێی قەرزدار بوون. مەترسی ئەوەشی نەبوو کە خانووەکەی سێلاو بیگرێ. جا لەبەرئەوە هەقی خۆی بوو کە نیگەران و پەرۆش نەبێ.

تەنیا ناڕەحەتیێکەی، زەوییەکانی بوو کە پڕ ببوون لە ئاو و بێکار بوون کە ئەوەش بە قازانج تەواو بوو و بووە هۆی ئەوە بە تەواوی بحەسێتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە کرێکاری زۆر بوون و هەموو کارێکیان ئەنجام دەدا. بەڵام بۆ ئەوەی کرێکارەکانی بێ کار دانەنیشن پاش ئەوەی بانەکانی پێ هەڵگێڕانەوە و دار و دیواریان سواغ کرد، ئامرازەکانی کشتوکاڵی وەک پێمەڕە و نیر و ئاموور شەنە و درمغ کەو و بێژینگ و... ڕێک و پێک کردنەوە و گوتی:

– تفاق بدەن بە گایەکان، مراوی بکڕن و بە ئاویان دادەن، هەروەها خەریکی گوریس و بەنکەڵەوە و شتی دیکەی لەم بابەتانە بن.

بە کورتی هەموو کارەکانی پێ ئەنجام دان. بەڵام بۆ خۆی لەبەرئەوەی عادەتی نەگرتبوو،



لەبەر بێ کاری سەری لێ ئەستوور ببوو و نەیدەزانی چ بکا؟ لە حاڵێکدا لەوپەڕی تێر و تەسەلیدا بوو، پێی وابوو ئەو هەموو دانیشتنە چاک نییە و پێی تەمبەڵ دەبێ و زەرەرە.

پیرەبابیش زۆر کز و بێ تاقەت ببوو، چاوەکانی پرووش ببوون و گوێی لە هیچ نەدەبوو هەتا قسەشت لەگەڵ نەکردبا کاری بەکەس نەبوو. وەنگ لانگ پێی ناخۆش بوو کە باوکی ناتوانێ سەروەت و سامانەکەی تەماشا کا. پیرەباب ئەوەی لە بیری مابوو چا خواردنەوەکە بوو، جاروبار دەیپرسی؟

– ئەرێ پیاڵەکەم گەڵای تێدایە یان نا؟

هەروەها دەیبۆڵاند و دەیگوت:

– کەمێک ئاو بەسە، دەست پێوە بگرن هیچ دەزانن چا وەک زیۆ بە نرخە؟

بۆ ئەوەی نەدەبوو پیاو قسەی لەگەڵ بکا، چونکە هۆشی زۆر لەسەر خۆی نەبوو، خێرا لە بیری دەچووەوە! ژیانێکی تایبەت بە خۆی هەبوو. لە عالەمی خەون و خەیاڵدا دەژیا و لە ژیانی واقیعی بێ خەبەر بوو.

کچە گەورەکەشی بە کوتێک پارچە خۆی دەخافڵاند، لە پەنا بابە گەورەی دادەنیشت، بۆ خۆشی نەیدەزانی ئەو پەڕۆیە بۆ هێندە گرێ دەدا و دەیکاتەوە. وەنگ لانگ کاتێک چای بۆ باوکی دەبرد، دەستێکیشی بە سەر و چاوی کچەکەی دادێنا، ئەویش زەردەخەنەیەکی دەهاتێ و دووبارە بێدەنگ دەبووەوە. بەڵام ئەو زەردەخەنەیە بۆ وەنگ لانگ نەدەبووە مایە و زیاتر ناڕەحەت دەبوو. ناچار تەماشای منداڵە ئاواڵ دووانەکەی دەکرد کە بە سەریەکدا دەتلانەوە و کایەیان دەکرد.

وەنگ لانگ بە چەشنێکی وای تەماشای ژنەکەی دەکرد، دەتگوت قەتی نەدیوە و نەناسیوە، لە حاڵێکدا بە هەموو لەشی ئاشنا بوو و خۆشیشی لێ دیبوو. ژنەکەی هەتا بڵێی گێل و ساکار و ماڵوێران بوو! ڕۆژ تاکو ئێوارێ بەم لا و ئەولادا هەڵدەسووڕا بێ ئەوەی خۆشی بزانێ چ دەکا. وەنگ لانگ ئەوە هەوەڵین جار بوو کە ئەو مەسەلەی بە دڵیدا دەهات. هەروەها یەکەمین جار بوو کە دەیدیت مووی فرە و دەست و ڕووی زوورە! بە کورتی هەتا بڵێی ناحەز بوو، برۆکانی تێکچرژابوون و لێویشی زۆر پان بوو، زاری زەلام و دەست و لاقیشی زۆر نالەبار بوو! وەنگ لانگ لە حاڵێکدا بە چاوی پیاوێکی بیگانە تەماشای ژنەکەی دەکرد و گوتی:

– هەر کەسێکی چاوی پێت بکەوێ، پێی وایە تۆ ژنی کابرایەکی دێهاتی، نەک منێکی خاوەن کرێکار و ملّک و ماش و زەویوزار! بەڕاستی ئابڕووی منیشت بە خۆتەوە بردووە.

ئەوە هەوەڵین جار بوو کە بە ژنەکەی دەگوت ناحەز و بەدقەڵافەت. بەڵام ژنەکەی بە حاڵەتێکی زۆر پەرۆش و داماو تەماشای کرد و هیچی نەگوت لەسەر کورسیلەیەک دانیشت. دەرزی و دەزوویەکی دەست دایە و دەستی کرد بە پێڵاو دروون. دوای ماوەیەک لە شەرمان سوور هەڵگەڕا و گوتی:

– لەو ڕۆژەوە کە ئەو دوو منداڵەم بە زگێک بووە، ڕووی خۆشم بە خۆمەوە نەدیوە.

وەنگ لانگ لەبەر خۆیەوە گوتی: «ئەو ژنەی من هێندە ساکارە پێی وایە بۆیە لۆمەی دەکەم کە حەوت ساڵە لە زگان وەستاوەتەوە و منداڵی نابێ.». لە پاشان بە قەڵسی وەڵامی داوە و گوتی:

– مەبەستم ئەوەیە کە تۆ چت لە ژنی دیکە کەمترە و ناتوانی بە خۆت ڕابگەی؟ ئاخر ئەو پێڵاوەی تۆ پێڵاوی ژنی پیاوێکی پووڵدار نییە. بەسە؛ تاکەی؟ دەدانم لە زاری کەوت ئەوەندەی پێت بڵێم!

بەڵام ژنەکەی وەڵامی نەداوە، ملی بە لارەوە نا و قاچ و قولی لە بن مێزێک شاردەوە. وەنگ لانگ دوای ماوەیەک لە قسەکانی خۆی پەشیمان بووەوە. چونکە ئەو ژنە چەندین ساڵ بوو وەک سەگ بۆ هەموو جێگایەک بە دوویەوە بووە، هەروەها لە کاتی دەس تەنگیدا بە زەیستانی لەگەڵی دەچووە مووچە و یارمەتی دەکرد. بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەوانەش خۆی بۆ ڕانەگیرا دیسانیش زۆری بە سەر داهات و گوتی:

– من زەحمەتم کێشاوە و کارم کرد، ئارەقەم ڕشت و سوالّکەریم کرد تا دەوڵەمەند بووم. ئێستا کە بە نەوایەک گەیشتووم، پێم خۆش نییە ژنەکەم وەک ژنی کرێکارێک بچێتە مووچە و مەزرا. سەرهەڵێنە و تەماشای خۆت کە و بزانە چی؟

سەرت نەیەشێنم ژنەکەی لەوپەڕی ناحەزی دابوو، لە هەموو ئەندامێکی ناحەزتر لاقەکانی بوو. وەنگ لانگ ئەوەندە بە ڕقەوە تەماشای دەکرد، ژنەکەی ناچار بوو زیاتر بیانشارێتەوە. لە پاشان زۆر بە ساکاری گوتی:

– پێت وانەبێ لاقەکانم لە خۆڕا زەلامن. بە حاڵ وەبیرم دێ کە دایکم منی فرۆشت، کەس نەبوو خۆم پێوە ماندوو کا، مەلۆتکەم کا و بمپێچێتەوە. بەڵام من کچەکەی خۆم



مەلۆتکە دەکەم و ناهێڵم وەک منی لێبێ.

وەنگ لانگ دوای تووڕە بوونێکی زۆر گوتی: «تووڕەش نابێ بزانم دەڵێ چی؟ خۆ دەڵێی لاڵە!». لە پاشان بە سەریدا گوڕاند و گوتی:

– من دەچم بۆ قاوەخانە بزانم چ خەبەرە. بە خودای هەر کەس جەرگی بە قەد سێڵێک نەبێ لەو ماڵەدا هەڵناکا. پیاو تووشی ئینسانێکی دروست و حیسابی نابێ! جگە لە تاقمێک ماخوالیا و شێت و پیاوێکی پیر و دوو منداڵی سەر و پێچکە.

کاتێک دەچوو بۆ شار هێندەی دیکە ناڕەحەت بوو، دوای ماوەیەک بیرکردنەوە گوتی: «ئەگەر ئۆلان ئەو مستە جواهێراتەی لە ماڵە ئەرباب دەست نەدابایە و بە قسەی منی نەکردبا، هیچ وەختێک بۆخۆی دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو زەوییەکی تازە بکڕێ». بەم جۆرە سەبارەت بەو مەسەلە بیری دەکردەوە و زیاتر تووڕە دەبوو، لە وانەبوو لەگەڵ خۆشی بەشەڕ بێ. لە پاشان گوتی: «خۆ نازانێ ئەو مروارییانەی بۆ چی هەڵگرتووە، تەنیا وەک منداڵ دڵی پێی خۆشە و بەس. جگە لەوەش ئەگەر من بەو کارەم نەزانیبا، لەوانەبوو بۆخۆشی لە بیری بچێتەوە کەچی لە بن بەرۆکیدا شاردۆتەوە.» زۆر بەو مەسەلەوە ناڕەحەت بوو، بەڵام هەر جارەی بە شتێک خۆی ڕازی دەکرد. بە کورتی لەسەر ئەو باوەڕە ساغ بووەوە کە ئەو ژنە ناتوانێ ئەو مروارییانە بشارێتەوە.

کەس نەیدەزانی وەنگ لانگ بۆ هێندە بەو دوو مروارییانەوە ماندووییە؟ خۆ وەک جاران فەقیر نەبوو، لە شت بپرسێتەوە، چونکە قەڵشتە دیوار نەمابوو پووڵی زیوی تێدا نەشارێتەوە. تەنانەت جێگاوبان و چەمەدان و پشتێندەکەشی پڕ بوو لە زیو! هەرچەند لەو بارەوە نیگەرانی نەبوو، بەڵام لە شتی زۆر دەکوڵیەوە. دڵی زۆر بەو پووڵانەوە بوو، جاروبار بەسەری دەکردنەوە و سەودای پێدەکردن، بەڵام وردە وردە پووڵەکانی لەبەرچاو کەوت بیری لەوە دەکردەوە کە چ بکا و چلۆن دەست بکا بە خۆشگوزەرانی.

قولّی ئەو قولّی نەمابوو! ئەو شتانەی کە لە پێشیدا سەرنجی وی ڕادەکێشا کۆن ببوو. جگە لەوەی کە لە پێشدا بە سەد ترس و لەرز و نامۆیی و شەرمێونی دەچووە قاوەخانە و لە دوورەوە دەیانزانی دێهاتییە! ئێستا عەیب بوو بچێتە ئەو جۆرە جێگایانە و قاوەخانەکانی پێشوو. دەڵێن «کەوای سوور پڵاو دەخوا!» ئەو مەسەلە ڕاست لە وەنگ لانگ ڕووی دابوو، چونکە هەموو بەقەدر و حورمەت چاویان لێ دەکرد و ڕێزیان بۆ دادەنا، کاتێک دەچووە قاوەخانە خەڵک بە ئانیشک تێکیان دەکوتا و پێکتریان دەگوت:

– ئەوە هەمان وەنگ لانگە کە زەوییەکانی بنەماڵەی هوانگی لە ساڵی قاتییەکەدا لە خانی پیر کڕی!

لە بنەوە لەبەر خۆشحاڵییان حەجمینی نەبوو، چونکە لەبەر چاوی خەڵک گەورە ببووەوە. بەڵام دوای ماوەیەک لۆمە و سەرزەنیشتی ژنەکەی، ژنەکەی لێ ببوو بە شتێک و تەمای بۆ نەدەگیرا، لە پاشان گوتی: «من تازە لەو قاوەخانە چای ناخۆمەوە، خۆ خاوەنەکەی بە قەد کرێکارەکانی منیشی دەرامەد نییە! منێکی کە مڵک و ماڵم هەیە و منداڵی خوێندەوار نابێ ڕوو لەو جۆرە جێگایانە کەم». بە پەلە پووڵی چایەکەی دانا و بێ ئەوەی لەگەڵ کەس قسە بکا وەدەر کەوت! دوای ئەوەی لە خۆڕا بڕێک خوولاوە، گەیشتە جێگایەک و تەماشای کرد حیکایەتخوانێک لە بارەی سێ پادشای ڕەشید و شەڕکەر و پاڵەواندا قسە دەکا. ڕاوەستا و گوێی دایە. بەڵام لەوێش دڵی نەحەساوە و هەستا ڕۆیشت.

وەنگ لانگ بۆ ئەوەی بڕێک بێتەوە سەر حاڵ و هێندە لۆمەی ژنەکەی نەکا، چووە گازینۆیەکی کە خاوەنەکەی خەڵکی جنووب. بەر لەوەی بچێتە ژووری گازینۆکە دەیزانی جێگای قومار و عەیش و نۆشە و لەبەر تاقمێک ژنی هیچوپووچ پووڵی خۆیان خەرج دەکەن. دوای ئەوەی چووە ژوور وای خۆ پێشاندا کە جێگای وای زۆر دیوە. لە پاشان ئەو سەردەمەی وەبیرکەوتەوە کە تەواوی دەسمایەکەی بریتی بوو، لە دوو پووڵی زیو و بە داشقەچێتی پارووە نانێکی بۆ بنەماڵەکەی پێک دێنا. لە سەرەتاوە بێدەنگ لە سووچێکی گازینۆ دانیشت و تەماشای دەوروبەری خۆی دەکرد. گازینۆکە دالانێکی گەورەی هەبوو، بە چەشنێکی وایان ڕازاندبووەوە چاو لەبەری هەڵنەدەهات! لە هەر چوارلاوە پەردەیان هەڵواسیبوون و لەسەر پەردەکانیش شکڵ و وێنەی ژنی جوان جوانیان کێشابووەوە. وەنگ لانگ لە حاڵێکدا لە بنەوە تەماشای وێنەکانی دەکرد، پێی وابوو خەیاڵ و خەونە! چونکە لە عومریدا شتی وا جوانی نەدیبوو! چەند ڕۆژێکیش بە تەماشاکردنی ئەو وێنە جوانانە گوزەراندی و پیشی خواردەوە. سەرەڕای ئەوەی گیرفانی پڕ بوو لە نێو ئەو خەڵکەدا دیار بوو، چونکە تەنیا کەسێک بوو کە لەو گازینۆیەدا بە جێگای لیباسی ئاوریشمی کەوای پەشمی لەبەردابوو. جگە لەوەش بە پێچەوانەی ئەوانی دیکە مووی سەری درێژ و لوو لوو بە پشت ملیدا هاتبووە خوارێ.

لەو سەردەمەدا ئەو گازینۆیە بێجگە لە بت خانەی ڕۆژئاوا کە پێنج نهۆم لە دەرەوەی



شار بوو، تەنیا خانووبەرەیەکی دوو نهۆم بوو. شەوانە پیاو لەبەر قاقا و پێکەنین و بەزم و گۆرانی کچی جوان خەوی لە چاوی نەدەکەوت. بەڵام وەنگ لانگ لە جێگایەک دانیشتبوو کە جگە لە دەنگەدەنگی خەڵک و تاس و دۆمینە گوێی لە هیچ شتێکی دیکە نەبوو. لە حاڵێکدا سەری لەبەر خۆی نابوو و بیری دەکردەوە، ژنێک وردە وردە لێی نزیک بووەوە و دەستی لەسەر شانی دانا. یەک بەخۆی هەڵبەزیبەوە! چونکە پێی وانەبوو کەسێک لێرە بیناسێ. کاتێک سەری هەڵێنا چاوی بە کووکوو کەوت. کووکوو ئەو ژنە بوو کە زەوی خانی پیری لێ کڕیبوو. کووکوو کاتێک چاوی بە وەنگ لانگ کەوت پێکەنی و گوتی:

– ئەوەش وەنگ لانگی فەلا، ئەتۆ و ئێرە؟

ژنەتیو لەبەر بەدفەڕی و گەپ پێدان وشەی فەلای کردبووە بنێشتە خۆشکە و وەنگ لانگی پێ ناڕەحەت دەکرد. وەنگ لانگ بۆ ئەوەی بە ژنەکە بسەلمێنێ کە وەرزێڕێکی ئاسایی نییە پێکەنی و بە دەنگێکی بەرز گوتی:

– مەگەر پووڵی من ناچێ؟ ئەو سکانەی من خەرجی دەکەم لەگەڵ سکەی خەڵکی دیکە چ تۆفیرێکی هەیە؟ شوکر وەزعم زۆر چاکە.

کووکوو کاتێک ئەو قسانەی بیست چاوی لێ باریک بوونەوە، لە پاشان بە ئارامی گوتی:

– جا لەوە چاتر دەبێتە چی؟ پیاو دەبێ پووڵ لە جێگای وا خەرج بکا. دەوڵەمەندەکانی ئەو دەوروبەرە بۆ خۆشگوزەرانی دێنە ئێرە و دەست دەکەن بە شەڕاب خواردنەوە ئەوەش بزانە هیچ شەڕابێک ناگاتە شەڕابی ئێمە.

وەنگ لانگ لە وەڵامدا گوتی:

– هێشتا دەمم وەشەڕابی ئێرە نەکەوتووە، هەر چام خواردووەتەوە.

وەنگ لانگ خێرا لەو قسەی خۆی پەشیمان بووەوە، بەڵام ژنەکە پێکەنی و گوتی:

– جا لەسەر ئەو هەموو شەڕابەڕا بۆ چای دەخۆیەوە؟

وەنگ لانگ لە شەرمان سەری بەرداوە، بەڵام وەک قەرەچی دایە بەر تەوس و پلار گوتی:

– حەتمەن هێشتا شتی جوانی دیکەشت نەدیوە؟ دەستی ناسک و جوان و چکۆڵە و بۆن

خۆشی تایبەت کە دڵێک و سەد دڵ ئاشقی دەبێ.

وەنگ لانگ زیاتر سەری داخست و لە شەرمان سوور هەڵگەڕا، پێی وابوو خەڵک گوێیان داوەتە قسەی ژنەکە و چاویان لێ دەکەن. دوای ئەوەی دڵنیا بوو کە کەس چاویان لێ ناکا، لەبەر خۆیەوە گوتی:

– نانا، هیچم نەکردووە هەر چام خواردوەتەوە...

ژنەکە لە حاڵێکدا گەپی پێدەدا و پێی پێدەکەنی وێنەی سەرپەردەکانی پێشاندا و گوتی:

– تەماشاکە، ئەو وێنانە کچی ئێمەن. دڵت کامیان دەگرێ، سکەیەکی بدە و لە پەنا خۆتی دانێ.

وەنگ لانگ بە سەر سوڕمانێکی زۆرەوە گوتی:

– تاکو ئێستا هەر پێم وابوو ئەوانە خەیاڵن کە گۆرانی بێژەکان پێیان هەڵدەکوتن.

کووکوو بە گاڵتە گوتی:

– خەون و خەیاڵ کە هەن، بەڵام وەک دەڵێن پووڵ بەردی نەرم دەکا! کە وابوو دەکرێ بە پووڵ ئەو وێنانەش ببنە بووکێکی جوان و خوێن شیرن.

ژنەکە بەدەم ئەو قسانەوە بە چاو خزمەتکارەکانی حاڵی دەکرد کە وەنگ لانگ دێهاتییە و زۆریش دێهاتییە! بەڵام وەنگ لانگ هەر لە جێگای خۆی دانیشت و زۆر بە تاسەوە تەماشای وێنەکانی کرد و گوتی:

– کەوابوو ئەو ژنانە زیندوون و ئەو پیاوانە دەچنە لای وان.

ژنەکە گوتی:

– بلێ بزانم کام لەوانەت دەوێ؟

بەر لەو قسانە هەموو بۆ وەنگ لانگ وەک یەک وابوون! بەڵام دوای تەماشا کردنێکی زۆر لە نێو هەموویاندا یەکێکی زۆر جوانی هەڵبژارد و گوتی:

– ئەوەم دەوێ دەڵێی بێی زەردە تازە دەگاتێ!

لە پاشان کوێرەڕێی ئاوایی گرتە پێش و بەرەو ماڵ وەڕێ کەوت. کاتێک چاوی بە زەوییەکانی کەوت کە هەر وا پڕن لە ئاو هێندەی دیکە ماتەم دایگرت و نارەحەت بوو.



## ١٩

وەنگ لانگ زۆر سەیر گیرۆدەی ئەو ژنەی گازینۆکە بوو، لە بیری نەدەچووەوە. بەڵام ئەگەر لەم ماوەدا سێڵاو کشاباوە و زەوییەکانی وەگا هاتبان، بە کەردوو هەڵدان و دێراو لێدان سەرگەرم دەبوو. جگە لەوەش بە نەخۆشی منداڵەکان و مەرگی باوکیشی تا ڕادەیەک ئەو بیرەی لە مێشک دەچووە دەر. بەڵام ئەو ئەگەر و مەگەرە نەهاتنەجێ، واتە نە پیرەباب مرد و نە منداڵەکان نەخۆش کەوتن و نە سێڵاو کشاوە.

وەنگ لانگ ماڵەکەی خۆی لێ ببووە دوژمن، چاوی بە ژنەکەی هەڵنەدەهات. ژنەکەی هەستی بەوە کردبوو کە مێردەکەی لە هیچ جێگایەک ناسرەوێ، تەنانەت نان و چایەکەشی بە چاکی بۆ نەدەخورا. کاتێک چایان بۆ دادەنا لە بیری دەچووەوە و چایەکەی وەک دمی مردوو سارد دەبووەوە! سیغاری دادەگیرساند، بەڵام مژی لێ نەدەدا و بۆ خۆی دەبووە سووتوو!

وەنگ لانگ سەرەنجام تاقەتی نەهێنا و خۆی گەیاندەوە گازینۆ. تەماشای کرد وڵات چراخانی کراوە و پیاوەکان خەریکی مەشروب خواردنەوە و پێکەنینن، سینگ و بەرۆکیان کردبوونەوە و قاقا لەسەر قاقا لێیان دەدا. ئەوەی کە دڵ ئارەزووی دەکا و چاو پێی خۆشە، وەنگ لانگ بە خەونیش نەیدیبوو، بە کورتی جێگای خۆی گرت، بەڵام لە سەرەتاوە دەترسا و شەرمی دەکرد و لە خۆی ڕانەدەدیت بچێتە ژوور. دوای ماوەیەک ژنێکی لێ پەیدا بوو، ئەو ژنە هەمان کووکوو بوو.

کووکوو کاتێک چاوی پە پیاوێک دەکەوت لێی نزیک دەبووەوە و قسەی لەگەڵ دەکرد، بەڵام هەر کە زانی وەنگ لانگە شانی هەڵتەکاند و گوتی:

– ئەیەڕۆ خۆ ئەوە هەمان فەلاکەیە!

ئەو قسە وەک خەنجەر کاری لە وەنگ لانگ کرد، بەرچاوی تاریک بوو و گوتی:

– بۆ من ناتوانم بێمە ئەو گازینۆیە؟ چم لەو پیاوانە کەمترە؟ ئەوەی ئەوان دەیکەن منیش دەیکەم، خۆم پێ لە وان کەمتر نییە.

ژنەکە شانی هەڵتەکاند و بە تەوسەوە گوتی:

– ئەگەر تۆش وەک ئەوان زیوت هەبێ دەتوانی.

وەنگ لانگ بۆ ئەوەی خۆ بنوێنێ دەستی لە گیرفانی نا و مستێکی زیو هێنادەر و بە ژنەکەی گوت:

– بەسە یان دیسان بتدەمێ؟

ژنەکە چاوێکی لە زیوەکان کرد و گوتی:

– زۆر چاکە وەرە ژوور و بڵێ بزانم کامیانت دەوێ؟

وەنگ لانگ گوتی:

– بۆ پێت وایە من بە تەمای شتێکم؟

لە پاشان شەهوەت بەرچاوی گرت و گوتی:

– ئەو چکۆڵە چەنە درێژ و خشپلانەم دەوێ.

ژنەکە کچەی حاڵی کرد و بۆ خۆشی بە پەنا مشتەرییەکاندا خۆی گەیاندە پلیکانەکان. وەنگ لانگ سەری داخست و دوا بەدوای ڕۆیشت بەڵام پێی وابوو ئەو خەڵکە ڕاوەستاون و تەماشای وی دەکەن. کاتێک ئاوڕی داوە، تەماشای کرد هیچ خەبەرێک نییە و کەس کاری بەوان نییە. دوو کەس نەبێ، هیچ کەس بە دەرەوە نەبوو، ئەوانیش لە بیری خۆیاندا بوون و دەیانگوت:

– وا دیارە درەنگە و ئاگامان لە خۆمان بڕاوە، وەختە کە سەرێک لە ژنەکان بدەین.

یەکی تریش گوتی:

– ئەوە لەو بێ ژنانەیە کە زۆر بە پەلەیە.

بە کورتی چوونە نهۆمی دووەمی گازینۆکە، جێگای تایبەتی ژنان. وەنگ لانگ ئەوە هەوەڵێن جار بوو، جێگای وای چاوپێدەکەوت. ژنەکە سینگی بردە پێش و گوتی:

– ئەوەش مشتەری هەوەڵی شەوێ.

لە پاشان دەرگا کرانەوە و لەوبەر و ئەوبەری دالانەکە کچ وەدەر کەوتن، هەموو بە پێی عادەتی خۆیان پەردەیان لادا و ڕاوەستان. بەڵام کووکوو بە قەڵسی گوتی:

– ئەتۆ نا، ئەتۆش نا... کەس کاری بە ئێوە نییە، ئەوە مشتەری نەیلووفەرە.

مشتومڕ و سکاڵای ژمارەیەک بەرز بووەوە و یەکێک گوتی:

– ئەو دۆیە هەر قابیل بەو دۆدانەیە، چونکە هێشتا بۆنی سیری دێهاتی لێ دێ!



وەنگ لانگ هەرچەند ئەو قسەی زۆر پێ ناخۆش بوو، گوێی نەدایە. بەڵام ئەو ترسەی هەر لە دڵ دابوو کە هەڵەیەک بکا و پێی بڵێن دێهاتی. بەو مەسەلەوە زۆر ناڕەحەت بوو، کاتێک بیری کردەوە کە پووڵی هەیە، وە غیرەت کەوت و ئەو ترسەشی لە دڵ چووە دەر.

سەرەنجام کووکوو لە پشت دەرگایەکی گاڵە دراو ڕاوەستا و دووسێ کەڕەتی لە دەرگاکە دا، بەڵام بێ ئەوەی کەسێک دەرگای لێ بکاتەوە وەژوورکەوت، تەماشای کرد کچەکە کە لێفەیەکی گوڵداری بەسەرخۆیداداوە و ڕاکشاوە. کچە ئەوەندە جوان بوو چاوی لەبەر هەڵنەدەهات، نەیدەتوانی تەماشای دەستەکانی کەی! لەبەر جوانی دڵێک و هەزار دڵ ئاشقی دەبوو! بەژن و باڵاشی تا دەست هەڵێنی کەڵەگەت و گەردنی دەتگوت مینای بێ گەردە!

ئەوانە بۆ وەنگ لانگ وەک خەون وابوون! کاتێک چاوی بەو دیمەنە کەوت، لە حاستە خۆی حەپەسا و لێوەلەرزەی گرت و بەلاداهات! قەت باوەڕی نەدەکرد بەوەی کە بتوانێ دەست لە دەستێکی وا خڕ و خۆڵ و ناسک بدا! چونکە لە پێشدا ئەو وێنەی لەسەر پەردە تەماشا کردبوو کە چی ئێستا وێنەی بەڕاستی کچەکەی تەماشا دەکرد. کاتێک بەژن و باڵای کچەکەی لەو لیباسە تەنگ و کورتانەدا چاوپێکەوت و هێندەی دیکە گیرۆدەی بوو. ناهەقی نەبوو سەر و چاوی دەتگوت گوڵەباغە و لە هەموو ڕەنگێک دەنوێنی! جگە لەوەش چاو مەست و مژۆڵ تیروکەوانی، لێو قەیتان و دەم بچوک! نە بکەی نە بخۆی تەماشای سای گەردنی کەی! وردە وردە تێگەیی کە تاریفی گۆرانیبێژەکان سەبارەت بەو کیژە هەرچەندە بێ کەمە. باوەڕی نەدەکرد کە ئەو کچە مەوجوودێکی گیان لەبەرە و زیندوویە! پێی وابوو پەری و وێنەگر وێنەی ئەو ژنەی کێشاوەتەوە.

لە پاشان وەنگ لانگ زۆر بە توندی نەخۆش کەوت. تاڵی و سوێری و ناڕەحەتی زۆری، وەک قاتی و قڕی، سەرگەردانی و هەڵسووڕان بەم لاو ئەولادا تەنانەت حەمباڵی لە شەقامەکانی شار و... بەڵام هیچ کام لەوانە بە ئەندازەی ئەو دەستە ناسک و نەرم و نۆڵە شوێنی لەسەر دانەنا و ناڕەحەتی نەکرد.

لەمەوبەدوا کار و پیشەی ئەوەبووە، هەموو ڕۆژێ دەچووە ئەو گازینۆیە و دەستەو ئەژنۆ ڕووبەڕووی وەتاغی کچەکە بە لارەملی وەک سواڵکەر ڕادەوەستا، بۆ ئەوەی وەریگرێ. سەرەڕای ئەوەی هەموو شەوێ دەچووە لای، بەڵام هەر ئەو دێهاتییە ساکارە بوو کە هیچی نەدەزانی و قسەی نەدەکرد، وەختێک لە وەتاغەکەی نزیک دەبووەوە چۆکەکانی دەنوشتاوە

و دەلەرزی، بەڵام بە هەر جۆرێک با خۆی دەگەیاندە جێگا و بانەکەی و ڕادەکشا، هەر کە کچەکە بزەی دەهاتە سەر لێو، نۆبەتێ دایدەگرت و هەوەس بەرچاوی دەگرت. هەروەها وەک ئاور بڵێسەی لێ دەبووەوە! ئاراو و قارای لێ هەڵگیرابوو، وەک کۆیلە بە دوویەوە بوو، ناهەقی نەبوو کچە وەک مانگی چاردە دەدرەوشا! چاوی لەبەر هەڵنەدەهات! دەم و لێوی وەک خونچەگوڵ لە هەموو ڕەنگێکی دەنواند! بەو حاڵەتەوە بە شوێن ئەو شکۆفەدا دەڕۆیشت. لە پاشان کچەکە بەو هەموو جوانییەی خۆیەوە، خۆی لە ئیختیار وەنگ لانگ دەنا.

بەڵام سەرەڕای ئەوەش وەنگ لانگ نەیدەتوانی دەستی بە سەردا بگرێ جا لەبەر ئەوە هەمیشە لاواز و کز بوو، زۆر ناهومێد بوو، چونکە کچە کە خۆشی لە ئیختیار دەنا بە ئاوات نەدەگەیی.

ئۆلان لەو ڕۆژەوە کە پێی نابووە ئەو ماڵە لە هەموو بارێکەوە بۆ وەنگ لانگ ببووە لەمپەرێکی زۆر چاک و بەکەڵک. لە بەرابەردا وەنگ لانگیش وەک ئینسانێکی بە هێز و ساغ، وەک حەیوانێک کە وەدووی مێیەکەی دەکەوێ، هەوەسی ژنەکەی دادەمرکاند و بۆ خۆشی ڕازی دەگەڕایەوە سەر کاروبارەکەی. بەڵام عیشقی ئەو کچە هەموو شتێکی لەبەرچاو خستبوو؛ ژنەکەی یەکێک بوو لەو شتانە.

وەنگ لانگ دڵی بە هیچ شتێک نەدەکراوە، تووشی دەردێکی بێ دەرمان ببوو. شەوانە دوای ئەوەی کچەکە لێی تێر دەبوو، شانی وەنگ لانگی دەگرت و وەدەریدەنا. لێرەدا بە جوانی دەردەکەوێ کە خۆشەویستی و ناز و عیشوەی کچەکە لەبەر خاتری پووڵ بوو، نەک بەڕاستی خۆشەویستی. بەڵام وەنگ لانگ وەک نەخۆشیەکی کە تازە لە کەوتوویی چاک دەبێتەوە، تێر نەدەبوو! بەو حاڵەش دڵی لێی نەدەبووەوە و حەزی دەکرد هەمیشە لە لای بێ. سەرەڕای ئەوەی شتێکی لە بارەی ئەو کچەدا نەدەزانی لە خۆڕا دەسووتا و دەبرژا. ئەوەندەی پێکەوە دەبوون هێندەیان قسە نەدەکرد، پێی خۆش بوو هەر تەماشای بەژن و باڵای بکا، شەوانە کە دەگەڕاوە دەتگوت گێژە. ڕۆژێکی بە دە ڕۆژ لێ دەگوزەرا! لە هیچ جێگایەک حەجمینی نەبوو و ئارامی نەدەگرت. ئەگەر ژنەکەی یان یەکێک لە منداڵەکان یا چینگ دەهاتە لای و دەیگوت:

– پاش ئەوەی سێڵاو نیشتەوە چ دابچێنین؟

دەیگوت:

– بۆ لێم ناگەڕێن؟ دەستم لە کۆڵ کەنەوە.



دەتگوت بیبارە کەس نەیدەوێرا خۆی لێدا! لە حەیبەت ئەو کچە هۆشی هیچ شتێکی دیکەی نەبوو! نە ڕووی دەدا بە ئۆلان و نە بە منداڵەکانی ڕادەگەیی. کاتێک چاوی بە منداڵەکان دەکەوت خۆی لێ سوور هەڵدەگێڕان و نێوچاوانی تێک دەنا! منداڵەکان خوداخودایان بوو چاویان بە باوکیان نەکەوێ. هەموو لێی تۆقیبوون. بەڵام باوکی قسەی لێ نەدەپێچاوە و دەیگوت:

– ئەوە چ نەخۆشییەکە ئەخلاق و ڕەفتاری تۆی گۆڕیوە و ڕەنگت بە ڕووانەوە نەماوە.

ڕۆژ ڕۆژی نەیلووفەر بوو، بە ئیشتیای خۆی دەجووڵاوە، وەنگ لانگ سەرەڕای ئەوەی زۆر بە خۆیدا دەهات و سەر و کاکۆڵی دادێنا، نەیلووفەر گەپی پێدەدا و دەیگوت:

– ئەو مووانە چن دەڵێی مووی مەیموونە؟ خۆ لە جنووب ئەو مۆدە باو نییە.

وەنگ لانگ هەرچەندە گوێی نەدەدا قسە و لۆمەی هیچ کەس، کاتێک ئەوەی بیست سەری پاک پاک تاشی. ئۆلان کاتێک چاوی بە مێردەکەی کەوت و گوتی:

– ئەتۆ ڕەگی ژیانی خۆت بە دەستی خۆت بڕی.

وەنگ لانگ لە وەڵامدا گوتی:

– دەتهەوێ هەتاهەتایە هەروا شێت و کۆنە پەرست بم؟ هەموو حەیوانێکی شاریش مووی سەری کورتە.

وەنگ لانگ هەرچەند بە دڵ لە کردەوەی خۆی ناڕەحەت بوو. بەڵام ئەگەر کچەکە گوتبای بمرە دەمرد! چونکە ئەوەندە جوان بوو نەیدەتوانی بە قسەی نەکا. وەنگ لانگ جاروبار نەبا خۆی نەدەشوت، چونکە پێی وابوو ئارەقە کردنیش چەشنێک خۆ شوتنە. بەڵام ئێستا لەبەر خاتری ئەو کچە هەموو ڕۆژێ خۆی دەشوات. ژنەکەی بەزەیی پێدا هات و گوتی:

– هێندە خۆت دەشۆی دەمری.

بەڵام وەنگ لانگ سەرەڕای ئەوەی قسەی ژنەکەی بەهێند نەگرت هەمیشە لە بیری ئەوەدا بوو عەتری بۆنخۆش لە خۆی بدا. هەروەها لە پێشدا کە خواردنی نان و سیر بوو، جگە لەوەی بۆخۆی نەیدەخوارد، پێی خۆش نەبوو یەکی دیکەش بیخوا. چونکە دەترسا بۆنی لە زاری بێ و کچەکە ناڕەحەت بێ. جاران ئۆلان لیباسی بۆ دەدروو، بەڵام ئێستا جگە لەوەی لیباسەکانی دەبردە لای جل درووی شار، کەوشی وای دەکڕی کە خانی پیریش لە پێیدا نەبوو.

ئەو شتە جوانانەشی تەنیا بۆ لای کچەکە لەبەر دەکرد، لە ڕووی هەڵنەدەهات لە لای

ماڵ و منداڵەکەی خۆیان پێوە ڕانێ. بەم هۆیە بە پووڵ لەگەڵ یەکێک لە کاربەدەستانی گازینۆ بوو بە ئاشنا و کاتێک دەهاتەوە لیباسەکانی بۆ لە سووچێکی گازینۆکە دادەنا. وەنگ لانگ وەک کوڕێکی چاردە ساڵە بە خۆیدا دەهات و دەچوو.

ئۆلان هەرچەندە سەرەدەری لە کارەکانی دەرنەدەچوو، ڕۆژێک لەوپەڕی ناڕەحەتیدا گوتی:

– بە چاوپێکەوتنی ئەو شکڵ و قیافەی تۆ دەوڵەت و سامانی خانی پیرم دێتە بەر چاو.

لە پاشان وەنگ لانگ پێکەنی و گوتی:

– خۆ ئەمە لەوان دەوڵەمەندترین بۆ دەبێ ئێستاش وەک کرێکارێکی مووچە بم؟

وەنگ لانگ بە دڵ بەو قسەی ژنەکەی خۆشحاڵ بوو، هەروەها زیاتر لە ڕۆژان لەگەڵی بە گفت و لفت بوو. لەو ڕۆژانەدا وەک خیز پووڵی خەرج دەکرد، بۆ سەعاتێک خۆشگوزەرانی لەگەڵ ئەو کچە هەرچەند خەرجی کردبا پێی کەم بوو. بەو حاڵەش کچەکە نازی لەسەر دەکرد وەنگ لانگ دڵخۆشی دەداوە و دەیگوت:

– ئەو جار چت دەوێ خۆشەویستەکەم؟

– زۆر ناڕەحەتم.

– بۆ ناڕەحەتی؟

– چلۆن ناڕەحەت نەبم، ئەو کچەی ڕووبەڕووم گراوییەکەی دەرزیلێکی زێڕی بە دیاری بۆ هێناوە، کە چی من دەرزیلەی زیوم هەیە.

وەنگ لانگ لە حاڵێکدا دەستی بە سەر و زوڵفی دادێنا و هەوەس زۆری بۆ هێنا بوو گوتی:

– منیش بۆ ئەو زوڵفە جوانانەی خۆشەویستی خۆم دەرزیلێکی زێڕ دەکڕم...

– کچەکە وەک مامۆستایەکی چاک ئەو قسانەی فێری وەنگ لانگ کردبوو، ئەویش وەک قوتابی دووپاتی دەکردنەوە. هەرچەندە مەسەلەی خۆشەویستی و حەزلێکردوویی لەگەڵ ژیانی وەنگ لانگ نەدەهاتەوە، بەڵام ئەوەندە بەو مەسەلەوە خۆشحاڵ بوو هەر دەیگوت و دەیگوتەوە. بەم چەشنە وردە وردە پووڵەکانی لە کەلێن و قوژبنی دیوارەکان و نێو پرێسکەکان هێنادەر و خەرجی دەکرد.



ئۆلان لە مێژ بوو دەیویست بڵێ ئەو پووڵانە بۆ خەرج دەکەی؟ هەرچەندە دەیزانی بێجگە لە ژیانی کشتوکاڵ خەریکی ژیانێکی تازەیە، هیچی نەدەگوت، چونکە دەیزانی مێردەکەی خەریکە بیانووی پێدەگرێ. کچە وای لە وەنگ لانگ کردبوو لەگەڵ تری بزنێ بەشەڕ دەهات؛ کەس نەیدەوێرا شتێک بڵێ ئەو لەوێ دەرهەڵدەبوو و دەیکردە هەڵڵا هەڵڵا.

ڕۆژێک وەنگ لانگ لە مووچە گەڕاوە و تەماشای کرد ئۆلان خەریکی لیباس شوتنە، ماوەیەک لە لای ڕاوەستا و گوتی:

– چت لە مرواریییەکانت کرد؟

وەنگ لانگ لە کردەوەی خۆی پەشیمان بوو، بەڵام نەیدەویست ئاشکرای کا و دانی پێدا بنێ. ئۆلان بە دەم لیباس شوتنەکەوە سەری هەڵێنا و گوتی:

– گوتت مرواری، هەڵمگرتوون.

وەنگ لانگ قەدەرێک تەماشای دەست و لاقی ژنەکەی کرد و گوتی:

– لە خۆڕا بۆ دەستت بەسەر ئەو مرواریییانە داگرتووە، چ سوودێکی هەیە؟

ژنەکەی گوتی:

– پێم وابوو ڕۆژێک جووتێک گوارەی لێ دروست دەکەم.

بۆ ئەوەی ڕێگا نەدا مێردەکەی گەپی پێ بدا، لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:

– لە پاشان تەمام گرت بۆ زەماوەندی کچەکەم ڕایانگرم.

مێردەکەی گوتی:

– کچەکەت هێندە سپی و سۆڵە دەبێ لە گوێی کا؟! مرواری دەبێ ئەو ژنانە لە گوێیانی کەن کە پێستیان سپی بێ.

دوای ماوەیەک بە سەریدا قیژاند و گوتی:

– زووکە بیاندە بە من، ئەوە گیای تۆ نییە، کارم پێیانە.

ژنەکەی بەرۆکی کردەوە و پرێسکەیەکی چووکی هێنا دەر و دای بە مێردەکەی.

وەنگ لانگ کاتێک چاوی بە مرواریییەکان کەوت پێکەنی. بەڵام ئۆلان لە حاڵێکدا فرمێسک بە سەر گۆنایدا دەهاتە خوار سەری بەرداوە و خەریکی کاروباری خۆی بوو.

## ٢٠

وەنگ لانگ ئەگەر مامی لێ پەیدا نەبا، کاری لە جێگایەکی دیکە بوو بەڵام مامی بێ ئەوەی لە پێشدا خەبەر بدا گەڕاوە. دوای پرسیارێکی زۆر ئێستاش نەیگوت لە کوێ بو و چی کردووە. ڕۆژێک بە لیباسێکی کۆن یەخە و بەرۆکی ئاوەڵە، لەسەر نان و چای بەیانی لێیان وەژوور کەوت و بە پێکەنینەوە دەستی کرد بە چاک و خۆشی کردن. وەنگ لانگ کاتێک چاوی بە مامی کەوت، لە جێگای خۆی حەپەسا، چونکە ئەوەی بیری لێ نەکردباوە مامی بوو. باوکی لە سەرەتاوە نەیناسییەوە، سەرەنجام مامی کردی بە گوڕە گوڕ و گوتی:

– بەه بەه! بەڕاستی چاوم پێتان ڕوون بووەوە؛ زۆرم ئارەزوو دەکردن.

لە پاشان وەنگ لانگ بە ناچاری پێشوازی لێ کرد و پرسی:

– مامە گیان شتێکت خواردووە یان نا؟

– نا گیانی مامەی هیچم نەخواردوە! خۆشتان ناڕەحەت مەکەن، هەرچی بێ لەگەڵ ئێوە شتێکی دەخۆم.

کاتێک دانیشتە سەر سفرەی دەتگوت تازە لە شەڕ گەڕاوەتەوە و چەندین ساڵە برسیایەتی چێژتووە! دوای ئەوەی تێری خوارد گوتی:

– ئەگەر ئیجازەتان لەسەر بێ تۆزێک دەخەوم! سێ شەوە نەخەوتوم.

وەنگ لانگ لە حاڵێکدا سەری سوڕمابوو و نەیدەزانی دەبێ چ بکا، بە نابەدڵی وەتاغی باوکی پێشاندا و گوتی:

– فەرموو لێرە بخەوە.

مامی تەماشایەکی مێز و سەندەڵی و جێگا و بانەکەی کرد و گوتی:

– پیرۆز بێ؛ بیستوومە دەوڵەمەند بووی و ماقووڵ بەڵام نەک تا ئەو ڕادەیە.

لە پاشان بەو هاوینە گەرمە لێفەیەکی بە سەر خۆیدادا و خەوت. وەنگ لانگ بە نیگەرانی گەڕاوە، چونکە دەیزانی تازە مامی لێ دەبێتە بەڵا و بۆی دەر ناکرێ. مامیشی جێگای خۆی خۆش کرد و دانیشت.



وەنگ لانگ ماوەیەک لە بارەی مامی و ماڵ و منداڵەکەیدا بیری کردەوە، لە پاشان گوتی ئەو هەموو خۆ ماندوو کردنەی ناوێ، پێم خۆش بێ و و ناخۆش بێ، تازە هاتوون و کەسیش ناتوانێ پێشیان بگرێ.

مامی دوای ئەوەی تێر خەو بوو، هەستا و بە دەم خۆکێشانەوە دوو سێ مستی لەولا و لای سینگی دا و لیباسەکانی لەبەر کردەوە و بە وەنگ لانگی گوت:

– دەچم ماڵ و منداڵەکەشم دێنم، مەترسە زۆر نین، ببین و نەبین هەر وەک خۆی وایە و لەم دەم و دەزگایە هیچ کەم نابێتەوە.

وەنگ لانگ لەبەرئەوەی پێی خۆش نەبوو قسەی لەگەڵ بکا، نێو چاوانی لێک نا و سەری بەرداوە، چونکە بۆ خۆشی ئەوەی دەزانی کە دەوڵەمەندە، جگە لەوەش ئەگەر ڕووی نەدابانێ کەس چی چاکی پێ نەدەگوت. لە پاشان بە کرێکارەکانی گوت شتومەکی خۆتان بەرنە وەتاغێکی دیکە و ئەو وەتاغەی بدەن بە مامی. مامی و مامۆژنی و ئامۆزاکەی هەر ئەو ڕۆژە گوێزتیانەوە.

وەنگ لانگ سەرەڕای ئەوەی زۆر ناڕەحەت بوو، وەسەر خۆی نەهێنا و بە ناچاری خزمەکانی بەخێر هێنان. بەڵام کاتێک چاوی بە سووراو و سپیاوی مامۆژنی و بەدفەڕی ئامۆزاکەی دەکەوت لە حەیفان لێوی خۆی دەگەزت و هەموو شتێکی لە بیر دەچووەوە. دوای ئەوەی عادەتی پێگرتن، ئۆلان دڵخۆشی مێردەکەی داوە و گوتی:

– چیدی خۆت ناڕەحەت مەکە، چ خێر بوو! بڵێی ئەو بەخێوکردنەی تۆیان لە چاودا نەبێ و خراپیش بن؟

وەنگ لانگ لە پاشان کەوتەوە بیری نەیلووفەر و گوتی:

– پیاو لەگەڵ ئەو سەگ و گورگانە هەڵناکا، دەبێ هەرچی زووترە چارەسەری خۆم بکەم و جێگایەکی دیکە بۆ ئاسایش و ڕەحەتی خۆم لە دەرەوە بدۆزمەوە. دیسانیش نۆبەتێی عیشق دایگرت و نەیدەزانی چ بکا. ئۆلان و پیرەباب و چینگ لەو مەسەلە بێ خەبەر بوون، بەڵام ئامۆژنی خێرا حاڵی بوو و بە ئۆلانی گوت:

– بۆ هێندە فەقیر و گێلی؟ وەنگ لانگ گراوی گرتووە.

کاتێک زانی ئۆلان لە مانای قسە حاڵی نەبووە گوتی:

– دەتهەوێ بۆت لە بنی کولەکە دەم! مێردەکەت خەریکە ژنێکی دیکە بێنێ. حاڵی بووی؟

وەنگ لانگ گوێی لە قسەکانی ئامۆژنی بوو، بەڵام ئامۆژنی هەر بەوەندە دەستی هەڵنەگرت، برێکی هات و هاوار کرد و گوتی:

– ئەمن دنیا زۆر گەڕاوم و پیاویشم زۆر دیون، کاتێک دەستیان بە سەروکاکۆڵیاندا هێنا، لیباسی تازەیان لەبەر کرد و کەوشی مەخمەریان لە پێ کرد، بزانە شتێک لە گۆڕێ دایە و ئەویش مەسەلەی ژن هێنانە و شتێکی دیکە نییە.

وەنگ لانگ زانی ئۆلان بەو دەنگە نەرم و ئارامەی خۆی شتێکی گوت، بەڵام حاڵی نەبوو. ئامۆژنی دووبارە دەستی پێکردەوە و گوتی:

– فەقیری بێچارە، ئەتۆ نابێ بە مێردێک ڕازی بی، پیاو هەروا بێ ئەمەگن، ئەگەر ژن سەد بەدبەختی و چارەڕەشییان لەسەر بکێشێ پێ نازانن! جگە لەوەش ئەگەر پاروە نانێکیان بوو هەڵداوێن و وەدوای خۆشگوزەرانی خۆیان دەکەون! ئەوەش تازە دەوڵەمەند بووە، تۆی ناوێ! یەکێکی دەوێ نازی بۆ بکا و ڕۆژ تاکو ئێواری بە خۆیدا بێ و بچێ، نەک ئەتۆیەکی وەک سەگ وەدوای دەکەوی و خۆشیت لە خۆت نەدیوە.

ئامۆژنی قسەی زۆر کرد، بەڵام وەنگ لانگ بیری لەوە دەکردەوە چلۆن دەستی بەو کچە ڕابگا، جاری وابوو دەیگوت دەیهێنمە ماڵە خۆم و مارەی دەکەم با کەسی دیکە نەچێتە لای و بۆ خۆی لە لای من چ دەکا با بکا. ئامۆژنی بردە بن دار خورمایەک و پێی گوت:

– قسەکانی تۆم لە حەوشە هەمووی گوێ لێ بوو، ڕاست دەکەی من ژنێکی دیکەم دەوێ. خۆ ئەو هەموو خەڵکە هەر بەخێو دەکەم، چ دەبێ نەفەرێکی دیکەش با زیاد بێ؟

ئامۆژنی گوتی:

– هیچ نابێ بێنە. ئەوە سەرەنجامی هەموو پیاوێکی پووڵدارە؛ تەنیا دەس تەنگ و نەدارەکانن کە دەبێ ژنێکیان هەبێ.

وەنگ لانگ دوای ئەو قسانە نەخشەی کێشا و گوتی:

– خۆ من بۆ خۆم هیچم لە دەست نایە، دەبێ یەکێک یارمەتیم بکا. ئەو کارانە بە دەڵاڵ نەبێ جێ بەجێ نابێ، خۆ بۆ خۆشم نابێ خوازبێنی بکەم.

ژنەکە لە وەڵامدا گوتی:

– ئەتۆ چت بەوەی داوە، من بەخۆم بۆت جێبەجێ دەکەم، بڵێ بزانم کام ژنە؟

وەنگ لانگ پێی شەرم بوو نێوەکەی بڵێ، چونکە لە لای کەس نەیدرکاندبوو، لە



پاشان گوتی:

– نێوی نەیلووفەرە.

وەنگ لانگ پێی وابوو هەموو کەس بەو نێوە ئاشنایە. لە بیری چووبووەوە کە دوو مانگ لەمەو بەر دەیگوت کەس شتی وا جوانی چاو پێ نەکەوتووە! ئامۆژنی گوتی:

– ماڵەکەی لە کوێیە؟

وەنگ لانگ بە قەڵسی وەڵامی داوە و گوتی:

– جگە لەو گازینۆیە دەتوانێ لە کوێی دیکە بێ؟

ژنەکە گوتی:

– ئەو جێگایەی کە بە نێوی گوڵخانە نێو بانگی دەرکردووە؟

وەنگ لانگ لە وەڵامدا گوتی:

– دیارە دەبێ ئەو جێگایە بێ، بۆ پێت وابوو دەبێ کوێ بێ؟!

ئامۆژنی کەمێکی بیر کردەوە و گوتی:

– من کەس لەوێ ناناسم. چارە چییە؟ دەبێ خزمەتکاری وێ کێ بێ؟

کاتێک وەنگ لانگ گوتی:

– هەمان کووکووی کلفەتی ماڵە خانی گەورەیە.

ئامۆژنی پێکەنی و گوتی:

– ئەوجار حاڵی بووم کێیە؟ کە وابوو دوای ئەوەی خانی پیر مرد ئەو ژنەتیوە چووە ئەوێ! بەڕاستی جێگای خۆی دیوەتەوە، ئەگەر چووبا جێگایەکی دیکە سەیر بوو.

لە پاشان پێکەنی و گوتی:

– نارەحەت مەبە، ئەوە شتێکی زۆر سادەیە. هەر لە هەوەڵەوە دیار بوو هەموو کارێک دەکا، تەنانەت ئەگەر زیوت پێشاندابا لە کایەک کێوێکی ساز دەکرد!

وەنگ لانگ کاتێک ئەوەی بیست تفی لە زاریدا وشک بوو و گوتی:

– زیو؟ یا زێڕی بوێ، هەرچی بیهەوێ دەیدەمێ؛ تەنانەت زەوییەکانیشم.

لە پاشان وەنگ لانگ نۆبەتێی عیشق دایگرت و گوتی:

– تا ئەو کارە دروست نەبێ ناچمە هیچ جێگایەک. دەبێ ببێتە حەڵاڵی خۆم دەنا دەچمەوە لای.

کاتێک ئەوەی گوت لە حەبیبەتان لەوانەبوو قەلبی ڕاوەستێ! پەیتاپەیتا دەچووە لای ئامۆژنی و دەیگوت:

– هیچ دەرکێک نییە کە بە پووڵ نەکرێتەوە. بە کووکووش بڵێ لەسەر پووڵ پەکی ناخەم، هەروەها بەو کچەش بڵێن دەست لە ڕەش و سپی نەدا و وەک خانم و خاتوونان دادەنیشێ. لیباسی ئاوریشمی بۆ دەکرم و ناهێڵم گۆشتی ماسیشی لێ ببڕێ.

بە کورتی ئەوەندەی لەو قسانە کرد ژنە جاڕز بوو و گوتی:

– بەسە سەر و مێشکت بردم! بۆ پێت وایە لە گوێی گادا خەوتووم و هیچم نەدیوە؟ دەست هەڵگرە جگە لەو شتانە هەزار شتی دیکەشم پێ گوتووە ئەویش نەک جارێک و دوو جار، بەڵکو سەد جار!

وەنگ لانگ دوای ئەو قسانە بێدەنگ بوو لە حەبیبەتان بە ددانی لە نینۆکی نووسابوو. لە پاشان لە ترسی ئەوەی نەیلووفەر ماڵەکەی پەسند نەکا، بەربینگی بە ئۆلان گرت و هەر جارە بیانوویەکی پێدەگرت و دەیگوت:

– ئەو شتە لێرە دانێ! ئێرە بۆ وا ئاڵۆزە؟ فلانە شت لە فلانە جێگا دانێ. گەسکت لە وڵاتی نەداوە! ئەو قاپانە پیسن. هەروەها ئەو مێزە و سەندەڵییانە وا دابنێ و فلان و فیسار.

ئۆلانی بێچارەش سەری لێ شێوا و لە دڵی خۆیدا گوتی: «ئەوە هێشتا خانم نەهاتووە وا دەکا، هاوار بۆ ڕۆژێکی کە دێ.»

وەنگ لانگ وردە وردە دووری لە ئۆلان دەکرد و سەرجێی نەدەکرد! هەروەها لە بیری جێگایەکدا بوو بۆ گراوییەکەی. لەو ماوەدا کە ئامۆژنی لە هاموشۆدا بوو، دەستووری بە کرێکارەکاندا حەوشەیەک و سێ وەتاغی دیکە دروست کەن. کرێکارەکان لە حاڵێکدا بە سەر سوڕمانەوە تەماشایان دەکرد؛ نەیاندەوێرا پرسیار بکەن چ خەبەرە؟ وەنگ لانگیش هیچی پێ نەگوتن. هەروەها بۆ ئەوەی چینگیش لەو مەسەلەی حاڵی نەبێ بۆخۆی بە سەر کرێکارەکان ڕادەگەیی.

وەنگ لانگ دوای ئەوەی بناغەی بە کرێکارەکان داوە و دیوارەکانیان دانا پیاوێکی



نارد بۆ شار تا کەلوپەلی پێویست بکڕێ. کاتێک وەتاغەکان تەواو بوون، کەوتە بیری ئەوە کە چلۆن بیانڕازێنێتەوە. وەنگ لانگ ئەوەی پێویستی ماڵێکی دەوڵەمەند بوو؛ وەک پەردەی ڕەنگاوڕەنگ، پەنجەرەی تایبەت و مێز و سەندەڵی وێنە لێ هەڵکەندراو، مەنزەرەی کێو و ئاو، قاپ و کەوچک و دەوری بەقیمەت کڕی. لە پاشان مێزێکی لە نێوەڕاستی وەتاغەکە دانا و شیرینییەکی زۆری لە هەر چوار دەوری دانا. تەختەخەوێکی چاکیشی کڕی. بە کورتی ماڵەکەی وەک بووک ڕازاندەوە، بەڵام لەو ماڵەدا خەجاڵەتی ئۆلان بوو. لە رووی هەڵنەدەهات داوای هیچی لێ بکا، ناچار پەنای بۆ ئامۆژنی برد و ماوەی مانگێک خەریکی ڕازاندنەوەی وڵات بوو.

وەنگ لانگ بەوەش دڵی ئاوی نەخواردەوە. بە دەم لابردنی کەموکوڕییەکان، دەستووری دا حەوزێکیش لە نێوەڕاستی حەوشەکە دروست کەن و کاشی پێوەدەن. لە پاشان بۆ خۆی چوو بۆ شار و پێنج ماسی سوور و جوانی کڕی، کاتێک خاترجەم بوو هەموو شتێک ئامادەیە، چاوەڕێی هاتنی ژنی دووەمی بوو. لەو ماوەدا قسەی لەگەڵ کەس نەدەکرد، جگە لەوەی جاروبار بە سەر منداڵەکان دادەهات و دەیگوت:

– کەپۆ پیسانە! پاک و خاوێنی خۆتان بۆ ناکرێ!

هەروەها هەمیشە لە دەست ئۆلان سکاڵای بوو کە بۆ خاوێنیان ناکاتەوە و پێیان ڕاناگا. هێندێک جاریش ڕەخنەی لە خۆی دەگرت و دەیگوت: «سێ ڕۆژە سەرم شانە نەکردوە» و لەو جۆرە قسانە.

ڕۆژێک ئۆلان دڵی پڕ بوو و دەستی کرد بە گریان ئاه و ناڵە. هەرچەند تاڵی و سوێری و تەنگ و چەڵەمەی زۆر چێشتبوو، بەڵام نە لە کاتی قاتی و قڕی و برسییەتی و نە لە هیچ وەختێکی دیکەدا، وا نارەحەت نەبوو! بەم هۆیە وەنگ لانگ بە قەڵسی گوتی:

– حافرەت بۆ قوڕ دەپێوی، چت لێقەوماوە؟ ددانم لە زاری کەوت هێندەی پێت بڵێم مووی سەرت شانە کە، دەڵێی کلکی بارگینە! ئاخر بۆ بە زمانی خۆش حاڵی نابی؟

ژنە لە حاڵێکدا دڵی پڕ بوو لە گریان لێکدا لێکدا دەیگوت:

– من ژیانی خۆم لە پێناوی تۆ ناوە و کوڕم بۆ تۆ بووە.

ئەو قسە وەنگ لانگی زۆر نارەحەت کرد، بەڵام هیچی نەگوت. ڕاستییەکەی ئەوەبوو کە نەیدەتوانی شکایەتێکی لە ژنەکەی بێ، چونکە سێ کوڕی بۆ وەنگ لانگ ببوو و

هەرسێکیان زیندوو بوون؛ هیچ بەهانەیەکی نەبوو، جگە لە هەرزەیی و شەهوەت. بەم جۆرە گوزەرا. ڕۆژێک ئامۆژنی هات و گوتی:

– مزگێنیم دەیە کار تەواو بوو، ئەو ژنەی کە لە لایەن سەرۆکی گازینۆ بە سەر کچەکان ڕادەگا، بەڵێنی داوە کە کارەکە تەواو بکا، بەو شەرتەی کە سەد سکەی زیوی بدەیەی. هەروەها کچەکەش بەو شەرتە حازرە کە جووتێک گوارەی یاقوت، ئەنگوستیلەیەک، ئاڵقەیەکی زێڕ، چوار دەست لیباسی ئاوریشم، دوازدە جووت کەوش و دوو لێفەی ئاوریشمی بۆ بکڕی.

عیشق و خۆشەویستی ئەو کچە هەموو شتێکی لە بیر وەنگ لانگ بردبووەوە! لەو هەموو شتانە تەنیا ئەوەی لە بیر مابوو کە کار تەواو بوو! لە خۆشیان قیژاندی:

– تەواوی کە! تەواوی کە!

لە پاشان وەک گوللە دەرپەڕی! لە وەتاغەکەی مستێکی زیو هێنا و لە دەستی ئامۆژنی کرد. بەڵام بەو حاڵەش نەیدەویست هەموو شتێک ئاشکرابێ، چونکە حەزی نەدەکرد خەڵک بەو مەسەلە بزانن کە پووڵی بەرهەمی چەند ساڵەی دەدا بە ژن، هەر بۆیە بە ئامۆژنی گوت:

– لەو سکانە دە دانان بۆ خۆت هەڵگرە.

ئامۆژنی بە شێوێکی تێکەڵاو بە ناز و ڕەخنە گوتی:

– تەکلیفم لێ مە، هیچ هەڵناگرم، چ خێر بوو، ئێمە هەمووومان لە بنەماڵەیەکین. چ فەرق دەکا، ئەتوش هەر کوڕی خۆمی. من ئەو کارانە لەبەر تۆ دەکەم. پووڵ و زیو یانی چی؟!

بەڵام وەنگ لانگ دەیزانی کە ئامۆژنی لە خودای دەوێ. بە کورتی پووڵەکانی دایە و گوتی:

– قەت پوولم وا بەجێ خەرج نەکردووە.

لە پاشان چوو چاوی گێڕا و ئەوەی وەبەر چاوی کەوت، وەک گۆشتی بەراز و گا و ماسی و... کڕی چاوەڕوان دانیشت. سەرەنجام لە ڕۆژێکی تاو و ساو و گەرمی مانگی هەشتەم، ئاخرین مانگی هاوین ژنە هاتە ماڵە وەنگ لانگ. بەڵام بە چ کەب کەبە و دەبدەبەیەک! تەختێکیان بۆ دروست کردبوو وەک کەژاوە و لەسەر شانی دوو کەسیان دانابوو.



وەنگ لانگ لەبەر خۆیەوە گوتی: «ئەوە من چ دەکەم؟.» لە پاشان بە بێ ئەوەی بزانێ چ دەکا، ڕووی کردە ئەو وەتاغەی کە ماوەی چەندین ساڵ بوو، لەگەڵ ژنەکەی لەوێ دەخەوت. دەرگای لەسەر خۆی گاڵە دا و بە تاریکی دانیشت. دوای ماوەیەک ئامۆژنی هەرای کرد و گوتی:

– یەکێک لەبەر دەرگا چاوەڕوانتە.

وەنگ لانگ لە حاڵێکدا زۆری شەرم دەکرد، هەستا وەدەرکەوت. کووکوو بە سەر و زمانێکی خۆش سڵاوی کرد و گوتی:

سەیرە، من ئەسڵەن پێم وانەبوو کار بەو جێگایە بگا.

لە پاشان گەڕاوە لای کەژاوەکە، پەردەی لادا و بە لەبزێکی شیرن گوتی:

– وەرە دەر گوڵی نەیلووفەری من، ئەوە خۆت و ماڵە مێردەکەت.

وەنگ لانگ بە بزەی ئەو حەمباڵانە کە کەژاوەکەیان هەڵگرتبوو ناڕەحەت بوو و گوتی:

– تەماشا! ئەو لات و بەڕەڵڵایانە، ئەوانە چن؟

لە حەیفان سوور هەڵگەڕا و هیچی پێ نەگوترا. کاتێک پەردەیان لادا، وەنگ لانگ تەماشای کرد نەیلووفەریان وەک گوڵ، ڕازاندووەتەوە و لە سووچێک دانیشتووە. بە چاوپێکەوتنی ئەو دیمەنە هەموو شتێک و تەنانەت حەمباڵەکانیشی لە بیر چووەوە. زیاتر بیری لەوە دەکردەوە کە ئەو ژنەی بۆ خۆی کڕیوە و بۆ هەمیشە لە ماڵە وی دەبێ و کەس ناتوانێ لێی وەرگرێتەوە.

وەنگ لانگ لە حاڵێکدا هەموو گیانی دەلەرزی، چاوی لە کچەکە نەدەقووچاند و تەماشای ناز و ئەدایەکەی دەکرد، جگە لەوەش وەک گوڵێکی سیس جار لەگەڵ جار زیاتر دەبوژاوە. دوای ماوەیەک نەیلووفەر دەستی کووکووی گرت و زۆر بە ناز لە کەژاوەکە دابەزی. بەبێ ئەوەی قسە لەگەڵ وەنگ لانگ بکا لە کووکووی پرسی:

– وەتاغەکانی من لە کوێن؟

کووکوو و ئامۆژنی وەنگ لانگ دەستی کچەیان گرت و بردیانە ئەو وەتاغەی کە وەنگ لانگ بۆی ڕازاندبووەوە. کەس نەیزانی کە نەیلووفەریان چلۆن بردە ژوورێ. چونکە وەنگ لانگ ئەو ڕۆژە کرێکارەکان و چینگی بۆ مووچەیەکی دوور بەرێکردبوو، ئۆلانیش لەگەڵ دوو منداڵە ئاواڵ دووانەکەی وەدەرکەوتبوو، کوڕەکانیشی لە قوتابخانە بوون، پیرەبابیش

وەک نەبێ وابوو، چونکە کەسی نەدەناسی، کچە بێچارەکەش هۆشی ئەو شتانەی نەبوو.

دوای ئەوەی نەیلووفەر چووە ژوور کووکوو پەردەکانی داداوە، لە پاشان ئامۆژنی وەنگ لانگ بە شێوەیەکی گەپ پێدان دوو سێ جار دەستەکانی لێکدا و گوتی:

– ئینسان بە بۆنی عەتر و ئارایش دڵی تێک دەهاڵێ، دەڵێی بۆنی ژنی بەرەڵڵا و هیچ و پووچە.

ئامۆژنی لە حاڵێکدا دوو زمانی و دوژمنایەتی لە نێو چاوانی دەباری، گوتی:

– کاکە گیان ژنەکەت لەو جوانانەش نییە ها! جگە لەوەش گوارەی زێڕ و ئەنگوستیلە و لیباسی ئاوریشمی مەجبووری کردووە بێتە ماڵێکی دێهاتی. بۆ خۆشی ئەو مەسەلە باش دەزانێ.

دوای ئەوەی کە هەستی کرد وەنگ لانگ ئەو مەسەلەی پێخۆش نییە، قسەکەی گۆڕی و گوتی:

– جوانیەکەی بە جێگای خۆی، ئەوە بۆ خۆی زۆرە کە لە کلێفەتخانەی هوانگ بەم چەشنە نەجاتی بووە، دەبێ کڵاو هەڵاوێی و نەیقۆزییەوە.

بەڵام وەنگ لانگ لەبەر تەماشاکردنی ئەم لا و ئەولا وەڵامی بۆ نەدراوە. سەرەنجام هەر جۆرێک بوو، پەردە سوورەکەی لادا و یەکسەر چووە ئەو وەتاغەی کە نەیلووفەر لەوێ دانیشتبوو، دەرگای لەسەر خۆی پێوەدا تا بەیانی نەهاتە دەر.

لەو ماوەدا ئۆلان لە ماڵێ نزیک نەبووەوە! پێمەڕێک و بڕێکی چێشتی کۆن دەست دەدایە و لەگەڵ منداڵەکان دەڕۆیشت بۆ مووچە. ئێوارانیش ماندوو و مردوو و تۆزاوی دەگەڕاوە. منداڵەکانیش بە ڕۆژ ئەوەندەیان هەڵتۆز دەکرد، ئارام و بێدەنگ لە پەنایەک دەکەوتن. ئۆلان کە دەهاتەوەش بێ کار نەبوو، وەک هەمیشە نان و چێشتی ساز دەکرد و لەسەر سفرەی دادەنا. وەنگ لانگ شەو و ڕۆژ لە پاڵ گراوی خۆیدا بوو، دەیخوارد و دەخەوت و تەماشای ئەدا و ئەتواری نەیلووفەری دەکرد. نەیلووفەر بەو ڕۆژە گەرمانەی هەوەڵی پاییزێ لە وەتاغەکەی خۆی وەدەر نەدەکەوت و ڕادەکشا، جار جار کووکوو ئەو بەدەنە باریک و زەریفەی بە ئاوی شیلە گەرم دەشوت و بە ڕۆنێکی تایبەت مشت و ماڵی دەدا، لە پاشان عەتر و گوڵاوی پێدا دەکرد و سەری بۆ شانە دەکرد. نەیلووفەر لە پێشدا هەر دووک لاقی لە کەوشێکی کرد و گوتی:

– دەبێ کووکوو لە لای من بێ و کلێفەتیم بکا.



بە کورتی کووکوویان بە پووڵ ڕازی کرد کە ببێتە کلێفەتی نەیلووفەر، بەڵێ کووکوو سەری خۆی بەرداوە و لەگەڵ خانمی خۆی دانیشت و خزمەتی دەکرد. نەیلووفەر کار و پیشەی ئەوەبوو بخوا و بخەوێ، جگە لە لیباسێکی تەنکیش هیچی لەبەر نەدەکرد. وەنگ لانگ کاتێک بەو لیباسانەوە چاوی بە نەیلووفەر دەکەوت لە خۆشیان دەتگوت فڕی! دەوروبەری ڕۆژئاوا بوون، نەیلووفەر بە ناز و ئەدا وەنگ لانگی لە خۆی دوور دەکردەوە. کووکووش دووبارە حەمامی پێدەکرد و لیباسەکانی لێ دەگۆڕی، کەوشی تازەی بۆ دێنا و سەری شانە دەکرد، لە پاشان دەیهێنا حەوشە و لە پەنا حەوزەکە جێگایەکی بۆ دیاری دەکرد و دایدەنا. ئەویش وەک خاتوونێک دادەنیشت و تەماشای ماسییەکانی دەکرد. دوای ئەوەی بڕێک دادەنیشت هەڵدەستا و دەستی دەکرد بە پیاسە کردن و وەنگ لانگی هێندەی دیکە ناڕەحەت دەکرد.

وەنگ لانگ لەبەر خۆیەوە دەیگوت: «بڵێی لەو دنیایەدا بەژن و باڵایەک لەوە جوانتر هەبێ؟». پێی وابوو ئاسمان کون بووە و ئەو کچەی تێدا هاتۆتە خوارێ! لێی تێر نەدەبوو!

## ٢١

دەبێ ئەوە بڵێین کە سەرەنجام نیلووفەر و کووکووی قەرەواشی بۆ وەنگ لانگ دەبوونە هۆی دەردەسەری و هەرا و هۆریایان پێک دێنا، چونکە ناکرێ دوو ژن لەماڵێکدا بن و نەیکەنە شەڕ و هەڵڵا و گێرە و کێشە. بەڵام وەنگ لانگ لەبەر خۆشەویستی نەیلووفەر بیری بەو مەسەلانە ڕانەدەگەیی و ئەگەر جاروبار ئۆلان و کووکوو لێک تووڕە دەبوون گوێی نەدەدانێ و لەگەڵ نەیلووفەر خەریکی خۆشگوزەرانی خۆی دەبوو. وەنگ لانگ پێی وابوو لە هەر سەعات و جێگایەک کە ئارەزوو بکا، دەتوانێ نەیلووفەر لە ئامێز بگرێ و کەیفی لەگـــەڵ بکا. بەڵام دوای ئەوەی هەوەسی دابین بوو، وردەوردە لەم لا و ئەولا چاوی بە هێندێک شت دەکەوت، کە لە پێشدا بیری لێ نەکردبووەوە.

لە سەرەتاوە لە ناکۆکی نێوان ئۆلان و کووکوو سەری سوڕمابوو، چونکە ئەوەی دەزانی کە نەیلووفەر دوژمنی ئۆلانە و جێگای خۆیەتی سینگی لێ بکوتێ و ناخۆشی بوێ. بەڵام نێوان ناخۆشی ئۆلان و کووکووی بۆ حەل نەدەبوو. هەوێساری مەسەلەیەکە زۆر گرینگ و جاری وایە ئەوەندە نێو و نرکە لێک هەڵدەدەن مێرد جارز دەکەن و ژیانی پێ تاڵ دەکەن. بەڵام وەنگ لانگ لەو بابەتەوە ئاسوودە بوو، چونکە ئۆلان ژنێکی بێدەنگ و ئارام بوو، بەو شتانەوە زۆر ماندوو نەبوو. بەڵام هەرچی دەیکرد نەیدەزانی بۆ لەگەڵ کووکوو دانووی ناکوڵێ! لە حاڵێکدا پێی وابوو دەبێ لەگەڵ نەیلووفەر نێوانی ناخۆش بێ.

وەنگ لانگ زۆریشی بیر لەوە دەکردەوە کە نەیلووفەر گوتبووی ئیجازە بدە کووکوو ببێتە کلفەتی من، چونکە لەو دنیا پان و بەرینەدا کەس شک نابەم. لەبەرئەوەی منداڵ بووم دایک و بابم مردن، کاتێک گەورە بووم مامم منی فرۆشت، بە کورتی تووشی ئەو ڕۆژە بووم کە خۆت دیتت و ئێستاش تەنیای تەنیام! بە دەم ئەو قسانەوە وەک باران ئاوی بە چاویدا دەهاتە خوار! وەنگ لانگ بە بیستنی ئەو قسانە زۆری بۆ ناڕەحەت بوو و هیچ دڵی نەدەشکاند، بەڕاستی کەسیش نەبوو خزمەتی بکا. ئۆلانیش بەهیچ قیمەتێک حازر نەبوو خزمەتی هەوێیەکەی بکا. دەماوە مامۆژنی کە ئەویش بۆ ئەو کارە نەدەبوو، چونکە وەنگ لانگ متمانەی پێ نەدەکرد، کە وابوو کووکوو بۆ ئەو کارە دەناڵێ؛ جگە لەوەش کەسێکی دیکەی پێ شک نەدەهات.



ئۆلان هەر کە چاوی بە کووکوو دەکەوت بەرچاوی تاریک دەبوو و نەیدەزانی چ دەکا. بەڵام بە پێچەوانە کووکوو لەبەرئەوەی وەنگ لانگ پووڵێکی چاکی دەدایە پێی خۆش بوو لەگەڵ ئۆلان ببێ بە دۆست. کووکوو ئەوەشی دەزانی کە لە ماڵە خانی پیر پێکەوە کلفەت بوون و هاوکار، بەو فەرقە کە ئۆلان لە ئاشپەزخانە کاری دەکرد. لە پاشان کووکوو بۆ هەوەڵین جار کە چاوی بە ئۆلان کەوت، بە دەنگێکی بەرز گوتی:

– سڵاو دۆستی قەدیمی، خۆشحاڵم لەوەی کە دیسانیش پێکەوە کەوتینەوە ماڵێک. بەڵام بەو تۆفیرە کە تۆ خانمی ئەو ماڵەی و من کلفەت، تەماشای دەور و زەمانە چلۆن گۆڕاوە! کەس نازانێ تا دەمرێ چی بەسەر دێ؟!

ئۆلان دوای ئەوەی کە زانی ئەو ژنە کێیە و چ کارەیە، یەکسەر ڕووی کردە وەتاغی وەنگ لانگ و پرسی:

– ئەو کلفەتە لە ماڵە مە چ دەکا؟

وەنگ لانگ دوای ئەوەی تەماشایەکی ئەم لاو ئەولای خۆی کرد، بە هەواو فیزی خانی پێشوو گوڕاندی و گوتی:

– من گەورەی ئەو ماڵەم و بۆخۆم دەزانم چ دەکەم. بڵێ بزانم ئەتۆ چ کارەی ئەو پرسیارەی لە من دەکەی؟ نابێ ئاگات لە دەمت بێ؟

وەنگ لانگ لە حاڵێکدا لە کردەوەی خۆی پەشیمان بوو، ئۆلان سوور بوو لەسەر قسەی خۆی و گوتی:

– پیاو کە پووڵیان بوو هەروان! لۆمەت ناکەم!

دوای ئەوەی وەنگ لانگ هیچی نەگوت، ئۆلان دەستی پێکردەوە و گوتی:

– نەتگوت ئەو کلفەتە بۆ لێرەیە و چ دەکا؟

وەنگ لانگ دوای ئەوەی هەستی کرد کە دەبێ وەڵام بداتەوە گوتی:

– بە تۆ چی؟ بۆ هێندە لە شتی دەکۆڵیوە؟

ئۆلان گوتی:

– ناکرێ بێدەنگەی لێ ڕاکەم، ئەوە زۆری دەرد داوە بە من و بە کلفەتی قەڵسەی لێدەگێڕام. فیزی بە سەردا لێدەدام، جگە لەوەش ڕۆژێ بیست جار دەهاتە ئاشپەزخانە و دەیگوت: «چای بۆ خانی پیر بێنە، چێشتەکەت ساز نییە...». لە پاشان دەیگوڕاند و

دەیگوت: «ئەو چێشتە زۆر گەرمە زاری پیاوی دەسووتێنی! ئەوە زۆر سارد بووەتەوە و دەڵێی دمی مردوویە! یا خراپ لێندراوە و فلان و فیسار.» هێندێک جاریش تاریفی خۆی دەکرد و دەیگوت: «ئەمن نەجیب زادەم و لە فلان تایفە و بنەماڵەم و چی و چی...».

سەرەڕای ئەو هەموو کەندەوەکۆژی و شێر و ڕێوی هێنانەوە، وەنگ لانگ وەڵامێکی نەبوو بیداتەوە. ئۆلان دوای ئەوەی مێردەکەی وەڵامی نەداوە، دەستی کرد بە گریان. فرمێسک بە سەر کوڵمەکانیدا هاتە خوار و گوتی:

– تەمەنێکە زەحمەت دەکێشم و سەد تاڵی و سوێری و برسییەتیم لەسەر ماڵە مێرد دیوە! بۆ ئەوەی ڕۆژێک بحەسێمەوە، نەک لە ئاخری عومردا تووشی ناڕەحەتی بم. ئەگەر جگە لەو ماڵە هیچ پەنایەکم شک بردبا سەعاتێکی تێدا نەدەبووم.

دوای ئەوەی وەنگ لانگ بە هێندی نەگرت و وەڵامی نەداوە، ئۆلان بە هەناسە ساردی و نا هومێدی وەدەرکەوت. وەنگ لانگ زۆری پێ خۆش بوو کە لە کۆڵی بووەوە، لە حاڵێکدا لە کردەوەی خۆی پەشیمان بوو گوتی: «پیاو هەموو وان و من لەچاو هێندێکیان وەک شێخ وام، دەبێ قەبووڵی کا کە زۆری بۆ چاک بووم».

ئۆلان بەو حاڵەش وەک جاران بەیانان ئاوی گەرم دەکرد و چای بۆ پیرەباب و وەنگ لانگ دروست دەکرد. بەڵام چاوی بە کووکوو هەڵنەدەهات و لە حەیفان ئاوی گەرمیشی نەدەدایە. کووکوو ناچار بۆخۆی ئاوی گەرم دەکرد، بەڵام بۆ نان و چێشت هەر چی هات و هاواری دەکرد و دەیگوت:

– خانمی ناسک و نازەنینی من لە نێو تەخت و خابەکەی دایە و چاوەڕوانی منە بە دەستی پڕ بگەڕێمەوە.

ئۆلان خۆی لێ گێل دەکرد و دەتگوت دەگەڵ ویشی نییە! سەری بەردەداوە و خەریکی تەندوور و ئاوری خۆی دەبوو. کووکوو کاتێک چاوی بەو ڕەفتارەی ئۆلان دەکەوت دەستی دەکرد بە تووک و سکاڵا. لە پاشان وەنگ لانگ لەبەر خاتری خۆشگوزەرانی خۆی بە قەڵسی چووە لای ئۆلان و گوتی:

– بەدەنت داوەشاوە؟! بۆ ناتوانی بەیانان ئاو گەردانێک زیاتر لە مەنجەڵەکە کەی؟

ئۆلان بە مرچ و مۆنی وەڵامی داوە و گوتی:

– لانی کەم کڵفەتی کڵفەتانم پێ مەکە؟ تاکەی دان بە جەرگی خۆم داگرم؟ بەس نییە؟



وەنگ لانگ بەو قسە زۆر تووڕە بوو، هەرتک شانی ئۆلانی گرت، دایتەکاند و گوتی:

– لەوە زیاتر خۆت کەر مەکە، بزانە دەڵێی چی؟ بۆ کڵفەت نییە، بۆ خانمێکە، حاڵی بووی؟

ئۆلان دوای ئەوەی زانی زۆر قەڵسە گوتی:

– دوو مرواریەکەی منت دا بە هەوێیەکەم؟

وەنگ لانگ بەوقسە تێک چوو، دەستەکانی شل بوونەوە و ڕق و قەڵسییەکەی دامرکا. لە پاشان بە خەجاڵەتی لە ئۆلان دوور کەوتەوە و بە کووکووی گوت:

– ناڕەحەت مەبە. ئاشپەزخانەیەکی دیکەتان بۆ دروست دەکەم. خۆ دەست نییە لە گۆزەیدا مابێ! کارێکی وادەکەم قەت چاوو بە چاوی ئۆلان نەکەوێ. لۆمەی مەکەن چونکە نازانێ کە ئەو بەژن و باڵا جوانە خزمەتی دەوێ. بۆ خۆت چۆنت پێ چاکە وابکە.

لە پاشان وەنگ لانگ دەستووری دا لە نێوان وەتاغەکاندا ئاشپەزخانەیەکی دروست کەن. کووکوو بەو کارە زۆر خۆشحاڵ بوو، بەتایبەت لەوەی کە وەنگ لانگ گوتبووی هەرچی پێت خۆشە دروستی کە.

وەنگ لانگ دوای ئەوەی قڕە قڕی ژنەکانی لە کۆڵ بووەوە، دەستی کردەوە بە عەیش و نۆش و خۆشگوزەرانی لەگەڵ نەیلووفەر. زۆری خۆش دەویست؛ بەتایبەت لە ناز کردنەکەی تێر نەدەبوو.

بەڵام ئەو ئاشپەزخانە بۆ وەنگ لانگ زۆر گران تەواو بوو، چونکە کووکوو هەموو ڕۆژێ دەچووە شار و بە کەیفی خۆی شتی دەکڕی. چاوی لەوە نەبوو گرانە. شتی وای دەکڕی کە وەنگ لانگ نێویشی نەبیستبوو. هیچ ڕۆژێک نەبوو شەوچەلەی جۆراوجۆری وەک خورما، شیرینی بادام دار، نانی برینجی، ماسی و سەدان شتی دیکە نەکڕێ. بەڵام وەنگ لانگ لەبەر خاتری نەیلووفەر هەست و خوستی لە خۆی بڕی. ناچار دانی بە جەرگی خۆی داگرت و هیچی نەگوت. چونکە لەوە دەترسا کە نەیلووفەر بتۆرێ. هەرچەند بەو مەسەلە زۆر ناڕەحەت بوو، بەڵام کەسی واشی نەبوو دەردی دڵی لە لای بکا. هەموو ڕۆژێ دەمرد و دەژیاوە! وردە وردە لەوانەبوو نەیلووفەریشی لەبەرچاوی بکەوێ. لە لایەکی تریشەوە ئامۆژنی لێیان ببووە سۆ و شەو و نیوە شەو لە ماڵەوان بوو. وەنگ لانگ بە نێوان خۆشی نەیلووفەر و ماڵە مامی زۆر ناڕەحەت بوو. سەرەنجام ئەو سێ ژنە کلکیان لێک هاڵاند و شەو و ڕۆژ کار و پیشەیان خواردن و پێکەنین بوو. ئامۆژنی جەفەنگی لێدەدا و

نەیلووفەریش قاقا پێی پێدەکەنی. وەنگ لانگ سەرەڕای ئەوەی زۆر ناڕەحەت بوو، هیچی لە دەست نەدەهات. ڕۆژێک بە تەشەر و پێکەنین بە نەیلووفەری گوت:

– نەیلووفەری من! خۆشەویستەکەم! لە خۆڕا بە دەم ئەو پیرەژنە قەڵەوە پێمەکەنە و خۆت سووک مەکە. ئامۆژنم بۆ ئەوە نابێ خۆی پێ بسپێری. ژنێکی دوو ڕوو و خراپە، پێم خۆش نییە هێندەت لێ نزیک بێتەوە.

نەیلووفەر بەو قسە تێک چوو، پشتی لە وەنگ لانگ کرد و گوتی:

– ئەدی قسە لەگەڵ کێ بکەم؟ خۆ ئەتۆ هەمیشە لە ماڵ نی! ژنەکەی دیکەشت چاوی بە من هەڵنایە. ئەو منداڵە سەر و پێچکانەش ئەگەر دەبینم دەڵێی چاوم کوێر بووە؛ کە وابوو چ بکەم؟

لە پاشان دەستی کرد بە مەکری ژنانە و ئەو شەوە ڕێگای نەدا وەنگ لانگ بچێتە لای و بە لارەملی گوتی:

– تۆ منت خۆش ناوێ، ئەگەر خۆشت ویستبام بە خۆشحاڵی من خۆشحاڵ دەبووی و بیانووت پێ نەدەگرتم.

وەنگ لانگ لە پاشان گوتی:

– ناڕەحەت مەبە چ دەکەی بکە.

ژنە بە هەزار تڕ و منەت و نازکردن وەنگ لانگی بەخشی. وەنگ لانگ دوای ئەو مەسەلە نەیدەوێرا لۆمەی بکا و لێی تووڕە بێ! ئازادی کرد و ئەویش بە ئازادی لەگەڵ ئامۆژنی دادەنیشت و قسەی دەکرد. کاتێک نەیلووفەر لەگەڵ ئەو ژنە دادەنیشت بە هیچ جۆر وەنگ لانگی تخوونی خۆی نەدەکرد. وەنگ لانگ بە ناڕەحەتی دانی بە جەرگی خۆیدا گرت و هیچی لە دەست نەدەهات! وردە وردە دڵی لە نەیلووفەر سارد بووەوە. لە لایەکی تریشەوە بە ڕاشکاوی نەیدەوێرا بچێتە لای ئۆلان؛ چونکە وەک ڕابردوو گەرم و گوڕ نەمابوون. ڕۆژ بە ڕۆژ ژیانی لێ تاڵتر دەبوو.

ڕۆژێک باوکی بە کوێرە کوێر و کوتە کوت، هەستا و ڕۆیشتە بەر دەرگای وەتاغی وەنگ لانگ. تەماشای کرد کە وەنگ لانگ و نەیلووفەر خەریکی پیاسە کردن و جەفەنگ لێدانن، بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی:

– جندەیەک لەو ماڵە دایە!



وەنگ لانگ ئەوەی کە گوێ لێ بوو وەک کێچ هەڵبەزیبیەوە، بەڵام هەرچی کردی باوکی بۆ بێدەنگ نەبوو. نەیدەزانی چ بکا، سەری لێ شێوابوو. لە لایەک باوکی کردبوویە هات و هاوار و لە لایەکی تریشەوە لەوە دەترسا کە ژنەکەی گوێی لەو قسانە بێ و تووڕە بێ. لە ژنەکەی تۆقیبوو، چونکە کاتێک قەڵس دەبوو دەیکردە هات و هاوار و زیقە زیقێک دۆ و دۆشاوی لێک دەدا و ماڵەکەی لێ دەشڵەژاند! دوای ئەوەی دڵخۆشی باوکی داوە گوتی:

– بابە گیان! لەسەرەخۆ بە، خۆت ناڕەحەت مەکە، دڵنیا بە ئەوەی دیوتە جندە نییە، ئەو ژنەم بە سەر ئۆلان هێناوە.

بەڵام پیرەباب دەستی هەڵنەگرت، هەر دەیگوت و دەیگوتەوە. گوێی لە قسەی کوڕەکەی نەبوو، لێکدا لێکدا دەیگوت:

– ئەو ماڵە جندەخانەیە.

کاتێک زانی کە وەنگ لانگ لە لای ڕاوەستاوە گوتی:

– ئێمە پێمان دەڵێن فەلا، نابێ خۆمان لێ بگۆڕێ.

لە پاشان دەستی کردەوە بە هەڵڵا هەڵڵا و گوتی:

– ئەمن دەڵێم ئەو ماڵە جندەی تێدایە.

پیرەباب ئەو جار لە باتی ئەوەی لەبەر بەربەڕۆچکە دانیشێ، دەستی کرد بە لاتاو پێدادان بە نەیلووفەر. هێندێک جاریش بەر دەرگای پێدەگرت و دەیگوت جندەی سووزمانی یا دەچووە ژوور و تفی لە دار و دیواری دەکرد، هەروەها بەردی لە حەوزەکە داویشت و ماسییەکانی دەهارووژاند. بە کورتی بە هەر جۆرێک بۆی کرابا ڕق و ناڕەزایەتی خۆی دەر دەبڕی.

ئەویش یەکێک بوو لە ناڕەحەتییەکانی وەنگ لانگ، بەڵام لەگەڵ باوکی چی بۆ نەدەکرا. لە لایەکی دیکەشەوە لە ترسی نەیلووفەر دەستی بەسترابوو، چونکە دەیزانی ناڕەحەتی بۆ پێک دێنێ. وەنگ لانگ لە بیری ئەوە دابوو کە باوکی ڕازی بکا و نەهێڵێ نەیلووفەر تووڕە کا، ئەوەش یەکێک بوو لەو هۆیانەی کە وەنگ لانگ هێندە ڕوو نەدا بە نەیلووفەر.

ڕۆژێک منداڵەکان دەستی کچە شێتەکە دەگرن و دەیبەنە وەتاغی نەیلووفەر. نەیلووفەر دەست دەکا بە گریان و لە خۆدان. بە شوێن ئەوەدا منداڵەکان حەول دەدەن بزانن ئەو ژنە چ

کارەیە؟ کوڕە گەورەکان دەیانزانی، بەڵام ئەوانی چکۆڵە هەراسیان پێهەڵگرتبوو و لە کۆڵی نەدەبوونەوە. سەرەنجام نەیلووفەر لە دەستیان جارز بوو و شکایەتی لێ کردن، بەڵام وەنگ لانگ هەرچەند بەو کارەی منداڵەکان نارەحەت بوو، بە پێکەنینێ گوتی:

– هیچیان لەگەڵ ناکرێ، وەسەرەخۆی مەهێنە، ئەوانیش وەک باوکی خۆیان شتی جوانیان پێ جوانە و پێیان خۆشە تەماشای کەن.

لە پاشان هەڕەشەی لە منداڵەکانی کرد و گوتی:

– نەکەن بچنە دیوەخانێ.

وەنگ لانگ ئەوەندەی لە ماڵێ دەبوو کەس نەیدەوێرا بەو دەور و بەرەدا بڕوا! بەڵام دوای ئەوەی وەدەر دەکەوت منداڵەکان وڵاتیان دەئامان دەنا، کچە گەورەکە هەرچەند بیری بەو شتانە ڕانەدەگەیی، بەڵام ڕۆژێک منداڵەکانی دیکە بە زۆری بردیانە وەتاغی نەیلووفەر. کچە کە چاوی بە لیباس و گوارەی نەیلووفەر کەوت لە خۆشیان وەختبوو لەخۆ بێتەوە! بەڵام نەیلووفەر لە ترسان وەک مێژووکە دەلەرزی، بە دەست وەنگ لانگی حاڵی کرد کە کچەکەی لێ دوور کاتەوە. لە پاشان گوتی:

– ئەگەر ئەو کچە لێرە بێ لەو ماڵە دانابم، مەگەر بڕیار نەبوو هەر بە تەنیا بم؟ ئەگەر لە هەوەڵەوە زانیبام ئەو منداڵە شێت و شوورانەت هەیە، هەموو وڵاتت بۆ کردبامە زێڕ پێم لەو ماڵە نەدەنا.

دوای ئەو قسانە پیلی گرتن و وەدەری نان. وەنگ لانگ کاتێک چاوی بەوە کەوت زۆر قەڵس بوو، چونکە منداڵەکانی لە ڕادەبەدەر خۆش دەویست. بە تووڕەیی بە نەیلووفەری گوت:

– ئەمن هیچ وەختێک و لە هیچ هەلومەرجێکدا ئیجازە نادەم کەس جنێو بە منداڵەکانم بدا. نەخێر، نەخێر کەس هەقی نییە.

لە پاشان منداڵەکانی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و گوتی:

– ڕۆڵە گیان! بڕۆ دەرێ، کچم ئەتۆش بڕۆ، ئافەرین تازە مەیەنەوە وەتاغی ئەو ژنە؛ حەز ناکا چاوی پێتان بکەوێ. زگتان بە خۆتان نەسووتێ، منیشی هەر خۆش ناوێ!

لە پاشان کچە گەورەکەشی لاواندەوە و گوتی:

– ئەتۆش بڕۆ شێتە گیان!



وەنگ لانگ دوو ڕۆژان لە نەیلووفەر تۆرا و نەچووە لای؛ چونکە بە کچەکەی گوتبوو شێتە و جنێوی دابوویە. بۆ ئەوەی منداڵەکان هەست بە نارەحەتی نەکەن ماوەی دوو سێ ڕۆژان لەگەڵ خۆی گێڕان. لە پاشان بۆ خۆشی ڕقەکەی نیشتەوە و ئاسوودە بوو، بەڵام ئەو جۆرەی پێویست لەگەڵ نەیلووفەر گەرم نەبوو. ئەو جار نەیلووفەر بۆ ئەوەی دڵی وەنگ لانگ بە دەست بێنێ ئامۆژنی بەجێ دەهێشت و دەیگوت:

– ئاغا لەبەر من هاتۆتەوە، دەبێ لە خزمەتیدا بم.

بە کورتی بە دەوروبەری وەنگ لانگ دا دەهات و نازی بۆ دەکرد. بەڵام وەنگ لانگ ئەو عیشق و عەلاقەی پێشووی نەمابوو.

سەرەنجام هاوین کۆتایی هات، هەوا وردە وردە سارد بوو. وەنگ لانگ وەک ئینسانێکی خەواڵوو چاوی هەڵگلۆفی و تەماشای دەوروبەری خۆی کرد. لە پاشان بەرەو مووچەکانی وەڕێ کەوت، تەماشای کرد ئاو کشاوەتەوە و زەوییەکان، وەگا هاتوون. کاتێک چاوی بە مووچە و مەزراکەی کەوت وەک ئاشقێکی سووتاو کە باوەش بۆ گراوییەکەی دەکاتەوە. باوەشی کردەوە و ڕووبەڕووی زەوییەکانی ڕاوەستا، بەرۆکی کردەوە و کەوشەکانی داکەند، دەلینگی تا ئەژنۆ هەڵماڵی، لە پاشان هەرای کرد و گوتی:

– پێمەڕەکە لە کوێیە؟ نیر و ئاموورەکە چی لێهاتووە؟ ئەو تۆوەی کە بۆ چاندن دانرابوو چی لێهات؟

لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:

– چینگ دۆستی بەڕێز! کرێکارەکان بانگ کە، دەمهەوێ بگەڕێمەوە سەر مووچە و مەزراکەم.

## ٢٢

وەنگ لانگ هەر وەک بە گەڕانەوە لە جنووب ناڕەحەتی و تەم و پەژارەی لەسەر لاچوو، بیرەوەری تاڵی ئەو ماوەیەی لە بیر چووەوە و بە چاوپێکەوتنی مووچە و مەزراکەی دڵی کراوە. هەروەها تاو و تین و نۆبەتێی عیشق و خۆشگوزەرانی لەسەر سووک بوو. کاتێک پێی لە مووچە نا، ڕەنگ و ڕووی سوور هەڵگەڕا و بووژاوە. وەک جاران دەستی کرد بە سەڕافەتی و بە کرێکارەکانی دەگوت ئەم کارە بکەن و ئەو شتە لەسەر جێگای خۆی دانێنەوە. ئێرە بکێڵن و ئەو گاسنە سەر کەنەوە و... لە پاشان بۆ خۆشی پێمەڕەی دەست دایە و وێڕای کرێکارەکانی دەستی کرد بە کەردو لێدان و دێراو هەڵدان.

وەنگ لانگ دوای ئەوەی بۆی ڕوون بووەوە کە مووچەکەی نەبەتڵاوە، بە دڵێکی ئاسوودە یەک بە مەیدانێ تخێڵ بوو و ڕاکشا. تەنگی نوێژی شێوان ماندوو و مردوو، بەڵام سەرکەوتوو بەرەو ماڵ بووەوە، کاتێک گەیشتەوە ڕووی کردە دیوەخان و تەماشای کرد نەیلووفەر لیباسی ئاوریشمی لەبەر کردووە و خەریکی پیاسە کردنە.

نەیلووفەر کاتێک وەنگ لانگی وا بە تۆزاوی چاوپێکەوت خۆی لادا، بەڵام وەنگ لانگ بە پێکەنینەوە دەستی لە نێو دەستی نا و گوتی:

– لێت حاڵی بوو کە ئاغای تۆ فەلایەکە و ئەتۆش خێزانی منی؟

نەیلووفەر بە تەشەر گوتی:

– من خێزانی فەلایەک نیم، ئەتۆ هەرچی هەی ببە!

وەنگ لانگ هەروا بە شپرێوی و تۆزاوی شێوەکەی خوارد، لەوەی کە خۆی بۆ هیچ ژنێک تاس و لووس نەکرد ڕازی بوو.

وەنگ لانگ لەبەرئەوەی ماوەیەک بوو کاری نەکردبوو لە کاروباری مووچە و مەزراکەی زۆر بێ خەبەر بوو، دەتگوت تازەکارە. حەزی دەکرد وەک جاران دەست قەڵشیو و لیباس پینەکراو بێ و لەسەر مووچە و مەزراکەی کار بکا، نەک لەبەر خاتری هەوەس بە خۆیدا بێت و بچێ. جگە لەوەش هەموو ڕۆژێ کە دەهاتەوە، بە بێ بێز و بۆ چێشتی ئۆڵانی دەخوارد؛ بە تایبەت برینج و لووبیا و سیرەکەی زۆر پێخۆش بوو.



نەیلووفەر بە بۆنی سیری زۆر ناڕەحەت بوو، کاتێک وەنگ لانگ لێی نزیک دەبووەوە دەستی بە کەپۆی دەگرت و دەیگوت:

– ئەیەڕۆ لەو بۆنە ناخۆشەی، دیسان دەستت بە سیر خواردن کردەوە؟!

وەنگ لانگ سەرەڕای ئەوەی گوێی نەدەدایە بە ئانقەست لەبەر دمی ڕادەوەستا و دەیگوت:

– هەر چی ئیشتیام لێبێ دەیخۆم، خێزانی منیش نابێ هێندە بە قێز و بێز بێ؛ دەبێ شتێک بخوا کە من پێم خۆشە.

بەم جۆرە وەنگ لانگ وردە وردە ڕەگی پیاوەتی بزووت و لە کۆڵ نەخۆشی عیشق بووەوە و کەمتر دەچووە لای نەیلووفەر و زیاتر بە کارەکانی ڕادەگەیی.

وەنگ لانگ بۆ هەر کام لەو دوو ژنانە ماڵی بەجوێ دانابوو، نەیلووفەر کاری ئەوەبوو بە خۆیدا بێ و بچێ و سەرنجی وەنگ لانگ بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. بەڵام ئۆلان جگە لەوەی کوڕی بۆ وەنگ لانگ ببوو، ژنێکی هەڵسووڕاو و بە مشووریش بوو، هەروەها بە پیرەباب و منداڵەکانیش ڕادەگەیی. لە لایەکی دیکەشەوە خەڵکی ئاوایی ڕۆژ تاکو ئێوارێ باسی جوان چاکی نەیلووفەریان دەکرد و لە زاریان نەدەکەوت. وەنگ لانگیش زۆر شانازی بەو قسانە دەکرد.

لە ئاواییدا مامی زیاتر لە هەموو کەس لێرە و لەوێ قسەی دێنا و دەبرد، چونکە لەو سەردەمەدا وەک سەگی برسی لێهاتبوو، بۆ پاروە نانێک کلکە سووتەی دەکرد و دەیگوت:

– ئەو برازایەی من ژنێکی هەیە دەڵێی حۆرییە! هەمیشە لە لایەتی! ژنەش لاسای خانمی گەورە ماڵەکان دەکاتەوە و بە لیباسی ئاوریشمی نەبێ ناگەڕێ، من بۆخۆم نەمدیوە، بەڵام خێزانم زۆر تاریف دەکا و دەڵێ جوانی وا کەمە.

هەروەها دەیگوت:

– برازاکەم چاو لە ئەعیان و ئەشرافەکان دەکا و ماڵێکی دروست کردووە لە ماڵە خانی پیر نامێنێتەوە! حەتمەن منداڵەکانیشی دەبنە بەچکە ئەشراف و دەست لە ڕەش و سپی نادەن.

ئەو قسانە بووە هۆی ئەوە کە خەڵکی ئاوایی زۆریان ڕێز لە وەنگ لانگ دەگرت و بە شەرمەوە قسەیان لەگەڵ دەکرد. هەروەها لەبەرئەوەی پیاوێکی دەست ڕۆیو و دەوڵەمەند

بوو، خەڵک بۆ پێداویستییەکانی خۆیان دەهاتنە لای، پووڵیان بە سوود لێ وەردەگرت یا لە بارەی کاروباری ڕۆژانەی خۆیان وەک ژن هێنان و کچ بە مێرد دان تەگبیریان پێدەکرد؛ جگە لەوەش بۆ کاروباری مووچەش لە قسەی دەرنەدەچوون.

وەنگ لانگ دەیویست لەمەوبەدوا خۆ لە کاری هەرزە و سووک بکێشێتەوە و وەک پیاوێکی ماقووڵ و سەنگین دانیشێ.

ئەو ساڵە باران لە وەختی خۆیدا باری و دەغڵودان زۆر چاک بوون. وەنگ لانگ بەرهەمەکەی کۆکردەوە و لە بازاڕی کرد. بەڵام ماوەیەک لە حەمباراندا ڕایگرت تا گران بوو لە پاشان فرۆشتی. ئەوجار کە دەچووە شار پێویستی بەوە نەبوو کە خەڵک شتی بۆ بنووسێ؛ کوڕە گەورەکەی باسەودا ببوو و بە خەتێکی جوان و خۆش شتەکانی دەنووسی. ئەوانەی کە لە پێشدا گاڵتەیان پێدەکرد، ئەوجار بەربوونە تاریف و پێدا هەڵگوتن:

– بەه بەه! ئافەرین! بەڕاستی جوان دەنووسێ! چ خەتێکی خۆشی هەیە! زۆر بە هۆشە و فڵان و فیسار.

وەنگ لانگ سەرەڕای ئەوەی ئەو قسانەی زۆر پێخۆش بوو، وەسەرە خۆی نەدێنا. هەروەها کاتێک کوڕەکەی ڕەخنەی لە نووسراوەی میرزاکانی دیکە دەگرت دەتگوت لە خۆشیان فڕی! بەڵام بۆ ئەوەی خۆشحاڵی خۆی ئاشکرا نەکا، ڕووی وەردەگێڕا، تفێکی لە عەرزی دەکرد و دەیگوت:

– کە وابوو دەبێ یەکی دیکە بنووسین. ئێمە نێوی خۆمان لەسەر شتێک نانووسین کە بە هەڵە نووسرابێ.

لە پاشان بە شانازییەوە تەماشای کوڕەکەی دەکرد کە هەڵەکەی ڕاست دەکردەوە. کتێک کارەکان تەواوبوون و کوڕەکەی نێوی باوکی هەروەها بەرگەی فرۆش و ڕەسیدی پووڵەکەی نووسی، بەرەو ماڵ وەڕێ کەوتن. وەنگ لانگ لە خۆشیان داوەتی لە زگی دا دەگەڕا و دەیگوت: «شوکر کوڕەکەم گەورە بووە و بۆتە پیاو! دەبێ ژنێکی بۆ بێنم، تا وەک من تووشی ماڵە خانەکان نەبێ و بەرماوی وان بێنێ. جگە لەوەش شەرمە بۆ من، چونکە دەوڵەمەندم و خاوەن مڵک و مووچە و مەزرا.»

بەڵێ وەنگ لانگ کەوتە بیری ئەوە کە ژن بۆ کوڕەکەی بێنێ بەڵام ئەوە کارێکی هاسان نەبوو، چونکە بە هەموو کەس ڕازی نەبوو. شەوێک لەگەڵ چینگ دانیشتبوو لە بارەی دەغڵودان و تۆو و ئەو جۆرە شتانە قسەیان دەکرد؛ وەنگ لانگ ئەو مەسەلەشی هێنا



گۆڕێ. هەرچەند دەیزانی کە چینگ وەک سەگ بۆی بە ئەمەگە و خۆشی دەوێ، بۆ دڵنیا بوون بە پێویستی زانی مەسەلەکە بەویش ڕابگەیەنێ. لە پاشان لە پشت مێزی نەهارخۆی دانیشت و چینگ دەستەونەزەری ڕاوەستا. وەنگ لانگ دوای ئەوەی ماوەیەک سەبارەت بە ژن هێنانی کوڕەکەی بیری کردەوە و قسەی کرد چینگ گوتی:

– ئەگەر کچەکەم لێرەبا، بێ ئەوەی شتێکت لێ وەرگرم بە شانازیەوە دەمدا بە کوڕەکەت، بەڵام نازانم لە کوێیە و ڕەنگە نەشمابێ.

وەنگ لانگ سپاسی لێ کرد، بەڵام نەیگوت کچی پیاوی وەک تۆ ناخوازم. هەرچەند چینگ پیاوێکی زۆر چاک بوو بەڵام وەنگ لانگ پێی کەسری شان بوو کە کچی پیاوێکی فەلا و ئاسایی بۆ کوڕەکەی بخوازێ. دوای ئەو قسانە وەنگ لانگ بێدەنگەی لێ ڕاکرد، بەڵام هەمیشە لە گازینۆ گوێی دەدا ئەم و ئەو کە لە بارەی کچی عەزەبدا قسەیان دەکرد. هەرچەند دەیزانی کە ئامۆژنی بابەتی ئەو کارانەیە پێی نەگوت چونکە کاری وی دەڵاڵی و ژن هینان لە گازینۆکان بوو، نەک ژنی ماڵان و خوازبێنی کردن.

هێشتا کێو پڕ لە بەفر بوون کە لەم لا و ئەولا باسی ساڵی تازە دەکرا. سەرەنجام جێژن هات و خەڵک دەستیان کرد بە خواردن و خواردنەوە و شایی و زەماوەند و هەڵپەڕکێ. ماڵە وەنگ لانگ وەبەر نەدەکەوت لە شار و لادێ. خەڵک دەهاتن بۆ جێژنە پیرۆزە، دوعایان بۆ دەکرد و دەیانگوت:

– دوور لە بەڵا بی و خودا ڕسق و ڕۆزیت زیاتر کا.

وەنگ لانگ لیباسی ئاوریشمی لەبەر کردبوو و کوڕەکانیشی لەم لا و ئەولا دانیشتبوون. مێزێکیان لە پشت دانابوون و بە سەدان جۆرە شیرینی و شڕ و شاڵاتی دیکە ڕازابووەوە! هەروەها دیوارەکانیشیان هەموو کردبووە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ.

ئەو فەسڵەش گوزەرا و بەهار هات. دار کەم تا کورتێک بوژانەوە، هوڵوو گوڵی دەکرد و وڵات بووژاوە. بەڵام وەنگ لانگ هەر بە شوێن ئەوەدا دەگەڕا کە ژن بۆ کوڕەکەی بخوازێ.

وردە وردە هەوا گەرم بوو، دار گوڵیان دەکرد و خونچە پشکووتن. وڵات دەتگوت بەهەشتە خەملیوە. وەنگ لانگ کوڕەکەی گەورە بوو و بوو بە پیاو. لە شتی دەکۆڵییەوە و زۆر زوو قەڵس دەبوو! بێجگە لەوەش زۆر بە بێز و بۆ و ڕەخنە گربوو. سەرەنجام وەنگ لانگ ناچار بوو ئەو مەسەلەی لەگەڵ پیاوێکی زانا خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بەڵام بێ ئاکام بوو.

کاتێک وەنگ لانگ نسحەتی دەکرد و دەیلاواندەوە کوڕەکەی هێندەی دیکە قەڵس و توڕە دەبوو؛ تەنانەت نان و چاشی نەدەخوارد. وەنگ لانگ سەری سوڕمابوو، نەیدەزانی چ خەبەرە و ئەو کوڕە بۆ وای لێهاتووە؟ سەرەنجام گوتی:

– ڕۆڵە گیان کوڕم ئەمن باوکی تۆم چ ناڕەحەتیەکت هەیە پێم بڵێ خۆ فەقیرێک نیم بۆم بووز نەخوا! شەرمێ مەکە.

بەڵام کوڕەکە جگە لەوەی قسەی نەدەکرد ژێریش نەدەبووەوە، هەروەها حەزی نەدەکرد چاوی بە مامۆستاکەشی بکەوێ. وەنگ لانگ بە سەد پاڕانەوە و لالانەوە هێندێک جار بە لێدان ڕاستی دەکردەوە و دەینارد بۆ قوتابخانە، بەو حاڵەش لە نێو شار دەخولاوە و نەدەچووەوە قوتابخانە. شەوانە کە کوڕە چکۆڵەکە دەیگوت ئەوڕۆش کاکم نەهاتەوە قوتابخانە، وەنگ لانگ هێندەی دیکە ناڕەحەت دەبوو و دەیگوت:

– کوڕم بۆ پێت وایە لەسەر خەزێنەی خەوتووم؟ خۆ ئەو پووڵە بنی لە ئاوێدا نییە؟ ئاخر بۆ هێندە بەدبەختی؟

وەنگ لانگ ئەوەندە ناڕەحەت بوو دەستی دا دارحەیزەرانێک و وەریگەڕایە. ئۆلان گوێی لە دەنگەدەنگیان بوو و کەوتە نێوانیان. بەڵام وەنگ لانگ ڕانەدەوەستا جارناجارێک بە پەنا ئۆلان دا یەک دوو نەقورچی دەگەیاندێ، لەو بەینەدا ئۆلانیش بێ بەش نەدەبوو. سەیرتر لە هەموو شتێک ئەوەبوو کە کوڕەکە لێدانەکەی زۆر لە لۆمە کردنەکە پێخۆشتر بوو.

وەنگ لانگ شەو و ڕۆژ بیری لە وەزعی کوڕەکەی دەکردەوە، شەوێک تەماشای کرد ئۆلان لە پشت سەری ڕاوەستاوە هەستی بەوە کرد کە دەیهەوێ شتێک بڵێ، گوتی:

– فەرموو چت دەوێ؟

ژنەکە گوتی:

– بۆ کەوتوویە گیانی ئەو کوڕە؟ لێدان کارێکی چاک نییە و بەوە چاک نابێ. من ئەوەم لە گەورەکان زۆر چاو پێکەوتووە، کاتێک لاوەکانیان دەگەیشتنە ئەو تەمەنە تووشی ئەو حاڵە دەبوون، بەڵام دوای ئەوەی خانی پیر کلفەتێکی دەدایە بێدەنگ دەبوو.

وەنگ لانگ لە وەڵامدا گوتی:

– نەخێر وانییە، چونکە منیش وەک وی جەوان بووم و ئەو ئەدا و ئەتوارەشم نەبووە.

ئۆلان هێندێک ڕاوەستا و گوتی:



– ئەو حاڵەتە تایبەتی بەچکە ئاغایە و کوڕی تۆش چی لەوان کەمتر نییە. بەڵام ئەتۆ لەبەر کاروباری مووچە و مەزرایە بیرت لەو شتانە نەکردووەتەوە.

وەنگ لانگ دوای کەمێک بیرکردنەوە گوتی:

– ڕاست دەکەی لەبەر جووت و نیر و ئاموور و پێمەڕە و زەوی، نەدەپڕژامە سەر ئەو شتانە. کاتی بەرهەم هەڵگرتنیش ئەوەندە کارم زۆر دەبوو پشتم هەڵنەدەهاتەوە. بێجگە لەوەش ئەگەر گریابام کەس نەبوو بە سەدەقە و قوربانم بێ و بملاوێنێتەوە نەشدەکرا بە مووچەکەم ڕانەگەم، چونکە لە نان و تۆو دەبووم و زمهەڕی زستانم بۆ دانەدەخرا.

لە پاشان وەنگ لانگ گوتی:

– کوڕی من نابێ چاو لە من کا، ئەو دەستی بڵاوە و بۆ هیچ شتێک دانامێنێ. بابی من بێ دەسەڵاتێک بوو لەو دەشتەی، بەڵام بابی وی زۆر دەوڵەمەندە و پێویستی بە کاری وی نییە.

سەرەڕای هەموو ئەوانە بە دڵ شانازی بە کوڕەکەی دەکرد بە ئۆلانی گوت:

– ئێستاکە وەک خانزادەکان دەبێ پێی ڕابگەین بەڵام من حازر نیم کلفەتی بۆ بکڕم تەنیا ئەوەم لە دەست دێ کە دەستگیرانێکی بۆ دیاری کەم و بۆی بگوێزمەوە، ئەوەش دەکەم.

لە پاشان هەستا ڕۆیشت بۆ دیوەخانێ.

## ٢٣

نەیلووفەر کاتێک دەیدیت کە وەنگ لانگ جگە لە جوانییەکەی بیر لە شتی تر ناکاتەوە، لێوی هەڵدەقرچاند و دەیگوت:

– ئەگەر زانیبام کە لە ماوەی ساڵێکدا لەبەر چاوت دەکەوم ولێم تێر دەبی هەر لەو گازینۆیەدا دەمامەوە.

هەرچەند بە زار ئەو قسانەی دەکرد بەڵام چاوێکی هەر لە وەنگ لانگ بوو. لە پاشان وەنگ لانگ دەستی نەیلووفەری بە سەر چاوی خۆیدا هێنا و گوتی:

– پیاو هەمیشە ناتوانێ چاوی لە جەواهێراتی سەر سینگی تۆ بێ، بەڵکو ڕۆژێک ون بوو، ئەو وەختە دەرد و خەم پیاو دەکوژێ، کەوابوو دەبێ وردە وردە عادەت بگرم. بێجگە لەوەش لە بیری کوڕە گەورەکەم دام کە شەهوەت بە سەریدا زاڵ بووە خەریکە شێت دەبێ! دەبێ ژنێکی بۆ بێنم کە هاوشانی خۆی بێ. پێم خۆش نییە کچێکی دێهاتی بۆ بخوازم، چونکە لە پێش چاوی خەڵک سووک دەبین.

وەنگ لانگ لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:

– لە نێو شاریش کەسێکی وانانا‌سم بڵێم کوڕەکەم بە نۆکەری خۆت قەبووڵ کە، خۆشیم لە دەلالێیش نایە، چونکە دەزانم بە گژ ئەو کەسانەم دادەکەن کە کچی نەقوستان و ناحەزیان لە ملدا ماوەتەوە و کەس نایهەوێن.

نەیلووفەر دوای ئەوەی لێی ڕوون بووەوە کە کوڕەکەی زۆر جوان چاک و لەبەردڵانە وەبەر دڵی کەوت و گوتی:

– کاتێک لە گازینۆ بووم پیاوێک دەهاتەلام دەیگوت کچێکم هەیە وەک تۆ جوانە، بەڵام هێندێک منداڵە.

لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:

هەرچەند لە باری شەرعەوە دروست نییە، بەڵام ئەتۆم بە قەد کچەکی خۆم خۆش دەوێ. بەم هۆیە دەستی لە من هەڵگرت و چووە لای کچێکی ناحەز بە نێوی گوڵنار.



وەنگ لانگ پرسی:

– ئەو پیاوە چلۆن پیاوێک بوو؟

نەیلووفەر لە وەڵامدا گوتی:

– زۆر دەوڵەمەند و لۆتی بوو، ئێمە هەموومان پێی ڕازی بووین چونکە زۆر دەست بڵاو بوو. بێجگە لەوەش لەگەڵ هەرکچێک با و زانیبای کچەکە ماندوویە وەک هێندێکیان هات و هاواری نەدەکرد و نەیدەگوت فریوت داوم پووڵت لێ وەرگرتووم و لەو بابەتانە، بەڵکو وەک خانزادەکان زۆر بە ئەدەب دەیگوت مەسەلەیەک نییە ژیکەڵە گیان! هائەوە پووڵ و بڕۆ بحەسێوە! بە کورتی پیاوێکی مەند و ماقووڵ و لەسەرخۆ بوو. هەمیشە لەگەڵ ئێمە بە ئیحتیرام و سەر و ڕوویەکی خۆش قسەی دەکرد.

دوای ئەوەی نەیلووفەر ماوەیەک مات بوو، وەنگ لانگ لەبەرئەوەی حەزی نەدەکرد بیر لە ژیانی ڕابردووی بکاتەوە گوتی:

– بڵێ بزانم لەسەر ئەو دەوڵەمەندبوونەڕا چ کارە بوو؟

ژنەکە لە وەڵامدا گوتی:

– پێم وایە تاجر بوو، ئیجازە بدە لە کووکوو دەپرسم، ئەو چاکی دەناسی.

نەیلووفەر دەستی لێک دا و کووکوو بە غاردان هات. نەیلووفەر لێی پرسی:

– ئەو پیاوە باڵابەرز و چوارشانەکەی کە لە پێشدا دەهاتە لای من لە بیرت ماوە؟

کووکوو وەڵامی داوە:

– دەزانم دەڵێی کێ. لیبیۆی تاجرە کە ئێستا دەچێتە لای گوڵنار. بەڕاستی لەو پیاوانەیە کە قسەی لەسەر نییە. دڵیشی بە پووڵەوە نەبوو هەر وەختێک تووشم بووبا سکەیەکی زیوی دەدامێ.

وەنگ لانگ پرسی:

– دووکانەکەی لە کوێیە؟

ئەو پرسیارەی بە نابەدڵی کرد، چونکە دەیزانی کە قسەی ژن زۆر جێگای باوەڕ نییە.

کووکوو وەڵامی داوە:

– لە شەقامی پردە بەردینە.

پێش ئەوەی کووکوو قسەکەی تواو کا، وەنگ لانگ قۆڵنجی دەستی شکاند و گوتی:

– چاک بوو گوتت، دروست لەو جێگایەیە من شتەکانی خۆم لەوێ دەفرۆشم. هیوادارم ئەو کارەش هەر لەوێ جێ بەجێ بێ.

وەنگ لانگ بۆ هەوەڵین جار سەبارەت بەو کارە خۆشحاڵ بوو چونکە پێی وابوو بە خزمایەتی کردن لەگەڵ ئەو تاجرە کوڕەکەی خۆشبەخت دەبێ. هەر وەختێک کارێکی ئەوتۆ دەهاتە پێش کووکوو وەک پشیلە بۆنی دەکرد و دەیگوت:

– ئاغا بۆ خزمەت حازرم و سەرم لە ڕێ دایە، ئەمر کە.

وەنگ لانگ زۆری پێ خۆش بین نەبوو، بەڵام نەیلووفەر بە خۆشحاڵی گوتی:

– زۆر چاکە کووکوو دەچێ و لەگەڵ لی یۆ قسە دەکا. کووکووی چاک دەناسی، دڵنیابە کارەکە جێ بەجێ دەکا، ئەوەش بزانە کە کووکوو زۆر زیرەک و وشیارە بەتایبەت لەو کارانەدا. دوای ئەنجام دانی ئەو کارە دەبێ دەلاڵیکی چاکی بدەیەی.

کووکوو پێکەنی و گوتی:

– ئەوە شتێک نییە. من ئەو کارە دروست دەکەم.

کووکوو لە حاڵێکدا کیسەی بۆ پوولی دەلاڵی کردبووەوە و گوتی:

– هەر ئێستا دەڕۆم، هیچ کارێکم نەماوە سفرەشم داناوە.

وەنگ لانگ لەبەر ئەوەی زۆر بە پەلە نەبوو گوتی:

– من هێشتا تەمام نەگرتووە، دەبێ بیری لێ بکەمەوە، لە پاشان پێتان دەڵێم چ بکەن.

کووکوو و نەیلووفەر ئەو قسەیان زۆر بە دڵ نەبوو، کووکوو لەبەر پوولی دەلاڵییەکەی و نەیلووفەریش پێی وابوو ئەوەش ئاڵوگۆڕێکی تازەیە بۆ ماوەیەک پێوەی دەخافڵێ. وەنگ لانگ گوتی:

– چونکە ئەو مەسەلە زیاتر پێوەندی بە کوڕەکەمەوە هەیە دەبێ زۆرتری بیر لێ بکەمەوە، چونکە لە پاشان چم بۆ ناکرێ.

ڕۆژێک تەماشای کرد کوڕەکەی لەبەر مەستی بێهۆشە، چونکە جگە لە شەڕابی برینج عادەتی بە شەڕابی دیکە نەگرتبوو. وەنگ لانگ لە حەیبان ڕەنگی بە ڕووانەوە نەما، ئۆلانی بانگ کرد و پێکەوە کوڕەکەیان ڕاست کردەوە. ئۆلان پاش ئەوەی خاوێنی کردەوە،



جێگای بۆ ڕاخست، کوڕەکە ماوەیەکی زۆر خەوی لێ کەوت. لە پاشان وەنگ لانگ چووە لای دوو کوڕەکەی دیکە و گوتی:

– کاکتان شەوی ڕابردوو لێرە نەخەوتبوو؟

یەکێکیان گوتی نەخێر، بەڵام دیاربوو دەترسا، وەنگ لانگ بە قەڵسی گوتی:

– ئەدی لە چ قەبرستانێک بووە؟

لەبەرئەوەی کوڕەکەی وەڵامی نەداوە، وەنگ لانگ پشت ملی گرت و گوتی:

– توتکە سەگ پێم دەڵێی چاکە، دەنا دەتکوژم.

کوڕەکە لە ترسی باوکی دەستی کرد بە گریان و گوتی:

– کاکم گوتی هیچ کەس ئەو قسەت لێ نەزانێ، ئەگەر بێتو ببیستمەوە داغت دەکەم. بێجگە لەوەش ئەگەر بەکەس نەڵێم پوولم دەداتێ.

وەنگ لانگ لە حەیفان تووڕە بوو و گوتی:

– یا پێم بڵێ یان دەتکوژم، بۆ خۆت سەرپشک بە.

کوڕەکە چاوێکی لەم لا و ئەولای خۆی کرد و ترسی ڕێ نیشت. پێی وابوو ئەگەر قسە نەکا لەوانەیە باوکی دەستی لە تینتینۆکەی بنێ و بیخنکێنێ. بەم هۆیە لە ترسان گوتی:

– سەری شەوێ وەدەرکەوت، بەڵام نازانم چ کارێکی کردووە، تەنیا ئەوەی دەزانم کە لەگەڵ ئامۆزای خۆت چووە دەرێ.

وەنگ لانگ لە پاشان بە پاڵەستۆ کوڕەکەی وەدەرنا و چووە وەتاغی مامی. تەماشای کرد ئامۆزاکەی ئەوەندەی شەڕاب خواردووەتەوە وەک پتی خوێن سوور هەڵگەڕاوە. وەنگ لانگ قیژاندی و گوتی:

– کوڕەکەمت بردۆتە کام قەبرستان؟

ئامۆزاکەی پێکەنی و گوتی:

– ئامۆزای من پێویستی بە ڕێنوێنی کەس نییە، بۆخۆی هەر جێگایەکی پێخۆش بێ دەچێ.

وەنگ لانگ پرسیارەکەی دووپات کردەوە و گوتی:

– ئەو ئامۆزا بێ شەرەفەی تۆ دەکوژم، مەگەر دەستم هەر نەیگاتێ.

لە پاشان گوتی:

– ئەوشۆ کوڕەکەم لە کوێ بوو؟

ئامۆزاکەی لە ترسان گوتی:

– لە جندەخانەکانی شار بوو، چووزانم لە چ جەحەندەمێک بووە! چووبووە لای ئەو ژنەی کە لە پێشدا لە ماڵە دەوڵەمەندەکان دا بووە.

وەنگ لانگ کاتێک ئەو قسەی بیست وەک لە ئاسمان بەربێتەوە وابوو، لەسەر جێگای خۆی وشک بوو. چونکە ئەو ژنە بۆ ئەوەی نەدەبوو کەس بچێتە لای، زۆر پیر بوو و چرچی ڕوومەتی داکەوتبوون، لەبەرئەوەی کەس پێی ڕازی نەبوو دوو سێ سەعات خۆی لە ئیختیار مشتەری نێ. وەنگ لانگ لە حەیفان نان و چاشی بۆ نەخورا، هەستا ڕۆیشت بۆ مووچە. لە وێش دڵی نەحەساوە، گەڕاوە و چوو بۆ شار یەکسەرە چووە ئەو ماڵەی کە زەمانێک جێگای ئەعیان و ئەشرافی شار بوو. دەرگای ئەو ماڵە بە پێچەوانەی هەمیشە بۆ هەموو کەس ئاوەڵە بوو. وەنگ لانگ کاتێک چووە ژوورێ تەماشای کرد وەتاغەکان و تەنانەت حەوشەش پڕە لە خەڵک. لەبەرئەوەی هیچ کەس بە ماڵە خۆی نەدەزانی دار و دیوارەکی هەموو ڕەش هەڵگەڕابوو، دارەکانی نێو حەوشەکانیش هەموو لەت و پەت کرابوون هەروەها حەوزەکەشیان کردبووە زبڵدان. وەنگ لانگ بانگی کرد و گوتی:

– ینگی جندە لە کوێیە؟

هێندێک لەولاترەوە ژنێک کە خەریکی پێڵاو دروون بوو جێگای ژنەکەی پێگوت و سەری بەرداوە. وادیار بوو کە لەوبارەوە پرسیاریان زۆر لێ کردبوو، بۆیە نارەحەت نەبوو. وەنگ لانگ چوو ماڵەکەی دیتەوە و لە دەرگای دا.

یەکێک وەڵامی داوە و گوتی:

– جارێ بڕۆ ماندووم، شەوی ڕابردوو کارم زۆر کردووە، دەبێ بخەوم.

کاتێک وەنگ لانگ بۆ جاری دووەم لە دەرگای داوە، دەنگێک بەرز بووەوە و گوتی:

– کێیە؟

وەنگ لانگ وەڵامی نەداوە، چونکە مەبەستی ئەوە بوو بچێتە ژوورێ. دوای ماوەیەک ژنێکی سووراو و سپیاو کراوی ناحەز و بە ساڵاچوو دەرگای کردەوە، تەماشایەکی وەنگ لانگی کرد و گوتی:



– ئێستا ناتوانم. شەوێکی دیکە زووتر وەرە دەبێ بخەوم، ماندووم.

وەنگ لانگ گوتی ئەوە ئەو کوڕەی من چۆنی بێز هاتووە بچێتە لای ئەو ژنە هەڵپیزاو و ناحەزە، بە قەڵسی گوتی:

– من کەمتیاری وەک تۆم ناوێ لەبەر خاتری کوڕەکەم هاتووم.

ژنەکە پرسی:

– کوڕەکەت چی لێ هاتووە؟

وەنگ لانگ لەو پەڕی قەڵسیدا وەڵامی داوە:

– کوڕەکەم شەوی ڕابردوو لێرە بووە.

ژنەکە گوتی:

– ئێرە پڕ بوو لە کوڕ نازانم کامیان کوڕی تۆ بووە!

دوای ماوەیەک وەنگ لانگ پاڕاوە و گوتی:

– بیر بکەوە بزانە وەبیرت نایەتەوە، لاوێکی بالابەرزە و تازە دەگاتێ. پێم وانەبوو ئەو غیرەتەی بێ و بتوانێ بێتە ئەو جۆرە جێگایانە.

– ژنەکە دوای ماوەیەک بیرکردنەوە گوتی:

– دوو لاو نەبوون؟

وەنگ لانگ گوتی:

– بەڵێ بەڵێ یەکیان کوڕی من بوو.

ژنەکە گوتی:

– مەبەستت لەوە چییە کە دەڵێی کوڕی من بوو؟ دەتهەوێ چ بکەی؟

وەنگ لانگ گوتی:

– ئەوە پێت دەڵێم بە قسەم بکە، ئەگەر هات و جارێکی دیکە هاتە ئێرە دەبێ وەدەری بنێی و حاڵی کە، کە ئەو جۆرە جێگایانە تایبەتی پیاوی گەڕاوە و بە ساڵاچوویە، نەک لاوی وەک ئەو. هەر جارێکی کە ڕێگای نەدەی دوو بەرابەری نرخی خۆت پووڵ دەدەمێ.

لە پاشان ژنەکە بە ڕوویەکی ناخۆش گوتی:

– کێ بەو پێشنیارەی تۆ ڕازی دەبێ؟ جا چ لەوەی چاکتر ئینسان کار نەکا و پووڵ

وەرگرێ. من بۆخۆشم زیاتر خۆشیم لە پیاوان دێ، نەک دەم ڕووتێک، چونکە لاوەکان ئەمانم پێ نادەن و ناهێڵن وە عەرزی کەوم.

ژنەکە زۆر بە ئەدا و ئەتوار ئەو قسانەی دەکرد، بۆ ئەوەی دڵی وەنگ لانگ نەرم کا و بیهێنێتە ژوورێ. بەڵام وەنگ لانگ خۆی بە دەستەوە نەدا و گوتی:

– هیوادارم بڕیارەکە بەڕێوە بەری و لە بیرت نەچێتەوە.

لەپاشان بەرەو ماڵ بووەوە. بەڵام ئەوەندەی بێز لەو ژنە هەستابوو لە ماڵیش هێڵنجی دەهاتێ. وەنگ لانگ بۆ ئەوەی کوڕەکەی زیاتر لەوە ئالوودە نەبێ هەر ئەو ڕۆژە بە کووکووی گوت:

– ڕامەوەستە، هەستە بڕۆ لای تاجر و مەسەلەکەی جێ بەجێ کە، لە هەوەڵەوە تێکۆشە جیازەکەی زۆر بێ، بەڵام ئەگەر زانیت کچەکە بە کەڵک دێ جیازەکە کەمیش بێ دەبێ.

دوای ئەوەی ئەو قسەی بە کووکوو گوت گەڕاوە لای کوڕەکەی. دوای ماوەیەک ئۆلان وەژوورکەوت، لە سەرەتاوە چووە بن سەری کوڕەکەی و تەماشای کرد هەموو گیانی ئارەقەیە. چوو ئاوی هێنا وەک بەچکە بەگزادە بە دەوریدا هات و چوو. خاوێنی کردەوە، بەڵام کوڕەکە وەخەبەر نەهات. وەنگ لانگ بە چاوپێکەوتنی ئەو دیمەنە بەزەیی بە کوڕەکەیدا هات و هەستا چووەلای مامی. بەڵام ئەو جار بە چاوی مامێک تەماشای نەکرد؛ بەڵکو پێی وابوو باوکی لاوێکی سووک و چرووکە، کە بۆتە هۆی سەرگەردانی ئەو کوڕە بێ تاوان و پاکە. بەم هۆیە بە پەلە وەژوورکەوت و گوتی:

– ماڵەکەم کردۆتە هێلانەی مار و دوپشک خەریکە پێمەوە دەدەن!

مامی کە خەریکی نان خواردن بوو بە بیستنی ئەو قسە وەک کێچ هەڵبەزییەوە و گوتی:

– چ بووە؟!

وەنگ لانگ ڕووداوەکەی لە نووکەوە گێڕاوە، مامی پێکەنی و گوتی:

– داخۆ گوتم دەڵێی چی؟! خۆ ئەوە شتێک نییە پێوەی ماندوو بی! ئەتۆ ناتوانی پێشی هەوا و هەوەسی لاوێکی تازە پێگەیشتوو بگری، مەگەر دێڵەسەگی بەبا وەشوێن گۆڵە سەگ ناکەوێ؟

وەنگ لانگ بەپێکەنینی مامی هێندەی دیکە تێک چوو. چونکە لە پێشدا هەردووک لاقی لێ دەکەوشێک کردبوو و دەیگوت: «دەبێ زەوییەکەت بفرۆشی»؛ ئێستاش بە خاو و



خێزانەوە خۆی بە سەردا بڕیبوو. بێجگە لەوەش هەر یەکە لە لایەکەوە ناڕەحەتییان بۆ پێک دێنا. بۆ وێنە ئامۆژنی لەگەڵ کووکوو کلکیان لێک هاڵاندبوو، بە کەیفی خۆی لە نان و چێشتی نەیلووفەری دەخوارد! حەرامزادە و بیژووی کوڕیشی ئەو کارەساتەی بە سەر کوڕەکەی هێنا. وەنگ لانگ بە وەبیر هاتنەوەی ئەو شتانە سەری زمانی خۆی گەست و گوتی:

– هیچم نەماوە بتاندەمێ یاڵڵا وەدەرکەون؛ من لەگەڵ ئینسانی وا خراپ و سپڵە و بەتەماح ناحاوێمەوە.

مامی هەردەتگوت لەگەڵ ویشیان نییە! دەستی لە خواردن نەکێشاوە. وەنگ لانگ کاتێک زانی کە مامی بە هێندەی ناگرێ، چوولێی بدا. مامی لێی وەریووڕاوە و گوتی:

– ئەگەر دەتوانی و غیرەتت هەیە دەرم کە.

وەنگ لانگ قیژاندی و گوتی:

– ئەگەر دەرت کەم چ دەکەی؟

مامی سووکێک داوێنی کۆتەکەی هەڵداوە و ڕیشێکی سووری دەسکردی پێشاندا. وەنگ لانگ کاتێک چاوی بەوە کەوت، وەک ئاوێک بە ئاوری داکەی کوژاوە؛ چونکە ئەو ڕیشە نیشانەی تاقمێک ڕێگر و تاڵانگەر بوو کە لە ناوچەی شیمال خەریکی تاڵان و دزی بوون و بە سەدان ماڵیان ئاور تێبەردابوو. هەروەها ژمارەیەکی زۆریان ژن و کچ لەگەڵ خۆیان بردبوو. جگە لەوەش فەلاکانیان هەڵدەواسی، قەڵاچۆیان دەکردن و دەیانسووتاندن! زۆر بێ ڕوحم بوون، بەزەییان بە کەسدا نەدەهات. وەنگ لانگ چاوی لە ژێڵلا هات و بە سەر سوڕمانەوە وەدەرکەوت. بەڵام مامی دەستی بە خواردن کردەوە و قاقا پێکەنی.

وەنگ لانگ هەستی کرد تووشی گێژاوێکی سەیر بووە، پێی وانەبوو بە خەونیش شتی وا دەبینێ! هەروەها لە حاڵێکدا بیری لە ناڕەحەتی خۆی دەکردەوە مامی بە دەوریدا دەهات و دەچوو پێدەکەنی. وەنگ لانک سەرەڕای ئەوەی چاوی دوو سەری بە مامی هەڵنەدەهات، بە نابەدڵی ڕێزی بۆ دادەنا، چونکە لەوە دەترسا بەڵایەکی بە سەر بێنێ. بەڵام نە لە دەورانی قاتی و قڕیدا و نە لە دەورانی سەعادەت و خۆشبەختیدا چەتە و ڕێگر ڕوویان لە ماڵە وی نەکرد.

وەنگ لانگ جاروبار سەری لە ئاوایی دەدا و گوێی دەدا خەڵک کە باسی تاڵان و بڕۆی چەتەکانیان دەکرد، بە ناڕەحەتی دەگەڕاوە، پێی وابوو سەرەنجام ڕۆژێک وەک ئەو خەڵکە

تووشی دەبێ. بەڵام کەس خۆی تێ نەگەیاند، لە ئاکامدا وردە وردە ترسی شکا و وەغیرەت کەوت.

وەنگ لانگ پێی وابوو لە ئاسمانەوە یارمەتی پێدەکرێ و خۆشبەختییەکەشی هەر لەوێڕایە. لەسەر ئەو بڕوایە عوودی بۆ خوداکان نەدەسووتاند؛ خوداکانیش سەبارەت بە وی نەزەریان چاک نەبوو. بەم هۆیە بێجگە لە مووچە و مەزراکەی و کاروباری خۆی بیری لە هیچ شتێکی دیکە نەدەکردەوە. لە پاشان کەوتە بیری ئەوە کە ئەگەر ماڵ و منداڵی مامیشی بەخێو کا، هەروا بە چاکی دەژی؟ سەرەڕای ئەوەی بە مامی زۆر ناڕەحەت بوو، لە لای کەس وەزعی ئەوی باس نەدەکرد کە چ دەکا و چ کارەیە.

بەڵام کاتێک تووشی ئامۆژنی دەبوو بە زۆرەملی دەیبردە وەتاغی خۆیان، بێجگە لەوە بڕێکیشی پووڵ دەدایە، هەروەها بە کوڕەمامەکەی دەگوت:

– بۆ خواردن پەکی خۆت مەخە، هێندێک جار گیرفان پووڵیشی دەدایە.

وەنگ لانگ لەو بەینەدا بە تەواوی کوڕەکەی خستە بەر چاودێری خۆی هەرچەند کوڕەکەی خۆی بەم لا و ئەولا دەدا و لە منداڵەکانی دیکەی دەدا نەیدەهێشت شەوانە وەدەرکەوێ.

وەنگ لانگ لە سەرەتاوە ئەوەندەی بیر لە بەدبەختی و چارەڕەشی خۆی دەکردەوە، دەستی بۆ هیچ کارێک نەدەچوو. هێندێک جار دەهاتە سەر ئەو باوەڕە و دەیگوت: «مامم دەر دەکەم و دەچمە شار، هەم مامم لە کۆڵ دەبێتەوە، هەم چەتە و ڕێگرەکان؛ چونکە شەوانە دەروازەی شار دادەخەن زەفەرم پێنابەن». بەڵام ئەوەشی بۆ نەکرا، چونکە نەدەکرا مووچە و مەزراکەی بەجێ بێڵێ، بیجگە لەوەش بێ چەک مەعلووم نەبوو چ بەڵایەکی بە سەر دێ. هەروەها لە شاریش نەیدەتوانی خانەنشین بێ و وەدەر نەکەوێ. ئەوانەش بە جێگای خۆی! پێی وابوو ڕۆژێک شاریش دەکەوێتە دەست چەتە و دزەکان و دەست دەکەن بە قەڵاچۆی خەڵک و تاڵان و بڕۆ، کەوا بوو شاریش جێگای متمانە نەبوو. دەیتوانی کارێکی دیکەش بکا، ئەویش ئەوەبوو کە بە شارەبانی بڵێ مامم یەکێکە لەو دزانە؛ بەڵام ئەگەر ئەوەشی کردبا کەس باوەڕی پێ نەدەکرد لەوانەبوو بڵێن بوختان بە مامی دەکا و خوری شۆر کوتابایان. لە لایەکی دیکەشەوە ترسی ئەوەی هەبوو کە دزەکان پێ بزانن و تۆڵەی لێ بسێننەوە. وەنگ لانگ هێشتا ڕێگا چارەیەکی بۆ ئەو گیروگرفتانە نەدۆزیبووەوە کە کووکوو لە لای تاجرەکە گەڕاوە و گوتی:



– بەڵێنیان داوە، بەڵام بەو شەرتەی لە هەوەڵەوە نیشانەی کەن، چونکە باوکی دەڵێ کچەکەم منداڵە و بۆ ماڵان نابێ پێم خۆشە تا سێ ساڵی دیکە هەروا بە نیشانەکراوی بمێنێتەوە لە پاشان مارەی بکەن.

وەنگ لانگ لەبەرئەوەی کوڕەکەی بۆ دابین نەدەبوو سێ ساڵی پێ زۆر بوو. هەر جۆرێک بوو ئەو شەوە بە قەڵسی پاروە نانێکی خوارد، لە پاشان بە سەر ئۆڵاندا قیژاندی و گوتی:

– دەبێ منداڵەکانم دەسگیرانیان بێ؛ سێ و دووی ناوێ؛ ژن هێنانەکە بە مەسڵەحەتترە ئێمە دەبێ سێ جاری دیکە ئەو بەدبەختییە بچێژین.

وەنگ لانگ ئەوەندەی بیر لەو مەسەلە دەکردەوە شەوانە خەوی لە چاوی نەدەکەوت بەیانانیش زوو لیباسەکانی لە سووچێک دادەنا، دەستی دەدا پێمەڕەیەک و دەڕۆیشت بۆ مووچە. کاتێک دەڕۆیشت لە حەوشە چاوی بە کچە شێتەکەی کەوت کە وەک هەمیشە کوتە پەڕۆیەکی بە دەستەوەیە و کایەی پێدەکا. وەنگ لانگ کاتێک چاوی بەو دیمەنە کەوت زۆر ناڕەحەت بوو و گوتی: «زیاتر لە هەموو شتێک بەو کچە شێتە دڵم دەکرێتەوە و سەبرم دێ».

وەنگ لانگ ڕۆژانە دەچووە مووچە و کاری دەکرد، سەرەنجام زەوییەکەی لە خەم ڕست و بڕێک بووژاوە. دوای ماوەیەک پەڵە هەوریش وردەوردە بەری ئاسمانیان گرت و هێندەی دیکە خۆشحاڵ بوو.

خەڵکی ئاوایی لە حاڵێکدا تەماشای پەڵە هەورەکانیان دەکرد هەر یەکەی شتێکیان دەگوت و دەترسان لەوەی کە کولله بە وڵات وەربێ و بەرهەمی یەک ساڵەیان بکاتەوە هیچ. وەنگ لانگ وێڕای وان تەماشای هەورەکانی دەکرد، هێندەی پێ نەچوو بایەک هات و کولله وەک لەشکر بە وڵاتی وەربوون.

لە پاشان وەنگ لانگ هەموو شتێکی لە بیر چووەوە! نە غەمی مامی ما، نە ئامۆژنی و کوڕەکەی! لە ناکاو چووە نێو خەڵکەکە و گوتی:

– ئێمە دەبێ بۆ پاراستنی بەرهەمەکانمان دژی ئەو کوللانە ڕاوەستین

ژمارەیەک گوتیان:

– هیچمان بۆ ناکرێ، کاری خودایە و دەبێ ئەوساڵیش لە برسان بمرین، لەگەڵ بەڵای ئاسمان چ دەکرێ؟

لە پاشان ژن دەستیان کرد بە گریان و لە خۆدان و بەرەو شار ڕۆیشتن، هەر لە یەکەی چەند دەنکیان عود کڕی و لەبەر پێی خوداکانیان داگیرساند. هەروەها بە سەدان تووک و دوعای دیکە، بەم چەشنە لەبەر عەرز و ئاسمان دەپاڕانەوە. بەڵام کوللەکان وەک مار و مێروو وڵاتیان داگیرکردبوو.

وەنگ لانگ کرێکارەکانی بانگ کرد چینگ و تاقمێکی دیکەش فەلا لە دەوری کۆ بوونەوە، بۆ ئەوەی زەرەر لە نیوەش بگەڕێتەوە ئاوریان لە گەنمەکان بەردا، لە پاشان ئاویان لێنا. بەم شێوە بڕێکیان گەنم لە چنگ کوللەکان نەجات دا. ژنەکانیش لەو بەینەدا یارمەتیان زۆر کردن، بۆ وێنە ئۆلان چێشتی بۆ دەبردن و ژنەکانی دیکەش هەر یەکەی شتێکیان دەکرد.

وردە وردە هەوا تاریک بوو و وزە وزی کوللە گوێی پیاوی کەڕ دەکرد وەک پاڵەی چاک لە هەموو مووچەیەک دەنیشتن ئەوەندەی بلێی یەک دوو دەیڕووتاندەوە و دەتگوت قەت مووچەش نەبووە! دوای ئەوەی خەڵکەکە هیچیان بۆ نەکرا گوتیان:

– ویستی خودایە دەبێ وابێ.

بەڵام وەنگ لانگ و کرێکارەکانی لە کوشتن و پێ ڕێخستنیان ڕانەدەوەستان دیارە بەوەش هیچ نەدەکرا چونکە یەک و دوو نەبوون. بەربەرەکانی وەنگ لانگ لەگەڵ کوللەکان بێ ئاکام نەبوو، سەرەنجام توانی یەکێک لە باشترین مووچەکانی لە دەست هرووژمی کوللەکان نەجات دا. ژمارەیەکیش هیچیان پێ نەما و دەستیان کرد بە کوللە سوور کردنەوە. وەنگ لانگ لەبەرئەوەی زەرەریان لێ دابوو دمی لێ نەدەدان بەڵام ئۆلان بڕێکی لە ڕۆنیدا سوور کردەوە و دای بە کرێکار و منداڵەکان. هرووژمی کوللە بۆ ماوەیەک بیروڕای وەنگ لانگ بە خۆیەوە خافڵاند بەڵام دوای دوو سێ ڕۆژ گوتی:

– هەر کەس دەردێکی هەیە، منیش دەبێ لە بیری چارەسەرکردنی مەسەلەی خۆم دا بم و ماندوو نەبم.

مامم زۆر لە من پیرترە و سەرەنجام ڕۆژێک بەلادا دێ، هەر جۆرێک بێ ئەوە سێ ساڵە لەگەڵ کوڕەکەم دەحاوێتەوە، پێویست نییە خۆم بە داخ و حەسرەتانەوە بکوژم.

وردە وردە دەست بەکاربوون و دروێنە کرا و باران باری شەتڵەکانیان چەقاند و هاوین بەسەرداهات.



## ٢٤

دوای ئەوەی وەنگ لانگ دڵنیا بوو کە ماڵەکەی ئەهوەن بۆتەوە، کاتێ گەڕانەوە لە مووچە کوڕە گەورەکەی هاتە لای و گوتی:

– بابە گیان بڕیارە ببمە ئینسانێکی دەرس خوێن و خوێندەوار دەبێ جێگاکەم بگوێزمەوە چونکە دەرسم لە لای مامۆستا پیرە تەواو بووە.

وەنگ لانگ گوتی:

– دەتهەوێ چ بکەی؟

کوڕەکە بڕێک مات بوو و گوتی:

– ئەگەر بڕیارە درێژە بە خوێندن بدەم دەبێ بڕۆم بۆ جنووب. لەوێ دەچمە قوتابخانەیەکی گەورە و هەرشتێک بمهەوێ فێر دەبم.

وەنگ لانگ بە قەڵسی گوتی:

– ئەو هاتەران پاتەران و قسە هیچ و پووچانە چن؟! نابێ ئاگات لە دەمت بێت؟! جارێکی دیکە ئەو قسەت لێ نەبیستم، ناڕەحەتیشم مەکە ئەوە بۆ ئێمە نابێ، حاڵی بووی؟ بەشی ئەوەندەت خوێندووە بەڕەی خۆت لە قوڕاوێ دەرکێشی و زار لەبەر خەڵکی خوار نەکەینەوە.

بەڵام کوڕەکەی گوێی نەدایە و لە بن لێوی هەر پرتە پرتی بوو. وەنگ لانگ لەبەرئەوەی حاڵی نەبوو دەڵێ چی بە سەریدا گوڕاندی و گوتی:

– منگە منگت نەیە قسە بکە. بڵێ بزانم دەڵێی چی؟

کوڕەکە بە هەڵڵا و بگرەی باوکی قەڵس بوو و گوتی:

– با پێت بڵێم من دەچم بۆ جنووب و تازە سێبەری ئەو ماڵەم بە سەر ناکشێ. خۆ ماڵ نییە، دەڵێی شێتخانەیە! بێجگە لەوە شارەکەشم پێخۆش نییە، جا ئەوە شارە؟! گوندێکی گەورەیە و پێی دەڵێن شار. دەڕۆم تا شتی تازە فێر بم و جێگای تازە ببینم.

کەس پێی وانەبو ئەو کوڕە، کوڕی وەنگ لانگە. یەکێکی نەیناسیبان دەیگوت ئەو

پیاوە کارداری ئەو لاوەیە، ئەوەندە پاک و خاوێن بوو هیچ کوێکی وەک وەنگ لانگ نەدەچوو. وەنگ لانگ کاتێک بەو سەر و وەزعەوە چاوی پێی کەوت لێی تووڕە بوو و گوتی:

– بێدەنگ بە بڕۆ بۆ مووچە با بڕێکت تۆز و خۆڵ لێ بنیشێ دەنا دەڵێن ئەو ژنە لووسکە کێیە؟

وەنگ لانگ ئەوەی لەبیر چووبووەوە کە لە پێشدا بە خەت خۆشی و دەرس خوێندنی کوڕەکەی شانازی دەکرد. دوای ئەو قسانە بە قەڵسی لە ئاشپەزخانە هاتە دەر و تفی لە عەرز و ئاسمان دەکرد، لە لایەکی دیکەشەوە لە حەیفی خۆ جوان کردنی کوڕەکەی هەر پیشی دەخواردەوە.

کوڕەکە لە حاڵێکدا نەیدەویست چاوی بە باوکی بکەوێ ڕووبەڕووی ڕاوەستا و تەماشای دەکرد. وەنگ لانگ بە هێندی نەگرت و خۆی تێ نەگەیاند، هێندێکی خۆ خافڵاند و لە پاشان چووەوە دیوەخان و تەماشای کرد نەیلووفەر لەسەر تەختێک ڕاکشاوە و کووکوو باوەشێنی دەکا. کووکوو بۆ ئەوەی پێشان بدا شتێک ڕووی نەداوە و قسێکیشی کردبێ گوتی:

– کوڕە گەورەکەت زۆر خەم دەخوا حەزناکا لێرە بمێنێ.

وەنگ لانگ سەرەڕای ئەوەی زۆر لە کوڕەکەی داخدار و تووڕە بوو گوتی:

– باشە بە تۆ چی؟ بۆ هێندە خۆ لە شتی هەڵدەقوتێنی؟! من پێم خۆش نییە بەو تەمەنەتەوە ڕوو لەو وەتاغە کا.

نەیلووفەر بە پەلە وەڵامی داوە.

– من وا ناڵێم، کووکوویە ئەو قسانە دەکا.

کووکووش دەستە پاچە بوو وگوتی:

– شتێکی کە وەک ڕۆژ ئاشکرایە، پێویستی بە بەڵگە هێنانەوە نییە، ئەوەی مەعلوومە کوڕەکە زۆر جوان چاکە و هەموو کەس خۆشی دەوێ و ئەویش لەو تەمەنەدا ناتوانێ سەبارەت بە هێندێک شت بیر بکاتەوە و بڵێ ئەو زڕدایکە و فلان و فیسار.

وەنگ لانگ بە قەڵسی گوتی:

– نەخێر نابێ بچێ، من حازر نیم بە فیڕۆ پووڵی خۆم لەو جۆرە شتانە خەرج کەم.



ئەوەی گوت و بێدەنگ بوو. نەیلووفەر دوای ئەوەی کە زانی زۆر قەڵسە کووکووی وەدەرنا و لەگەڵ وەنگ لانگ تەنیا ماوە.

چەند ڕۆژ گوزەرا و کوڕەکەی هەروا بێدەنگ بوو، نەدەچووە قوتابخانەش، وادیار بوو پەشیمان بووبێتەوە. وەنگ لانگ ئەوەی زۆر بە کەیفێ بوو. کوڕەکە هەرچەند بە تەمەن نەدەگەییە هەژدە ساڵ، بەڵام وەک دایکی بەخۆوە و ئێسک پان بوو.

وەنگ لانگ هەر وەختێک دەهاتەوە تەماشای دەکرد کوڕەکەی خەریکی مووتاڵا کردنە، لەبەر خۆیەوە دەیگوت: «ئەوەش هەوا و هەوەسی هەڕەتی لاوەتی بوو و نەیدەزانی چ دەکا. سێ ساڵی پێ زۆر بوو، بەڵام بێ خەبەر لەوەی کە سێ ساڵ بە پووڵ زۆر هاسان دەبێتە دوو ساڵ و کەمتریش. بە کورتی دوای ئەوەی بەرهەمی ئەو ساڵمان کۆ کردەوە فیکرێکیش لەو مەسەلەی دەکەینەوە».

هرووژمی کوللە بوو بە هۆی ئەوە کە مەسەلەی کوڕەکەی لە بیر بەرێتەوە، چونکە بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکەی فەوتا و لە بەین چوو، بە سەد ئەم لا و ئەولا خەرجی نەیلووفەری پەیدا کرد؛ جاری وابوو بیری دەکردەوە و دەیگوت: «نازانم چۆنم لە دڵ بۆتەوە ئەو هەموو پووڵەم لەو ژنەی خەرج کردووە؟!».

نەیلووفەر بە هەزار جۆرەی خۆی دەڕازاندەوە تا بەڵکو سەرنجی وەنگ لانگ بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، بەڵام وەنگ لانگ زیاتر بیری لەوە دەکردەوە کە بۆ ئەو هەموو پووڵەی خەرج کردووە.

وەنگ لانگ وردەوردە حاڵی بوو کە ئەوەی ئامۆژنی سەبارەت بە نەیلووفەر دەیگوت ڕاست بوو! سەرەڕای ئەوەی منداڵی نەدەبوو زۆریش جوان نەبوو! بەڵام زۆری خۆ بەو مەسەلەوە ناڕەحەت نەدەکرد لەبەرئەوەی لە ژنەکەی پێشووی منداڵی زۆر بوو، ئەوەشی بۆ خۆشگوزەرانی ڕاگرتبوو. لە لایەکی دیکەشەوە نەیلووفەر ڕۆژ بە ڕۆژ جوانتر دەبوو، چونکە شەو و ڕۆژ کار و پیشەی هەر خواردن و خەوتن و بە خۆدا هاتن بوو. بە کورتی ئەوەندە لە خۆشیدا بوو دەتگوت تازە بووکە!

وەنگ لانگ دوای ئەوەی کەمێک ئارام بووەوە، کەوتە بیری کوڕەکەی کە چلۆنی ڕازی بکا؟ شەوێک دانیشتبوو بە قامک حیسابی دەغڵودان و سەرداریەکەی دەکرد کە چ بکا و چۆنیان بفرۆشێ. ئۆلان وەژوور کەوت و لێی تێک دا. ئۆلان بە پێچەوانەی نەیلووفەر ڕۆژ بە ڕۆژ لە کەمی دەدا و زۆر مات و بێدەنگ بوو، جار نا جارێک قسەی دەکرد و دەیگوت:

– ئاورم لە دڵی بەربووە.

لەو دوو سێ ساڵەی دواییدا زگی نەدەکرد و شەو و ڕۆژ ڕانەدەوەستا، بەڵام وەنگ لانگ وەک ئینسان نەبا، وەک هەموو شتێکی تەماشا دەکرد! سەرەڕای ئەوەش کاروباری ماڵەکەی ئەنجام دەدا و کەس قەسەی لێ نەدەزانی. ئۆلان لەو ماوەدا چاوی بە دیوخانێ نەکەوت! ئەگەر تووشی نەیلووفەریش دەهات سەری خۆی دادەخست و خۆی تێ نەدەگەیاند. وەنگ لانگ سەرەڕای ئەوەی دەیزانی کاری زۆرە و زەحمەت دەکێشێ بە درۆش جارێک نەیگوت هێندە خۆت ناڕەحەت مەکە و کڵفەتێکت بگرە.

ئۆلان شەوێک چووە لای و گوتی:

– ناڕەحەت نابی شتێکت پێ بڵێم؟

وەنگ لانگ سەری هەڵێنا و گوتی:

– بڵێ بزانم دەڵێی چی؟

وەنگ لانگ بەر لەوەی خێزانی شتێک بڵێ گوتی:

– تەماشای ئەو سەروسەکتەی دەڵێی لە وەختی جوانی بەش کردندا لەوێ نەبووە! ئەوەش بە قوربانی خوێن شیرینییەکەی بێ، هێشتا فێر نەبووە کە خۆشی ژن و مێرد یانی چی؟

ئۆلان دوای ئەوەی گوێی لەو قسە خۆشانەی مێردەکەی بوو لە خۆی نووسا و گوتی:

– کوڕە گەورەکەت زۆر دەچێتە دیوەخانێ، زیاتر ئەو وەختانەش دەچێ کە تۆ لە ماڵ نابی.

وەنگ لانگ لە سەرەتاوە هیچی لێ حاڵی نەبوو، سەری هێنا پێش و گوتی:

– دەڵێی چی حافرەت؟

ئۆلان زۆر لەسەرەخۆ و ئارام بە دەست پێشانیدا کە کوڕەکەی دەچێتە کام وەتاغ. وەنگ لانگ باوەڕی بەو قسە نەدەکرد و گوتی:

– شێت بووی یان خەون دەبینی؟

ئۆلان گوتی:

– نە شێت بووم و نە خەونیش دەبینم.



بەڵام نەیدەوێرا ئاشکرای کا، سەرەنجام گوتی:

– ئاغا ئەگەر بە دزی بێیەوە ئەوەدەم دەزانی چ خەبەرە؟

برێک مات بوو و دووبارە گوتی:

– ئەگەر ئیجازەی بدەی بڕۆا زۆرت بە قازانج تەواو دەبێ؛ تەنانەت ئەگەر بچێتە جنووبیش.

وەنگ لانگ سەری داخستبوو و بیری دەکردەوە. ئۆلان دووسێ جار گوتی چام بۆ داناوی. هۆشی ئەوەی نەبوو، چایەکەی وەک دمی مردوی سارد بووە و نەیخواردەوە! پاش ئەوەی چایەکەی بۆ گۆڕی وەدەرکەوت.

وەنگ لانگ بۆ ماوەیەک خەریک بوو شێت بێ، برێک مات بوو و گوتی: «ئەوانە هەر دەبن، هەوێ هەروا پێک بەخیلن و چاویان پێک هەڵنایە! پێویست نییە هێندە خۆم ناڕەحەت کەم. کوڕەکەشم ئەو ناڕەحەتی و تووڕە بوونەی جارانی نەماوە و خەریکی موتاڵا کردنە، بەڕاستی ئەو ژنەی من زۆر دواکەوتوویە». وەنگ لانگ شەوێ کە چووە دیوەخانێ نەیلووفەر ڕێگای نەدا و گوتی:

– ئەو بۆنە چییە لێت دێ دەزانم خۆت نەشوتووە، جارێکی دیکەش ئەگەر ئارەزووی لای منت کرد لە پێشدا خۆت بشۆ، نازانی هەوا گەرمە؟

نەیلووفەر لە حاڵێکدا بە ناڕەحەتی زوڵفەکانی لادەدا، وەنگ لانگ دەستی بۆ برد کە بیکێشێتە پێش خۆی، بەڵام نەیلووفەر شانی بادا و جوابی نەداوە، وەنگ لانگ ناچار بە تەنیا ڕاکشا و بیری کردەوە لەوەی کە بۆ دوو سێ شەوە نەیلووفەر سەرجێیی ناکا؟ پێی وابوو بەڕاستی لەبەر گەرمی هەوایە، بەڵام وردەوردە قسەی ئۆلان هاتە جێ و گوتی:

– بڕۆ تەنیا بخەوە، ئەگەر مووی پیاوانم لێهاتبێ تازە تخونت ناکەوم.

پاش ئەوەی نەیلووفەری بەجێ هێشت چووە وەتاغەکەی پێشووی خۆی و ڕاکشا. بەڵام هەرچی دەکرد خەوی لێ نەکەوت تا بەیانی هەر جینگڵی دا.

پاش ئەوەی زانی کە نەیلووفەر مەسەلەی چوونی کوڕەکەی بۆ جنووب بە گوێ گەیشتۆتەوە، زۆر ناڕەحەت بوو و نەیدەزانی کە ئەوەی لە کوێ زانیوە؟ لە لایەکی دیکەشەوە بیری لەوە دەکردەوە کە کوڕەکەی بۆ هیچ ناڵێ، گوتی: «نەخێر وانییە تا بە هەر دووک چاوی خۆم نەیانبینم باوەڕ ناکەم».

وەنگ لانگ بەو مەسەلەوە زۆر نارەحەت بوو، ڕۆژێک نان و چای بەیانی خوارد و گوتی:

– من دەچم بۆ مووچە و زۆرم پێدەچی.

بەرەو شار وەڕێ کەوت، کاتێک گەیشتە پەرستگەی چووک ئیستێک ڕاوەستا، دوای ماوەیەک چاوی بە قەبرێک کەوت و فکر هەڵیگرت، لە حاڵێکدا پێی وابوو خوداکان تەماشای دەکەن، بیری لەوە دەکردەوە کە لە پێشدا چەندە لەو خودایانە دەترسا، بەڵام ئێستاکە دەوڵەمەند بوو نیازی پێیان نییە بۆ سەریان لێدا؟ لە پاشان گوتی: «واچاکە بگەڕێمەوە». بەڵام لە ناکاو شەوی ڕابردووی وەبیر هاتەوە کە نەیلووفەر ڕێگای نەدابوو، هەروەها بەوەشەوە زۆر نارەحەت بوو کە بۆچی تاکو ئێستا خۆی بۆ ئەو ژنە مراندووە، بەم هۆیە گوتی: «دەمزانی کە لەو گازینۆیەدا هەر بەرگەی دوو سێ ساڵ دەگرێ بەڵام ئێستا لە ماڵە من وەک خانم و خاتوونان بە ئیشتیای خۆی دەکا و دەخوا و کەس نییە دەستی وەبەر بێنێ». لە پاشان هەروا بە قەڵسی و تووڕەیی هەستا و لە ڕێگایەکی دیکەڕا بە دزی هاتەوە و لە پشت دەرگا خۆی گرت، تەماشای کرد دەنگە دەنگ دێ، دوای ماوەیەک هەست ڕاگرتن دەنگی کوڕەکەی ناسییەوە.

وەنگ لانگ لە ژیانیدا ئەوەندە تووڕە نەبوو، چونکە مەسەلە، مەسەلەی نامووس بوو، پێی وابوو بە زۆر ژنەکەیان لە دەست دەرهێناوە و دەبێ هەروا دانەنیشێ، بەڵام تەرەفەکەی کێ بوو؟ کوڕەکەی خۆی بوو، سەری سووڕمابوو، نەیدەزانی چ بکا، لە نارەحەتیان لێوی خۆی هەموو گەست، سەرەنجام دارێکی دەست دایە و بە ماتە ماتە چووە ژوور، کاتێک پەردەی لادا تەماشای کرد کوڕەکەی لە پەنا حەوزەکە ڕوو بەڕووی نەیلووفەر دانیشتووە و خەریکی چاوبڕکێیە، نەیلووفەریش وەک تازە بووک خۆی ڕازاندبووەوە و جار نا جارێک بەناز و ئەدا چاوی هەڵدێنا و پێدەکەنی.

وەنگ لانگ بێ ئەوەی بێڵێ بزانن وردە وردە لێیان نزیک دەبووەوە، بەڵام وەک ئاور بڵێسەی لێ دەبووەوە و لە حەیفان هەموو لێوی خۆی لە خوێن هێنا. بە کورتی دارەکەی توند لە نێو دەستی گرت و ئامادەبوو، هێشتا نەیلووفەر و کوڕەکەی پێیان نەزانیبوو. بەختی خۆیان کووکوو ڕاست لەو وەختەیدا هاتەدەر، زیڕاندی و گوتی:

– وەنگ لانگ ئەوەتا، ئەوە بۆ دەڵێی لە گوێی گادا خەوتوون و ئاگاتان لە خۆتان نییە. زووبن خۆتان بشارنەوە.



بەڵام تازە لەوە دەرچوو بوو خۆیان بشارنەوە. وەنگ لانگ کاتێک چاوی بەو دیمەنە کەوت ئەمبازیان بوو، خۆی بە سەر کوڕەکەی دادا و وەریگەڕایە، ئەوەندەی لێدا شەلاڵی خوێنی کرد. نەیلووفەر دەستی گرت و کردی بە زیقەزیق و هاوار هاوار، بەڵام وەنگ لانگ خۆی لە دەست ڕاپسکاند و ئەویشی بێ بەش نەکرد. نەیلووفەر کە زانی زۆر تووڕەیە خۆی ڕانەگرت و هەڵات.

وەنگ لانگ ئەوەندەی لە کوڕەکەی دا لە زمان کەوت و کەوتە سەر عەرزی. بەو حاڵەش بەزەیی پێدا نەهات و لەوانەبوو بۆ خۆشی، لەبەر نارەحەتیان قەلبی ڕاوەستێ، ناچار دارەکەی فڕێدا و بە کوڕەکەی گوت:

– بڕۆ لە پێش چاوم ون بە، نەتبینمەوە. وەدەرکەوی دەتکوژم.

کوڕەکە بە بێ دەنگی هەستا و ڕۆیشت. وەنگ لانگ لەسەر سەندەڵێک دانیشت و ئەژنۆکانی لە باوەش گرت و بۆ ماوەیەکی زۆر مات بوو، کەس نەیدەوێرا تخوونی کەوێ. دوای ئەوەی ڕقەکەی نیشتەوە، چووە وەتاغەکەی خۆی و تەماشای کرد نەیلووفەر لەسەر تەختەکەی ڕاکشاوە و بە بانگ و سەڵا دەگری. و گوتی:

– ئەوە چ خەبەرە خانم؟

نەیلووفەر ئەوەندە بە کوڵ دەگریا وەڵامی بۆ نەدراوە، هەر ئەوەندەی بۆ کرا تەماشای وەنگ لانگ کا و جێگا دارەکەی پێشان دا کە شین و ڕەش ببووەوە. وەنگ لانگ گوتی:

– ئەتۆ هەر شیاوی ئەو جێیەی کە لێی بووی و...

نەیلووفەر بە بیستنی ئەو قسە بە گریانەوە ڕەخنەی گرت و گوتی:

– نەخێر من ئەو کارەم نەکردووە، کوڕەکەشت لەبەر تەنیایی و نارەحەتی خۆی هاتۆتە ئێرە. ئەگەر باوەڕ ناکەی لە کووکوو بپرسە بزانە لەو جێگایەی کە ڕاوەستابوو هەنگاوێک واوەتر هاتووە، چ دەگا بەوەی کە هاتبێتە نێو نوێن و بانی من.

لە پاشان بۆ جاری دووەم برینەکانی پێشاندا و گوتی:

– تەماشاکە بزانە چت لە نەیلووفەری خۆت کردووە هیچ کەس نەزانێ ئەتۆ دەزانی کە من لەو دنیا پان و بەرینەدا جگە لە تۆ کەس شک نابەم ئەگەر چی ئەوەش کوڕی تۆیە بەڵام تۆ بۆ من هەموو کەسی.

نەیلووفەر لە حاڵێکدا بە چاوی فرمێسکاوی تەماشای کرد، وەنگ لانگ بیری لەو

مەسەلە دەکردەوە، بەڵام بۆی ڕوون نەبووەوە کە چیان لە نێواندا گوزەراوە. لە لایەکی دیکەشەوە پێی خۆش بوو کە نەیلووفەر ئەو مەسەلەی لەبیر بچێتەوە. دوای ناهومێدێکی زۆر بە پەنا وەتاغی کوڕەکەیدا ڕۆیشت و گوتی:

– شتەکانت تێکەوە پێچە و بڕۆ بۆ جنووب، بەڵام تا لە دوات نەنێرم مەیەوە.

لە پاشان تووشی ئۆلان بوو کە لە سووچێک دانیشتبوو و لیباسی بۆ کوڕەکەی دەدروو، وەنگ لانگ پێی وابوو ئۆلان گوێی لەو هەڵڵا و هەنگەمە بووە و لێی دەپرسێ چ بووە؟! بەڵام وەسەرە خۆی نەهێنا و هیچی لێ نەپرسی. وەنگ لانگ ڕۆیشت تا گەیشتە مووچە. لەوێ وەک ئینسانێکی ماندوو لە سووچێک تخێڵ بوو.



## ٢٥

کاتێک کوڕە گەورەکەی ڕۆیشت، هەستی کرد کە ماڵوحاڵەکەی ئەهوەن بووەتەوە و لە گێچەڵ و تەنگ و چەڵەمە نەجاتی بووە. بەم هۆیە تا ڕادەیەک هاتەوە سەرحاڵ و گوتی: «چاک بوو ئەو لاوە ڕۆیشت؛ ئەوجار خاترجەمی دەتوانم بە منداڵەکانی دیکە ڕابگەم و ئاگام لێیان بێ».

وەنگ لانگ گیروگرفتی وەک زەویوزار و مووچە و مەزرا و تۆ و دروێنە و گێرە و کێشە و خەلە و خەرمان، هەروەها پرتەوبۆڵەی دوو ژنی هەوێسار و لەم بابەتانەی زۆر بوو! لەبەر ئەوە نەدەپرژا سەر شتی دیکە کە بزانێ دوای کوڕە گەورەکەی منداڵەکانی دیکەی چلۆن دەبن! لە لایەکی دیکەشەوە بە تەمابوو کوڕە نێونجییەکەی نەنێرێتە قوتابخانە و لە لای کابرای تاجری دانێ و شاگردی پێ بکا، چونکە لەوەی دەترسا ئەوەش پەندی کوڕە گەورەکەی بە سەر بێنێ و تووشی ناڕەحەتی کا.

کوڕەکانی وەک یەک نەدەچوون. کوڕە گەورەکەی وەک ژن و پیاوی شیمالی باڵا بەرز و ئیسک پان و سووکارە بوو؛ کە دەچووەوە سەر دایکی. بەڵام کوڕە نێونجییەکەی کورتەباڵا و لاواز و ڕەنگ زەرد بوو؛ ئەویش زیاتر شێوەی باوکی وەنگ لانگی دەدا. جگە لەوەش چاوزیت، وریا، فێڵەزان و جەفەنگی؛ هەروەها تا ڕادەیەک بەرچاوتەنگ بوو. وەنگ لانگ دەیگوت: «ئەو کوڕە دەبێتە تاجرێکی چاک، ناهێڵم بچێتە قوتابخانە و تاقی دەکەمەوە، بزانم دەتوانێ ببێتە شاگرد عەللاف یان نا؟ ئەگەر بێتوو ئەو کارە ئەنجام بدا، بۆ من حەجی دوو حەجە». بەم هۆیە ڕۆژێک بە کووکووی گوت:

– بڕۆ بە خەزووری کوڕە گەورەکەم بڵێ فلان کەس کاری پێتە و پێی خۆشە پێکەوە شەرابێکیش بخۆنەوە. چونکە لای وایە تازە بوونە خزم و دەبێ زیاتر خوێنتان تێکەڵ بێ.

کووکوو خەبەری هێناوە و گوتی:

– ئەویش حەز دەکا بتبینێ و پێکەوە دەم تەڕ کەن، ئەگەر پێت خۆش بێ لەوانەیە بێتە ئێرەش.

وەنگ لانگ پێی خۆش نەبوو تاجرێکی شاری لێ میوان بێ، چونکە لەوە دەترسا ئەو

جۆرەی پێویستە خزمەتی بۆ نەکرێ و ناچار بێ دەست بۆ ئەم و ئەو درێژ کا و تووشی شەرمەزاری بێ. بەم هۆیە ئاوێکی بە خۆیدا کرد، کۆتێکی ئاوریشمی لەبەر کرد و لە مووچەرا ڕۆیشت بۆ شاری. هەروەک کووکوو نێو نیشانی دابوویە چووە شەقامی پردان و یەک سەرە چووە بەر دەرگایەک کە لەسەری نووسرابوو لی یۆ هەرچەندە خوێندەوار نەبوو بەڵام بەو نێونیشانەی کووکوو ماڵەکەی دیتەوە. بۆ ئەوەی خاترجەم بێ کە هەوە لە ڕێبوارێکیشی پرسی. لە پاشان لە دەرگای دا و ژنێکی خزمەتکار دەرگای کردەوە و گوتی:

– ئەتۆ کێی؟

وەنگ لانگ نێوی خۆی پێگوت. ژنەکە بردی لە دیوی میوانانی دانا، گەڕاوە ئەربابی بانگ کرد و گوتی:

– خەزووری کچەکەت هاتووە.

وەنگ لانگ وەک مشتەری چاک تەماشای دار و دیواری دەکرد و دەستی لە شتەکان دەدا بۆ ئەوەی بزانێ جینسەکەیان چییە؟ پاش ئەوەی شتی نێو ماڵەکەی هەڵسەنگاند حاڵی بوو کە بنەماڵەیەکی گەورە و ماقووڵ و نێو بەدەرەوەن، بەڵام ئەوەندە دەوڵەمەند نەبوون خۆیان لێ بگۆڕێ و پووڵ بەری چاویان بگرێ.

وەنگ لانگ لە یەکێکی هاوشانی خۆی دەگەڕا و بووکێکی نەدەویست کە پۆز و ئیفادەیان بە سەردا لێدا. داو دەرمان بکا و بڕ و بیانوویان لێ بگرێ و برۆیان هەڵداتەوە! هەروەها پەلپ لە فلان نان و چێشت بگرێ و لەم بابەتانەدا دڵی کوڕەکەی لە دایک و باوکی ڕەش کا.

وەنگ لانگ لە حاڵێکدا بیری لەو جۆرە شتانە دەکردەوە، تەماشای کرد پیاوێکی بەساڵاچووی قەڵەو، وەژوور کەوت. یەک پێ لەبەری هەستا و دەستیان لە نێو دەستی یەک نا و چاک و خۆشیان کرد. لە بنەوە تەماشای یەکتریان دەکرد، دیار بوو بە دیداری یەک شاد بوون، پاش ئەوەی مەشرووبەکەیان خواردەوە، قسەیان لە بەرهەمی کشتوکاڵی ئەو ساڵە کرد. دوای قسە کردنێکی زۆر وەنگ لانگ گوتی:

– ببییوە زەحمەتم دان و لە کارم کردن، پرسیارێکم هەبوو؛ دەمەویست بزانم نەزەرتان چییە؟ پرسیارەکەش ئەوەیە، کوڕە نێونجییەکەم زۆر بەهۆش و زیرەکە، پێم خۆشە بیکەیە شاگردی خۆت.



تاجرەکە بە سەر و ڕوویەکی خۆش گوتی:

– حەرزی برای خۆم کەم، من کەسێکم دەوێ سەرەڕای زیرەک و بەهۆش بوونەکەی، سەودای خوێندن و نووسینیشی هەبێ.

وەنگ لانگ گوتی:

– سەرەڕای ئەوانە نووسراوی هەڵەش ڕاست دەکەنەوە و ڕاستەکەی دەنووسن.

لی یۆ گوتی:

– بەه بەه، لەوە چاکتر دەبێتە چی؟ زۆر چاکە، هەروەختێک ویستت بینێرە. بەڵام با ئەوەشت پێ بڵێم تاکو فێر دەبێ، دەبێ بە نانە زگی کار بکا و دوای ساڵێک ئەگەر لە کارەکەی ڕازی بووم، مانگانە سکەیەکی دەدەمێ؛ هەروەها سێ ساڵ، مانگێ سێ سکەی زیوی بۆ لەبەرچاو دەگرم. لە پاشان لە شاگردی نەجات دەبێ و کاری چاکتری دەدەمێ. ئێستاش جگە لە نەهارەکەی ئەگەر زیرەک بێ و بتوانێ لە مشتەری و کڕیار حاڵی بێ و بە کەڵکی ئێمە بێ، پارووی لە ڕۆنی دەکەوێ. هەروەها داوای زامنیشی لێ ناکەین، چونکە تازە بووینە خزم و فێڵ لێک ناکەین.

وەنگ لانگ بەو قسانە گەشاوە، پێکەنی و گوتی:

– بۆ ئەوەی خزمایەتییەکەمان پتەوتر بێ پیم خۆشە ئەگەر کوڕتان هەبێ بیکەمە زاوای خۆم.

تاجرەکە پێکەنی و گوتی:

– حەرز بێ لە خزمەتتان کوڕم هەیە، بەڵام وەختی ژن هێنانی نییە، هەر دە ساڵ دەبێ، ئەی کچەکەی تۆ چەند ساڵە؟

وەنگ لانگ بزەیەکی هاتە سەر لێو و گوتی:

– ئەویش هەر لەو تەمەنە دایە، هەرچەند جوان نییە پیاو تاریفی ماڵ و منداڵی خۆی بکا، بەڵام دەڵێی گوڵە!

هەردووکیان پێکەنین و تاجرەکە گوتی:

– ئەتۆ دەزانی ئەگەر ئەو خزمایەتیشمان سەر بگرێ بە هیچ لێک نابینەوە؟

وەنگ لانگ هیچی نەگوت چونکە ئەوە شتێک نەبوو کە هەر لەوێ تەمای بۆ بگرێ،

بەڵام دوای ئەوەی هاتەوە بە چاوی مشتەری چاوی لە کچەکەی کرد و پێی سەیر بوو، وەک دایکی ناچێ و پێ پان نییە، برێکی لێ نزیک بووەوە و تەماشای کرد گریاوە، دەستی گرت و گوتی:

– ڕۆڵە بۆ گریاوی؟

کچەکە لە حاڵێکدا لە شەرمان دەستی لە دوگمەی کەوای باوکی وەردەدا و گوتی:

– دایکم لاقم زۆر توند دەبەستێ شەوانە ئەوەندە ژان دەکا لە حەیبەتان خەوم لێ ناکەوێ.

وەنگ لانگ بەسەرسوڕمانەوە گوتی:

– وا نییە ئەوە هەوەڵین جارە گوێم لە گریانی تۆ دەبێ.

کچەکە زۆر بە ساکاری گوتی:

– ئاخر دایکم دەیگوت نابێ بگری دەنا باوکت نارەحەت دەبێ و دڵی لێمان دێشێ! زۆر دڵناسکە و خۆی بۆ ڕاناگیرێ. جا لەبەرئەوەی وەک دایکم لێ بەسەر نەیە و مێردەکەم خۆشی نەوێم هەر وەک تۆ دایکمت خۆش ناوێ ناچار ئەو دەرد و ئێشەم قەبووڵ کردووە.

وەنگ لانگ کاتێک ئەوەی بیست زانی ئەو قسە، قسەی ئۆلانە و وەک خەنجەر کاری لێ کرد و گوتی:

– کچم ئەو قسانە چن دەیانکەی؟! ئەورۆ مێردێکی چاکم بۆ پەیدا کردووی. بە کووکوو دەڵێم بزانم دەتوانێ جێ بەجێی کا؟

کچەکە سەری بادا و پێکەنی چونکە دەیزانی تازە بۆتە گەورە کچ. وەنگ لانگ هەر ئەو شەوە چووە دیوەخانێ و بە کووکووی گوت:

– برۆ بزانە مەسەلە چی لێ دێتەوە، دەبێ یان نا؟

وەنگ لانگ ئەو شەوە زۆر بە بێ وازی لە لای نەیلووفەر خەوت و هەر چی کردی خەوی لێ نەکەوت. فکر و خەیاڵ دایگرت و بیر لە ژیانی خۆی دەکردەوە، بەتایبەت لەوەی کە ئۆلان زۆر بەئەمەگ بوو و بەجێی نەهێشتووە و وەک کڵفەتێک بە دەوریدا هات و چووە، خزمەتی کردووە، کاتێک زانی ئۆلان بەو هەموو نەفامییەی خۆی ناهەقییەکانی هەست پێکردووە، زۆری پێ تێک چوو، لە حەیبەتان نەیدەزانی چ دەکا و سەری لێ شێوابوو.

دوای چەند ڕۆژ قاقەزی نیشانەکردنی کچەکەی مۆر کرد و بە کوڕەکەیدا ناردی بۆ شار.



هەروەها سەبارەت بە جیاز و زێڕ و زیوی بووکێش قسە براوە. لە پاشان وەنگ لانگ نەفەسێکی بە ئاسوودەیی کێشا و گوتی: «چاک بوو منداڵەکان هەموو دامەزران، ماوەتەوە کچە شێتەکەم خۆ ئەویش کایەی منداڵانەی بێ، بەسە! کوڕە چکۆڵەکەشم نانێرمە قوتابخانە و با ئاگای لە مووچە و مەزرا بێ و بە سەر ولاتی ڕابگا. دوویان سەوادی خوێندن و نووسینیان هەیە بەسە». بەم جۆرە لەوەی کە سێ کوڕەکانی یەکیان خوێندەوار و یەک تاجر و ئەوی سێیەمیان وەرزێڕ بوو زۆر خۆشحاڵ و ئاسوودە و ڕازی بوو. بەڵام لە بیری دایکی ئەو منداڵانەدا بوو کە تاکو ئێستا بە سارد و سڕی لەگەڵی جووڵاوەتەوە و بە چاوی سووک تەماشای کردووە. بە کورتی دوای ئەوەی وەزعی منداڵەکانی ڕوون بووەوە و لە بابەت مووچە و مەزراکەی دڵی حەساوە هەروەها چینێکی چاکی نەیلووفەر کوتا و ئارام دانیشت و کەوتەوە بیری ئۆلان. چووە لای و تەماشای کرد بەڵام نەک بە چاوێکی سووک بەڵکو بە چاوی تاوانبار و پەشیمان لە کردەوەی ڕابردوو. ئەو دوو سێ ساڵەی دواییش لەبەر لۆمە و قسەی خەڵکی نەیدەنارده مووچە و دەترسا بڵێن: «لەسەر ئەو دەوڵەت و سامانە ڕا کار بە ژنەکەی دەکا؟!».

وەنگ لانگ تەماشای کرد ئۆلان ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر ڕەنگ و ڕووی دەگۆڕێ و زەرد هەڵدەگەڕێ! پێی سەیر بوو دەیگوت: «خۆ ئێستا ناچتە مووچەش بۆ دەبێ وابێ؟!» جگە لەوەش بەیانان کاتێک لە خەو هەڵدەستا و خەریکی تەندوور و ئاور دەبوو پشتی هەڵنەدەهاتەوە و دەیناڵاند. وەنگ لانگ کاتێک دەیگوت:

– حافرەت بۆ وادەکەی؟

ژنە بێدەنگ دەبوو و هیچی نەدەگوت. وەنگ لانگ بە بێ ئەوەی بزانێ بۆچی تووشی عەزابی ڕووحی بووە گوتی: «بڵێم چی نازانم بۆ دڵم بۆی ناچێ و خۆشم ناوێ! ڕەنگە پیاو هەروابن دەنا لەوەتی ژنی منە لێشم نەداوە، بۆ پووڵیش قەتم دەست وەبەر نەهێناوە». بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە قسەی کچەکەی لە بیر نەدەچووەوە، وەک گوللە کاری خۆی کردبوو و نەیدەزانی ئەوە چ سوڕێکە! کاتێک دەیویست هۆیەکەی بدۆزێتەوە دەیگوت: «خۆ لە زۆر مێردانیش چاکتر بووم». تێ مابوو ڕێگا چارەی نارەحەتییەکانی بۆ نەدەچووەوە سەر یەک. لە لایەکی دیکەشەوە، وەختێک ئۆلان نان و چای بۆ دادەنا و ئەو لاو ئەولای دەکرد، چاوێکی هەر لە لای وی بوو. ڕۆژێک تەماشای کرد دەستێکی بە زگیەوەیەتی و گەسکی لە ولاتی دەدا. وەنگ لانگ پرسی:

– چ بووە؟

ئۆلان زۆر لەسەرەخۆ ڕووی وەرگێڕا و گوتی:

– شتێک نییە لە مێژە وام، تۆزێک دڵم دێشێ چاک دەبمەوە.

وەنگ لانگ بە کچەکەی گوت:

– ڕۆڵە دایکت نەخۆشە ئەو گەسکەی لێ وەرگرە و وڵاتەکەی بۆ خاوێن کەوە، ناتوانێ فەقیرە.

لە پاشان بە سەر و ڕوویەکی خۆش بۆ هەوەڵێن جار بە ئۆلانی گوت:

– برۆ لەسەر تەختەکەت ڕاکشێ، بە کچەکەی دەڵێم قەنداغێکت بۆ دروست کا، تازە تۆ ناتوانی کار بکەی لە جێگای خۆت مەبزوو.

ئۆلان چوو ڕاکشا و دەستی کرد بە ناڵەناڵ. وەنگ لانگ لە پەنای دانیشت و تا ماندوو بوو گوێی لە ناڵەناڵەکەی گرت. لە پاشان هەستا ڕۆیشت بۆ شار تا بەڵکو دووکانی حەکیم باشی پەیدا بکا. زۆر گەڕا؛ نەیدیتەوە. سەرەنجام بە یارمەتی یەکێک لە میرزاکانی هاوکاری کوڕەکەی دووکانی حەکیم باشی دیتەوە. سڵاوی کرد و گوتی:

– خێزانم زۆر نەخۆشە چم لێ دەکەی؟

حەکیم باشی دەستێکی بە چاویلکەکانی گرت و گوتی:

– هەر ئێستا دێم.

کاتێک گەڕانەوە ئۆلان تازە چاوی لە بیرە خەو ڕاچووبوو، تک تک ئارەقەی بە سەر لێوەکانیدا دەهاتە خوارێ. حەکیم باشی کە چاوی بەو ئارەقە کەوت، نەزمی دەستی گرت، لە پاشان سەری لە قاند و گوتی:

– سیپەلاکی چاک کار ناکا و بەردی لە منداڵدانی دایە و قەلبیشی چاک کار ناکا، پێم وایە کرمی تێدا بێ.

بە بیستنی ئەو قسانە قەلبی ڕاوەستا. پاش ماوەیەک یەک بە خۆی قیژاندی و گوتی:

– ئەدی بۆ ڕاوەستاوی؟ زووکە دەرمانی بدەیە.

ئۆلان کە لەبەر ئێش و ئۆفی خۆی مات ببوو، بە گوڕە گوڕی وەنگ لانگ چاوەکانی کردەوە، بەڵام ئاگای لە خۆی نەبوو! حەکیم باشی بڕیکی بۆڵە بۆڵ کرد و گوتی:



– نەخۆشییەکەی زۆر سەختە و دەرمانەکەی باوەڕ ناکەم وەگیر کەوێ! ئێستاش بۆ چاک بوونەوەی دوو ڕێت لەبەرە، پێت خۆشە بە زەمانەت چاک بێتەوە یان بێ زەمانەت؟ ئەگەر بێ زەمانەت دەرمانی دەمێ، دە سکەی زیوت لێ وەردەگرم و نوسخەیەکت لە گوڵ و گیا دەدەمێ و دەبێ لەگەڵ جەرگی پڵینگ و ددانی ئەژدیها ئیشکیان کەیەوە. لە پاشان پێکەوە بیانکوڵێنی و ئاوەکەی بخواتەوە.

حەکیم باشی کە تەماشای کرد نەخۆشەکە چاوی هەڵێنا، گوتی:

– ڕەنگە چاک بێتەوە و زەمانەتی پێنسەد سکەت لێ وەردەگرم.

ئۆلان بە بیستنی پێنسەد سکەی زیو، وەزمان هات و گوتی:

– نا! نەکەی پووڵەکەت لە ئاوێ کەی، کەولم سێ شایی ناهێنێ. خۆت ماڵوێران نەکەی، بەو پووڵە دەتوانی پارچەیەک زەوی چاک بکڕی.

وەنگ لانگ بەو قسە زۆر ناڕەحەت بوو و گوتی:

– پێم خۆش نییە کەس لە ماڵە من بمرێ، پووڵ چییە؟ دوو ئەوەندەش بێ دەیدەم.

کاتێک حەکیم باشی ئەوەی لە وەنگ لانگ بیست لە خۆشیان چاوی وە زیتە زیت کەوت و تەماح بەرچاوی گرت، بێ خەبەر لەوەی ئەگەر بۆی چاک نەبێتەوە لەگەڵ قانوون تەرەفە و دەبێ جواب بداتەوە. وەنگ لانگ دوای ئەوەی لە مەبەستی حەکیم باشی حاڵی بوو گوتی:

– جا ئەو پێنسەد سکەی زیو لە کوێ پەیداکەم؟ مەگەر زەوییەکانم بفرۆشم.

ئەوەش هیچ دەردێکی دەرمان نەدەکرد، چونکە حەکیم باشی دەیگوت:

– تازە ئاوی حەیاتیشی بدەیەی نانی زیندووان ناخوا.

وەنگ لانگ کە ئەوەی لە حەکیم باشی بیست، دە سکەی زیوی دایە و بە ڕێی کرد. لە پاشان غوربەت هەڵیگرت و چوو لە ئاشپەزخانە تێر تێر گری.

## ٢٦

بەڵام ئۆلان ئەوەندە پیر نەبوو کە لە ماوەیەکی کورت دا بمرێ، چوارمانگ هەر بە گیانەڵڵاوە بوو. دوای ئەوەی ئۆلان تووشی ئەو نەخۆشییە بوو، وەنگ لانگ و منداڵەکان تازە بە برینی خۆیان دەزانی و حاڵی بوون کە ماڵی لێ چۆڵ کردوون و کەس نییە جێگای بگرێتەوە.

بەڕاستی ماڵیان لێ شێوا، چونکە تەواوی کارەکانی بۆ خۆی ئەنجام دەدا، بەڵام ئێستا نە کەس بوو بە تەندوور و ئاورەکە ڕابگا، نە نان و چێشتێک لە گۆڕێدا بوو! ئاڵۆزی وڵاتەکەشیان لەولای ڕاوەستێ. بن مێز و سەندەڵییەکان پڕ بوو لە ورکەنان و زبڵ و زاڵ و لە دوورەوە بۆگەنیوی دەهات! وەنگ لانگ لە حەیفان دەچوو سەگی دێنا وڵاتی بلێسێتەوە، یان دەیکردە هەڵڵا و گرمە لەسەر کچە چکۆڵەکەی! پیرەبابیش ئەوەندە کز و بێ تاقەت ببوو نەیدەتوانی لە جێگای خۆی بجوڵێتەوە. بە دەست هەڵگێر وەرگێڕیان پێدەکرد! لەبەر بێ کەسی، کوڕە چکۆڵەکە کارەکانی ئۆلانی ئەنجام دەدا.

پیرەباب هەر بۆڵە بۆڵی بوو. وەنگ لانگیش بۆی حاڵی نەدەبوو کە ئۆلان نەخۆشە و ناتوانێ خزمەتی بکا. بەڵام بە کێ دەڵێی ئۆلانی لە زاری نەدەکەوت و بانگی دەکرد. وەختێک ئۆلان جوابی نەدەداوە، ناڕەحەت دەبوو وەک منداڵ گڕووی دەگرت و هەر شتێک وەبەر دەستی کەوتبا فڕێی دەدا! سەرەنجام ڕۆژێک وەنگ لانگ باوکی بردە لای ئۆلان و گوتی:

– ئۆلان نەخۆشە بۆیە جوابت ناداتەوە.

پیرەباب کاتێک ئۆلانی بە نەخۆشی چاوپێکەوت قەڵەمی دەست و پێی شکا. فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتە خوار. دەستی بە نیو چاوانی گرت و بیری لە لێقەوماوی حۆی کردەوە. لەو بەینەدا بێجگە لە کچە شێتەکە، هەموویان ناڕەحەت بوون و بەرنامەی ژیانیان بە تەواوی لێ شێوابوو، بەتایبەت بەو کچە زۆر ناڕەحەت بوون، چونکە بە تەنیا یەکێکی دەویست نان و چای بداتێ و دەر و ژووری پێ بکا! ڕۆژێک لە بیریان چووبوو بیبەنەوە ژوورێ، تا بەیانی لە دەرێ مابووەوە و لە سەرمان هەڵلەرزی بوو. وەنگ لانگ



زۆر ناڕەحەت بوو، شرت و شۆی منداڵەکانی بە جنێو و قسەی سووک دەرهێنا و گوتی:

– ئێوە کەی دەبنە ئینسان؟ بۆ ئاگاتان لەو کچە بەستەزمانە نابێ؟

بەڵام دوای ماوەیەک حاڵی بوو کە تووڕە بوونەکەی لە خۆڕاییە و ئەو منداڵانە ناتوانن جێگای دایکیان بگرنەوە. لە پاشان تەمای گرت بۆ خۆی ئاگای لێی بێ، ئەگەر بەفر و باران بارییا یان بایەکی توند هاتبا دەیهێناوە ژوور. بڕێکی خۆڵەمێشی گەرم لە تەندووری بۆ دەر دەدا و دایدەنا تا گەرم دەبووەوە.

ئەو ماوەی کە ئۆلان نەخۆش بوو وەنگ لانگ نەدەپرژا سەر کاروباری مووچەکەی، ناچار کارەکانی بە چینگ دەسپارد. چینگ سەرەڕای ئەوەی بە دروستی ئەرکی خۆی ئەنجام دەدا ڕۆژێ جارێکیش سەری لە ئۆلان دەدا و ئەحواڵی دەپرسی. سەرەنجام وەنگ لانگ ماندوو بوو ئەوەندە جوابی بداتەوە و بڵێ ئەورۆ کەمێکی دۆکلێو خواردوە یان بڕێکی شۆرباو هەڵقوڕاندووە. بە کورتی جاڕز بوو گوتی:

– هێندە مەیە ئێرە و کارەکانی خۆت بکە چاکترە.

وەنگ لانگ سەرەڕای ئەو زستانە دوور و درێژە لە بن سەری ئۆلان دانیشت و وەک پەرستاری چاک لەبەر دەستیدا هات و چوو. گەرم دایپۆشی ئاوری بۆ دەکردەوە و مەنقەڵی بۆ دادەنا. ئۆلان جار نا جارێک سەری هەڵدێنا و دەیگوت:

– بڕێک دەست پێوە بگرە خەرج گرانە.

وەنگ لانگ گوتی:

– ئەو قسانە مەکە، ئەگەر بە پووڵ چاک بووبایەوە، حازر بووم هەموو شتێکت بۆ بفرۆشم.

ئۆلان بەو قسە وەک گوڵ گەشاوە و بە ناڵەناڵ گوتی:

– نەکەی ماڵی خۆت لەبەر خاتری من هەرزان فرۆش کەی، تازە ئاوی حەیاتیشم بە زاری داکەن ناژیم. کەوابوو ماڵوحاڵی خۆت تێک مەدە.

وەنگ لانگ لە حاڵێکدا کە دەیزانی خێزانی دەمرێ و هەر ئەورۆ سبەیەتی؛ بە ئەرکی خۆی دەزانی کە ئەوەی لە دەستی دێ ئەنجامی بدا. بەڵام هیچی بۆ نەکرا، دوای ئەوەی دڵنیا بوو لەسەر سەفەرە و دەڕوا، ڕۆژێک چوو بۆ شار یەکسەر چوو بۆ لای تابووت فرۆشێک و تابووتێکی ڕەشی جوانی هەڵبژارد. کابرای تابووت فرۆش وەتەماح کەوت و گوتی:

– ئاغا گیان! ئەگەر دوو تابووتان بکڕی هەرزانترت بۆ حیساب دەکەم. بۆ یەکیش بۆ خۆت ناکڕی و خاترجەم بی، دنیا ئاخرەکەی هەر مردنە.

وەنگ لانگ گوتی:

– نا بابم یەکم بەسە، دەزانم بۆ خۆشم دەمرم. بەڵام بێ کەسێک نیم، ئەوە کاری کوڕەکانمە.

لە پاشان گوتی: «جا بۆ تابووتێکیش بۆ بابم نەکڕم، خۆ ئەویش پێیەکی لەسەر لێوی قەبریە». گوتی:

– بابم بیکە دوو تابووت لە وانەیە هەتا دەچمەوە بابیشم بمرێ با جارێکی دیکەش نەیەمەوە. کابرا بەڵێنی پێدا و گوتی:

– ئەتۆ بڕۆوە، دوو تابووتی چاکت بۆ دەنێرمەوە.

کاتێک وەنگ لانگ مەسەلەکەی بە ئۆلان گوت ئۆلان خۆشحاڵ بوو لەوەی کە مێردەکەی بۆی بە پەرۆشە و پێوەی ماندوویە. وەنگ لانگ جاری وابوو دوو سێ سەعات لە لای ئۆلان دادەنیشت بەڵام ئۆلان ئەوەندە کز و بێ تاقەت ببوو قسەی بۆ نەدەکرا! جار جارێک بۆڵەیەکی لێ دەهات و باسی سەردەمی منداڵی خۆی دەگێڕاوە. وەنگ لانگ گوێی بۆ شل دەکرد و ئەویش نارەحەتی و بەسەرهاتی دڵتەزێنی خۆی بۆ دەگێڕاوە و دەیگوت:

– لە ئاشپەزخانەڕا چێشتەم تا بەر دەرگا دێنا... بەڵام دەمزانی ناحەزم و ناتوانم بەو شکڵ و قەڵافەتەوە خۆم لە خانی گەورە ئاشکرا کەم!

بە هەناسە بڕکە درێژەی بە قسەکانیدا و گوتی:

– لێم مەدە... تۆ خودا لێم مەدە تۆبە تازە لەو قاپەدا ناخۆم.

هەروەها دەیگوت:

– ئاخر دایک و بابیشم ڕووی مەجلیسیان نەبوو! من بۆ خۆم چاک دەزانم شتێکی ناحەزم و کەس بێزی نایە چاوم لێ بکا.

وەنگ لانگ بە بیستنی ئەو قسانە زۆر نارەحەت بوو ناچار بۆ ئەوەی دڵخۆشی بداتەوە، دەستە زوور و قەڵەوەکانی لە نێو دەستی خۆی گرت لاواندییەوە. هەرچەند لە کردەوەی خۆی سەبارەت بە ئۆلان شەرمەندە و پەشیمان بوو، بەڵام ئەو جۆرەی بۆ لێوی هەڵقرچاوی نەیلووفەر دڵی دەبوو بە ئاو، مردنی ئۆلانی ئەوەندە لا گرینگ نەبوو. حەزی



دەکرد ژنەکەی ئەوە بزانێ کە سەبارەت بە وی بەئەمەگە بەڵام تازە ئۆلان لەوە دەر چووبوو هەست بەوە بکا چونکە هۆشی نەبوو. غەم و نارەحەتی ئۆلان بووە هۆی ئەوە کە وەنگ لانگ سەبارەت بە نەیلووفەریش زۆر گەرم و گوڕ نەبێ. ئۆلان ڕۆژێک چاوی هەڵێنا و داوای کووکووی کرد. وەنگ لانگ بە سەر سوڕمانەوە کووکووی بۆ بانگ کرد. ئۆلان پێی گوت:

– تۆ لە دیوەخانی، خانی پیر ژیاوی و ڕەنگە پێیانگوتبی جوان چاک و خوێن شیرین و ئیفادەت لێ پەیدا بووبێ، بەڵام من خۆشحاڵم بەوەی کە ژنی پیاوێک بووم و چەند منداڵم لێی بووە، کەچی تۆ هێشتا کلّفەتی.

کووکوو ویستی بە قەڵسی وەڵامی بداتەوە، بەڵام بە تکای وەنگ لانگ هیچی نەگوت و وەدەرکەوت. لە پاشان وەنگ لانگ گوتی:

– ئاگای لە خۆ نییە، نەخۆشە. ئەو قسانە وەدڵ مەگرە.

ئۆلان بە وەنگ لانگی گوت:

– کاتێک مردم و عومری درێژم دا بە ئێوە، وەسیەتم ئەوەیە کە نەهێڵی ئەو دوو ژنانە ڕوو لە وەتاغەکەی من کەن و دەست لە شتەکانی من دەن. بێتوو ئەو کارە بکەن ڕوحم دەنێرمەوە سەر دنیایە بۆ ئەوەی تف و نەحلەتیان بکا.

دوای ئەو قسانە بێهۆش بووەوە و سەری ناوە سەر سەرینەکەی.

ئۆلان ڕۆژێک بەر لەوەی ساڵ تازە بێتەوە، هاتەوە سەرحاڵ؛ لەسەر تەختەکەی دانیشت دەستێکی بە سەر و چاویدا هێنا و داوای چای کرد. کاتێک وەنگ لانگ هاتە ژوور پێی گوت:

– نزیکە ساڵ تازە بێتەوە، بەڵام هیچم ئامادە نەکردووە، هەر ئێستا بیرم لەوە دەکردەوە کە چ بکەم و کێ شتمان بۆ دروست بکا؟ پێشم خۆش نییە کووکوو بچێتە ئاشپەزخانەی من، وەرە تکات لێدەکەم بنێرە لە دووی دەستگیرانی کوڕە گەورەکەم، بە بەردێکی لە دوو نیشانان دەدەم. هەم چاوم پێی دەکەوێ، هەم حاڵی دەکەم چ بکا.

وەنگ لانگ هەرچەند ئەو ساڵە خۆی بۆ گرتنی جێژن ئامادە نەکردبوو بەڵام لەبەر خاتری ئۆلان، کووکووی نارده لای لی یۆ تا بەڵکو ڕازی بکا.

لی یۆ لەبەرئەوەی پێی وابوو ئۆلان خۆی بکوژێ دەگاتە ئاخری زستانێ، هەروەها کچەکەشی ببووە شازدە ساڵ و بۆ ماڵە مێرد دەبوو و بڕێک مات بوو و گوتی:

– هەر چۆنێک بێت پێیان چاکە وابکەن من قسەیەکم نییە بووکی خۆیانە.

لە پاشان لەبەر دڵی ئۆلان زۆر بە ساکاری و بێ سەر و سەدا دایکی بووکێ لەگەڵ کڵفەتێک کچەکەیان هێنا بۆ ماڵە وەنگ لانگ. دایکی بووکێ کچەکەی تەسلیمی ئۆلان کرد و بۆ خۆی گەڕاوە، بەڵام کڵفەتەکەی بەجێ هێشت بۆ ئەوەی کارەکانی بۆ ئەنجام بدا.

بەهاتنی بووک ئاڵوگۆڕێک لە ماڵەکەیاندا پێک هات. بۆ وێنە منداڵەکان وەتاغەکەی خۆیان دا بە بووکە کە. وەنگ لانگ خۆی دەگرت و لەگەڵ بووکێ قسەی نەدەکرد و پێی کەسری شان بوو! هەروەها کاتێک بووکەکە سڵاوی لێ دەکرد زۆر بە فیز و سەر لەقاندن وەڵامی دەداوە. لە لایەکی دیکەشەوە خۆشحاڵ بوو لەوەی کە کچەکە بە بێدەنگی ئەرکی خۆی بەڕێوە دەبرد و بێ سەر و سەدا کاری خۆی دەکرد.

کچەکە سەرەڕای ئەوەی بە چاکی لەگەڵ ماڵە مێردی خۆی ڕێک کەوتبوو زۆریش جوان چاک و بە ناز و ئەدا بوو؛ بەڵام نەک ئەدا و ئەتواری جندان. هەروەها کارەکانیشی زۆر بە جێ و ڕێ و جوان بوون. لە لایەکی دیکەشەوە ڕۆژێ جارێک وەک بووکی چاک سەری لە ئۆلان دەدا و وەک پەرستاری چاک خزمەتی دەکرد. وەنگ لانگ بە چاوپێکەوتنی ئەو کارانە، تا ڕادەیەک نارەحەتی ئۆلانی لەسەر کەم بووەوە، ئۆلانیش زۆر ڕازی بوو. وەنگ لانگ ڕۆژێک پرسی:

– چلۆن دەخۆت دەگەی؟

ئۆلان گوتی:

– بەر لەوەی بمرم هیچ قسەیەکم نییە.

وەنگ لانگ بە نارەحەتی وەڵامی داوە و گوتی:

– ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی. تۆ نابێ باسی مردن بکەی، پێت وانەبێ من بە مردنی تۆ خۆشحاڵ دەبم، بەڵکو زۆریش نارەحەت دەبم.

ئۆلان پێش ئەوەی بزەی پێکەنینەکەی بگاتە سەر لێوی گوتی:

– تازە بە هیوای من مەبە، بۆ خۆم چاکتر لە خۆم دەگەم، بەڵام نامرم تا ئەو ڕۆژەی کوڕەکەم دێتەوە و لەگەڵ تازە بووکە پێک شاد و شوکر دەبن. پێم خۆش بوو هەر ئێستا کوڕەکەم گەڕاباوە، هەروەها حەزم دەکرد بەر لەوەی بمرم زەماوەندی ئەو دووانەم بە چاوی خۆم دیبا، جا ئەوجار چش دەمردم.



ئۆلان لەو ڕۆژانەدا قسەی وای دەکرد کە لە کاتی ساغیش دا لێی چاوەڕوان نەدەکرا. وەنگ لانگ هەرچەند پێی خۆش بوو زەماوەندەکەی گەورە کاتەوە، بەڵام لەبەر دڵی ئۆلان گوتی:

– ئەوڕۆ یەکێکی دەنێرم بۆ جنووب و دەڵێم پێی بڵێن بۆ زەماوەندەکەی بێتەوە، بەڵام بەو شەرتەی بەڵێنی بدەی کە قسە لە مردن نەکەی. چونکە بێ تۆ ماڵەکەمان چۆڵە. وەنگ لانگ بەو قسانە زۆری دڵخۆشی داوە، زۆریش بەجێ بوو، پاش ئەو قسانە ئۆلان لەسەر پشت ڕاکشا و چاوەکانی وێک نا. وەنگ لانگ پیاوێکی خۆی نارد بۆ جنووب و پێی گوت:

– بڕۆ بە کوڕەکەم بڵێ دایکی لە حاڵی خۆی دایە و هەددادانی لە وڵاتی هەڵگرتووە، زۆری تاسە دەکا. هەرچی شێر و ڕێوی بۆ دێننەوە بێدەنگ نابێ مەگەر ئەوە کە تۆ لیباسی زاوایەتی لەبەر کەی و چاوی پێت بکەوێ، جا ئەگەر حورمەتی دایک و بابت لەبەرە لایەکی سەرت لێرە بتاشە و لایەک لەوێ. چونکە لە خەڵکێکی زۆری گێڕاوەتەوە و تا سێ ڕۆژی دیکە زەماوەند دەست پێ دەکا.

وەنگ لانگ پوولی دا بە کووکوو و گوتی:

– چیت پێویستە بکڕە و ئاشپەزیش لە گازینۆکان بێنە، دەبێ زۆر بە ڕووسووری ئەو زەماوەندە بەڕێوە بەرین و گلەییمان نەیەتەوە سەرێ، دەمەوێ ئەو میوانداریيەی ئێمە لە میوانداری خانی گەورە چاکتر و بە جێوڕێتر بەڕێوە بچێ، دڵت بە پووڵەوە نەبێ، پووڵ زۆرە.

وەنگ لانگ لە پاشان ناردی لە شار و لە دێ لە خەڵکی گێڕاوە، بە مامیشی گوت:

– ئێوەش دۆست و ئاشنای خۆتان لە بیر نەچێ.

وەنگ لانگ ئەو پێشنیارەی لە ترسان بۆ مامی کرد نەک لە خۆشەویستیان، چونکە دەیزانی چ کارەیە. شەوێک بەر لەوەی زەماوەند دەست پێ بکا، کوڕەکەی هاتەوە. وەنگ لانگ کاتێک چاوی بە کوڕەکەی کەوت هەموو نارەحەتێکی لە بیر چووەوە، کوڕەکەی لەو ماوەدا کە لە سەفەر بوو ئاڵوگۆڕێکی زۆری بە سەردا هاتبوو، بۆ وێنە ببووە پیاوێکی چوارشانە و باڵابەرز. هەروەها زۆر پاک و خاوێن و کۆک و پۆشتە بوو. وەنگ لانگ بە چاوپێکەوتنی لە خۆشیان نەیدەزانی چ بکا، پاش ماوەیەک لە ئامێزی گرت و ماچی کرد، هێندێکی لەگەڵ ڕاوەستا و بردی بۆ لای دایکی. زاوا کاتێک لە بن سەری دایکی

دانیشت و چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو، بەڵام لەبەر خاتری دایکی خۆی ڕاگرت، دڵخۆشی دایکی داوە و گوتی:

– خۆ شوکر زۆر چاکی ئەدی بۆ منیان زراو بردوو کرد.

ئۆلان زۆر بە ساکاری گوتی:

– ڕۆڵە گیان دەمەوێ چاوم بە زەماوەندەکەی تۆ بکەوێ جا لە پاشان بمرم.

بەر لەوەی زاوا و بووک یەکتر ببینن نەیلووفەر بووکی بردە وەتاغی خۆی تا بۆ شەوی بووکێنی بیڕازێننەوە. لە پاشان کووکوو و ئامۆژنی وەنگ لانگیشی بانگ کرد، سێ بە سێ دەست بە کار بوون، لە سەرەتاوە پاک و خاوێن شوتیان عەتر و گوڵاویان پێدا کرد. لە پاشان کراسێکی سپی گوڵدار و تارایەکی سووری جوانیان پێدادا، سووراو سپیاو و هەنێیان کرد. بە کورتی زۆر جوانی ڕازاندیانەوە و سەرەنجام تانجێکی تایبەتی بووکانیان لە سەری نا و جغ جغەیان پێوە هەڵواسی. نینۆکیان سوور کرد و کەوشی پانی بڵندیان لە پێ کرد. کچەکە لەو ماوەدا کە بە دەوریدا دەهاتن و دەچوون و دەیانڕازاندەوە، زۆر بە شەرم و حەیا لەبەر دەستیان ڕاوەستابوو و هیچی نەدەگوت.

وەنگ لانگ لەگەڵ مامی و میوانەکان چاوەڕوانی بووکێ بوون، دوای ماوەیەک کڵفەتێک و ئامۆژنی هەریەکەی پیلێکیان گرت و هێنایانە لای میوانەکان. بووک کاتێک گەیشتە لای میوانەکان زۆر بە شەرم و حەیا سەری داخست و ئیحترامی بۆ میوانەکان دانا. وەنگ لانگ زۆری پێخۆش بوو لەبەر خۆیەوە گوتی: «دیارە کچێکی بە مشوور و چاکە». دوابەدوای بووکێ هەرسێک برا بە سەر و ڕووی تاشراو و لیباسی خاوێن هاتنە نێو میوانەکان. وەنگ لانگ بە چاو پێکەوتنی ئەو دیمەنە دەتگوت لە خۆشیان خەنی بوو! لەو بەینەدا پیرەباب لە هەموو شتێک بێ خەبەر بوو، بەڵام بە هەرا و هوریای خەڵکەکە حاڵی بوو چ باسە! لە ناکاو دەستی کرد بە پێکەنین و گوتی:

– زەماوەندە! زەماوەندی نەوەکان، دیسانیش منداڵ زیاد دەبن.

ئەوەندە بە دڵ پێدەکەنی میوانەکانیشی وەپێکەنین خستن. وەنگ لانگ بە ئاواتەوە بوو ئۆلان بە لەش ساغی لەو زەماوەندەدا بەشداری کردبا. لەو ماوەدا وەنگ لانگ لە بنەوە تەماشای کوڕەکەی دەکرد بزانێ چاو لە بووکێ دەکا یان نا، کوڕەکە جارناجارێک بەدزی چاوێکی لە بووکێ دەکرد و بزەیەکی دەهاتێ، وەنگ لانگ لەبەر خۆیەوە دەیگوت: «وادیارە بە هەڵە نەچووم و کچێکی چاکم بۆ کوڕەکەم هەڵبژاردووە. بە بزەی سمێڵی ڕا



دیارە زۆر خۆشحاڵە!». لە پاشان بووک و زاوا بە پێی داب و دەستووری خۆیان ڕێزیان بۆ پیرەباب و وەنگ لانگ دانا و چوون بۆ لای ئۆلان. ئۆلان کاتێک بووک و زاوای لێ وەژوور کەوتن وەک گوڵەباغ ڕوومەتی سوور هەڵگەڕا، بە هەر جۆرێک بوو هەستا و لەگەڵیان دانیشت. وەنگ لانگ کاتێک چاوی بە ڕەنگ و ڕووی کەوت پێی وابوو چاک بووەتەوە و لە خۆشیان گوتی:

– زۆر شوکر.

لە پاشان زاوا و بووک دەستەونەزەر لە بەرابەریدا ڕاوەستان. ئۆلان دەستی بە تەختەکەی گرت و گوتی:

– وەرنە پێش، وەرن دانیشن و شەراب و برینجی زەماوەندەکەو لێرە بخۆن، پێم خۆشە ئەو شتانە هەموو تەماشا کەم. ئەو تەختەخەوەش دەبێتە هی ئێوە، چونکە بەم زووانە لەسەر ئەو تەختە دەمهێننە خوارێ.

کەس دڵی نەدەهات جوابی ئەو قسانەی ئۆلان بداتەوە، زاوا و بووک زۆریان شەرم لێ دەکرد و پێکەوە قسەیان نەدەکرد. دوای ماوەیەک ئامۆژنی وەنگ لانگ سینگی هێنا پێش و بە پیاڵەیەک شەراب لێیان وەژوورکەوت. ئەو دوو لاوە دەستیان کرد بە شەراب خواردنەوە؛ یەکی پیاڵەیەکیان بە تەنیا خواردەوە، دوو پیاڵەشیان بە نیشانەی ئەوەی کە لەمەوبەدوا گیان و ڕووحیان بوو بە یەک. بە کورتی بەم چەشنە خواردەمەنی دیکەشیان لێک دا و خواردیان . بەڵێ ڕێوڕەسمی مارەکردن دەستی پێکرد و ئەویش تەواو بوو و پاش ڕێزدانان بۆ وەنگ لانگ و ئۆلان وەدەرکەوتن.

مێز و سەندەڵی لە چوار دەوری حەوشە و وەتاغەکان داندرا و میوان بە سەر وەربوون و بەزم و شادی دەستی پێکرد. لە لایەکی دیکەشەوە بۆنی چێشت و پلاو ولاتی پڕ کردبوو! خەڵکێکی زۆری تێڕژابوو، ئی وای تێدابوو هەر نەشیاندەناسی! بەڵام کەس کاری پێیان نەبوو، چونکە وەنگ لانگ پیاوێکی نێوبەدەرەوە و دەوڵەمەند بوو کووکوو بۆ ئەوەی ئیراد نەیەتە سەر نان و چێشتەکەیان لە شاری ڕا ئاشپەزی هێنا. هەروەها لە بەرئەوەی ئاشپەزخانەکەیان چکۆڵە بوو نان و چێشتێکی زۆریان لە شاری ڕا لەگەڵ خۆیان هێنا. ئاشپەزەکان بە مۆدەی شارستانی هومایلێکیان لە خۆ دابوو و دەهاتن و دەچوون و خۆیان دەنواند و بە نان و چیشتەکەیان دەنازین! شتیش هەتا بڵێی زۆر بوو، هەر کەس هەرچی ئیشتای لێ با تا دەیتوانی دەیخوارد و دەیخواردەوە؛ بەزمی دەگێڕا و کەیفی دەکرد.

ئۆلان لە پێشدا پێی گوتبوون کە دەبێ دەرگا و پەنجەرەکانی ئاواڵە کەن و پەردەکانیش لادەن، تا بەزم و شادی و پێکەنینی میوانەکانم گوێ لێبێ و بۆنی چێشتەکانم بۆ بێ. وەنگ لانگیش کە دەچوو سەری لێ دەدا پێی دەگوت:

– هەموو شەرابیان خواردووەتەوە؟ شیرنی و پلاوی سەر سفرەکە گەرمە؟ خو ڕۆن و شەکری شیرنییەکە کەم نییە؟ میوەکانیان بە جێ و ڕێ داناوە؟

دوای ئەوەی وەنگ لانگ دڵنیای دەکرد کە هەموو شتێک زۆرە و کەموکوڕی نییە، گوێی دەداوە بەزم و شادی و پێکەنینی خەڵکەکە. سەرەنجام زەماوەندەکە بە خۆشی تەواو بوو و میوانەکان ڕۆیشتن، دوای ئەوەی شەو زرینگاوە بێدەنگێکی سەرسوڕهێنەر وڵاتی داگرت؛ دەتگوت ئاو بە ئاوریدا کراوە؛ وڵاتێکی کش و مات! وردە وردە ئۆلانیش داهێنرا، لە پاشان زاوا و بووکی بانگ کرد و پێی گوتن:

– لەوە کە بە ئاواتی خۆم گەیشتم زۆر خۆشحاڵم و شوکری خودای تەواو ناکەم، جا ئەوجار خۆم بە دەردەکەم دەسپێرم با هەرکارێکی لە دەستی دێ بیکا بێ منەت بێ.

لە پاشان وەسیەتی بۆ کوڕەکەی کرد و گوتی:

– کوڕم ئاگات لە بابە گەورەت بێ.

بە بووکەکەشی گوت:

– کچم ئەتۆش بێ ئیحترامی بە مێردەکەت و خەزوور و پیرەباب مەکە و هەتا بۆت دەکرێ خزمەتیان بکە، ئەگەر کرا جارناجارێکیش دەستێک بە سەر و چاوی ئەو کچە شێتەدا بێنە، خێرت دەگاتێ؛ کەسی نییە. تازە بوویە ئی ئەو ماڵە و ئەرکێکی قورست کەوتووتە سەر شانی دەبێ بە چاکی ئەنجامی بدەی.

مەبەستی لەو قسانەی ئاخردا نەیلووفەر بوو چونکە سەرەڕای ئەوەی ماڵەکەی لێ شێواندبوون؛ دەستی لە ڕەش و سپیش نەدەدا. لە پاشان چاوی لە بیرەخەو ڕاچوو، چاوەڕوان بوون بزانن قسەی ئاخری چییە؟ بەڵام کاتێک وەخەبەر هاتەوە هۆشێکی وای نەبوو، بۆڵەیەکی لێهات و گوتی:

– ئەگەر ناحەزیش بووم چانییە کوڕم بوو، کڵەفەت بووم بەڵام ئێستا کوڕی بە ژن و منداڵم هەیە.

برێک بێدەنگ بوو، لە پاشان درێژەی بە قسەکانیدا و گوتی:



– ئەو ژنەی دیکە قوونەبانی ئەوەی نییە نان و چێشت دروست کا، لەبەر ئەوەی جوانە خزمەتی کەسیش ناکا، بەڵام جوانی کوا دەبێتە کوڕ؟

وەنگ لانگ لەو دەمەی دا وەژوورکەوت و تەماشای کرد کووکوو و نەیلووفەر لە پەنا ئۆلان دانیشتبوون و ئەویش قسەی دەپەڕاند. ئەوانی وەدەرنا و بۆ خۆی لە پەنای دانیشت و بیری لە تاوانباری خۆی دەکردەوە کە بۆ دەبێ لە کاتی سەرەمەرگیشدا بەزەییم بەو ژنە بەستەزمانەدا نەیە و بڵێم: «پێ پان و ناحەز و لێو ئەستوور». لە حاڵێکدا خۆی سەرزەنشت دەکرد تەماشای ئۆلانی دەکرد، ئۆلان سەری هەڵێنا کە تەماشای کا، بەڵام خۆی بۆ ڕانەگیرا و سەری لەسەر سەرینەکەی کەوتە خوار، برێک لەرزی لە پاشان عومری درێژی دا بە ئێوە. کاتێک مرد وەنگ لانگ دڵی بڕوای نەدا دەستی لێدا، بانگی ئامۆژنی کرد و گوتی:

– ئاوی بۆ گەرم کە و بیشۆ.

پاش ئەوەی شوشتیان وەنگ لانگ دڵی بڕوای نەدا بچێتە وەتاغەکەی، بەڵام دوای ئەوەی کفنیان کرد پێی لە تابووتەکە نان و بۆ خۆی هەستا ڕۆیشت بۆ شاری. زۆر ناڕەحەت بوو، بەڵام تازە هیچی بۆ نەدەکرا. سەرەنجام تەمای گرت دوو سێ کەس لەگەڵ خۆی بێنێ بۆ ئەوەی تابووتەکە لاک و مۆرکەن. لە فاڵگیرێکیشی پرسی:

– چ ڕۆژێک بۆ مردوو بە خاک سپاردن چاکە؟

فاڵگیر گوتی:

– دوای سێ مانگی دیکە تەسلیم بە خاکی کەن.

لە پاشان وەنگ لانگ چوو بۆ پەرستگەی شار تا جێگایەک لەوێ بە ئیجارە بگرێ و تەرمی ئۆلان لەوێ دانێن. دوای چەنە لێدانێکی زۆر جێگایەکیان دایە و لەوێ بەجێی هێشت. دوای ئەو کارانە لیباسی ڕەشی بۆ خۆی و کوڕەکەی بە دروون دا و خۆیان بۆ پرسە و سەرەخۆشی ئامادە کرد.

وەنگ لانگ دوای مەرگی ئۆلان پێی خۆش نەبوو لە وەتاغەکەی وی بخەوێ بەم هۆیە شتومەکی خۆی بردە وەتاغی نەیلووفەر و بە کوڕەکەی گوت:

– ئەتۆ لەگەڵ خێزانت بچووە وەتاغی دایکت، ئەو وەتاغەی کە لەوێ زگی بە تۆ پڕ بوو لەوێ لە دایک بووی بۆ خۆشی هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد، بڕۆ با ئەتۆش کوڕەکانت لەوێ لە دایک بن.

زاوا و بووک زۆر بە خۆشحاڵییەوە چوونە وەتاغەکەی ئۆلان. بەڵام هێندەی پێ نەچوو کە پیرەبابییش دوای لە تابووت نانی ئۆلان نارەحەت بوو و لەسەر تەختەکەی ڕاکشا. بەیانی کە نەوەکەی چای بۆ دەبا تەماشا دەکا بە سەر چاواندا کەوتووە و هەرچی بانگی دەکا جواب ناداتەوە! کچەکە لە ترسان دەزیڕێنێ و بە گریان دەچێتەوە لای وەنگ لانگ و دەڵێ:

– بابە! بابە! بگەیە، پێم وایە بابە پیرە نەماوە!

وەنگ لانگ کاتێک دەچێتە ژوور تەماشا دەکا باب لە حەوت ساڵان ڕاست بۆتەوە! دوای ئەوەی دڵنیا بوو باوکی نەماوە هەر بۆخۆی شوشتی! کفنی کرد و لە تابووتی نا، ڕاوەستا و گوتی:

– هەردووکیان لە ڕۆژێکدا بە خاک دەسپێرین.

پارچە زەوییەکی دیاری کرد و کردی بە قەبرستانی بنەماڵەی خۆی و گوتی:

– بۆ خۆشم هەر لێرە بنێژن، چونکە باوکم زۆری دڵ پێمەوە بوو، با بە مردوویش لێی دوور نەکەومەوە.

وەنگ لانگ بۆ باوکی زۆر نارەحەت بوو، چونکە زۆر بە زەلیلی مرد. دوای ئەوەی سێ مانگە تەواوبوو ژمارەیەکی پیاوی ئاینی بانگ کرد تا لەسەر تەرمی ئۆلان و باوکی دوعا و سروودی ئاینی بخوێننەوە. دوای هەر دوعایەکی کە دەیانخوێند سکەیەکی زیوی دەدانێ؛ بەم چەشنە ئەو ڕێوڕەسمە تا بەیانی درێژەی بوو.

لە پاشان وەنگ لانگ دیواری لە دەوری پارچە زەوییەکە کێشا و نێوی نا گۆڕستانی بنەماڵەی وەنگ لانگ. دوای ئەوەی ڕێوڕەسمی دوعا خوێندن تەواو بوو تەرمەکانیان لە کەژاوەیەک نا، هەریەکەی بەرماڵێکی سپییان بە سەر شانی دادان و بە شان بردنیان بۆ قەبران. تەواوی بنە و بنەچەکەی ماڵێ تەنانەت نەیلووفەریش لەو ڕێوڕەسمەدا بەشداریان کرد. هەموو نارەحەت و پەرێشان بوون و دەگریان، بەڵام کچە شێتەکە هەر پێدەکەنی. وەنگ لانگ لە لای دوو قەبرەکە ڕاوەستا تا تابووتەکانیان دانا سەر عەرزی، لە پاشان گوتی:

– لە پێشدا باوکم تەسلیم بە خاک کەن.

– هەموو بە دەنگ گریان و نارەحەت بوون، بەڵام وەنگ لانگ بە بێدەنگی لە نێو



خۆیدا وەک مەنجەڵ دەکوڵی و دەیگوت: «هەموو گیای مردنین و ئەو ڕۆژەمان لەبەرە، چارە نییە و لەگەڵ مردن چ ناکرێ». دوای ئەوەی تەرمەکانیان تەسلیم بە خاک کرد و دایانپۆشین، وەنگ لانگ کەژاوەکەی ناردەوە و بە پێیان گەڕاوە ماڵێ، کەچی بۆ سەر قەبران سواری کەژاوە ببوو و خەڵکەکەی دیکە بەدوایدا دەڕۆیشتن. وەنگ لانگ زۆرتر لە هەموو شتێک بەوەوە نارەحەت بوو کە بۆچی ئەو دوو گەوهەرانەی لە ئۆلان وەرگرتبووەوە و دابووی بە نەیلووفەر، بەتایبەت کە لە گوێی نەیلووفەردا چاوی پێی دەکەوت دەیگوت: «خۆزگە ئەو کارەم نەکردبا، بەڵام با تازە وەدوای چوان نەکەوم، دەبا لە کاتی خۆیدا ئەوەم نەکردبا». هەروەها دەیگوت: «خۆزگە بەو سەردەمەی کە پێکەوە لەسەر ئەو مووچە و مەزرایە کارمان دەکرد، ئاخ و سەد ئاخ تازە چاوم بەو ڕۆژە ناکەوێتەوە». لە پاشان گوتی: «تازە ماڵ و حاڵی چی! بۆتە غەمخانە! تازە ژیان بە کار نایە و شادی و هیوا و ئەمەگێک لە گۆڕێدا نییە». لە پاشان وەک منداڵ دەستی کرد بە گریان و فرمێسک بە چاویدا هاتە خوار.

## ٢٧

له ماوەی زەماوەند و سەرەخۆشییەکەدا وەنگ لانگ بۆی نەکرا سەر له بەرهەم و کشتوکاڵ و زەویوزارەکەی بدا. ڕۆژێک چینگ هاته لای و گوتی:

– ئێستاکه شین و شایی تەواو بووه ئیجازه بدەی چەند قسەیەکەم هەیه.

وەنگ لانگ گوتی:

– دیسان چ خەبەره؟ من لەو ماوەدا تەنیا بیرم لەو پارچه زەوییه دەکردەوه که ئۆلان و باوکمی لێ بنێژم، پێم وانەبوو زەویشم هەیه.

چینگ پاش ئەوەی وەنگ لانگ تەواو بوو دەستەونەزەر ڕاوەستا و گوتی:

– خودا له زارم نەڕوانێ و زمانم لاڵ بێ، ئەوساڵ وا دیاره تووشی سێلاو و با و بۆرانێکی سەخت دەبین، چونکه هێشتا هاوین نەهاتووه ئاو ڕۆژ به ڕۆژ زیاد دەکا و دەوروبەری زەوییەکان هەموو ئاوه، به بیری هیچ کەس ئاو ئەو وەختانه ئەوەنده زۆر نەبووه.

وەنگ لانگ به قەڵسی گوتی:

– خێرم لەو پیرەی ئاسمانان نەدیوه، چ عوودی بۆ بسووتێنی چ بۆی نەسووتێنی ئەوەی دەیکا هەر دەیکا! با بڕۆین سەرێک له زەوییەکان بدەین.

وەنگ لانگ زۆر قەڵس بوو، بەڵام چینگ لەبەر ئەوەی پیاوێکی شەرمێون و ترسەنۆک بوو هێندەی دیکەشی خراپه له ڕۆژگار دیبا نەیدەوێرا وەک وەنگ لانگ له بەرابەر خوداکان ڕاوەستێ و دەیگوت: «پیاو لەگەڵ کاری خودا چی بۆ ناکرێ و دەبێ ڕازی بێ». بەڵام وەنگ لانگ هەرچی به زاریدا هاتبا نەیدەگێڕاوه. دوای ئەوەی وەنگ لانگ چووه مووچه و تەماشای کرد ئاو وڵاتی داگرتووه گوتی:

– خۆ هێشتا باران نەباریوه هاوین نەهاتووه زەوییەکان به سێلاوێ به تلاون، ئەدی ئەگەر باران بباریێ ڕوو له کوێ کەین؟ بلێیی دیسان تووشی قاتی و قڕی نەبینەوه؟

وەنگ لانگ دەتگوت داشەهارەیه هەڵدەسووڕێ! حەجمینی نەبوو! بیری لەوه دەکردەوه



که برینجەکەی له کوێ بچێنێ چاکه بەڵام کاتێک چاوی بەو هەموو ئاوه کەوت دینی له کن نەما، دەستی کرد به کفر و ناشکوری و هات و هاوار و گوتی:

– به کەیفی پیاوه پیرەی ئاسمانەکانه له سەرەوه تەماشای بەدبەختی و برسییەتی ئەو خەڵکه دەکا، خۆ شوکر لەوه زیاتر هیچی دیکەی له دەست نایه.

وەنگ لانگ زۆر به قەڵسی ئەو قسانەی دەکرد بەڵام چینگ به لەرزه لەرز لەبەر خۆیەوه دەیگوت:

– سەرەڕای هەموو ئەوانەش ئەو له ئێمه چاکتره، ئەرباب گیان! ئەو قسانه مه چاک نییه.

وەنگ لانگ لەبەر ئەوەی دەوڵەمەند بوو له هیچ شتێک نەدەترسا، به بۆڵه بۆڵ بەرەو ماڵ بووەوه بۆ ئەوەی ڕێگا چارەیەک بۆ بەرگری لەو لافاوه بدۆزێتەوه. سەرەنجام هەر چی پێش بینییان کردبوو هاته دی، له لای شیمالەوه لافاو هەستا و ئاوبەندەکان خۆیان ڕانەگرت و شکان، بەر لەوەی ئاو بگاته وان کۆبوونەوەیەکیان پێک هێنا و هەر کەسه به پێی توانای خۆی پووڵێکیان دانا و بردیان بۆ شارەداری ئەو ناوچەیه که ئاو بەندەکانیان بۆ تازه کاتەوه تا بەڵکو له بەڵای ئەو لافاوه به دوور بن. له لایەکی دیکەشەوه لەبەر ئەوەی شارەدار پیاوێکی فەقیر و تازەکار بوو به چاوپێکەوتنی ئەو هەموو پووڵه وەک شێتی لێهات، چونکه هەروا دوو سێ ڕۆژێک بوو دامەزرابوو! ئەویش به هەزار قەرز و قوڵه و خانوو فرۆشتن و فەڕش و شتی دیکه ئەو پلەوپایەی کڕیبوو! بەو تەمایه که به نەوایەک بگا و دەوڵەمەند بێ.

کاتێک لافاو ئاوبەندەکانی وەبەر خۆیدا و مووچەکانی داگرت خەڵک کردیانه هات و هاوار و بەردەرکیان به شارەداری گرت، شارەدار به فیتی خۆی زانی و له ترسان خۆی شاردەوه. چونکه ئەو سێ هەزار سکەی که له خەڵکەکەی وەرگرتبوو له ماڵەکەی خۆی خەرج کردبوو، کاتێک خەڵکەکه ئەوەیان زانی بەرچاویان تاریک بوو بەتەمای کوشتن ڕژانه ماڵەکەی، شارەدار که هرووژمی خەڵکەکەی چاوپێکەوت له ترسان هەڵات و خۆی به ئاو دادا و خنکا. به له بەین چوونی شارەدار خەڵکەکه برێک ئەهوەن بوونەوه، بەڵام پووڵەکەیان هەر چوو.

ورده ورده ئاو هارهات و زۆربوو، تا سەرەنجام ئاوبەندەکانی یەک له دوای یەک شکاند و وەبەر خۆیدان و ئاسەواری نەهێشتن، هێندەی پێ نەچوو زەوییەکانیش هەموو پڕ بوون له

ئاو، هەروەها ئاواییەکانیش ئاو دەوری دان و خانووەکانیش تێک قرمان و ڕووخان. خەڵکەکە دوای ئەوەی هیچیان بۆ نەکرا ڕاوەستابوون تەماشای لافاوەکەیان دەکرد کە چلۆن ماڵوحاڵەکەیان لێ وێران دەکا. لەلایەکی دیکەشەوە زەوییەکانیان دەتگوت قەتیان ئاو نەدیوە پێویستیان بە بارانەیە. سەرت نەیەشێنم ئەوەندە باران باری ئاوایی بووبە کەڵەکی سەر ئاوێ!

ماڵە وەنگ لانگ لەسەر تەپۆڵکەیەک بوو کە دەیڕوانییە ئاوایی. وەنگ لانک لە وێڕا تەماشای وڵاتی دەکرد و پێی وابوو لافاو ماڵە وان ناگرێتەوە، بەڵام لەوە دەترسا ئاو بگاتە گۆڕستان و قەبرەکان تێک بڕووخێنێ.

ئەو ساڵ خەڵکی جارێکی دیکەش تووشی قاتی و قڕی بوون و لە برسان وەگیان هاتن، بۆ چارەسەرکردنی خۆیان هەریەکەی ڕوویان لە جێگایەکی کرد و وەشوێن کارێکی کەوتن. بۆ وێنە تاقمێک وەک پێشوو ڕۆیشتن بۆ جنووب، ژمارەیەکیش لە حەیفان ڕەگەڵ چەتەکانی ئەو ناوچەیە کەوتن و دەستیان کرد بە دزی و ڕێگری. خەڵکی شاری زۆر تەنگاو بوون، ناچار بۆ بەرگری لەو کارە چەپەڵە جگە لە دەروازێک بۆ ئاموشۆ هەموو دەروازەکانی دیکەیان داخست و نیگابانیان دانا، کە شەوانە ئەو دەروازەشیان دادەخست. ژمارەیەکیش کە لەبەر پیری نەچوو بوون بۆ جنووب و ڕێگریشیان بۆ نەدەکرا، هەروا بە زگی برسی لەوێ مانەوە، تا سەرەنجام لە برسان پەنایان برد بۆ گژ و گەڵای داران وەک چینگ. لەو نێوەدا ژمارەیەکیش لە برسان مردن.

وەنگ لانگ پێی وابوو بەم زووانە لافاو نانیشێتەوە و تووشی قاتی و قڕێکی سەیر دەبن، دوای ئەوەی دڵنیا بوو کە ئەو مەترسییەی لە پێشە لەگەڵ کووکوو کردی بە کێشە و گوتی:

– دەبێ دەست پێوە بگری، هێندە مەچووە شار و هەموو ڕۆژێ گۆشتی مەکڕە؛ دەرنابەین.

وەنگ لانگ لە لایەکەوە پێی خۆش بوو سێڵاو هاتووە چونکە ڕێگای شاری لە کووکوو گرتبوو و ئاموشۆی بۆ نەدەکرا، بەڵام ئەگەر زۆر پێویست با وەنگ لانگ لۆتکەی بۆ بە ئاو دادەدا و دەینارد بۆ شار. کووکوو بەو مەسەلەوە زۆر ناڕەحەت بوو، هێندێک جار لە چینگیش تووڕە دەبوو بەڵام چینگ لەبەر دڵی ئەربابەکەی خۆی لێ لادەدا.

وەنگ لانگ لە پاشان هەموو شتێکی خستە ژێر چاودێری خۆی و نەیدەهێشت هیچ



شتێک بە فیڕۆ بڕوا، هەروەها هاتە سەر ئەو باوەڕە کە چینگ و کرێکارەکانیش جواب کا، سەرەنجام لەبەر ناچاری لە زستانێک دا جوابی کردن تفت هەڵاویشتبا دەیبەست! چینگ و کرێکارەکانیش بە قسەی وەنگ لانگ ڕۆیشتن بۆ جنووب تا هەتا بەهارێ لەوێ بن و لە پاشان بگەڕێنەوە. ئەوەی لەو نێوەدا بە کەیف بوو نەیلووفەر بوو چونکە بە دزی هەمووشتێکی وەردەگرت و بۆ هیچ شتێک کەمایەسی نەدەکێشا. بەڵام بۆ ڕۆژی جێژن جگە لە بەرازێکی مووچەی خۆیان و ماسییەک هیچی دیکەیان نەخوارد! وەنگ لانگ واش فەقیر و دەس تەنگ نەبوو کە هیچی نەبێ بەڵکو پوولێکی زۆری لە کەلێن و قوژبنی وەتاغی کوڕ و بووکەکەیدا شاردبووەوە، بەڵام ئەوان بەو مەسەلەیان نەدەزانی. بێجگە لەوەی بڕێکی دیکەی پوولی زیو کە لە کووپەیەکدا لە ژێر عەرزی نابوو، دوو سێ چاڵیشی دەغڵودان هەر مابوو. بەم جۆرە خۆی و بنەماڵەکەی لە قاتی و قڕی نەجات دا، بەڵام خەڵکێکی زۆر لە دەور و بەری وان لە برسان مردن. وەنگ لانگیش ئەو سەردەمەی وەبیر هاتەوە کە بۆ خۆی یەکێک بوو لەو فەقیرانەی دەوروبەری دەوڵەمەندەکان تف و نەحلەتی دەکردن، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەی ڕابردوو جێگای دەوڵەمەندەکانی گرتبووەوە و خەڵک قسەیان پێدەگوت و لە ترسان دەرگای ماڵەکەی گاڵەدابوو، ئەوەشی دەزانی ئەگەر لەبەر مامی نەبا هەروا بە ئاسانی چەتە لە کۆڵی نەدەبوونەوە. جا لەبەر ئەوەی خۆی بپارێزێ ماڵە مامی هەر چی کوتبایان نەیدەگوت نا.

ماڵە مامی کاتێک هەستیان بەوە کرد کە وەنگ لانگ لێیان دەترسێ پۆز و ئیفادەیەکی زۆریان بە سەردا لێدەدا؛ بە تایبەت ئامۆژنی هەر ڕۆژە بیانوویەکی دەگرت. وەنگ لانگ دەیزانی کە ئەو کارە کاری ئامۆژنی و ئامۆزاکەیەتی، چونکە مامی حەوسەلەی ئەو جۆرە کارانەی نەبوو. ڕۆژێک تەماشای کرد مامی هان دەدەن و دەڵێن

– پوولێکی زۆر و زەوەندی هەیە با بڕێکی لێ گل دەینەوە.

ئامۆژنی گوتی:

– قەت وامان بۆ هەڵناکەوێ چونکە بۆ خۆشی ئەوە چاک دەزانێ کە ئەگەر ئێوە نەبان دەمێک بوو ماڵەکەیان بە تاڵان دەبرد، ئێستاکە تۆ جێنشینی سەرۆکی ڕیش سوورەکانی تا هەلە کارێکی بکە.

وەنگ لانگ کاتێک ئەو قسەی بیست لە داخان خەریک بوو یەک بەخۆی هاوار بکا، بەڵام بە هەر جۆرێک بوو خۆی ڕاگرت، زۆری بیر کردەوە کە خۆی لە دەست ئەو سێ کەسە

نەجات دا بەڵام هیچی بۆ نەدەکرا ڕۆژێک مامی هاتە لای و پێی گوت:

– برازای خۆشەویست بۆخۆم تووتنم نەماوە و خێزانیشم کۆتەکەی دڕاوە. بڕێکم پووڵ دەیە.

وەنگ لانگ نەوێرا بڵێ نا، دەستی برد بۆ پشتێندەکەی و سێ سکەی زیوی دایە، بەڵام لە داخان جیرە جیرێ ددانی ڕێی ڕۆژێک دەڕۆیشت و دەتگوت لە خۆی دەکاتەوە. دوای دوو ڕۆژان دیسان مامی هاتەوە و گوتی پووڵ. سەرەنجام وەنگ لانگ خۆی بۆ ڕانەگیرا و گوتی:

– بۆ دەست پێوە ناگری، خۆ بنی لە ئاوێدا نییە، یان پێت خۆشە ئێمەش لە برسان بمرین؟

مامی قاقایەکی لێ دا و گوتی:

– شوکری خودای بکە ڕۆژگار لەگەڵ تۆ زۆر چاک بووە، نازانی خەڵک لەبەر دەرگای خۆیان لە سێدارە دراون، بۆ ئەتۆ چاوت لەوان ڕەشترە؟ من سەنگ و سووکیم زۆر لەگەڵ کردووی قەدری خۆت بزانە و چەنە درێژی مەکە.

– وەنگ لانگ کاتێک ئەو قسانەی بیست لە حەیبەتان هەموو گیانی بوو بە ئارەقە، لە پاشان دەستی برد بۆ گیرفانی و پووڵەکەی بۆ لەسەر دەستی ڕاگرت و گوتی فەرموو قوربان.

لەو ماڵەدا جگە لەو سێ کەسە هیچ کەس گۆشتی نەدەخوارد، لە حاڵێکدا تەنێک بە حەوت برایان وەگیر نەدەکەوت بە ئیشتیای خۆیان دەیانکرد و دەیانخوارد. وەنگ لانگ بۆ ئەوەی نەچێتە بەر دەرگای خەڵک و ئاوارەی وڵاتان نەبێ سیغار کێشانیشی کەم کردبووەوە، بەڵام مامی چونکە زەحمەتی پێوە نەدەکێشا هەر نەیدەکوژاندەوە، لە لایەکی دیکەشەوە کوڕەکەی وەنگ لانگ لەبەر ئەوەی تازە زاوا بوو هەر لە بیری خۆشگوزەرانی خۆی دابوو، هەروەها چاوێکیشی کردبووە چوار چاو لەسەر کوڕەمامەکەی، چونکە زۆر سپڵە و چاو حیز بوو؛ لە کەس نەدەفکری. بەم هۆیە تا ئەو کوڕە لە ماڵ با نەیدەهێشت ژنەکەی وەدەر کەوێ. کاتێک تێگەیی کە ئەو سێ کەسە باوکی ناڕەحەت دەکەن لە حەیفان سوور هەڵگەڕا و گوتی:

– خۆ ئیمە بەو سێ کەسەوە نەدرواوین با ماڵێکی دیکە بۆ خۆمان دروست کەین و ئێرەش بۆ ئەوان بەجێ بێڵین.



وەنگ لانگ تا ئەو کاتە پڕیسکەی دڵی خۆی لە لای هیچ کەس نەکردبووەوە، زۆر بە ساکاری بە کوڕەکەی گوت:

– لە خۆشەویستی نییە کە ڕێزیان لێ دەگرم و شتیان دەدەمێ، باوەڕکە وەک سەگ لێیان بێزارم. ئەگەر هیچ ڕووناکایەک با یەک و دووم لێ نەدەکرد و لە کۆڵ خۆم دەکردنەوە، بەڵام ئەتو ئەوەی دەزانی کە مامت سەرۆکی تاقمێک دز و چەتەیە؟ ئەگەر بێتو بەخێوی نەکەم گیان و ژیانمان دەکەوێتە مەترسییەوە؟

کوڕەکە بە بیستنی ئەو قسانە هێندەی دیکە ناڕەحەت بوو، بڕێک مات بوو و بە تووڕەیی گوتی:

– پێشنیارێکم هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەوان سێ کەسن و ئێمەش بە چینگەوە دەبینە سێ کەس، با لەگەڵیان بەشەڕ بێین، یان خودا بەوان دەدا یان بە مە، ئەگەر دەروەستمان نەهاتن بە ئاویان دادەدەین، پێم وایە ئەوە لە هەموو شتێک مەسڵحەتترە.

بەڵام وەنگ لانگ هەرچەند بە خوێنی سەری مامی توونی بوو دڵی بڕوای نەدا ئەو کارە بکا و گوتی:

– نەخێر ئەوە ڕێگاچارە نییە. کەیفی خۆیەتی با ئەو خراپ بێ من مامی خۆم بە ئاو دانادەم، هیچ دەزانی ئەگەر ئەو مەسەلە بە گوێی دزەکان بگاتەوە چ بەڵایەکمان بە سەر دینن؟ بە خودای خوێمان بە کەولێدادەکەن بە قسەت ناکەم چونکە دەزانم تا ئەو زیندوو بێ ئێمەش سڵامەتین، هەروەها ئەگەر بۆ خۆی بمرێ ئەمەش وەک خەڵکی دیکە تووشی تاڵان و بڕۆ دەبین.

ماوەیەک هەردووکیان بێ دەنگ بوون لە پاشان کوڕەکەی گوتی: «بابم ڕاست دەکا مردن ڕێگا چارە نییە، دەبێ لە ڕێگایەکی دیکەڕا بۆی بچین». سەرەنجام وەنگ لانگ دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر گوتی:

– ئەگەر بتوانین بەخێویان کەین و ئەوانیش ناڕەحەتیمان بۆ پێک نەهێنن، هەروەها ئەمین بن زۆرمان بە قازانجە، بەڵام ئەو کارەش لەوانە بە دوورە.

کوڕەکەی گوتی:

– حاڵی بووم دەڵێی چی، ئەدی پێت چۆنە فێری تریاک کێشانیان بکەین؟ پێشم وایە ڕێگایەکی چاک بێ، لە هەوەڵەوە هەوەسیان بۆ شل دەکەین با بە کەیفی خۆیان بکێشن

دوای ئەوەی بە چاکی فێر بوون لەبەر ئەوەی بۆ خۆیان بۆیان ناکرِدرێ دەبنە مێوەرِۆن لەبەر دەستماندا.

– وەنگ لانگ لەبەر ئەوەی بیری لەو مەسەلە نەکردبووەوە گوتی:

– خۆ نابێ هەروا بەرەڵلایان کەین و بە کەیفی خۆیان مل پێوە نێن، لە دورِ و مەرجانیش بە قیمەتتر بێ هەر ئەوەمان چاکترە، بەرِاستی بنەماڵەیەکی نەحاواوە و ناپاکن؛ بەتایبەت ئەو هەتیوە چاو حیزەیان.

وەنگ لانگ لەو پیاوانە نەبوو هەروا بە هاسانیش بەڵێنی بە کورِەکەی بدا، چونکە ئەو کارە پێویستی بە پووڵێکی زۆر هەبوو، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو نیگەرانییە هەبوو کە قەبووڵی نەکەن.

هێشتا ئەو مەسەلەیان بۆ حەل نەببوو تەماشایان کرد غەمێکی دیکەشیان بۆ زیاد بوو؛ ئەویش ئەوە بوو کە کورِە مامەکەی تەماحی لە ئامۆزاکەی خۆی کردبوو. لە حاڵێکدا وەک خوشک و برا وا بوون و پێک نەدەشیان، بە کورتی شەوێک بەرببینگ بە کچەکەی دەگرێ و ئامێزی پێدادەکا، بەڵام کچەکە خۆی بە دەستەوە نادا و دەیکاتە هەرا هەرا. وەنگ لانگ کاتێک ئەوەی چاو پێدەکەوێ بە غاردان هەرِا دەکاتە سەر کورِە مامەکەی و بە مست و پێلاقە وەری دەگەرِێتێ. ئەو هەتیوە بێ ئەوەی پێ بچێ دەتگوت سەگە گۆشتی بە دەمەوە گرتووە. بە زۆریش کچەی بەر نەدەدا، سەرەنجام دوای گێرە و کێشەیەکی زۆر وەنگ لانگ کچەکەی لە دەست دەرهێناوە. هەتیو لە پاشان دەستی کرد بە پێکەنین و گوتی:

– قومارم لەگەڵ دەکرد، مەگەر خوشکی خۆم نییە؟ پیاو تەماح لە خوشکی خۆی دەکا.

هەرچەند بە رِواڵەت ئەو قسانەی دەکرد بەڵام شەهوەتی لە نێوچاوانی دەباری! وەنگ لانگ سرتەیەکی لەگەڵ کچەکەی کرد و ناردییەوە وەتاغەکەی خۆی. وەنگ لانگ شەوێ کە ئەو مەسەلەی بۆ کورِەکەی گێرِاوە، کورِەکەی زۆر نارِەحەت بوو گوتی:

– دەبێ بینێرینە شار و لە ماڵە لی یۆ داینێین رِەنگە لی یۆش بڵێ ساڵەکەی خراپە و ناتوانم، دەنا ئابرِوومان دەچێ و لەوانەیە کچێنییەکەی بەرێ.

سەرەنجام وەنگ لانگ پێشنیاری کورِەکەی قەبووڵ کرد بەیانی زوو چووە ماڵە تاجرەکە و گوتی:



– کچەکەم بۆتە سێزدە ساڵ و وەختی مێردکردنییەتی.

لی یۆ بە دوودڵی گوتی:

– بۆخۆت دەزانی ئەوساڵ شتێکی وام نەبووە کە بتوانم نان خۆرێکی دیکەش بە خاووخێزانم زیاد کەم.

وەنگ لانگ لە رِووی هەڵنەدەهات بڵێ لە ترسی برازاکەم ناوێرم رِایگرم ئەوەی کردە بیانوو و گوتی:

– دایکی نەماوە، ئەمنیش ناتوانم ئاگام لێی بێ، حافرەتە و خۆی ناسیوە، چاک نییە لە ماڵێ دا بێ، سەرەرِای هەمموو ئەوانەش خەڵک زۆرم ئاموشۆ دەکەن و ئینسانی جۆربەجۆر دێن و دەرِۆن، بە کورتی کچێنییەکەی لێرە چاکتر دەپارێزرێ. با لە لای خۆتان بێ. هەر وەختێک پێتان خۆش بوو بیدەن بە مێردەکەی.

کابرای تاجر لە وەڵامدا گوتی:

– دەیهێنی بیهێنە با بزانین دوای کۆکردنەوەی خەلە و خەرمان دەتوانین زەماوەند وەرِێ خەین؟

وەنگ لانگ پاش ئەو بەڵێنی دانە بە خۆشحاڵی وەدەرکەوت و چوو برِێک تووتن بۆ خۆی بکرِێ. کاتێک کابرای دووکاندار تووتنەکەی بۆ کێشا و گوتی:

– میرزا تریاکیشت هەیە؟

میرزا گوتی:

– ئەو رِۆژانە تریاک فرۆشتن قەدەغە کراوە بە ئازادی ناتوانین بیفرۆشین بەڵام ئەگەر پووڵت هەیە و دەکرِی لە وەتاغی پشتەوە هەم دەکێشن، هەم دەفرۆشین، مەترسە زۆر گران نییە.

وەنگ لانگ بە بێ ئەوەی مەبەستێکی هەبێ گوتی:

– شەش مسقاڵیشم لە وی بدەیە.

## ۲۸

وەنگ لانگ بەر لەوەی دووەمین کچی خۆی بەڕێ کا و دڵی ئاسوودە بێ بە مامی گوت:

– مامە گیان! برێکم تریاک بۆ کڕیوی.

مامی بە پێکەنینەوە تریاکەکەی لێ وەرگرت و گوتی:

– حەمردریژ بی بابم، لە پێشدا یەک دوو مژم لێ داوە، وەک بزانم ئەو ڕۆژانە زۆر گران بووە، ماڵت ئاوەدان بێ زۆرم پێخۆش بوو.

وەنگ لانگ هەروا بە سارد و سڕی وەڵامی داوە:

– جا چ بوو گرانە؛ پووڵ چییە قوربانی تۆ بێ. هەر وەک بۆخۆت دەزانی باوکم لەبەر ئەوەی زۆر پیر ببوو شەوانە خەوی لێ نەدەکەوت، ناچار برێم تریاک بۆ کڕی، هەر وەختێک خەوی ڕەویباوە یەک دوو مژی لێ دەدا و خراپ بۆی دەخەوت. بەختی خۆت ئەورۆ لە نێو شڕ و شاڵات دا دیمەوە. لە دڵی خۆمدا گوتم ئەوە بۆ مامم چاکە. با لە لات بێ، هەر وەختێک پێت خۆش بوو یان نارەحەت بووی دوو مژی لێ دە.

مامی پاش ئەوەی تریاکەکەی لێ وەرگرت لە بەرخۆیەوە گوتی: «بۆنی چەند خۆشە، خۆ کەسێکی دەوڵەمەند نەبێ ئەو ڕۆژانە تریاکی بۆ ناکێشرێ». پاش ئەو قسانە چوو حوقە و ماشەیەکی کڕی ملی لە تریاک کێشان نا.

وەنگ لانگ چووە بازاڕ و بە دزی ماڵە مامی دوو سێ حوقە و ماشەی کڕی و هێنایەوە، هەریەکەی لە گۆشەیەکی دانان بۆ ئەوەی شوێنەونکەیان لێ بکا و بڵێن بۆ خۆشی فێری تریاک کێشان بووە. لە لایەکی دیکەشەوە بە نەیلووفەر و کوڕەکەی دەگوت نەکەن دەست لە تریاکی بدەن، زۆر گرانە دەرنابەین، بەڵام لە بنەوە ئامۆژنی هان دەدا و تاریفی تریاکی بۆ دەکرد. بە کورتی فێری کردن و نەیدەهێشت لێیان ببڕێ چونکە ڕێگاکەی دیبووەوە و لە دەستیان ئاسوودە ببوو.

ورده ورده زستان تەواو بوو، لافاو نیشتەوە. وەنگ لانگ ڕێگای بۆ کراوە و ڕۆژانە دەچوو سەری لە زەوییەکان دەدا. ڕۆژێک کوڕەکەشی وەدوای کەوت و گوتی:



– نزیکە نان خۆرێکی دیکەشمان بۆ زیاد بێ و ببیە بابە گەورە.

وەنگ لانگ کاتێک ئەو قسەی بیست بە پێکەنینەوە ئاوڕی داوە و گوتی:

– بەهـ بەهـ، بەڕاستی ڕۆژێکی خۆشە! هیوادارم هەمیشە خۆش خەبەر بی.

هەروا بە پێکەنینەوە بە چینگی گوت:

– هەستە بڕۆ بۆ شار، ها ئەوە پووڵ برێک ماسی و کەلوپەلی چاک بکڕە و زوو وەرەوە.

وەنگ لانگ شتەکانی دا بە بووکەکەی و گوتی:

– بخۆ بخۆ، با مندڵەکەت خەپەتۆڵە و قەڵەو بی.

وەنگ لانگ بە لە دایک بوونی ئەو منداڵە وەک گوڵ گەشاوە، زۆر خۆشحاڵ بوو، بە چاوپێکەوتنی منداڵەکە هەموو شتێکی لە بیر دەچووەوە، هاوین هات و ئەوانەی لە ترسی لافاو و برسیایەتی هەڵاتبوون تاق و لوق و پۆل پۆل کە ماندوویەتی کاری زستانیان لێ دیار بوو گەڕانەوە. هەرچەند هیچیان نەمابوو، بەڵام لەوەی کە بە سلامەتی گەڕابوونەوە وڵاتی خۆیان زۆر خۆشحاڵ بوون، چونکە دەیانتوانی دەست بکەنەوە بە کار و چوار دیوارێک بۆ خۆیان پێکەوە نێن.

ژمارەیەکە هاتنە لای وەنگ لانگ و داوای قەرزیان لێ کرد، وەنگ لانگ گوتی بەو شەرتەی قەرزو لەگەڵ دەکەم کە زەوییەکانتان لە گرەو بنێن. بەو پووڵە کارەکانیان بۆ تەواو نەبوو و نیوە چڵ ماوە. نەشیاندەتوانی پووڵی دیکە قەرز کەن، ناچار بۆ تەواو بوونی کارەکانیان زەویان دەفرۆشت، فرۆشتنی زەوی بەکەیفی وەنگ لانگ بوو، چونکە زەوییەکی زۆری بە هەرزان وەدەست کەوت.

زەوی لە لای ئەو خەڵکە زۆر گرینگ و بە نرخ بوو بەم هۆیە تاقمێک لە جیاتی زەوی کچەکانیان دەفرۆشت، ژمارەیەک هاتنە لای وەنگ لانگ و پێشنیاری فرۆشتنی کچەکانیان پێکرد. وەنگ لانگ کە زۆری دڵ بە داهات و مناڵەوە بوو، پێنج کچی لێ کڕین، یەکی لە جیاتی کووکوو بۆ خزمەتی نەیلووفەر دانا چوارەکەی دیکەشی بۆ نێو ماڵ و هەڵوەژاردن و قاپ و کەوچک شوتن دیاری کرد. چەند ڕۆژی دیکەی پێچوو پیاوێک کچێکی حەوت ساڵەی بۆ برد، وەنگ لانگ گوتی:

– ئەوە زۆر چکۆڵەیە بە کەڵکی ئێمە نایە.

بەڵام نەیلووفەر منداڵەکەی وەبەر دڵکەوت و گوتی:

– ئەو چکۆڵەی بدە بە من ئەوەی دیکە زۆر ناحەزە بۆنی لێ دێ، نامهەوێ.

وەنگ لانگ زگی بە کچەکە سووتا و دڵی نەیلووفەری نەشکاند و گوتی:

– چۆنت پێخۆشە وا بکە.

سەرەنجام منداڵەکەی بە بیست سکەی زیو کڕی و لە ئیختیاری نەیلووفەری دانا. دوای ئەوەی وەنگ لانگ وردە وردە دەهاتە سەرخۆ و خەیاڵی ئاسوودە بوو لافاویش کشاوە و توانی سەر لە مووچە و مەزراکەی بدا و لەگەڵ چینگ قسە بکا و لە نزیکەوە کاروبارەکان بخاتە ژێر چاودێری خۆی.

وەنگ لانگ هەر وەختێک دەچوو بۆ مووچە کوڕە چکۆڵەکەی لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ ئەوەی چاو و گوێی بکرێتەوە و بە کارەکان ئاشنا بێ، چونکە بڕیار بوو ئەو کارانە بەوی بسپێرێ، بەڵام وەنگ لانگ دوودڵ بوو لەوەی کە ئەو کارەی بۆ دەکرێ یان نا، چونکە کوڕەکەی سەری بەردەداوە و هیچی نەدەگوت. کاتێک کارەکان جێ بەجێ دەکران وەنگ لانگ بە خۆشحاڵی دەگەڕاوە و دەیگوت: «خۆ من تازە ئەو تاقەت و حەوسەلەی سەردەمی جەوانیم نەماوە کە بە دەست و مستی خۆم کار لەسەر زەوییەکانم بکەم، پێم وایە ئەو هەموو خەم و ناڕەحەتییەش زیادەیە، ئەوەی لە دەرەوە پێویست بێ کرێکارەکان ئەنجامی دەدەن، لەماڵیش کوڕ گەیشتوونێ کە وابوو خۆ ماندوو کردنی منی ناوێ». بەڵام بەو حاڵەش کاتێک دەهاتەوە نەدەحەساوە، هەرچەند بووکی بۆ گوێزتبووەوە و کلفەتی زۆر بوون، هەروەها مامی و مامۆژنیشی بە تریاک کێشانەوە خافڵابوون، پەریشان بەر چاو دەکەوت، چونکە مەسەلەی نێوان ئامۆزاکەی و کوڕەکەی گەورە ببووەوە، کوڕەکەی زۆر ڕق ئەستوور بوو و نەیدەتوانی چاوپۆشی لەو کارە بکا، ناهەقیشی نەبوو چونکە مەسەلەی ناموس وەک هیچ شتێک نییە، بۆ چاوپۆشی نابێ.

وەنگ لانگ بۆ خۆشی ئەوەی دەزانی کە ئامۆزاکەی زۆر دڵپیس و خراپە و جێگای متمانە نییە لەوانەیە لەگەڵ کلفەتەکان و تەنانەت نەیلووفەریش تەمای خراپی هەبێ، هەرچەند نەیلووفەر پیر و بێ نموود ببوو و لەو بوختانانە بە دوور بوو و لە بیری زگ تێر کردنی خۆیدا بوو و حەوسەلەی ئەو جۆرە کارانەی نەمابوو، بەو حاڵەش جێگای باوەڕ نەبوو. نەیلووفەر لەو دوایانەدا ئەگەر وەنگ لانگیش نەهاتبا لای ناڕەحەت نەدەبوو.

ڕۆژێک کە وەنگ لانگ لەگەڵ کوڕە چکۆڵەکەی هاتەوە ماڵ؛ کوڕە گەورەکەی کێشایەوە سووچێک و پێی گوت:



– گەیشتە ئێسکم، چیدیکەم خۆ بۆ ڕاناگیرێ! چ بکەم لە دەست ئەو ئامۆزا حیز و سپڵەیە؟ وەگیان هاتووم چم لێ دەکەی، ئەو ناپیاوە شەو و ڕۆژ بە یەخە و بەرووکی ئاوەڵەوە وەک چەقۆکێش خەریکی چاو لەوەڕاندن و حەز لێکردنە و شۆخی لەگەڵ کلفەتەکان دەکا!

بەڵام نەیتوانی لە لای باوکی پرێسکەی دڵی بکاتەوە و بڵێ بە ناحەزی تەماشای زڕدایکم دەکا، چونکە لەو بابەتەوە بۆ خۆشی تاوانبار و خەجاڵەت بوو و پێی خۆش نەبوو ئەو مەسەلە بۆ باوکی زیندوو بێتەوە، بۆیە هەر باسی کلفەتەکانی کرد. وەنگ لانگ لەبەر ئەوەی ئاو کشابووەوە و لە کاروباری کوڕە چکۆڵەکەی ڕازی بوو حەزی نەدەکرد بەو قسانە پەشێوی لە ماڵەکەی بکەوێ، بەم هۆیە بە بیستنی ئەو مەسەلە بە قەڵسی وەڵامی داوە.

– بێدەنگ بە هەر دەڵێی منداڵی ساوای. کەسێکی خۆ بە پیاو بزانێ هێندەی ژن خۆش ناوێ، ئەویش ژنێک کە دایک و باب پەسندی کردبێ، بۆ پێت وایە خێزانت جندەیە، ئاخر عەقڵێکیان گوتووە و پیاوەتێک؛ یانی چی؟ بۆ وادەکەی؟

کوڕە گەورەکەی بەو تانووت و لۆمەی بابی زۆر ناڕەحەت بوو، پێی وابوو ئەگەر زیاتری لەسەر بڕوا دەڵێن خۆ تۆ لەوی ساڵح و پاکتر نی. ناچار لە وەڵامدا گوتی:

– لەبەر ژنەکەی خۆم واناکەم، پێم وایە ئەو جۆرە کارانە لە ماڵە ئێمە و بۆ باوکم کەسری شانە.

وەنگ لانگ گوێی نەدا قسەکانی و بە قەڵسی گوتی:

– بەسە شەڕ و هەڵڵا هەڵڵا ئاخر تاکەی؟ ماندوو بووم.

لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە و دەیگوت: «تازە پیر بووم و ئەو شوور و شەقەی سەردەمی جەوانیم نەماوە، بەقەولی پێشینیان تلپاتی تەڕم پێ نییە، ئێستا کە هیچم لە دەست نایە نابێ کەمێک ئاسوودە بم و بحەسێمەوە؟ دەڵێن ئاش بە نۆرەیە، بەڵێ ئەوجار نۆبەی کوڕەکەمە». لە پاشان قیژاندی و گوتی:

– دەڵێی چ بکەم؟

کوڕەکە لەبەر باوکی هیچی نەگوت تا هاتەوە سەرەخۆ و ڕقەکەی نیشتەوە، لە پاشان گوتی:

– کاتێک ئاسوودە دەبین کە ئەو ماڵە بەجێ بێڵین و بچین بۆ شار. تاکەی وەک

دێهاتییان بژین؟ لە حاڵێکدا دەتوانین بچین بۆ شار و ئێرەش بۆ ماڵە مامم بەجێ بێڵین.

وەنگ لانگ کاتێک ئەو قسەی بیست پێی وابوو خەون دەبینێ و وەک با بە بن گوێیدا ڕۆیشت، بە دەم سیغار کێشانەوە گوتی:

– پێت خۆش بێ و پێت ناخۆش بێ ئێرە ماڵە منە و زەویش زەوی خۆمە، بۆ کەسیش بەجێی ناهێڵم، ئەگەر ئەو زەوی و ماڵە نەبا، ئێمەش وەک باقی فەقیر و هەژارەکانی دیکە لەمێژبوو لە برسان مردبووین، هەروەها ئەتۆش ئێستا نەتدەتوانی ئەو قسە زەلامانە بکەی، لە سایەی ئەو خاکە چاکەیە کە تۆ لە دێهاتییەکانی دیکە چاکتری.

لە پاشان دەستی کرد بە پیاسە کردن و قەدەم لێدان و تفی لە عەرزی دەکرد و دەهات و دەچوو، سەرەڕای ئەوەی کوڕەکەی خۆش دەویست و شانازی پێوە دەکرد، زۆری بەسەرداهات و لۆمەی کرد. کەس پێی وانەبوو کە ئەو کوڕە، کوڕی ئەو ئاو و خاکەیە و لەو وڵاتە گەورە بووە! کوڕەکە لە کۆڵ بابی نەبووەوە و گوتی:

– ماڵە هوانگ بە ئیجارە دەگرین و بە ئاسوودەیی لاق ڕادەکێشین، کارێکی واش ناکەین بنەبڕ بین، هەر وەختێک پێتان خۆش بوو لەگەڵ برا چووکەکەم بچنەوە ئاوایی و سەر لە مووچە و مەزراکە بدەن، منیش لە دەست ئەو توتکە سەگەی مامم ئاسوودە دەبم.

پاش شێر و ڕێوی هێنانەوەیەکی زۆر ئاو بە چاویدا هاتە خوار و گوتی:

– منیش هەمیشە تێکۆشاوم کوڕێکی چاک بم بۆ تۆ، بۆ وێنە قومار ناکەم، تریاک نەکێشم و بەو ژنەی کە بۆت هێناوم ڕازی بم. ئەتۆش ئەو پێشنیارە چووکەی من قەبووڵ کە، چ دەبێ؟

هیچ مەعلووم نەبوو کە ئەو فرمێسکانە کاری خۆیان دەکەن و وەنگ لانگ بە قسەی کوڕەکەی دەکا، یان نا؟ تەنیا وەنگ لانگ بۆ خۆی ئەوەی دەزانی و بەس.

مەسەلەی کڕینی ماڵە هوانگ بۆ وەنگ لانگ ببووە شتێک، چونکە هێشتا ئەو مەسەلەی لە بیر نەچووبووەوە کە ڕۆژێک لەو ماڵە بە چاوی سووک تەماشایان کرد و زۆر بە بێ حورمەتی ڕێگای ژوورێیان داوە و لە ژووریش وەک بەندە لە بەرابەر خاتوونی پیردا ڕاوەستاوە، هەستی بەوە کردووە کە لە نێوان خەڵکی شار و دێ دا فەرق و جیاوازی زۆرە! هەر ئەوەندە بووە وەکێو نەکەوتووە!

وەنگ لانگ بەو قسەی کوڕەکەی کە گوتی لەوێ دەبین، ڕابردووی وەبیر کەوتەوە و گوتی ئەو وەختە من دەبمە خانی پیر و دەست و پێوەند وەک عەبد و بەندە لەبەر دەستم دا



دێن و دەچن، بە هێنانە بەرچاوی ئەو دیمەنە گوتی: «خۆ ئەوە کارێکی زۆر هاسانە». بە دەم ئەو فکرانەوە بە چیلکە ئاوری قەننەکەی خۆش کرد، قەننەکەی داگرتەوە و گوتی: «دەتوانم زۆر کاران بکەم». لە سەرەتاوە زۆری پێ خۆش بوو بەڵام ئاشکرای نەدەکرد، پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر خراپی کوڕە مامەکەی وەبیر کەوتەوە، بۆ ڕاستی و دروستی قسەی کوڕەکەی چاوێکی کردە چوار چاو تاکو بزانێ تەماشای کڵفەتان دەکا یان نا؟ دوای ئەوەی بۆی ڕوون بووەوە گوتی: «تازە ژیان لەگەڵ ئەو سەگە تاڵە». لە لایەکی دیکەشەوە مامی ئەوەندەی تریاک کێشابوو وەک گۆچان چەمابووەوە، کۆخە کۆخەکەشی لەوێ ڕاوەستێ! ئامۆژنیشی زۆر لە مامی خراپتر بوو.

وەنگ لانگ لە لانی مامی و مامۆژنی ئاسوودە بوو، چونکە تریاک کاری خۆی کردبوو، بەڵام ئامۆزاکەی وەک درووی مەم و زین وابوو، شەهوەت بەرچاوی گرتبوو و لە کۆڵیان نەدەبووەوە! تریاکیشی نەدەکێشا تا بخەوێ و لە دەستی ئاسوودە بن. لە لایەکی دیکەشەوە وەنگ لانگ پێی خۆش نەبوو لەو ماڵەدا ژن بێنێ چونکە بۆ خۆی سەربار بوو چ دەگا بە منداڵەکەی. هەتا بڵێی لاوێکی دەغەڵ و بێکارە و تەمبەڵ بوو، بەڵام لە کۆڵان گەڕیدا کەسی نەدەگەیشتێ!

دوای ئەوەی خەڵک گەڕانەوە، چەتەکان کشانەوە کێوەکانی شیمال، بەڵام ئەو نەڕۆیشت چونکە لە تەڕی دەخوارد و لە وشکی دەخەوت! حازر نەبوو جێگا بە خۆی لێژکا. بە کورتی وەنگ لانگ ئەوەندەی پێوە نارەحەت بوو کاتێک چاوی پێ دەکەوت دەتگوت حەریفی دایکی دەبینێ بەتایبەت کە بە لینگی ڕووتی دەتلاوە. ڕۆژێک وەنگ لانگ چوو بۆ شار و لە کوڕەکەی پرسی:

– ڕۆڵە گیان! کاکت پەڵپی گرتووە بۆ شار و دەڵێ ماڵە خانی گەورە بە ئیجار دەگرین، ئەتۆ دەڵێی چی؟

کوڕەکە گوتی:

– زۆرم پێ چاکە، منیش ژن دێنم و وەک بنەماڵەیەکی گەورە لێک کۆ دەبینەوە و ژیانێکی خۆشمان دەبێ.

ژن هێنانی ئەو کوڕەش بۆ وەنگ لانگ بوو بە مەسەلەیەک، چونکە ئەوەی بیری لێ نەکردباوە ژن هێنانی ئەو کوڕەی بوو، بەڵام دوای ئەوەی هەستی بە کەمتەرخەمی خۆی کرد و گوتی:

– بێ خەبەر نەبووم لەوەی کە تۆش وەختی ژن هێنانتە، بەڵام ڕەنگە بۆ خۆشت ئەوەی بزانی کار و گرفتاریم ئەوەندە زۆر بووە سەری خۆم پێ نەخوراوە! لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر لەو قاتی و قڕییەدا زەماوەندمان کردبا کەس چی چاکی پێ نەدەگوتین، بەڵام ئێستاکە خەڵک گەڕانەوە و بە ماڵوحاڵی خۆیان شادبوون ئێمەش خۆمان دەخورێنین.

ئەو جار بیری لەوە دەکردەوە کە لە کوێ کچێک بۆ کوڕەکەی پەیداکا؟ کوڕەکە کاتێک باوکی بە پەرێشانی دیت و گوتی:

– کارێکی خێرە و منیش ژن دێنم، خۆ ژن هێنان هیچ قازانجێکی نەبێ، ئەو قازانجەی هەیە کە پیاو تووشی جندەخانە نابێ، هەروەها پیاو دەبێ منداڵی بێ و ماڵوحاڵێکییان گوتووە، با ئەوەشت پێ بڵێم من چاو لە کاکم ناکەم و ژنی شاریشم ناوێ، چونکە هەوات بەسەردا لێ دەدا و دەڵێ ماڵە بابی من وابوون واچوون! لە ماڵە بابم هەر ڕۆژە پارچەیەک و کەوشێک و لەو بابەتانەیان بۆ دێنامەوە. ناوەڵڵا من حەوسەلەی ئەو جۆرە شتانەم نییە. بە کەمی خۆم ڕازی دەبم و ژیان لە خۆم تاڵ ناکەم.

وەنگ لانگ لەو قسانە سەری سوڕمابوو، چونکە بیری لەوە نەکردبووەوە کە بووکەکەی ئیفادە لەسەر مێردەکەی لێ بدا بەڵکو زۆریش چاک بوو، بەڵام ئەو قسانەی کوڕەکەی زۆر پێخۆش بوو، چونکە ئەوە نیشانەی تێگەیشتوویی و پاشەڕۆژ لەبەر چاوگرتن بوو. لەبەر خۆیەوە گوتی: «بۆ تاکو ئێستا من ئەو کوڕەی خۆم نەناسیوە؟».هۆیەکەشی ئەوەبووە کە لەبەر کوڕە گەورەکەی کەمتر بەوەیان ڕادەگەیی، هەروەها لە کاتی قسەکردندا کەس گوێی بۆ ڕانەدەگرت و بە هێندیان نەدەگرت، بەتایبەت دوای ئەوەی لە پێش چاوان ون ببوو و وەدوای کار کەوتبوو هەر بە جارێک لە بیر چوو بووەوە کەچی وەنگ لانگ دەیگوت سێ کوڕم هەیە.

وەنگ لانگ کاتێک کوڕەکەی وا بە پیاوانە هاتە بەرچاو بە سەرسوڕمانەوە گوتی: «ئەوەش کوڕی منە؟». لە پاشان بە کوڕەکەت گوت:

– ڕۆڵە گیان! پێت خۆشە ئەو کچەی دەیهێنی چۆن بێ؟

کوڕەکە زۆر بە ئارامی گوتی:

– عەرز بێ لە خزمەتتان حەزدەکەم کچەکە خەڵکی ئاوایی خۆمان بێ، لە بنەماڵەیەکی خۆش نێو بن و باوکیشی خاوەن ملک و زەوی بێ، کەسوکاری فەقیر و هەژاری نەبێ. بە کورتی کچێک بێ جیازی زۆر بێ، زۆریش جوان نەبێ. بەڵام واش نەبێ پیاو بێزی لێ



بکا، هەروەها لە کاروباری نێو ماڵ کابان بێ و بتوانێ لیباسیش بۆخۆی ببڕێ. ژنێکی ئەو سیفەتانەی هەبێ پێم خراپ نیە.

وەنگ لانگ بە بیستنی ئەو قسانە هەڵبەزیبیەوە، زۆری پێ سەیر بوو! لەبەر خۆیەوە گوتی: «چۆن ئەوە کوڕی منە و وا لێی بێ خەبەرم؟!». ئەو کوڕە بە پێچەوانەی بابی و کاکی وەدوای ژنان نەدەکەوت و دڵتەڕ نەبوو! کاتێک وەنگ لانگ داییێن پاکی ئەو کوڕەی بۆ ڕوون بووەوە ئافەرینی بۆ نارد و بە پێکەنینەوە گوتی:

– حاڵی بووم چ کچێکت دەوێ. بۆت لە حەول دا دەبم چینگیش لەو کارانەدا زۆر شارەزایە و بە ویش دەڵێم.

وەنگ لانگ بە پێکەنینەوە هەستا و بەرەو ماڵە خانی گەورە وەڕێ کەوت. کاتێک گەیشتە بەر دەرگای خان وەک جاران ڕاوەستا و چاوەڕوان بوو ڕێنوێنی بکەن. بەڵام دوای ئەوەی کەس دیار نەبوو بۆخۆی وەژوورکەوت. وەختێک چووە ژوور ئەو ڕۆژەی وەبیر هاتەوەوە کە چووە لای جندەیەک و هەواڵی کوڕەکەی لێ پرسی. وەنگ لانگ یەکسەرە ڕووی کردە وەتاغی ئەو جندەیە، کە دەرگای کردەوە تەماشای کرد پیاوێکی پیر لە جێگای وی بوو! زۆری پێخۆش بوو! چونکە فەقیر و هەژار جێگای دەرەبەگ و دەوڵەمەندەکانیان گرتبووەوە و ئەویش لە نێو واندا وەک خان وابوو و ئەوانی پێ پیس و پوخڵیو بوو! لەبەر بۆن کەپۆی گرتبوو و پێی کەسری شان بوو بەلایاندا بڕوا. سەرەنجام لە حەوشەی پێشەوە تێپەڕی و بە پارێز بەرەو دیوەخان ڕۆیشت. کاتێک نزیک بووەوە تەماشای کرد پیرێژنێک لەبەر دەرگا دەوێژینکێ. وردە وردە لێی چووە پێش و گوتی: «خۆ ئەوە دەرکەوانەکەیە، ئەوە بۆ وا پیس و بێ نوود بووە؟!». وەنگ لانگ ئەو ڕۆژەی وەبیر کەوتەوە کە منداڵەکەی لە ئامێز گرت و هێنایەوە ئەو بەر دەرگایە. بۆ هەوەڵین جار هەستی بە پیری خۆی کرد و بە ژنەکەی گوت:

– پیرێژن هەستە دەرگام بۆ بکەوە.

پیرێژن لە خەو ڕاپەڕی، چاوەکانی هەڵگلۆفی، بە زمان لێوی تەڕ کرد و گوتی:

– بە منیان گوتووە دەرگای لە هیچ کەس مەکەوە، مەگەر کەسێکی هەموو حەوشەکە بە کرێ بگرێ.

وەنگ لانگ گوتی:

– زۆر چاکە ئەگەر بە دڵم بێ بە ئیجارەی دەگرم.

بەڵام خۆی بە پیرێژنەکە نە ناساند. پیرێژن گوتی:

– ئەگەر وایە بە دوامدا وەرە.

وەنگ لانگ هەموو جێگاکانی دەناسییەوە تەماشای کرد حەوشەی دیوەخان پەپووی لێ دەخوێنێ و سریوە نەدەهات! لێرەش قەرتاڵەکەی وەبیر کەوتەوە کە بە جێی هێشت و چووە دیوەخانێ بە دوای پیرێژندا ڕۆیشت تا گەیشتە دالانێکی گەورە. لە ناکاو وەبیری کەوتەوە کە ڕۆژێک لەو بەردەرگایە بۆ چاوپێکەوتنی کڵفەتێک ڕاوەستاوە بۆ ئەوەی پەسندی کا و مارەی کا! لە ڕووبەڕوویەکەشی تەختێکی جوانی وێنە لێ هەڵکەندراو داندرابوو کە خاتوونی پیر بە ناز لەسەری دانیشتبوو. وەنگ لانگ بە یادی ئەو سەردەمەی کە ئارەزووی ڕۆژێکی وای دەکرد چوو لەسەر تەختی خاتوونی پیر دانیشت و دەستی بەم لا و ئەولای تەختەکەدا بەرداوە و تەماشای ئەو پیرێژنەی دەکرد کە بە چاوی ڕیپۆقاوی تەماشای دەکا. وەنگ لانگ زۆر خۆشحاڵ بوو و پێی وابوو بە ئاواتی خۆی گەیشتووە، لە ناکاو مستێکی لە مێزەکەی پێش خۆی دا و گوتی:

– ئەو ماڵەم دەوێ.



## ٢٩

وەنگ لانگ کاتێک لەسەر شتێک تەمای دەگرت دەبوو بێ ئەم لاو ئەولا ئەنجام بدرێ؛ چونکە هەتا پیرتر دەبوو دڵناسکتر و کەم حەوسەلەتر دەبوو! هەروەها پێی خۆش بوو پێش ئەوەی ڕۆژ ئاوا بێ کارەکانی تەواوکا و دیمەنی ڕۆژ ئاوابوون لە ئاسۆ تەماشا کا. پاش ئەوەی تەمای خۆی بە کوڕە گەورەکەی ڕاگەیاند لە دوای کوڕەکەی دیکەشیان نارد و ماڵەکەیان گوێزتەوە.

لە سەرەتاوە نەیلووفەر و کووکوو و قەرەواشەکان شتومەکی وانیان برد، وەنگ لانگ بۆ ڕۆیشتنەکەی پەلەی نەدەکرد. لەبەر ئەوەی زەحمەتێکی زۆری لەسەر ئەو مووچە و مەزرایە کێشابوو. لەگەڵ کوڕە چکۆڵەکەی ماوە دوای ئەوەی کوڕەکانی زۆریان هەوڵ لەگەڵ دا گوتی:

– ئێستاکە لە کۆڵم نابنەوە حەوشەیەک بۆ من لەبەر چاو بگرن هەر وەختێک پێم خۆش بوو دێم، بەڵام ڕۆژێک دێم کە بۆ سبەی نەوەکەم لە دایک بێ. لە پاشانیش هەر وەختێک پێم خۆش بوو دەگەڕێمەوە ئاوایی و سەر لە مووچەکانم دەدەم.

– ئاخر ئەو کچە شێتە چ لێ بکەم؟ نازانم ئەویش لەگەڵ خۆم بێنم یان لێرە بێ؟ بەڵام چارە نییە دەبێ بەجێی نەهێڵم چونکە کەس نییە ئاگاداری لێ بکا و پاروە نانێکی بداتێ!.

مەبەستی وەنگ لانگ لەو قسانە بووکەکەی بوو، «بووکێ بە تۆ دەڵێم خەسوو گوێت لێبێ». ڕاست ئەوەیە. چونکە بووکەکەی بە هیچ جۆر تخوونی خۆی نەدەکرد و دەیگوت:

– ئینسانی وا نابێ بمێنێ، چونکە هەر کەس چاوی لێ بکا منداڵەکەی بەڵەک و ناتەواو لە دایک دەبێ.

سەرەڕای ئەوەی مێردەکەی خۆ لە بەرابەر ئەو قسانەی خێزانیدا بێدەنگ بوو، توانج و تەشەرەی وەنگ لانگیش بێهوودە بوو. لە پاشان وەنگ لانگ لە وەڵامی کوڕەکەیدا گوتی:

– من جارێ نایەم با بزانم ژن هێنانی ئەو کوڕە بە کوێ دەگا.

بەم چەشنە کوڕە گەورەکەشی ڕازی کرد. لەگەڵ کچەکەی و کوڕە چکۆڵەکەی، هەروەها ژمارەیەک کرێکار و بنەماڵەی مامی و چینگ لە ئاوایی مانەوە، دوای ئەوەی کوڕە گەورەکەی ڕۆیشت ماڵە مامی گوێزتیانەوە وەتاغەکەی نەیلووفەر. وەنگ لانگ تازە لەوە دەرچوو بوو کە خۆی بەو جۆرە شتانەوە ماندوو و ناڕەحەت بکا، چونکە مامی پێیەکی لەسەر لێوی قەبر بوو. بە مردنی ویش ئەرکی وەنگ لانگ لە بەرابەر ئەو بنەماڵەدا تەواو دەبوو، ئەوجار ئەگەر کوڕە مامەکەی وەدەریش نابا هیچ کەس لۆمەی نەدەکرد.

دوای ئەوەی هەرکەسە لە جێگای خۆی دامەزرا، وەنگ لانگ ژنێکی چوارپەل قایمی بۆ کاروباری نێو ماڵ بەکرێ گرت، لەبەر ئەوەی کەس نەبوو ناڕەحەتی بکا جگە لە خەو و خواردن هیچ کارێکی دیکەی نەبوو. بەڵام ژن هێنانی کوڕی دووەمی هەر لە بیر بوو سەرەنجام لە خۆی نووسا و بە چینگی گوت:

– حەولێکمان بۆ بدە.

چینگ هەرچەند زۆر کز و بێ تاقەت بوو، بەڵام وەک سەگ سەبارەت بە وەنگ لانگ وفادار و بەئەمەگ بوو، بەو حاڵەش چاوێکی دەکردە چوار چاو و بە سەر کرێکارەکان ڕادەگەیی و نەیدەهێشت دەنکێکیش دەغڵودان بە فیڕۆ بڕوا. چینگ کاتێک لە مەبەستی وەنگ لانگ حاڵی بوو وەک خوازبێنچی چاک لیباسی لەبەرکرد و ئامادە بوو. دوای ئەوەی دوو سێ ئاوایی گەڕا و چەند کچێکی چاو پێکەوت، گەڕاوە لای وەنگ لانگ و گوتی:

– ژن پەیدا کردنم زۆر پێ هاسانترە تا بۆ کوڕەکەی تۆ، سێ ئاوایی خوارتر کچێکی زۆر جوان و ژێکەلانەی لێیە جگە لەوەی دەم بە پێکەنینە هیچ عەیبێکی دیکەی نییە. ئەمن ئەو کچەم زۆر پێ چاکە، جا بۆ خۆشتان دەزانن هەروەها باوکی کچەش خزمایەتی ئێوەی زۆر پێخۆشە، جیازەکەشی چاکە؛ خراپ نییە. خاوەن زەویوزاریشن، ئەوە هەیە ئێوە دەڵێن چی؟

وەنگ لانگ زۆری پێ چاک بوو و گوتی ڕامەوەستە دوای ئەوەی لە هەموو بارێکەوە قسە بڕاوە و سەنەد و بەڵگەی مارەکردن ئاڵوگۆڕ کرا وەنگ لانگ گوتی: «چاک بوو ئەوەش دامەزرا. ماوەتەوە کوڕێکم ئەوجا لە کۆڵ خوازبێنی دەبمەوە و بە ئاسوودەیی دادەنیشم». دوای ئەوەی ڕۆژی زەماوەندەکەیان دیاری کرد وەنگ لانگ بە خەیاڵێکی



ڕاحەت لەبەر تاوێ خۆی هەڵدەخست و دەخەوت. کاتێک وەنگ لانگ هەستی بەوە کرد کە چینگ کاری پێ ناکرێ و بۆ خۆشی پیر بووە، لە لایەکی دیکەشەوە کوڕی سێیەمیشی گەورە بووە و لە خەم ڕستووە بەشێکی زۆری لە زەوییەکانی بە نیوەیی دا بە خەڵکی ئاوایی. پاش ئەوەی لەگەڵ خەڵکەکە قسەیان بڕاوە و پێک هاتن، هات و چۆی شاری دەکرد و لەسەر نوێن و بانی خاوێن دەخەوت و کاری بە هیچ نەبوو. بەیانانیش کە دەروازەی شار دەکراوە بە پیاسەکردن و قەدەم لێدان بەرەو مووچە دەڕۆیشت. وای خوو بە مووچە و مەزرا گرتبوو بە هیچ شتێکی دیکە دڵی نەدەکراوە، هەر دوور و نزیکی مووچە دەبوو وەک گوڵ دەگەشاوە.

وەنگ لانگ وردە وردە سەبارەت بە خوداکان دڵی نەرم بوو، چونکە پێی وابوو خوداکان ئیجازەیان داوە کە بۆ تۆشەی داهاتوو شتێک کۆکاتەوە! لە لایەکی دیکەشەوە کوڕە مامەکەی کە برێک هاتبووە سەر عەقڵ، هاتە لای وەنگ لانگ و گوتی:

– دەڵێن لە شیمال شەڕە، پێم خۆشە لەو شەڕەدا بەشداری بکەم تا بتوانم کارێک بکەم و شتێک ببینم، بۆ کیسە خەو و لیباس و تفەنگ برێکم پووڵ دەوێ.

وەنگ لانگ لە خۆشییان وەک گوڵ گەشاوە و لە وانەبوو گەشکە بێ بەڵام وەسەرە خۆی نەهێنا. زۆری پێخۆش بوو لە کۆڵی بێتەوە، بەڵام بە ڕواڵەت ناڕەزامەندی خۆی دەربڕی و گوتی:

– ڕۆڵە گیان! ئەوە چ تەمایەکە گرتووتە! خۆ ئەتۆم نەبێ چم بۆ ناکرێ و کەس نییە مامم لەگەڵ بە خاک بسپێرێ.

کوڕەکە بزەیەکی هاتە سەر لێو و گوتی:

– هێندەش نەفام نیم سەری خۆم لە پرێسکەوە پێچم، دڵنیابە هەر جێگایەک خوڕەی ئاوی لێبێ خۆی لێ نادەم. تەنیا پێم خۆشە ئاڵوگۆڕێک لە ژیانمدا پێک بێ، هەروەها پێش ئەوەی پیر بم و لە کار بکەوم کەمێک چاوم بە وڵات بکەوێ.

پاش ئەو قسانە وەنگ لانگ مستێکی پووڵی زیو دایە و گوتی: «خودا بکا لەو تەمایەی خۆی پەشیمان نەبێتەوە. بەڕاستی ئاسوودە دەبین هەر ئەوەندە بڕوا کار تەواوە، چونکە دانیشتوانی ئەو وڵاتە بێ شەڕ ناحاوێنەوە».

وەنگ لانگ گوتی: «خۆ لە شەڕدا شیرنی بڵاو ناکەنەوە بەڵکو بکوژرێ و لە کۆڵمان

بێتـەوە». بە کـورتی لـەو هەلەی کـە هاتبـووە پێش زۆر خـۆشـحـاڵ بوو، بەڵام ئاشکرای نەدەکرد. کاتێک دیتی کە ئامۆژنی بۆی ناڕەحەتە و دەگری بۆ ئەوەی لە بیری بەرێتەوە حۆقەکەی بۆ ئامادەکرد و گوتی:

– ناڕەحەت مەبە پلە و مەقامی دەچێتە سەر و دەبێتە هۆی شانازی ئێمە.

بەو دڵخـۆشی دانەوە مـاڵـەکـە بڕێک ئەهوەن بووەوە و ولاتێکی کش و مـات، کـەس سـریوەی نەدەهات. چونکە کـەسـێکی وا نەمـابوو ببـێـتـە هۆی ناڕەحـەتی. لە لایـەکی دیکەشەوە بووکەکەی شاری لەسەر مانگ و ڕۆژی خۆی بوو.

وەنگ لانـگ لە لایـەک بیـری لەوە دەکـردەوە کـە نەوەکـەی نزیکە لە دایک دەبێ، لە لایەکیش بیری لەوە دەکردەوە کە ڕۆژێک بنەماڵەیەکی وەک ماڵە هوانگ لەو ماڵەدا ژیاون و ئێستا جێگای وی گرتووەتەوە. زۆر خۆشحاڵ بوو، بە ئیشتیا پووڵی خەرج دەکرد، بە تۆپ پارچەی ئاوریشمی دەکڕی، چونکە جوان نەبوو بە لیباسی پەشمییەوە لە دەوری ئەو مێز و سەندەڵییە جوانانە دانیشن؛ تەنانەت بۆ دەست و پێوەندەکانیشی پارچەی زۆر چاکی دەکڕی. هەموو ئەو کارانەی زۆر بە دڵخۆشی ئەنجام دەدا بە میوانەکانی کوڕەکەی لە شاری ڕا دەیهێنان و چاویان بە شتەکانیان دەکەوت هێندەی دیکە خۆشحاڵ دەبوو. قوڵی ئەو قوڵی نەمابوو! ئەو وەنگ لانگی کە ڕۆژێ بە لەتێک نان و کەمێک سیر و پیواز ڕازی بوو ئێستا شام و نەهار و بەرچایەکەی یەک لە یەک چاکتر بوون و بە تەواوی لاسای دەوڵەمەند و ئەشرافەکانی دەکردەوە. کووکوو کاتێک ئەو ئاڵوگۆڕەی چاوپێکەوت گوتی:

– ڕابردووی ئەو مـاڵەم بۆ زیندوو بووەتەوە بەو تۆفیـرە کـە ئێسـتا پیر بووم و بە کاری خانی پیریش نایەم!

بە دەم ئەو قسانەوە بە ناز و ئەدا تەماشای وەنگ لانگی دەکرد. وەنگ لانگیش هیچ سڵ نەدەبوو خۆی واپێشـان دەدا کـە ئەو جلـفێـتـییـەی وی نەدیوە و نەبیسـتـووە. بەڵام خۆشـحـاڵ بوو لەوەی کـە کـووکـوو وەک خـانی پیـری حیـسـاب دەکـا؛ بە کـورتی بە سـەر ژیانێکی خۆشدا کەوتبوو. بە کەیفی خۆی دەیخوارد و دەخەوت و هەرچی ئارەزووی لێ با دەیکرد. لە لایەکی دیکەشـەوە چاوەڕوانی لە دایک بوونی نەوەکـەی بوو و ڕۆژ بژێری دەکرد. سەرەنجام بووکەکە کەوتە ژانان و کوڕەکەی گوتی:

– کووکوو پێی وایە زۆری پێوە دەبێ چونکە کزە و بێ تاقەت.

وەنگ لانگ کـە زانی چی لە دەست نـایە، گەڕاوە حـەوشەکـەی خۆی و دانیـشت. دوای



گوێ لێ بوون لە ناڵە ناڵی ژنەکە هەستی بەوە کـرد کە پێویستی بە یارمەتی یەکێک لە خوداکـان هەیە. هەستا چووە دوکانێک و دوو سێ لقی عـوود کڕی. چووە پەرستگەیەک لە شار کە خـودای ڕەحمەت بە لیـباسێکی زەرد لـە سووچێک داندرابوو، بڕێکی پووڵ دا بە مالمێک و گوتی:

– ئەو عوودانەم بۆ بسووتێنە بەڵکو خودا بەزەیی پێمان دا بێ و نەوەکەم بە سلامەتی لە دایک بێ.

وەنگ لانگ لە حاڵێکدا مالمەکە خەریک بوو عـوودەکانی لە بەرابەر خودای ڕەحمەت دا دەسووتاند، بە دڵتەنگی گوتی:

– ئەوە هاتووە کوڕ نەبوو کچ بوو؟!

بە شوێن ئەوەوەدا گوتی:

– ئەگەر کوڕبێ بەرماڵێکی سووری جوان بۆ خودا دەکڕم، بەڵام ئەگەر کچ بێ چاوی بە هیچ ناکەوێ.

لە پاشان بە ناڕەحەتی وەدەرکەوت لەبەر ئەوەی لە پێشدا بیری لەو مەسەلە نەکردبووەوە کـە ئەگـەر منداڵەکـە کـوڕ نەبوو کچ بوو چ بکا. ناچار بڕێکی دیکـەی عـوود کـڕی، بەڵام ئەوجار چووە لای ئەو دوو خـودایەی کـە ئاگـایان لە مـووچەکـانی بوو، لەوێ عـوودەکـانی سووتاند و بە ملکەچی گوتی:

– ئێـمـە تاکـو ئێـسـتـا خزمـەتێکی زۆرمـان بە ئێـوە کـردووە و ئاگـامـان لە ئێـوە بووە. ئێـستـاش نزیکە ببـمە باپیـرە گـەورە و ئەگەر نەوەکەم کـوڕ نەبێ لەمـەوبەدوا بە هێندتان ناگرین و ڕووتان تێ ناکەین.

دوای ئەو کارانە ماندوو و مردوو گـەڕاوە، چوو لە پشت مـێزێک دانیـشت و چاوەڕوان بوو کلفەتێک چای بۆ بێنێ و یەکیش تۆزی ڕێگای لەسەر و چاوی کاتەوە. بەم هۆیە یەک دوو جـار دەستی لێک دا تا بەم جۆرە حـاڵیـان کا کـە هاتووەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر قـەرەباڵغ بوو کـەس ئاوڕی وێ نەدا! لە خۆشی ڕانەدەدیت بپرسێ منداڵەکە لە دایک بووە یان نا. هەروا بە سـەر و چاوی خـۆڵاوی دانیـشت و کـەس خـۆی تێ نەگـەیاند. سـەرەنجـام نەیلووفەر خۆی هاویشتە سەر شانی کووکوو و بە پێکەنین هات و گوتی:

– مزگێنیم دەیە نەوەکەت کوڕە و زۆریش جوان و خەپەتۆڵەیە.

وەنگ لانگ بە بیستنی ئەو خەبەرە زۆر خۆشحاڵ بوو، لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی:

– چاک بوو لە کۆڵ ئەو خەمەش بوومەوە، بە ڕاستی پێوەی ناڕەحەت بووم.

دوای ئەوەی نەیلووفەر گەڕاوە وەتاغەکەی خۆی وەنگ لانگ گوتی: «زۆرم پێ سەیرە خۆ کاتێک کوڕەکەی خۆم لە دایک دەبوو ئەوەندە نەدەترسام». پاش ماوەیەک بیرکردنەوە ئۆلانی وەبیر کەوتەوە کە لە کاتی منداڵ بوون دەچووە وەتاغێکی تاریک و تنووک و بێ ئەوەی کەسێک مامانی بێ دوابەدوای یەک کوڕی دەبوو. سەرەڕای ئەو هەموو زگ کردنە بە زەیستانی هەڵدەستا دەچووە مووچە و کاری دەکرد، کەچی بووکەکەی بێجگە لەو هەموو دەست و پێوەند و کلّفەتەی کە لەبەر دەستی دایە، مێردەکەشی دەستەونەزەری ڕاوەستاوە!

بەڵێ ڕابردووی وەبیر کەوتەوە بەتایبەت ئەو وەختانەی کە ئۆلان لە مووچە دەستی لە کارکردن دەکێشاوە و شیری دەدا بە منداڵەکەی. ئەوانە بۆ وەنگ لانگ وەک خەون و خەیاڵ وابوون. لە حاڵێکدا بیری لەو شتانە دەکردەوە کوڕەکەی بە پێکەنین وەژوور کەوت و گوتی:

– بابە گیان! کوڕەکەم لە دایک بوو! دەبێ دایەنێکی بۆ پەیداکەین، با خێزانم مەمکەکانی نەشەمزێن و ناحەز نەبێ. جگە لەوەش مۆد نییە ژنە دەوڵەمەند شیری بدا بە منداڵی خۆی.

وەنگ لانگ بە بێ ئەوەی بزانێ لەبەر چی ناڕەحەتە، گوتی:

– زۆر چاکە کوڕم بۆ خۆت چۆنت پێ مەسڵەحەتە وابکە.

دوای ئەوەی منداڵەکە بوو بە مانگێک، کوڕەکەی تەدارەکی جێژنی لە دایک بوونی منداڵەکەی گرت و میوانێکی زۆری لە شار و کەسوکاری خێزانی بانگ کرد. بۆ ئەو میوانییە سەد هێلکەی سوور کرد و دای بە میوانەکان. لە پاشان بەزم و شادی دەستی پێکرد. دوای ئەوەی گوێزەبانەکە تەواو بوو کوڕەکە هاتە لای وەنگ لانگ و گوتی:

– ئێستاکە بووینە سێ پشت، وا چاکە شەجەرەنامەیەک بۆ خۆمان دروست کەین و بنەچەکەی خۆمان دیاری کەین. هەروەها کاتێک لەوحەکان ئامادەکران لە جێگایەکی تایبەتییان دادەنێین و لە ڕۆژانی جێژندا ڕێزیان لێ دەگرین چونکە تازە لە ڕیزی چینی دەوڵەمەند و پیاوی ماقووڵین و نێو بەدەرەوە.

وەنگ لانگ خۆشی لەو قسە هات و خێرا دەستووری دا لەوحەیان دروست کرد و



دایاننان. پاش ئەوەی باپیرە گەورە و باپیری لەسەر لەوحەیەک نووسرا، جێگای نێوی وەنگ لانگ و کوڕەکانیشیان هێشتەوە تا دوای مردنیان بنووسێ، کوڕە گەورەکەی مەنقلێکیشی بۆ عوود سووتاندن کڕی و داینا.

دوای ئەو کارانە وەنگ لانگ بەڵێنی خۆی کە کڕینی بەرماڵ بۆ خوداکەی بوو بردە سەر و بەرماڵەکەی کڕی. چونکە پێی وابوو ئەو خودایانە بە خۆڕایی کار ناکەن و ئەگەر بیشیکەن، کەلێنێکی هەر دێڵنەوە کە لە لایەکی دیکەوە پێوەدەن! لە حاڵێکدا بیری لەو مەسەلە دەکردەوە یەکێک بە هەڵات هەڵات هاتە لای و گوتی:

– چینگ لە گیانەڵڵا دایە و داوای تۆ دەکا.

وەنگ لانگ بە بیستنی ئەو قسە تووڕە بوو و گوتی:

– خەریکم باوەڕ دەکەم کە ئەو دوو خودا لەعنەتییانەی مووچە لەبەر بەخیلایەتی چاویان بە ئێمە هەڵنایە و لە حەیفان لەوانەیە لەبەر یەک بڵاو بن. لە لایەکی دیکەشەوە لەبەر ئەوەی بەرماڵێکم بۆ خودای پەرستگەی شار کڕیوە، لە حەیبەتان لەوانەیە خۆ بە ئاو و ئاور دادەن. بەڵام دەبێ ئەوەی بزانن کە ئەوان تەنیا خودای خاکن و چیدیکەیان لە دەست نایە.

وەنگ لانگ لە ناڕەحەتیان نەهاریشی نەخوارد، تەنانەت بە قسەی نەیلووفەریش دانەنیشت و بەپەلە وەدەرکەوت. نەیلووفەر بە غاردان کلّفەتێکی وەدوا خست، بەڵام وا ڕۆیشت کلّفەتی بێچارە تۆزیشی نەشکاند. وەنگ لانگ خۆی گەیاندە وەتاغی چینگ و پرسی:

– نازانن بۆ وای لێهاتووە؟

وەتاغەکەی پڕ بوو لە کرێکار و هەریەکەی قسەیەکیان دەکرد، یەکیان هەڵیدایە و گوتی:

– دەیویست جەنجەڕەکەی بۆخۆی بکا.

ژمارەیەکی دیکە گوتیان:

– زۆرمان پێگوت ئەو کارە بەتۆ ناکرێ و تازە پیر بووی.

یەکی دیکە لەو لاوە گوتی:

– دەیویست ئەو کرێکارە تازە فێر بکا.

وەنگ لانگ بە قەڵسی گوتی:

– دا ئەو کرێکارەم بۆ بێنن بزانم.

کرێکارەکانی دیکە بە پاڵەستۆ هێنایانە پێش، کابرای بێچارە لە ترسان وەک شەق شەقە دەلەرزی و هەردووک ئەژنۆکانی نووشتابووەوە. وەنگ لانگ وردە وردە لێی نزیک بووەوە بە هێز و قەوەتی خۆی زللێکی لێدا؛ کەس نەیدەوێرا تکای لێ بکا. کابرای فەقیریش لە ترسان هەست و خوستی لە خۆی بڕیبوو. لە حاڵێکدا چینگ ناڵە ناڵی دەهات وەنگ لانگ گوتی:

– تەماشای ئەو سەودایەی کەن ئەوە خەریکە دەمرێ و منیش لەوە دەدەم.

لە پاشان لە پەنا چینگ دانیشت دەستی لە نێو دەستی خۆی نا، بەڵام چینگ دەستەکانی سارد ببوونەوە و بە حاڵ نەفەسی دەهات، وەنگ لانگ ملی خوارکردەوە و گوتی:

– چینگ من ئەوە لێرەم نارەحەت مەبە تابووتێکت بۆ دەکڕم لە تابووتی بابم چاکتربێ.

بەڵام چینگ لەوەی دەرچووبوو کە گوێی لە دەنگی وەنگ لانگ بێ و لە زمان کەوتبوو، سەرەنجام کەس قسەی لێ نەزانی و مرد. دوای ئەوەی چینگ مرد، وەنگ لانگ سەری لەسەر سینگی دانا و دەستی کرد بە گریان؛ گریانێکی وا کە بۆ بابیشی ئەوەندە نەگریبوو. لە پاشان ناردی تابووتی بۆ کڕی و بۆ بە خاک سپاردنەکەی چەند پیاوی ئایینی بانگ کرد. هەروەها بۆ خۆشی لیباسی ڕەشی لەبەر کرد و لەگەڵ جەنازەکەی ڕۆیشت بۆ قەبران. هەرچەند کوڕەکەی گوتی ئەوە خزمەتکارێکی ئاساییە و شیاوی ئەو هەموو ڕێز و حورمەتە نییە، وەنگ لانگ وەک مردوویەکی بنەماڵەی خۆیانی تەماشا کرد و سێ ڕۆژی پرسە بۆ دانا. نەیانهێشت دەنا پێی خۆش بوو لە لای بابی و ئۆلان بینێژێ. کوڕەکانی کردیانە پرتەوبۆڵە و گوتیان:

– چۆن دەبێ دایک و بابی ئێمە لەگەڵ خزمەتکارێک لە گۆڕستانێک بن، ئەگەر بێتوو ئەو کارەی بکەن دەبێتە داب بۆ ئێمەش.

بە کورتی قسەی وەنگ لانگیان لە عەرزی دا و جوابیان نەداوە. وەنگ لانگ لەبەر ئەوەی نەیدەویست لەسەر مەسەلەیەکی وا سادە شەڕ و هەڵلا ساز کا، دوای ئەوەی چینگیان لە سووچێک تەسلیم بە خاک کرد گوتی:

– ئەگەر مردم لە لای چینگم بنێژن.



دوای مەرگی چینگ، وەنگ لانگ کەمتر دەچووە مووچە، چونکە حەوسەڵەی کارکردنی نەمابوو. بەم هۆیە زۆربەی زەوییەکانی دان بە ئیجارە، خەڵکەکەش ئەوەیان زۆر پێخۆش بوو، چونکە زەوییەکانی زەوی چاک بوون. وەنگ لانگ سەرەڕای ئەوەی لە کار کەوتبوو، حازر نەبوو زەوییەکانی بفرۆشێ. خانووبەرەکەی ئاواییشی دا بە یەکێک لە کرێکارەکان و گوتی:

– ئاگایەکیشت لەو دوو ترباک کێشە پیرە بێ.

تەماشای کرد کوڕە چکۆڵەکەی بە جۆرێکی تەماشا دەکا، بڕێک ڕاوەستا و گوتی:

– نارەحەت مەبە بەجێت ناهێڵم. کچەکەش لەگەڵ خۆم دەبەم بۆ شار، جاران لەبەر دڵنیا بوون لە چینگ بەجێم دەهێشتن. ئێستاکە چینگ نەماوە، بۆ کێتان بەجێ بێڵم؟

بەڵێ دوای ئەوەی چوو بۆ شار، زۆر کەم پێی ڕادەگەیی بگەڕێتەوە ئاوایی و سەر لە مووچە و مەزرا و مامی و ئامۆژنی بدا

## ٣٠

وەنگ لانگ لەبەر ئەوەی زەوییەکانی بە ئیجار دابوو و مانگە و مانگیش پوولەکەیان دەدایە پێی وابوو بە ئاواتی خۆی گەیشتووە! دەتوانێ لە پەنا کچە شێتەکەی سەندەڵێک دانێ و بە ئاسوودەیی سیغاری خۆی بکێشێ. ئەگەر کوڕە گەورەکەی لێیان گەڕابا، کاریان زۆر چاک بوو. بەڵام بەداخەوە ئەو کوڕەی لەوانە نەبوو بە هەموو شتێک ڕازی بێ، هەمیشە لە بیری ڕازاندنەوەی وڵات دابوو، بەم هۆیە ڕۆژێک هاتە لای بابی و گوتی:

– ئێمە پێویستیمان بە زۆر شت هەیە و دەبێ هەر لە ئێستاوە ئامادەیان کەین. شەش مانگی ماوە بۆ زەماوەندی برا چووکەکەم، نە سەندەڵیمان بە ئەندازەی میوانەکان هەیە، نە قاپ و کەوچک. جگە لەوەش پیاو خەجاڵەتی دەکێشێ بەو میوانە ماقووڵانە بڵێ بە نێو ئەو ڕەش و ڕووت و سواڵکەرانەدا بێنە دیوی میوانان. هەروەها دەبێ دوای زەماوەندەکە لە بیری حەوشەیەکی دیکەشدا بین؛ چونکە منداڵی دیکەمان دەبێ و جێگامان نابێتەوە.

وەنگ لانگ دوای ئەوەی تەماشای کوڕەکەی کرد چاوی لەسەر یەک دانا، مژێکی لە سیغارەکە دا و گوتی:

– بڵێ بزانم چیت دەوێ، قسەی حیسابیت چییە؟

کوڕەکە کە زانی بابی بەو پێشنیارە ڕازی نییە، بە دەنگێکی بەرز گوتی:

– دەڵێم دەبێ حەوشەی دەرەوەشمان هەبێ، ئەو شتانە بۆ ماڵێکی گەورەی وەک ماڵە ئێمە زۆر شتێکی ئاسایی و سادەیە.

وەنگ لانگ مژێکی دیکەی لە سیغارەکەی دا و گوتی:

– زەوی ئی خۆمە و تۆ دەستت لێ نەداوە.

کوڕەکە بە بیستنی ئەو قسە تووڕە بوو و گوتی:

– بابە گیان! تۆ بۆ خۆت لەبەر خوێندنت نام و گوتت خوێندەواری باشە. ئێستا کە دەمهەوێ لەبەر خاتری تۆ لێهاتوویی خۆم پێشان دەم تەشەر و لاتاوم پێ دادەدەی و خەریکی بە زۆرەملێ بە سەرماندا بسەپێنی کە من و خێزانم وەک دێهاتییان بژین!!

کوڕەکە دوای ئەو قسانە خۆی سوور هەڵگێڕا و ناڕەحەت بوو. کاجێکیان لە حەوشەکەدا



بوو، خەریک بوو لە حەیفان بکشێتەوە و خۆی پێدادا! وەنگ لانگ ترسا و پێی وابوو بەڵایەک بە سەر خۆی دێنێ، چونکە بە منداڵیش هەر قەڵس و تووڕە بوو، ناچار بۆ ئەوی شتێک لە خۆی نەکا گوتی:

– هەر کارێک پێت خۆشە بیکە و دەست لە من هەڵگرە.

کوڕەکە کاتێک ئەوەی بیست گوتی هەتا پەشیمان نەبووەتەوە با بڕۆم. بە پەلە، تا ئەو جێگایەی بۆی کرا، ژمارەیەکی مێز و سەندەڵی بە دروست کردن دا. هێندێکی پەردەی سووری ئاوریشمی بۆ دەرگاکان لەبەر چاو گرت و بڕێکیشی گوڵدان و چینی کڕی. هەروەها بەردی مەڕمەڕی لە دیوارەکان دا و تەپۆڵکەیەکی دەسکردی لە نێو حەوشەکاندا دروست کرد. لەو ماوەدا کە خەریکی ئەو کارانە بوو ڕۆژێ دوو سێ جاران دەچووە دەر و دەهاتەوە. ئەوەشی زۆر پێ ناخۆش بوو، چونکە بێزی لە خەڵکەکە دەکرد. وەختێک بە لایاندا دەڕۆیشت بە دەسرۆکەیەک لووتی دەگرت و چاوی دەقووچاند. خەڵکەکەش دوای ئەوەی لەوان تێدەپەڕی لە قاقای پێکەنینیان دەدا و دەیانگوت:

– تەماشای ئەو پۆز و ئیفادەی! بۆگەنی ماڵە بابی لە بیر چووەتەوە!

بەڵام هیچ کەس نەیدەوێرا ڕووبەڕوو ئەو قسانە بکا، لەبەر ئەوەی پووڵدار بوو هیچی پێوە دیار نەبوو.

سەرەنجام ڕۆژی جەژن لە بارەی نرخی ئیجارەی زەوییەکان تەمایان گرت و خەڵکە هەژارەکە لەبەر ئەوەی ئیجارەکەیان بۆ نەدەدرا بە ناچاری ڕۆیشتن. خەڵکەکە لە پاشان بۆیان دەرکەوت کە ئەو کارە بە یارمەتی کوڕی هوانگ کراوە. بەم چەشنە ئەو خەڵکە هەژارەیان بە فێڵ و تەڵەکە وەدەرنا و زەوییەکانیان پێ بەجێ هێشتن، بەڵام لە کاتی پێچانەوەی شتومەکەکانیاندا هەموو تف و لەعنەتیان دەکرد و دەیانگوت:

– تاکەی ژێر دەستی پووڵدار بین و زۆریمان لێ بکەن؟!

خەڵکەکە لەوێ ڕۆیشتن، بەڵام ئەوەندەی بڵێی دڵ پڕ و تووڕە بوون و دەیانگوت:

– بڵێی ڕۆژێک تۆڵەی خۆمان بکەینەوە؟ لە لایەکی دیکەشەوە پێیان وابوو پووڵدار لەوە چاکتر نابێ و هەرکە گیرفانیان پڕ بوو سواڵکەر و چەتە لێیان وەخۆ دەکەون. وەنگ لانگ لەو شتانە بێ خەبەر بوو، چونکە پیر و بێ تاقەت ببوو. بێجگە لە خواردن و خەوتن کاری بە شتی دیکە نەبوو؛ لە لایەکی دیکەشەوە کاروباری ماڵەکەی و دەسەڵاتی هەموو شتێکی دابوو بە کوڕە گەورەکەی.

ئەو کورە گەورەی وەنگ لانگ هەروەک گوتمان زۆر لە خۆڕازی و بە پۆز بوو؛ پاش ئەوەی ئەو خەڵکە هەژارەیان وەدەرنا، بۆ خاوێن کردنەوەی ئەو وەتاغەی کە خەڵکە فەقیرەکە چڵکن و خراپیان کردبوو، ژمارەیەکی بەننا و دارتاش هێنا و ولاتی پێ خاوێنکردنەوە، هەروەها حەوزی نێو حەوشەکانیشی دروست کردەوە و پڕی کردن لە ماسی. لە دەوران دەوری حەوزەکانیش گوڵی دانا.

ڕۆژێک خێزانی بە ئیشتیا هاتە دەر تاکو بزانێ مێردەکەی چ دەستە گوڵێکی بە ئاو داداوە و چی کردووە. چاوێکی بە ولاتی دا خشاند و سەری ڕاوەشاند، دیار بوو وەبەر دڵی نەکەوت. کەموکوڕییەکانی بە مێردەکەی گوت و گەڕاوە. سەرەنجام خەڵک هەموو لە مەبەستی کوڕە گەورەکەی وەنگ لانگ حاڵی بوون و پێکتریان دەگوت:

– ئەو ماڵە وەک پێشووی لێهاتووەتەوە و دەرەبەگایەتی ژیاوەتەوە! هەر ئەو خەڵکە کە ڕۆژێک بە نێوی وەرزێڕ وەنگ لانگیان بانگ دەکرد، ئەورۆ بوو بە وەنگ لانگی ئەشراف و خان.

وەنگ لانگ لەو هەمووە خەرجەی کە بە فیڕۆ کرابوو بێ خەبەر بوو! هەموو ڕۆژێ کوڕەکەی دوو سێ جار دەهات و دەیگوت:

– بۆ فلان کار پێویستم بە سەد سکەی زیو هەیە، فلان دەرگا خراپ بووە دەبێ چاک کرێتەوە، جێگای مێزەکان دەبێ بگۆڕین.

وەنگ لانگ لەبەر ئەوەی پێی وابوو پووڵەکەی بە فیڕۆ دەڕوا، چکە چکە پووڵەکەی دەدایە. چونکە زەوییەکانی بە ئیجارە دابوون زۆری دڵ بە پووڵەکەیەوە بوو. پووڵێکی مفتی وەگیر دەکەوت و مفتیش لە دەستی دەچووە دەر. هەروەها ئەگەر ئەو کوڕەی دووەمی پێی نەگوتبا لەوانەبوو هەر نەزانێ کە ئەو پووڵە چلۆن خەرج دەکرێ! ڕۆژێک هاتە لای بابی و گوتی:

– بابە گیان! ئەو هەموو خەرجە بێ جێیە کەی تەواو دەبێ؟! بۆ ئێمە حەتمەن دەبێ لە کۆشک دا بژین؟ ئەگەر ئەو پوولانەمان بە سەدی بیست بە سوود دابا ئێستا زیاتر لە وەزنی خۆی پووڵ دێناوە. هەروەها ئەو حەوز و دار و گولانە خۆ بەریان نابێ چ سوودێکی هەیە؟ ئاخر گوڵی سۆسن و نەیلووفەر چ دەردێک لەسەر ئێمە سووک دەکا؟

وەنگ لانگ کاتێک زانی کە ئەو دوو برایە نزیکە لە گیانی یەکتر بەر بن، بە پەلە و لە ترسی ئەوەی ماڵەکەیان نەشێوێ گوتی:



– ڕۆڵە گیان! ئەو کارانە لەبەر خاتری زەماوەندەکەی تۆیە.

کوڕەکەی لە حەیفان پێکەنی و گوتی:

– وەڵڵا بەزمێکی چاکە، خۆ خەرجی زەماوەندەکە دە بەرابەری خەرجی بووکەکە هەڵدەگرێ، خۆ بابە گیان! وانابێ، ئەو پوولانە ئێرسن کە دەبێ دوای تۆ لە بەینی ئێمەدا دابەش کرێ؛ کەچی ئێستا کاکم لەبەر پۆز و ئیفادەی خۆی بە فیڕۆ خەرجی دەکا!

وەنگ لانگ دەیزانی کە ئەو کوڕەی زۆر لەسەر شت دەڕوا و دەست هەڵناگری گوتی:

– زۆر چاکە سەبارەت بەو مەسەلە لەگەڵ کاکت قسە دەکەم و هەروا پێشی بەرەڵڵا ناکەم، هەق بە تۆیە؛ ڕاست دەکەی.

کوڕە بەوەش ڕازی نەبوو، دەستی دا قەڵەم و قاقەز و هەموو ئەو خەرجانەی کە کاکی کردبووی نووسی و لە پێش بابی دانا. وەنگ لانگ کاتێک چاوی بە سووڕەت حیساب کەوت گوتی:

– ڕۆڵە گیان! هێشتا هیچم نەخواردووە. دایبنێ دوایە تەماشای دەکەم.

پاش ئەوەی لە کۆڵ خۆی کردەوە، لەگەڵ کوڕە گەورەکەی قسەی کرد و گوتی:

– ڕۆڵە گیان! پووڵ خەرج کردن بەس نییە؟ بۆ لەبیرت چووەتەوە کە ئێمە دێهاتین، کوا ئەو کارانە لە ئێمە دەوەشێتەوە؟

کوڕەکە نێوچاوانی تێک نا و گوتی:

– نەخێر وانییە! خەڵکی ناو شار بە ئێمە دەڵێن بنەماڵەی وەنگ. ئێمە دەبێ جۆرێک بژین کە لەگەڵ نێوەکەمان بێتەوە. ئەگەر براکەم ئەوەی نازانێ من و خێزانم ئەوەندە تێدەگەین کە شەرەف و گەورەیی بنەماڵەی خۆمان بپارێزین.

وەنگ لانگ تازە دەیزانی کە خەڵکی ناو شار بەو نێوەیان دەناسن، چونکە هەتا پێرتر دەبوو کەمتر وەدەر دەکەوت. نەدەچووە گازینۆ و، قاوەخانەش. کاروباری بازاڕیشی بۆخۆی نەدەکرد، چونکە کوڕەکەی دیکەی بەو کارانە ڕادەگەیی. وەنگ لانگ لە حاڵێکدا بەو خەبەرە خۆشحاڵ بوو گوتی:

– کوڕم دەبێ بزانی کە بنەماڵەی گەورەکانیش لە سایەی پیت و بەرەکەتی زەویوزار ماقووڵ بوون.

کوڕەکە زۆر زیرەکانە وەلامی داوە و گوتی:

– قســـەکـەت دروســـتــە، بەڵام ئەتـۆش ئەوەی دەزانی کـە ڕیشـە لـک و پۆپی زۆر لێ دەبێتەوە و هێندێک لەوان دەبنە گوڵیش.

وەنگ لانگ پێی وانەبوو کوڕەکەی وا حازر جوابە، برێک ڕاوەستا و گوتی:

– نابێ چیدیکە ئەو زیوانە بە فیڕۆ بڕۆن، ئەگەر بە قسەی تۆ ئەو ڕیشانە گوڵ دەرکەن یان میوەیان پێوە بێ، دەبێ لەو خاکەدا ڕیشە داکوتن.

پاش ئەو قسانە شەو بە سەرداهات و وەنگ لانگ پێی خـۆش بوو بە تەنیا برێـک بیـر بکاتەوە. بەڵام کوڕەکەی سەرەڕای ئەوەی بە ئارەزووی خۆی وڵاتی ڕازاندبووەوە و قسەی خۆی کردبوو بابی بەجێ نەهێشت و گوتی:

– جارێ بەسە، بەڵام شتێکی دیکە ماوە.

وەنگ لانگ کیسە و قەنەکەی فڕێ دا و گوتی:

– کە وابوو من نابێ قەت نانێکی بە ئاسوودەیی بخۆم؟

کوڕەکە دەستی هەڵگرت و گوتی:

– ئەو مەسەلە پێوەندی بە کوڕەکەی تۆوە زیاترە تا من و کوڕەکەم، بەڵام دیسانیش پێم خۆش نییە برا چکۆڵەکەم نەفام و نەخوێندەوار بێ، دەبێ دەرس بخوێنێ و شت فێر بێ.

وەنگ لانگ بەو قسەیە زۆر ناڕەحەت بوو، چونکە ئەوە هەوەڵێن جار بوو کە ئەو قسەی دەبیست! لە لایەکی دیکەشەوە لە پێشدا لە بارەی کوڕە چکۆڵەکەی دا بیری کردبووەوە کە دەبێ چ بکا و چ کارە بێ. هەر بۆیە گوتی:

– خوێندەواری دیکەمان ناوێ، دوو کەسمان بەسە، دەبێ دوای مەرگی من یەکێک بێ بە سەر مووچە و مەزراکە ڕابگا.

کوڕەکە لە وەڵامدا گوتی:

– ئەوە بۆیە شەوانە ژیر نابێتەوە، کز و لاوازیەکەییەکەشی هەر لەبەر ئەوەیە.

وەنگ لانگ بیری لەوە دەکردەوە کە چلۆن تاکو ئێستا لەو کوڕەی خۆی نەپرسیوە چ کارێکت پێخۆشە و بۆخۆی کاری بۆ دیاری کردووە. بەڵام ئەوەی کوڕە گەورەکەی دەیگوت شتێکی دیکە بوو، هەربۆیە ئەو قسە کاری لێکرد و هانی دا لە بارەی کوڕی سێیەمی دا زیاتر بیر بکاتەوە. ئەو کوڕەی وەک هیچ کام لە براکانی دیکەی نەدەچوو، وەک دایکی بێدەنگ بوو! لەبەر ئەوەی هیچی نەدەگوت کەس ڕووی نەدەدایە. وەنگ لانگ بە دوو



دڵی لە کوڕەکەی پرسی:

– تۆ بۆخۆت ئەوەت لێ بیست؟

کوڕەکە لە وەڵامدا گوتی:

– دەتوانی بۆخۆشت قسەی لەگەڵ بکەی و لێی بپرسی.

وەنگ لانگ وەک ئەوە دەچوو دڵی نەرم بووبێ! برێک مات بوو و گوتی:

– ئەمن ئەوانە نازانم دەبێ یەکتان ئاگاتان لە مووچە و مەزراکە بێ.

کوڕەکە ڕازی نەبوو و گوتی:

– ئاخر لەبەر چی بابە گیان؟ تۆ دەوڵەمەندی و تازە پێویستیت بەوە نییە کە کوڕەکەت وەک دێهاتییەک لە مووچە کار بکا. کەس چی چاکمان پێ نالێ، هەروەها پێمان دەڵێن لەچەر و پیس.

سەرەنجام قسەی کوڕەکەی وەڕاست گەڕا و خەڵک بە دەست وەنگ لانگیان دەست نیشان دەکرد و دەیانگوت ئەو پیاوە لەسەر ئەو هەموو سەروەتەڕا وەک کرێکارێک لە مووچە کار بە کوڕەکەی دەکا؛ بەڵام بۆخۆی وەک خانزادان دەژی! کوڕەکەی لەبەر ئەوەی دەیزانی بابی حیساب لەسەر خەڵک دەکا لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:

– ئەوە دەردی بێ دەرمان نییە و دەست نییە لە گۆزەی دا مابێ، زۆریش سادەیە دەنێرین مامۆستایەک بێ و لە ماڵێ دەرسی پێ بڵێ. دوای ئەوەی کەمێک چاو و گوێی کراوە دەینێرین بۆ یەکێک لە قوتابخانەکانی جنووب. من بۆخۆم لە لای تۆم، براکەی دیکەشم خەریکی کار و کاسپییە و جێگای نیگەرانی نییە، ئیجازە بدە با ئەوەش بە دڵی خۆی کارێکی بکا.

وەنگ لانگ گوتی:

– پێی بڵێ با بێ بزانم.

کوڕی سێیەم هاتە لای بابی و ڕاوەستا، بەڵام هەر دەتگوت لەو تایفە نییە! هەتا دەست هەڵێنی باڵابەرز و شۆخ و شەنگ بوو. هیچ کوێی وەک دایک و بابی نەدەچوو، تەنیا لە بێدەنگی و لە لەسەرەخۆیی دا وەک دایکی دەچوو، وەنگ لانگ دەتگوت قەتی نەدیوە، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر تەماشای کرد گوتی:

– کاکت ڕاست دەکا دەڵێ پێت خۆشە خوێندەوار بی؟

کوڕەکە لە وەڵامدا گوتی:

– بۆ پێم ناخۆشە، خۆ شێت نەبووم پێم ناخۆش بێ!

وەنگ لانگ سیغارێکی پێچاوە و گوتی:

– حاڵی بووم دەڵێی چی. ئەتۆش حەز ناکەی بە سەر مووچەکان ڕابگەی، چۆن دەبێ لەو هەموو کوڕە یەکیان حازر نەبن ئاگاتان لە مووچە و مەزراکە بێ؟

وەنگ لانگ دیار بوو ئەو قسانە بە قەڵسی دەکا، بەڵام کوڕەکەی هیچی نەگوت. سەرەنجام خۆی بۆ ڕانەگیرا و بە تووڕەیی گوتی:

– بۆ مرتەقت لە خۆت بڕیوە و هیچ ناڵێی؟ ڕاست دەکەن دەڵێن پێت خۆش نییە بە سەر مووچەکان ڕابگەی؟

کوڕەکە دیسانیش بە وشەی بەڵێ وەڵامی داوە، وەنگ لانگ لەبەر خۆیەوە گوتی: «خۆ بە پیری سەریش لە دەستیان ئاسوودە نیم، چیان لەگەڵ بکەم؟». دوای ماوەیەک گوتی:

– بە من چی چ دەکەی چ ناکەی! بڕۆ لە پێش چاوم ون بە!

دوای ئەوەی کوڕەکە ڕۆیشت وەنگ لانگ دانیشت و گوتی: «هەرچی بێ کچەکانم لە کوڕەکانم چاکترن! یەکیان شێتە و کارەکەی ئەوەیە پارووە نانێک بخوا و بە کوتە پەڕۆیەک کایە بکا، ئەوەی دووەمیش مێردی کرد و کاری بە ئێمە نەماوە». زۆر زوو لە کوڕەکانی جاڕز دەبوو، بەڵام دوای ئەوەی ڕقەکەی دەنیشتەوە دەیگوت: «هەرچی پێیان خۆشە با بیکەن». لە پاشان کوڕە گەورەکەی بانگ کرد و گوتی:

– وا دیارە برا چکۆڵەکەت پێی خۆشە دەرس بخوێنێ، بڕۆ مامۆستایەکی بۆ بێنە با دەرسی پێ بڵێ. ئەمن ناڕەحەت مەکەن چ دەکەن بکەن.

لە پاشان کوڕەکەی دووەمی بانگ کرد و پێی گوت:

– ئەگەر بڕیارە هیچ کام لە ئێوە بە سەر مووچە و مەزراکە ڕانەگەن ئەتۆ ئاگات لە پووڵی ئیجارەکان بێ با فێڵمان لێ نەکەن

کوڕەکەی ئەو پێشنیارەی زۆر پێخۆش بوو، چونکە پووڵەکانی بابی بەوی دەگەیشت و لە ژێر چاودێری وی خەرج دەبوو. وەنگ لانگ ئەو کوڕەی دووەمی خۆی زۆر پێ سەیر بوو، چونکە لە ڕۆژی زەماوەندەکەشدا هەر لە بیری ئەوەدا بوو کە پووڵی زیادی خەرج نەکەن لە حاڵێکدا دەبێ زاوا لە ڕۆژی وادا گیرفانی بکاتەوە و ئەو شتانەی وەبەرچاو نەیە.



فەقیری و دەوڵەمەندی لە هەموو وەخت و کات و ساتێک خۆ دەنوێنێ و دیارە، لەو زەماوەندەش خەڵکی شار و دێیان لێک جیا کردبوونەوە! بۆ وێنە سفرەی میوانەکانی شار بە نان و چێشتێکی چاک و مەشرووب ڕازابووەوە، بەڵام نان و چێشتی دێهاتییەکان کەمێک لە ئی ڕۆژانەی خۆیان چاکتر بوو.

هەر وەک گوتمان کوڕە نێونجییەکە زۆر بە مشوور بوو، نەیدەهێشت هیچ شتێک بە فیڕۆ بڕوا، تەنانەت ئاگای لەو شتانەش بوو کە میوانەکان هێنابوویان بۆ سەر زەماوەندەکەی. هەروەها سەبارەت بە خزمەتکار و کڵفەتەکانیش زۆر توندی گرتبوو لە سەد جاران جارێک شتێکی دەدانێ! ڕۆژێک دوو سکەی زیوی دا بە کووکوو بەڵام کووکوو بە دەنگێکی بەرز گوتی:

– دیارە ئەوانە زۆر سواڵکەرن، ئەگەر بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و نێو بە دەرەوە بان ئەوەندە پیس و چنۆک نەدەبوون، ئەو دەم و دەزگایە بۆ ئەو بنەماڵەیە نابێ.

کوڕە گەورەکەی وەنگ لانگ بە بیستنی ئەو قسە زۆر ناڕەحەت بوو، بە دزی چەند سکەی زیوی لە دەست کووکوو هاویشت و بەم چەشنە ڕق و تووڕەیی خۆی سەبارەت بە برا چووکەکەی دەربڕی. ئەوەندە ناڕەحەت بوو خۆی پێ ڕانەگیرا و لەو کاتەی دا بووکەکەیان لە کەژاوە نا تەنیا دوو سێ کەس لە دۆستەکانی خۆی بانگ کرد، چونکە پێی وابوو بەر چاوتەنگی براکەی دەبێتە هۆی ئابڕوو چوونی وی لە لای دۆستەکانی. لە لایەکی دیکەشەوە چونکە کچەکە دێهاتی بوو زۆری پێوە ماندوو نەبوو، کاتێک بووکیان دادەبەزاند لە سووچێک ڕاوەستا و بە تەشەر گوتی:

– تەماشای ئەو برایەی من لەسەر ئەو هەموو سەروەتەی بابم ڕا چ ژنێکی ناحەزی هێناوە، خۆ فەقیرێک نییە نەتوانێ و دەستی نەڕوا، دەیتوانی ژنێکی زۆر جوان بێنێ.

– کاتێک زاوا و بووک ئیحترامیان بۆ برا گەورەکەی و براژنی دانا، براکەی بە هێندی نەگرتن و ژنەکەشی زۆر بە پۆز و ئیفادە لەگەڵیان ڕووبەڕوو بوو، لەو کاتەدا ئەوەی لەو حەوشەدا دەژیان کەس بەتەواوی ئاسوودە نەبوو جگە لە نەوە چکۆڵەکەی وەنگ لانگ؛ تەنانەت وەنگ لانگ بۆ خۆشی بە نەیلووفەریش دڵی نەدەکراوە، هەر تاوناتاوێک لە خەو ڕادەپەڕی و هەڵدەستا دادەنیشت. زۆر بە ئاواتەوە بوو بگەڕێتەوە خانووبەرەکەی ئاوایی و بە ئیشتیا قونچکە سیغار و تلّتە چای فڕێ دا و ترسی ئەوەی نەبێ کە جێگاوبان و تەختەکەی پیس دەبێ.

کوڕەکانیش وەک بابیان ناڕەحەت بوون و نیگەران؛ کوڕە گەورەکەی لەبەر ئەوەی نیگەران بوو کە لەو زەماوەندەدا لەچەری بکەن و لەبەر چاوی خەڵک چکۆڵە بێتەوە یان میوانەکانی دێهاتی بە دەرگای میوانەکانی شاردا بێنە ژوور و ئابڕووی بچێ. کوڕی دووەم لە بیری ئەوەدا بوو پووڵەکان بە فیڕۆ خەرج نەکەن و تەواو نەبێ، هەروەها کوڕی سێیەمیش هەوڵی دەدا تۆڵەی ئەو چەند ساڵەی بکاتەوە کە وەک منداڵێکی دێهاتی لەبەر تاو سووتاوە و کاری کردووە، هەروەها وەک براکەی خوێندەوار بێ.

هەر وەک گوتمان تەنیا نەوەکەی وەنگ لانگ شاد و بە کەیف بوو، ئەویش لەبەر ئەوەی بوو نەیدەفامی، وەنگ لانگ بە چاوپێکەوتنی ئەو منداڵە زۆر خۆشحاڵ دەبوو، وەک سێبەر لێی جیا نەدەبووەوە، هەمیشە چاوی بە سەرەییەوە بوو، نەکا بکەوێ و جێگایەکی بریندار بێ، لە پێکەنین و هەڵبەز دابەز و قومار کردنەکەی تێر نەدەبوو. بە کورتی وەنگ لانگ لەو ماڵەدا تەنیا بەو منداڵانە دڵی دەکراوە، منداڵیش ڕۆژبەڕۆژ ژمارەیان زیاد دەبوو. پێیان دەگوت بووکە گەورەکەت دیسانیش زگی پڕە. وەنگ لانگ بە پێکەنینەوە دەیگوت:

– بەڵێ زگی پڕە، جا چ بوو تا خاوەنی ئەو زەویوزارە بین نان خۆر با هەر زیاد بێ.

دوای ئەوە بووکی دووەمیش منداڵی بوو هێندەی دیکە خۆشحاڵ بوو، لەبەر ئەوەی نۆبەرەی بووکی دووەم کچ بوو زیاتر ئیحترامیان لە بووکی گەورە دەگرت. وەنگ لانگ دوای پێنج ساڵ حەوت نەوە، چوار کوڕ و سێ کچ دەوریان دا و حەوشە پڕ بوو لە زاق و زووق و پێکەنینی منداڵان. سەرەنجام مامیشی مرد، بەڵام لەو ساڵانەی دوایی دا هێندەی پێوە ناڕەحەت نەبوو، چونکە چیان لە دەست نەدەهات و بێ تریاکیشی نەدەکردن. زستانی ئەو ساڵە زۆر سارد و سەهۆڵبەندان بوو. بایەکی دەهات کە پیاو لەبەر سۆبەش گەرم نەدەبووەوە! وەنگ لانگ بیستی کە مامی و مامۆژنی حاڵیان چاک نییە، بەتایبەت مامی خۆی بۆ ڕاناگیرێ و هەر کە دەجووڵێتەوە خوێن دەڕشێتەوە، گوتی با بچم سەرێکیان لێ بدەم، کە چوو تەماشای کرد بە حاڵ ماوە، لە پێشدا دوو تابووتی بۆ دروست کردبوون گوتی:

– مامە ئەوەش تابووت نیگەران مەبە.

مامی بە دەنگێکی لەرزۆک و ئارام گوتی:

– تۆ بۆمن وەک کوڕ وای... زۆر لەو کوڕە بەڕەڵڵایەی خۆم بۆ من چاکتر بووی.



ئامۆژنی کەمێک لە مامی سەر زیندووتر بوو گوتی:

– ئەگەر هاتو مردم و چاوم بە کوڕەکەم نەکەوت بەڵێنیم پێدەدەی کچێکی چاکی بۆ پەیدا کەی کە کوڕی ببێ؟

وەنگ لانگ دڵنیای کرد کە ئەو کارەش دەکا، بەڵام ئاگای لە گیاندانی مامی نەبوو. تەنیا ئەوەندەی بیست کاتێک خزمەتکارەکە شێوی بۆ دەبا تەماشا دەکا لە حەوت ساڵان ڕاست بووەتەوە. وەنگ لانگ دوای ئەوەی لە گۆڕستانی بنەماڵەی خۆیان لە خوارەوەی بابی تەسلیم بە خاکی کرد دەستووری دا تا ساڵێک ڕەش پووش بن، ئەوە لەبەر ئەوەی نەبوو کە بەڕاستی بۆی پەرۆشن، چونکە مامی هەمیشە کۆسپێک بوو لەسەر ڕێگای وەنگ لانگ، بەڵام نەیدەویست ڕەسمی بنەماڵەی خۆیان پێ شێل کا.

لە پاشان ئامۆژنی بردە شار و بە کووکووی گوت بە کڵفەتێک بڵێ ئاگای لێبێ و خزمەتی بکا. پیرێژن شەو و ڕۆژ کاری ئەوەبوو تریاک بکێشێ و بخەوێ. تابووتەکەشی لە لای خۆی دانابوو و جار جار تەماشای دەکرد. وەنگ لانگ بیری لەوە دەکردەوە کە زەمانێک لە دەست ئەو ژنە لە هیچ کوێ خۆی نەدەگرت و زۆری لێ دەترسا، بەڵام ئێستا لە کار کەوتووە و وەک خاتوونی پیری ماڵە هوانگ تووشی بەدبەختی و تریاک کێشان بووە.

## ٣١

وەنگ لانگ سەبارەت بە شەڕ شتی زۆری بیستبوو، بەڵام بۆخۆی تووشی نەهاتبوو، لە سەردەمی جەوانی دا جارێکی دیبوو، هەروەها بابیشی قسەی بۆ کردبوو، خەڵکیش دەیانگوت کەس نازانێ ئەو ساڵ شەڕ لە کوێ دەست پێدەکا. شەڕ بۆ وەنگ لانگ ببووە مەسەلەیەکی وەک مەسەلەی لافاو و ئاسمان و زەوی، زۆری پێوە ماندوو بوو، نەشیدەزانی لەبەر چی بەشەڕ دێن بەڵام ئەوەندەی دەزانی کە شەڕ هەیە. هەروەها لەم و لەوی دەبیست کە دەیانگوت ئێمە دەچین بۆ شەڕ.

ئەو خەڵکەی ئەوەیان دەگوت لە برسان دەستیان وەهیچ جێگایەک ڕانەدەگەیی لە لایەکی دیکەشەوە پێیان خۆش بوو بە سەربازی بمرن چاکترە لەوەی سواڵ بکەن و لە برسان بمرن، هێندێک جاریش لەبەر بێکاری دەچوون بۆ شەڕ کە کوڕی مامی یەکێک بوو لەو کەسانە. شەڕ و بەڵای ئاسمان و لافاو وەک تۆفانی تووڕە هەر دەهات و لێیان نزیک دەبووەوە. وەنگ لانگ بۆ هەوەڵین جار هەواڵی شەڕی لە کوڕی دووەمی خۆی بیست. دوای نان خواردن کوڕەکەی پێی گوت:

– دەغڵودان گران بووە چونکە لە جنووب شەڕە و ڕۆژبەڕۆژ لە ئێمە نزیک دەبێتەوە، هەلی چاکە با حەمبارەکان خاڵی نەکەین، هەتا لەشکر لە ئێمە نزیک بێتەوە شت گرانتر دەبێ، ئەو وەختە بە کەیفی خۆمان دەیفرۆشین.

وەنگ لانگ ڕاوەستا تا قسەکانی تەواو بوو، لە پاشان گوتی:

– پێم خۆشە بزانم شەڕ چۆنە؟ چونکە هەر بیستوومە بۆ خۆم هیچم نەدیوە!

لە پاشان ئەو ڕۆژەی کەوتەوە بیر کە دەیانویست بە زۆر بینێرن بۆ شەڕ، ئەو ترسەی هەر لە دڵدا مابوو، بەڵام ئێستا پیر ببوو و بەکەڵکی سەربازی نەدەهات، جگە لەوەش تازە دەوڵەمەند ببوو و پووڵدار لە شتی وا نەدەترسا، لە پاشان بە کوڕەکەی گوت:

– بۆ دەغڵودان بە من مەڵێ، بۆ خۆت چیت پێ چاکە وا بکە.

وەنگ لانگ دوای ئەوەی لە خەوتن و خواردن و سیغارکێشان ماندوو دەبوو، یان دەگەڵ نەوەکانی کایەی دەکرد یان وەدوای کچە شێتەکەی دەکەوت. سەرەنجام ڕۆژێکی لە لای



شیمالی ڕۆژئاوا تاقمێکی زۆر پیاو بە لیباسی بۆر، وەک کوللە بە نێو شاری وەربوون. نەوە چکۆڵەکەی کاتێک چاوی بەو پیاوانە کەوت بە غاردان هاتە لای بابی و گوتی:

– بابە گەورە! بابە گەورە! زووکە وەرە بزانە ئەوانە کێن دێن؟

وەنگ لانگ لەبەر خاتری نەوەکەی تا بەر دەرگا هات، تەماشای کرد هەموو وڵاتیان داگرتووە، زۆریش تووڕە بوون و پیاو پێی وابوو هەرچی وەبەر دەستیان کەوێ لەت و پەتی دەکەن! وەنگ لانگ لە ترسان منداڵەکەی بۆ لای خۆی کێشا و لەبەرخۆیەوە گوتی:

– بابە گیان! بابچینەوە ژوور، ئەوانە بۆ تەماشاکردن نابن.

بەڵام پێش ئەوەی دەرگاکە پێوەدەن یەکێک لە سەربازەکان هاواری کرد و گوتی:

– ئۆهۆی برازاکەی باوکم.

وەنگ لانگ کاتێک ئاوڕی داوە تەماشای کرد برازاکەیەتی هەرای لێ دەکا. لە پاشان بە سەربازەکانی دیکەی گوت:

– دۆستان دەتوانین لێرە بمێنینەوە. ئەو پیاوە زۆر دەوڵەمەندە و خزمی ئێمەیە.

وەنگ لانگ لە ترسان قەڵەمی دەست و پێی شکا، پێش ئەوەی وەڵام بداتەوە، ژمارەیەک لە سەربازەکان بە بێ ئەوەی خولقیان بکەن چوونە ژوور و بە نێو ماڵێ وەربوون! وەنگ لانگ تەماشای کرد بە هەموو شتێک دوژمنن، بۆ وێنە بە سەر نێزەکانیان لە مێز و سەندەڵی و دار و دیواریان دەدا! سەرەڕای هات و هاوار و بگرە و بەردەیەکی زۆر، پیس و پۆخڵێویش بوون! بە لۆچان لە حەوزەکان ئاویان دەخواردەوە، بەڵغەم و چڵم و تفیان فڕێ دەدا سەر وڵاتی.

وەنگ لانگ زۆر بە ناڕەحەتی و پەرێشانی دەستی نەوەکەی گرت و چوو ڕووداوەکەی بۆ کوڕە گەورەکەی گێڕاوە. کوڕەکەی هەستا وەدەرکەوت کە بزانێ چ خەبەرە. کاتێک چاوی بە ئامۆزاکەی خۆی کەوت زۆر پەشۆکا و تێک چوو، دوودڵیش بوو لەوەی کە چ بکا، جنێوی بداتێ؟ ئیحترامی بگرێ؟ بەخێری بێنێ یان لەگەڵی بەشەڕ بێ؟ هەروا تەماشای سەربازەکانی دەکرد و پیشی دەخواردەوە، لە پاشان بە بابی گوت:

– هەر یەکەی کێردێکیان پێیە.

سەرەنجام لە ترسان هاتە سەر ئەو باوەڕە کە خۆی تووشی گێرە و کێشە نەکا، بەم هۆیە گوتی:

– ئامۆزا گیان! بەخێر هاتیەوە، خۆشحاڵین لەوەی کە جارێکی دیکەش بە دیدارت شاد بووینەوە.

کوڕی مامی بزەیەکی هاتە سەر لێو و گوتی:

– چەند کەسیشم میوان لەگەڵ خۆ هێناوە.

کوڕەکەی وەنگ لانگ گوتی:

– ئەو قسانە چن دەیانکەی؟! ماڵە خۆتە، پێتان لەسەر چاومان. لەوەی گەڕێ پێم بڵێ بزانم هەتا نەڕۆیشتوون نان و چێشتتان بۆ دروست کەین؟

کوڕی مامی بە گاڵتە پێکەنی و گوتی:

– بەڵێ نان و چێشتمان بۆ دروست کە و باسی ڕۆیشتن مەکە، هیچ پەلەیەکمان نییە. ڕەنگە چەند ڕۆژ یان چەند مانگ و یا یەک دوو ساڵ بمێنینەوە. تا دووبارە دەگەڕێینەوە بۆ شەڕ نیگابانی ئەو شارەین.

کاتێک وەنگ لانگ و کوڕەکەی ئەو قسەیان بیست زۆر ناڕەحەت بوون، بەڵام لە ترسی بریقەبریقی سەرنێزەی تفەنگان ئاشکرایان نەکرد و گوتیان:

– زۆرمان پێخۆشە، ماڵە خۆتە.

لە حاڵێکدا وەنگ لانگ و کوڕە گەورەکەی زۆر ناڕەحەت بوون و نەیاندەزانی چ بکەن کوڕەکەی دووەمی بە غاردان و هانکەهانک لە دەرگای دا و گوتی:

– هەموو ماڵەکان تەنانەت کەپرۆکەی هەژارەکانیش پڕ بوون لە سەرباز! ویستم پێتان بڵێم جگە لەوەی ڕێگایان بدەن هیچی دیکەتان بۆ ناکرێ! نەکەن شتێک بڵێن و ناڕەحەتیان کەن. یەکێک لە هاوکارەکانی من دەچتەوە و تەماشا دەکا وەتاغی ژنەکەشی پڕە، کاتێک ڕەخنە دەگرێ لە جوابدا کێردێکی لە زگی دەدەن، لە پشتی وەدەر دەکەوێ! کوڕە لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:

– ئەوەم بۆیە بۆ گێڕانەوە کە حیسابتان بێتە دەست و هەرچی گوتیان، نەڵێن نا. تووشی ڕۆژێکی ڕەش بووین تەنیا دەبێ دوعا بکەین هەرچی زووتر شەڕ لێرە تەواو بێ و ئەوانیش بڕۆن.

لە پاشان هەرسێکیان لە بیری ئەوەدا بوون کە چ بکەن و چلۆن ژنەکانیان لە دەست ئەو چاو برسییانە نەجات دەن؟ کوڕە گەورەکەی ژنە جوانەکەی خۆی هێنا بەرچاو و گوتی:

– ئێمە دەبێ ژنەکانمان لە جێگایەک دانێین کە هاتوچۆی بە سەرەوە نەبێ، هەروەها شەو



و ڕۆژیش لێیان خافڵ نەبین و دەرگایان لەسەر گاڵە دەین. دەرگای پشتەوەش کە نێوی دەرگای ئاشتییە بکەینەوە ئەگەر هێرشیان بۆ هێنایین لەوێوە بۆی دەرچین.

سەرەنجام ئەو کارەیان کرد، ژن و منداڵەکانیان بردە ئەو وەتاغەی کە نەیلووفەر و کووکوو و قەرەواشەکانی لێ بوو، لە پاشان هەرسێک کوڕەکان بە نۆبە سەریان لێ دەدان و کێشکیان دەکێشا. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو خۆ ماندوو کردنە لە دەست کوڕی مامیان خەو و خۆراکیان نەبوو، چونکە خۆی بە خزم و تایفە دەزانی و پێشیان بۆ نەدەگیرا. ئەویش گوێی لەو شتانە نەبوو و بە پشت ئەستووری سەرنێزەکەی بە کەیفی خۆی دەخولاوە. کوڕە گەورەکە بۆ هەر کوێیەک ڕۆیشتبا، وەدوای دەکەوت؛ بەڵام نەیەوێرا قسە بکا و لە کێردەکەی دەترسا. هەتیوی مامیشی پەرژینی لەبەر نەبوو! بە ئیشتیا خەریکی چاو لەوەڕاندنی خۆی بوو، شۆخی لەگەڵ ژنەکان دەکرد و قسەی پێدەگوتن. جارێک تووشی خێزانی کوڕە گەورەکەی بوو، بە پێکەنینەوە گوتی:

– بەه بەه، ئامۆزا گیان شتێکی جوانت بۆ پێوە بووە! لەچاوی پیس بەدووربێ چەندە جوانە!

بە ژنی کوڕی دووەمیشی گوت:

– بەه بەه، ئەوەش دەڵێی تووری فەرەنگیە! دێهاتی و وا خڕوخۆڵ و نەرم ونۆڵ!

ڕاستی دەکرد ژنی کوڕی دووەم سەرەڕای قەڵەوییەکەی، زۆریش لەبەردڵان بوو. هەروەها زۆر حازر جواب و بە غیرەت بوو، قسەی لە هیچ کەس نەدەپێچاوە. لە حاڵێکدا کوڕە گەورەکەی وەنگ لانگ لە ترسان ژنەکەی وەپشت خۆی دەدا، لە وەڵامی قسەی ئەو کوڕەدا گوتی:

– بەڵێ هێندێک پیاو مەزەی توور و گۆشتی سوور و سپیان پێخۆشە.

ئامۆزای مێردەکەی وەڵامی داوە:

– منیش پێم خۆشە.

لە پاشان دەستی درێژ کرد کە دەستی بگرێ، کوڕە گەورەکەی بە شۆخی کردنی ئەو دوو کەسە زۆر ناڕەحەت بوو، چونکە لەگەڵ داب و دەستووری وان نەدەهاتەوە و بەتایبەت لەبەر ژنەکەی خۆی کە شارستانی بوو زۆر خەجاڵەت بووەوە. ئامۆزاکەی کاتێک ئەوەی زانی لەبەر بەدفەڕی گوتی:

– بەڵێ من هەمیشە خواردنی گۆشتی سوورم پێ لە ماسییەکی سارد و بێ مەزە چاکترە، هەر وەک ئەمەیانم پێ جوانترە.

کاتێک ئەوەی گوت بووکە گەورەکەی وەنگ لانگ وەک ژنێکی سەنگین و بە حەیا هەستا چووە وەتاغێکی دیکە. لە پاشان کوڕە مامەکەی بە پێکەنینەوە بە نەیلووفەری گوت:

– بەڵێ خانم ئەو کچانەی شار زۆر بە پۆز و ئیفادەن، لەو بارەدا بڕوای ئێوە چییە؟

دوای ئەوەی بە وردی تەماشای نەیلووفەری کرد لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:

– دیارە مامم دەوڵەمەندە و چاکتان پێ ڕادەگا، لە خۆڕا ئەو هەموو گۆشتەت وەسەر یەک نەناوە! هەستان و دانیشتنەکەشت هەر وەک دەوڵەمەندان دەچێ! بەڕاستی ئێوە خاتوونن؟

نەیلووفەر بە وشەی خاتوون زۆر خۆشحاڵ بوو و قاقایەکی لێدا، چونکە ئەو شۆرەتە تەنیا تایبەتی بنەماڵەی دەوڵەمەندەکان بوو. لە پاشان دەستووری دا ئاوری قەننەکەی بۆ بگەشێننەوە و بە کووکووی گوت:

– چ پیاوێکی قسە خۆشە.

لە بنەوەش زۆر بە ناز و ئەدا تەماشای دەکرد. کوڕەکەش لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی:

– ئێستاش وەک دێڵەسەگی پیر دەستت لەو ئەدا و ئەتوارە هەڵنەگرتووە؟

کوڕە گەورەکە لە تاوان حەجمینی لێ هەڵگیرابوو و هیچی لە دەست نەدەهات. کوڕە دوای ئەوەی لە گەپ و گەمە تێر بوو، ویستی سەر لە دایکی بدا. وەنگ لانگ بردی وەتاغی ئامۆژنی پێشاندا. بەڵام تەماشایان کرد خرپ خەوی لێ کەوتووە. کوڕەکەی بە قۆنداغە تفەنگ وەخەبەری هێنا، پیرێژن دوای ئەوەی چاوەکانی هەڵگلۆفی و سەری هەڵێنا پێی وابوو خەون دەبینێ. کوڕەکەی گوتی:

– نابینی کوڕەکەت لێرە ڕاوەستاوە؟! بۆ هەڵناستی؟!

پیرێژن تا نێوقەدی خۆی لە نێو جێگاوبانەکە هێنا دەر و بە سەر سوڕمانەوە گوتی:

– ڕۆڵە گیان! ئەتۆ کوڕی منی؟

دوای ئەوەی ماوەیەکی چاک تێیەوەڕوانی، لە پاشان حۆقەکەی خۆی دایە چونکە بۆ بەخێرهێنانی لەوە چاکتری شک نەدەبرد. بە قەرەواشەکەیشی گوت:

– وەرە حۆقەکەی بۆ داگرە.

کوڕەکە تەماشایەکی کرد و گوتی:



– نەخێر حۆقەم ناوێ.

وەنگ لانگ کە لە پەنا تەختەکەی ڕاوەستابوو و تەماشای دەکردن لە ناکاو ترس دایگرت و گوتی کوڕەکەی نەڵێ ئەوە بۆ وات لە دایکم کردووە و فێری تریاک بووە. بەم هۆیە پێش دەستی کرد و گوتی:

– زۆرم پێخۆش بوو تریاکەکەی کەم کاتەوە، چونکە ڕۆژێ مستێکی پووڵی زیو دەویست. خۆ لەو تەمەنەشدا نەماندەتوانی بە قسەی نەکەین، ئەویش ڕۆژبەڕۆژ زیادی دەکرد.

کوڕەکە هیچی نەگوت دوای ئەوەی بڕێکی بیر لە چارەنووسی دایکی کردەوە وەدەر کەوت. بۆ نارەحەت کردنی بنەماڵەی وەنگ لانگ سەربازەکان هەموو لایەک بوون و ئەو کوڕەش لایەک. بەم هۆیە پێیان خۆش نەبوو چاویان پێ بکەوێ. دیارە سەربازەکانی دیکەش لە چاوی وی شێخ نەبوون، ئەوانیش بە سەرنێزە هیچ دار و دیواریان نەهێشتبوو! لق و پۆپی دارەکانیان دەشکاند و بە شەق لە مێز و سەندەڵییان هەڵدەدا و لە نێو حەوزەکانیان داویشتن، بەڵام ئامۆزاکەی خۆیان دەچووە لای کڵفەتەکان و گاڵتەی لەگەڵ دەکردن. وەنگ لانگ و کوڕەکانیشی لە بەرابەردا جگە لەوەی دان بە جەرگی خۆیاندا دابگرن هیچی دیکەیان لە دەست نەدەهات، کووکوو کە ئەوەی زانی گوتی:

– ئێوە تەنیا بە شتێک دەتوانن دەستی لەو جۆرە کارانە کورت کەنەوە. ئەویش ئەوەیە کڵفەتێکی بۆ دیاری کەن و کاری بە کەسی دیکە نەبێ؛ دەنا زۆر لەوە خراپتر دەبینن.

وەنگ لانگ ئەو پێشنیارەی زۆر پێخۆش بوو، چونکە شەو و ڕۆژ بیری لەو مەسەلە دەکردەوە و خەو و خۆراکی نەبوو، کەمێک ڕاوەستا و گوتی:

– پێشنیارێکی زۆر بەجێیە.

لە پاشان بە کووکووی گوت:

– بڕۆ کام کڵفەتی دەوێ؟

کووکوو دوای ئەوەی قسەی لەگەڵ کرد، گەڕاوە و گوتی:

– کچەکەی لای خانمی دەوێ.

کاتێک کڵفەتەکە ئەوەی بیست زیڕاندی و دەستی کرد بە گریان و لە خۆدان. لە حەیبەتان چادانێکی چا لە دەست بەربووەوە، لە پاشان خۆی بە سەر کەوشەکانی خانم دادا و گوتی:

– قورم بەسەر خانم گیان چم لێ دەکەی؟ لە کۆڵ من بنەوە لێی دەترسم و دەترسم بمکوژێ.

نەیلووفەر بەو قسەی کڵفەتەکە ناڕەحەت بوو و گوتی:

– یانی چی؟ خۆ ناتخوا، ئەویش بۆخۆی پیاوێکە، خۆ ئەژدیها نییە، جگە لەوەش پیاو هەموو وەک یەک وان، کە وابوو ئەو ئەدا و ئەتوارەی ناوێ.

لە پاشان بە کووکووی گوت:

– بڕۆ ئەو کڵفەتەکەی بدەیە.

کاتێک کڵفەتەکە ئەوەی بیست دەستی کرد بە هاوار و لە خۆدان و شین و واوەیلا؛ دەتگوت دەیبەن لە داری دەدەن! لە ترسان هەموو گیانی دەلەرزی. وەک جۆگە ئاوی بە چاویدا دەهاتە خوار! هەر جارەی ڕووی لە یەکێک دەکرد و دەپاڕاوە، بەڵام هیچی بۆ نەکرا و کەس جوابی نەداوە. لە ترسی نەیلووفەر کەس نەیدەوێرا قسان بکا. سەرەنجام وەنگ لانگیش ناڕەحەت بوو، بەزەیی بە کچەکەدا دەهات و نەشیدەویست نەیلووفەر وەخۆ خا، لەو بەینەدا تێ مابوو چ بکا؟ زۆری زگ بە کچەکە دەسووتا، وردە وردە لێی نزیک بووەوە و لە ئامێزی گرت، تەماشای کرد وەک مێژووکە دەلەرزێ! وەنگ لانگ دوای ئەوەی پێکەوە هەڵی سەنگاندن حاڵی بوو کە بۆ یەکتر نابن، چونکە کچەکە زۆر چکۆڵە و ناسک و جوان بوو، ئامۆزاکەشی هەتا بڵێی نالەبار و قەڵەو و پان و پۆڕ بوو! لەبەر ئەوەی بەو کارە ڕازی نەبوو بە کووکووی گوت:

– چاک نییە ئەو کچە جحێڵە بەم چەشنە ناڕەحەت کەین.

وەنگ لانگ زۆر بە لەسەرەخۆیی ئەو قسەی کرد، بەڵام نەیلووفەر بە توندی وەڵامی داوە و گوتی:

– ئەوە دەستوورە و دەبێ بیکا. گریان یانی چی؟ من پێم وایە هەموو ژنێک ئەو ڕێگایەی لە پێشە و ئینسانی نەفام دەگری.

بەڵام وەنگ لانگ دیسانیش گوتی:

– ئیجازە بدە بزانین هیچ ڕێگاچارەیەک هەیە یان نا؟ کاری وا بۆ پەلە کردن نابێ هەرچەند من بێ دڵی تۆ ناکەم بەڵام کەمێک حەوسەلەت بێ بزانین چ دەکەین؟

نەیلووفەر لەمێژبوو بە هیوا بوو سەعاتێکی خارجی و ئەنگوستیلێکی یاقووت بکڕێ.



پێی هەلێکی چاک بوو و بێدەنگی لە مەسەلەکە کرد. وەنگ لانگ بە کووکووی گوت:

– بڕۆ بە کوڕی مامم بڵێ ئەوکچە نەخۆشە، بۆ وی نابێ. ئەگەر هات و ڕازی نەبوو بڵێ لە پاشان ئەمە بە خەتابار نەزانێ، وەباڵی خۆی بە ئەستۆی خۆی. هەروەها پێشی بڵێ کڵفەتی دیکەمان زۆرن.

لە پاشان تەماشای کڵفەتەکانی دەوروبەری خۆی کرد لە حاڵێکدا هەموو ڕووی خۆیان گرتبوو بە ئەدا و ئەتوار پێدەکەنین یەکیان بە پێکەنینەوە گوتی:

– ئەگەر پەسندم کا من ڕازیم، ڕەنگە وەک دەڵێن هێندەش خراپ نەبێ.

وەنگ لانگ خەیاڵی ئاسوودە بوو و گوتی:

– زۆر چاکە بڕۆ.

کووکوو بە کچەکەی گوت:

– بە دوای من دا وەرە، دەزانم ئەو جۆرە پیاوانە حازری بە قەرز نادەن.

کچەکە بە قسەکانی کووکوو بڕێک هاتەوە سەرحاڵ بەڵام نەیلووفەر هەروا بە قەڵسی چووەوە وەتاغەکەی خۆی. وەنگ لانگ بەکچەکەی گوت:

– دوو سێ ڕۆژان مەچووە لای خانمەکت تا خاو دەبێتەوە. هەروەها کاتێک چاوت بە ئامۆزاکەم کەوت خۆت بشارەوە با دیسان تەماحت تێ نەکا.

کچەکە بە قسەی وەنگ لانگی کرد و ڕۆیشت. ئامۆزاکەی وەنگ لانگ ماوەی مانگ و نیوێک ماوە و هەر وەختێک پێی خۆش با دەچووە لای کچە قەڵەوەکە و لەگەڵی دەخەوت، سەرەنجام زگی پڕ بوو و زۆر بە شانازییەوە لە لای ئەم و ئەو باسی دەکرد! هێندەی پێ نەچوو کە سەربازەکانیان بۆ شەڕ بانگ کردەوە. ئامۆزاکەی وەنگ لانگیش یەکێک بوو لەو سەربازانە کە تفەنگەکەی بە سەر شانی دادا و بە گاڵتە گوتی:

– ئەگەر بۆخۆشم نەگەڕامەوە یادگارێکی چاکم بۆ ئێوە و دایکم بەجێ هێشتووە. یەکێک لە چاکییەکانی ژیانی سەربازی ئەوەیە، کە تۆو دەچێنێ و دەڕوا، ئەوەش کاری هەموو ڕەش و ڕووتێک نییە کە بتوانێ لە ماوەی یەک دوو مانگ دا یادگارێکی ئەو تۆ بەجێ بێڵێ، هەروەها خزمەت و گەورە کردنەکەشی لە کۆڵ دەبێتەوە.

هەتیوی قۆشمە و دوومۆر لە حاڵێکدا پێیان پێدەکەنی ڕەگەڵ سەربازەکانی دیکە کەوت و ڕۆیشت.

## ٣٢

کاتێک سەربازەکان ڕۆیشتن وەنگ لانگ و دوو کوڕە گەورەکانی بۆ هەوەڵین جار لە سەر ئەنجام دانی کارێک پێکەوە هاودەنگ بوون، ئەویش ئەوە بوو کە وێرانییەکانی ماوەی دوو مانگ چاک کەنەوە. لە سەرەتاوە دارتاش دەستی کرد بە مێز و سەندەڵی چاک کردنەوە و برێکی ڕێک و پێک کردن، ڕەنجبەرەکانیش حەوشە و دەرک و بان و حەوزەکانیان خاوێن کردەوە و ئاوی تازەیان تێ کردن. لە لایەکی دیکەوە کوڕە گەورەکەی ماسی و گوڵدانی جوان جوانی کڕی و لق و پۆپی شکاوی دارەکانی بڕی، بە کورتی پێش ئەوەی ساڵ تازە بێتەوە، باغچەکان پڕ بوونەوە لە گوڵ و ولاتەکەیان وەک ڕابردوو خاوێن بووەوە. هەروەها هەموو کەس چووەوە سەر جێگای خۆی و بۆ جارێکی دیکەش بە ئاسوودەیی لێک کۆ بوونەوە.

وەنگ لانگ ئەو کلفەتەی کە لە کوڕی مامی زگی پڕ بوو، کردە قەرەواشی ئامۆژنی و پێی گوت تا دەمرێ ئاگات لێی بێ و ئەگەر مردیش لە نێو تابووتەکەی خۆی بنێ. هێندەی پێ نەچوو کلفەتەکە کچێکی بوو، وەنگ لانگ زۆری پێخۆش بوو، چونکە ئەگەر منداڵەکەی کوڕ با، دایکی شانازی پێوە دەکرد و خۆی لێ دەکردنە شەریک و برابەش. بەڵام لەبەر ئەوەی منداڵەکەی کچ بوو دەتگوت هیچ نەقەوماوە، لە ڕاستیشدا وابوو چونکە کلفەتێک کلفەتێکی ببوو! وەنگ لانگ سەرەڕای ئەوەش دڵخۆشی داوە و پێی گوت:

– دوای مەرگی ئامۆژنیشم ئەگەر پێت خۆش بوو هەر لەو وەتاغە بمێنەوە و جێگاوبانەکەشی بۆ تۆ.

بێجگە لەوەی بەڵێنی وەتاغەکەی پێدا بڕێکیشی پووڵ دایە. کلفەتەکە دوای ئەوەی پووڵەکەی لە وەنگ لانگ وەرگرت گوتی:

– ئەرباب تکات لێدەکەم ئەو پووڵانەم بۆ جیاز بۆ ڕاگرە، هەروەها ئەگەر زەحمەت نەبێ بمدە بە پیاوێکی دێهاتی فەقیر و هاوشانی خۆم. هیوادارم خودا پاداشتی ئەو چاکانەت بداتەوە، ئێستاش بۆخۆتان دەزانن چەتوونە تازە بتوانم بە تەنیا دانیشم، حافرەتم کەس چی چاکم پێ ناڵێ.



وەنگ لانگ بەڵێنی پێ دا و گوتی:

– هیچ نارەحەت مەبە مێردێکت بۆ دەبینمەوە بە دڵی خۆت بێ.

لە حاڵێکدا بیری لەو مەسەلە دەکردەوە ئەو ڕۆژەی وەبیر کەوتەوە کە بۆ خۆی وەک ئەو کلفەتە بۆ ژن هێنان هاتبووە ئەو ماڵە! بە قسە ئۆلانی وەبیر هاتەوە و بیرەوەری ناخۆشی ڕابردوو؛ بەڵام ئۆلان لە کوێ و بۆخۆی لە کوێ؟ دڵی پڕ بوو و گوتیی:

– کاتێک ئەوپیرێژنە مەستە مرد پیاوێکت بۆ پەیدا دەکەم.

سەرەنجام وەنگ لانگ بەڵێنی خۆی بردە سەر، بەیانێک کلفەتەکە هات و گوتی:

– ئەرباب بۆم لە حەول دابە، ئەوڕۆ بەیانی پیرێژن خەوەکەی بوو بە خەوی یەکجاری و لە تابووتەکەشم ناوە.

وەنگ لانگ دوای ماوەیەک بیرکردنەوە یەکێکی نارد لە دوای ئەو لاوەی کە ببووە هۆی مەرگی چینگ و گوتی: «ئەوە بابەتی ئەو کلفەتەیە». پاش ئەوەی هەردووکی بانگ کردە لای خۆی و گوتی:

– کوڕە پێم خۆشە ئەو بێوەژنەی بدەم بە تۆ جگە لە ئامۆزاکەشم هیچ کەسی دیکە تخوونی نەکەوتووە.

پیاوەکە لەبەر ئەوەی هیچی نەبوو ژنی دیکەشی بۆ نەدەهات، سەری بەرداوە و هیچی نەگوت.

وەنگ لانگ وەک ڕۆژ لە ئاوابوون نزیک ببووەوە و تەمەنی شێست و پێنج ساڵ بوو. نەوەش وەک خیز و خۆڵ دەور و بەریان گرتبوو! سێ کوڕی لە کوڕە گەورەکە و دوو کوڕی لە کوڕی دووەمی بوو، کوڕی سێیەمی لەسەر مراد بوو کە بە ژن هێنانی ئەو کوڕەی ئەرکێکی نەدەما و دەیتوانی بە خەیاڵێکی ئاسوودە سەر لەسەر عەرزی دانێ و بخەوێ. بەڵام دەتگوت خوداکان ئاسوودەییان لە چارەنووسی وەنگ لانگ ڕەش کردووەتەوە! هەر جارەی تووشی کەند و کۆسپ و نارەحەتێکی تازەتر دەبوو! هێشتا بە تەواوی غەم و نارەحەتی سەربازەکانی لە دڵ نەچووبووە دەر تەماشای کرد بووکەکانی لەسەر شتی هیچوپووچ لێیان دەبووە شەڕ و ئامبازی یەک دەبوون! بناغەی ئەو شەڕ و هەڵلایەش ئامۆزاکەی خۆی بوو، چونکە لەو ڕۆژەوە کە تاریفی ژنە دێهاتییەکەی کرد و بە ژنی کوڕە گەورەکەی پێکەنی، ئەو دوو ژنە ڕقیان لێک هەڵگرت و ئێدی نەبڕاوە! ژنی کوڕە گەورەکەی کاتێک بە پەنا

هێوەرژنەکەیدا دەڕۆیشت جگە لەوەی بە چاوی سووک تەماشای دەکرد، بە دەنگێکی بەرز بە مێردەکەشی دەگوت:

– ئەوە ئەوپەڕی بێ شەرمییە کە پیاوێک بە ژنێک بڵێ کوتە گۆشتی سوور، ئەویش بە دەمێوە پێ بکەنێ! تەماشای کە ئێمە لەگەڵ کێ لە ماڵێک داین؟

ژنی کوڕی دووەمیش لە وەڵامدا دەیگوت:

– دەزانم بۆ ئاوری گرتووە، چونکە ئەو پیاوە پێی گوتووە ماسی سارد و بۆگەنیو!

ئەو کەندە و کۆژی و نێو و نرکە لێک هەڵدانە ڕۆژبەڕۆژ بەخیلایەتی ئەو دوو ژنەی سەبارەت بە یەک قوڵتر دەکرد. ژنی برا گەورەکە کە خۆی بە شارستانی دەزانی پێی کەسەری شان بوو لەگەڵ هاواجەکەی (هێوەژن) دم بەدمە بکا. بەقەستی پێدەکەنی و تێدەکۆشا وەسەرەخۆی نەهێنێ کە ئەو ژنە لەگەڵیشی لە ماڵێک دایە. هەروەها کاتێک منداڵەکانی لە حەوشەی ماڵە خۆیان دەچوونە دەر هەرای دەکرد و دەیگوت:

– ڕۆڵە گیان! خۆ لەو منداڵە بێ سەروبەرانە مەدەن.

هێوەر ژنەکەشی بە منداڵەکانی خۆی دەگوت:

– لەگەڵ ئەو بێچووە مارانە کایە مەکەن! پێتانەوە دەدەن.

بەم چەشنە ڕۆژبەڕۆژ نێوانیان ناخۆشتر دەبوو. یەکێکی دیکە لەو هۆیانە کە ئەو دوو ژنانە پێکەوە نەدەحاوانەوە ئەوەبوو کە براکانیش دانی بە خێریان پێک دانەدێنا!

برا گەورەکە لەبەر ئەوەی خۆی و ژنەکەی بە خوێندەوار و شارستانی دەزانی پێی وابوو دەبنە هۆی ئابڕوو چوونی وان و بە هاوشانی خۆیان نەدەزانین. برا چووکەکەش لەوە دەترسا کە برا گەورەکەی بە ڕق دا بچێ و ویڵخەرجی بکا. برا گەورەکە بە شتێکی دیکەشەوە ناڕەحەت بوو، ئەویش ئەوەبوو کە سەروەتی بابی لە ژێر چاودێری برا چووکەکەی دابوو. وەنگ لانگیش لەو بەینەدا بێ تاوان نەبوو، چونکە هەر پووڵێکی وەدەستی کەوتبا، کوڕە چووکەکەی بێ خەبەر نەدەکرد و ئەویش لە برا گەورەکەی دەشاردەوە. کوڕە گەورەکە زۆر ناڕەحەت بوو، چونکە بەو سەر و سیمایەوە دەبوو وەک مناڵان بچیتە لای بابی و داوای پووڵی لێ بکا!

دوژمنایەتی و نێوان ناخۆشی ئەو دوو برایە بووە هۆی ئەوە کە ژنەکانیان بە خوێنی سەری یەکتر توونی بن! لە لایەکی دیکەشەوە وەنگ لانگ بەو مەسەلەوە زۆر ناڕەحەت بوو، هەموو جارێ دەیگوت:



– هیچ نەماوە ئەوجار نۆبەی دم بەدمەی ژنانە! ئاخر بۆ دەبێ سەعاتێک ئاسوودە نەبین؟

وەنگ لانگ لەو ڕۆژەوە کە لایەنگری لە کلڵفەتەکەی نەیلووفەر کردبوو لەگەڵ نەیلووفەر نێوانێکی وایان نەبوو، سەرەڕای ئەوەی کلڵفەتی بێچارە شەو و ڕۆژ بە دەوری نەیلووفەردا دەهات و دەچوو هەر لێی لا لووت بوو! هەروەها ئەگەر وەنگ لانگ دەهاتە وەتاغەکەی کلڵفەتەکەی وەدەر دەنا و بە وەنگ لانگی دەگوت:

– دەزانم چیت لە بن سەری دایە و لەخۆڕا لایەنگیری لێ ناکەی؟

بەڵام وەنگ لانگ بێجگە لەوەی بەزەیی بە منداڵەکەدا دەهات هیچ مەبەستێکی دیکەی نەبوو؛ هیچیشی لە باراندا نەمابوو. هەرپێی وابوو یەکێکە وەک کچە شێتەکەی خۆی. کاتێک نەیلووفەر ئەو بوختانەی پێوە هەڵبەست وەنگ لانگ گوتی: «خۆ شەڕ و نیوەشەڕ هەر یەکە، با بزانم بۆ ئەوەی دەبێ خۆمی لەسەر پیاو خراپ کەم؟». خودا هەڵناگرێ دەتگوت خونچەیە، نێوی خۆی بە خۆیەوە بوو "گوڵەهەرمێ". وەنگ لانگ بەو چاولێکردنە مووی سەری گرژ بوون بە پیری سەری ئیشتیای سەردەمی لاوەتی لێ زیندوو بووەوە! بەڵام بۆ ئەوەی سوڕی ئاشکرا نەبێ بە پێکەنینەوە بە نەیلووفەری گوت:

– زۆر سەیرە تۆ پێت وایە من بەو تەمەنەوە کوڕە جحێڵەیەکم و دەبێ هەمیشە کچێکم لە ئامێز دابێ، هیچ کەس نەزانێ ئەتۆ دەزانی کە من ساڵێ سێ جار سەرجێی تۆم پێ دەکرێ.

وەنگ لانگ تەماشایەکی کچەکەی کرد و سەری داخست. نەیلووفەر سەرەڕای ئەو هەموو نەفامییەی خۆی تەنیا شتێکی چاک دەزانی، ئەویش ئەوەبوو کە پەیوەندی نێوان ژن و پیاوی زۆر زوو هەست پێدەکرد و دەیزانی چ دەکەن. هەروەها دەشیزانی کە پیاو لە کاتی پیری دا چاو چنۆک دەبن و عیشقی جەوانی لەسەریان دەدا و تووشی بەدناوی و ئابڕوو چوون دەبن. بەم هۆیە خۆشی لە کلڵفەتەکە نەدەهات،لە پاشان بۆ ئەوەی لە کۆڵ خۆی کاتەوە گوتی: واچاکە بە یەکێک لە گازینۆکانی بفرۆشم، لە لایەکی دیکەشەوە، بێ کلڵفەت نەدەحاواوە چونکە کووکوو پیر ببوو و لە کار کەوتبوو، زۆر لە کاری کلڵفەتە ڕازی بوو، بەڵام ڕۆژ نەبوو بیانووی پێ نەگرێ.

وەنگ لانگ دوای ئەوە حاڵی بوو کە نەیلووفەر زوو تووڕە دەبێ و قەڵسە، هێندەی قسە لەگەڵ نەدەکرد. هەرچی دەیکرد دڵیشی لە کچەکە نەدەبووەوە. لەو نێوەدا مەسەلەی کوڕە چووکەکەش هاتە گۆڕێ، چونکە لە پێشدا ئەوەندە سەرگەرمی کتێب و دەرس خوێندن

بوو لە کۆبوونەوەکانی نێو خۆشیاندا بەشداری نەدەکرد، هەروەها مامۆستاکەشی وەک سێبەر لێی جیا نەدەبووەوە. ئەو کوڕەیان لەبەر ئەوەی لە نێو سەربازان ژیابوو و گوێی دابووە ئەو چیرۆکانەی کە باسی شەڕ و تالآن و بڕۆ و کوشت و کوشتاریان دەکرد داوای لە مامۆستاکەی کرد کتێبی چیرۆکی بۆ بکڕێ بەتایبەت ئەو چیرۆکانەی کە باسی سێ پادشا و تاقمی چەتە و تالآنچی دەکا، بۆ ئەوەی بزانێ کە قەدیم چلۆن لە غار و ئەشکەوتاندا ژیاون. دوای خوێندنەوەی ئەو کتێبانە فکری گۆڕا، ڕۆژێک چووە لای بابی و گوتی:

– ئێستا کە شارەزا بووم دەبێ چ بکەم دەبمە سەرباز و دەچم بۆ شەڕ.

وەنگ لانگ بە بیستنی ئەو قسە زۆر ناڕەحەت بوو، لە بەرخۆیەوە گوتی: «ئەوەش نەهاتی و بەدبەختێکی دیکە!». لە پاشان بە دەنگێکی بەرز گوتی:

– کوڕم بۆ شێت بووی، دەتهەوێ چ بکەی؟! بۆخۆم دەزانم من سەعاتێک لە دەست ئێوە نابێ ئاسوودە بم.

زۆر تێکۆشا کوڕەکەی بە نسحەت کردن ڕازی کا هیچی بۆ نەکرا! لە پاشان گوتی:

– ڕۆڵە گیان! لە قەدیمەوە گوتوویانە سەرێک کە نایەشێ نابێ لە پرێسکەیەوە بپێچی، ئاخر کەسێکی تێگەیشتن و عەقڵێکی بێ لە خۆڕا دەبێتە سەرباز؟ ئەتۆ هیچ بیر لەوە دەکەیەوە کە تۆ پاشەبەرەی منی و دڵم زۆر پێتەوە؟ ناتوانم ئەتۆ بە کێو و بەندەنانەوە بی و من بە ئاسوودەیی دانیشم.

کوڕەکە لە حاڵێکدا لەسەر تەمای خۆی سوور بوو برۆکانی تێک نا و گوتی:

– قسەی لێ مەکە. تازە من تەمای خۆم گرتووە، دەڕۆم.

وەنگ لانگ دەستی کرد بە پاڕانەوە و گوتی:

– پێ لە کەری شەیتان بێنە خوار! چ کارت بە شەڕداوە! هەر قوتابخانەیەکی پێت خۆشە بچوو، چ قوتابخانەیەکی گەورەی جنووب بێ، چ قوتابخانەیەکی خاریجی. هەروەها ئەگەر دەست لە سەربازی هەڵگری بێ دڵیت ناکەم، بۆ منێکی دەوڵەمەند کە کوڕەکەی بچێتە سەربازی کەس چی چاکی پێ ناڵێ.

وەنگ لانگ لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:

– ڕۆڵە گیان! چاو بکەوە بزانە من کێم، ئاخر نابێ بزانم بۆ دەچی بۆ سەربازی؟

کوڕەکە گوتی:



– شەڕێک دەبێ کە تەنانەت پیاو بە خەونیش نەیدیبێ، شۆڕشێکی بێ وێنە دەکرێ کە لەو شۆڕشەدا وڵاتی ئێمەش ئازاد دەبێ.

وەنگ لانگ بە پەشۆکاوی و سەر سوڕمانەوە گوتی:

– سەرم لەو قسانەی تۆ دەرناچێ، وڵاتی ئێمە ئازادە و ئەو هەموو زەویوزارە چاکەشی خۆمانە و هەرکەسیش پێم خۆش بێ بە ئیجارە دەیدەمێ و بۆ من وەک خەزێنە وایە، ئێوەشم بە پووڵ و بەرهەمی ئەو ئاو و خاکە گەیاندووەتێ، بەڕاستی نازانم ئازادیت لەوە زیاتر بۆ چییە؟

کوڕەکە لە حاڵێکدا زۆر مات بوو گوتی:

– بابە گیان! تۆ نازانی من دەڵێم چی، بەداخەوە زۆر لەوەی پیرتر بووی کە لەو قسانە حاڵی بی.

وەنگ لانگ دیسانیش بە سەر سوڕمانەوە تەماشای کرد و گوتی: «بۆ دەبێ نەزانێ من بەو ڕۆژەم گەیاندووە بۆ هیچ شتێکیش دەستم وەبەر نەهێناوە؟! بەڕاستی زۆرم پێ بێ ئەمەگە! بۆ دەبێ بە قسەی من نەکا؟!». برێکی تەماشا کرد و گوتی: «ڕەنگە پێویستی بە شتێکی دیکە هەبێ و من نەزانم». سینگی خاوێن کردەوە و گوتی:

– ڕۆڵە گیان بەم زووانە خەیاڵی ژن هێنانت نییە؟

کوڕەکە گوتی:

– باسی ژنم بۆ مەکە هەڵدێم، من وەک براکانم پێم وانییە ژن هێنان دەبێتە هۆی لە ناوبردنی تەنگ و چەڵەمەی ژیان.

وەنگ لانگ زانی کە بە هەڵە چووە، بۆ ئەوەی قسەی پینە کا گوتی:

– نەخێر، نەخێر خۆ ئێستا ژنت بۆ ناهێنم، مەبەستم ئەوە بوو ئەگەر پێت خۆش بێ دەتوانی لەگەڵ کلڤەتێک...

کوڕەکە گوتی:

– من لەو لاوە ساکارانە نیم و ئاوات و ئارەزووم زۆرە، پێم وایە دەبێ بە پلەوپایەی گەورە بگەم و شانازیم پێوە بکەن؛ ژن هەر دەبێ.

برێک ڕاما و گوتی:

– جا ئەگەر کاری وابکەم بۆ لەگەڵ ئەو کڵفەتە ناحەزانەی دەکەم، خۆ شێت نەبووم، ڕەنگە ئەوەی دیوەخانێ شتێک بێ، بەڵام من لەوانە نیم.

وەنگ لانگ سەری زمانی خۆی گەست و زانی مەبەستی گوڵەهەرمێیە. زۆری پێ ناڕەحەت بوو، هیچیشی بۆ نەدەکرا، چونکە زۆر پیر ببوو، کوڕەکەشی تازە هەڕەتی جەوانی بوو، وەنگ لانگ بە قەڵسی گوتی:

– بە هیچ جۆر نابێ تخوون کڵفەتەکان کەوی، پێم خۆش نییە ئەو ڕەسمە گڵاوەی بەچکە دەوڵەمەندەکان ڕەچاو کەن. ئێمە دێهاتی سادە و ساکارین و ئیجازە نادەم ئەو کارە ناحەزانە پەرە بستێنێ.

کوڕەکە شانی هەڵتەکاند و گوتی:

– من بێ تاوانم، بۆخۆتان ئەو مەسەلەتان هێنا گۆڕێ.

ئەو قسەی کرد و دەرگای لەسەر بابی پێوەدا و ڕۆیشت. وەنگ لانگ هەروا لەبەر خۆیەوە دەیبۆڵاند و دەیگوت: «تازە خۆ لە ماڵە خۆشم ناحەسێمەوە! جا تەماشای ئەو شانس و بەختەی! ئەو کوڕە لە نێو ئەو هەموو کڵفەتانە تەماحی لە کێ کردووە؟».



## ٣٣

وەنگ لانگ قسەی کوڕەکەی سەبارەت بە گوڵەهەرمێ لە دڵ نەدەچووە دەر. هەروەها کاتێک کچەکە دەهاتە وەتاغەکەی چاوی لێ نەدەترووکاند، بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ بە تووندی سەوداسەر و گیرۆدەی بوو، بەڵام نەیدەوێرا لە لای کەس پریسکەی دڵی بکاتەوە و قسە بکا. بە کورتی بە پیری سەری تووشی عیشقی بێ وادە بوو.

شەوێک لە بن دارێک دانیشتبوو و بۆنی بە گوڵانەوە دەکرد، لە پڕ دەورانی لاوەتی هاتەوە بیر و پێی خۆش بوو گۆرەوی و پێڵاو فڕێ بدا و بە پێی پێخواسی بچێتە مووچە و مەزراکەی بە سەر کاتەوە، بەڵام لەبەر لۆمەی خەڵک پەشیمان بووەوە چونکە تازە لەو شارە نێوی دەرکردبوو و دەیانناسی. هەروەها وەرزێر و تاجرێکی سادە نەبوو، خەڵک حیسابیان لەسەر دەکرد و پیاوێکی دەوڵەمەند بوو.

وەنگ لانگ لە ناڕەحەتیان نەیدەزانی چ دەکا، جاری وابوو لە حەوشە قەدەمی لێ دەدا و دەهات و دەچوو، بەڵام خۆی لە حەوشەی نەیلووفەر نەدەدا، نەیلووفەریش لەبەر قوڵتە قوڵتی قەلیانەکەی زۆر بەو شتانەوە ماندوو نەبوو! هەروەها حەوسەلەی ئەوەی نەبوو لەگەڵ بووک و کڵفەتان گێرە و کێشە بکا.

وەنگ لانگ لە لایەک گیرۆدەی ئەو کچە ببوو، لە لایەکی دیکەشەوە لە بیری کوڕەکەیدا بوو، برێک مات بوو و گوتی: «پێم وایە هەر لە تەمەنێک دان، کوڕەکەم هەژدە ساڵە و کچەکەش هەر ئەوەندە دەبێ». پاش ئەوەی بیری لە تەمەنی حەفتا ساڵەی خۆی کردەوە پێی لە هەڵەی خۆی نا و گوتی: «وا چاکە ئەو کچە بدەم بەو کوڕەی. زۆر جار ئەو فکرەی کردبووەوە، بەڵام هەر جارێکی کە ئەوی بە دڵیدا دەهات برینی لێ تازە دەبووەوە!».

ڕۆژەکانی زۆر تاڵ لێ دەگوزەرا، شەوانەش تەنیا بوو کەس نەبوو وەک دۆست دەرگای لێ بکاتەوە. شەوێک یەکێک بە پەنایدا ڕابرد و تێپەڕی، کە ئاوڕی داوە تەماشای کرد گوڵەهەرمێیە. بە دەنگێکی باریک بانگی کرد و گوتی:

– گوڵەهەرمێ!

کچەکە بە ترسەوە ملی خوار کردەوە بزانێ کێیە، وەنگ لانگ دیسانیش بانگی کرد و گوتی:

– بۆ کوێ دەچی وەرە لای خۆم.

کچەکە دوای ئەوەی دەنگی ناسییەوە، وردە وردە لێی نزیک بووەوە و زۆر بە شەرم و حەیا دەستەونەزەر ڕاوەستا، وەنگ لانگ دەستی درێژ کرد و داوێنی گرت و گوتی:

– خانم گیان!

بە شوێن ئەو قسەدا بێدەنگ بوو و هیچی دیکەی نەگوت، پاش ماوەیەک گوتی: «ئەوە بەو سەر و سیمایەوە ئەو کارە سووکە چ بوو کردم؟ خۆ ئەوە بە کچی من دەشێ!» کچەکە لە حاڵێکدا مرتەقی لە خۆی بڕیبوو بەو قسانەی وەنگ لانگ تەواو دڵی نەرم ببوو، بڕێک لە پەنای دانیشت و دەستیان کرد بە قسەی خۆش، لە پاشان وەنگ لانگ کوتی:

– خانمە گیان من پیرم زۆریش پیرم.

کچەکە کوتی:

– من تۆم خۆش دەوێ، چونکە پیاوی پیر زۆر بە ڕووحمترن.

وەنگ لانگ گوتی:

– کچێکی چووکی وەک تۆ دەبێ ژنی لاوێکی جحێڵ و بالابەرز بێ، نەک پیرێکی وەک من.

لە پاشان گوتی:

– دەبێ ژنی پیاوێکی وەک کوڕی من بێ.

بەڵام نەیوێرا ئەو قسە دووبات کاتەوە، لەوە دەترسا کە کچەکە بەو قسە فریو بخوا، ئەگەر ئەو فریوەش وەڕاست گەڕابا، وەنگ لانگ خۆی بۆ ڕانەدەگیرا، کچەکە گوتی:

– جحێڵەکان زۆر بێ ڕووحمن.

گوڵەهەرمێ کچێکی جلف و سووک نەبوو، بە قسە و جەفەنگ و دەست بازی و گاڵتەی ئاشقانە ڕازی بوو، چونکە بۆ وەنگ لانگ کچۆڵەیەک بوو نەک خێزان، لە لایەکی دیکەشەوە پێی مەسڵەحەت نەبوو کەس بە سوڕی بزانێ، ئاخر بە گیانی ناخێری پێیان دەگوت بەگ و خان.



بەڵام کووکوو زۆر زوو لە کەینە و بەینەی وەنگ لانگ حاڵی بوو، لەو کاتەدا کە کچەکە دەیویست بە بێدەنگی لە حەوشەی وەنگ لانگ بێتە دەر جومگەی گرت و گوتی:

– بەه بەه دیسانیش عیشقی پیری گوڵی کردەوە!!

وەنگ لانگ کاتێک دەنگی کووکووی بیست بە پەلە کەوایەکی بە سەر شانی دادا و بە بێ پەردە گوتی:

– باشە بێدەنگ بە، من پێم پێشنیار کردووە بۆخۆی کوڕێکی جحێڵ پەیدا کا، بەڵام خۆشی لە منی پیر دێ.

کووکوو لە حاڵێکدا دوو زمانی و شەیتانی لە نێوچاوان دەباری گوتی:

– بیانوویەکی چاکم بۆ خاتوون وەگیر کەوت.

وەنگ لانگ وەڵامی داوە و گوتی:

– من بۆخۆشم نازانم بۆ وای لێهات هیچ بە هیوا نەبووم ژنێکی دیکەش بە ماڵەکەم زیاد کەم، باوەڕکە بە خۆم نەبوو.

دوای ئەوەی کووکوو گوتی دەبێ خاتوون بزانێ؛ وەنگ لانگ لەبەر وەی لە زمانی نەیلووفەر دەترسا لەبەر کووکوو پاڕاوە و گوتی:

– ئەگەر لە دەست پرتەوبۆڵەی نەیلووفەر نەجاتم دەی مستێکت پووڵی زیو دەدەمێ.

کووکوو گوتی نیگەران مەبە. وەنگ لانگ ڕاوەستا و تا کووکوو هات و گوتی:

– مەسەلەکەم باس کرد زۆر توورە بوو، بە هێنانە گۆڕی ئەو سەعاتەی کە بڕیار بوو بۆی بکڕێ سەرم گەرم کردووە. لە جیاتی گوڵەهەرمێ کلفەتێکی دیکەی دەوێ، دەبێ کارێکی وا بکەین کە چاوی بە گوڵەهەرمێ نەکەوێ. ئەتۆش نەکەی بەم زووانە خۆی پێشان دەی.

وەنگ لانگ لە خۆشیان گوتی:

– بێ دڵی مەکە، چی دەوێ بۆی بکڕە.

وەنگ لانگ بەوەی زۆر خۆشحاڵ بوو کە بەم زووانە چاوی بە نەیلووفەر ناکەوێ. سەرەنجام بە کڕینی هێندێک شت چاوی نەیلووفەریان نووساند و ڕقەکەی نیشتەوە، بەڵام کوڕەکانی هەر بە دواوەی بوون بۆ ئەوەی بزانن چ دەکا. وەنگ لانگیش سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی هەڵنەدەهات تەماشایان کا لەبەرخۆیەوە گوتی: «مەگەر من خانی ئەو بنەماڵە گەورە

نیم؟ کلّفەتە و پوولّی خۆم پێداوە و دەیکەمە ئی خۆم، خۆ بەردم بە گومبەزیدا نەداوە؟!». سەرەڕای هەموو ئەو قسانەش خەجالّەتی دەکێشا، بەڵام بە دڵ لەو کارەی خۆی ڕازی بوو و دەیگوت: «پیاو کە پیر بوو لەبەر چاوی خەلّکی سووک دەبێ و بە هێندی ناگرن!». لە لایەکی دیکەشەوە چونکە ئەو کچەی بە ئی خۆ دەزانی پێی وابوو جحێلّ بووەتەوە.

چاوەڕوان بوو کوڕەکانی بێنە لای و قسەی بۆ بکەن. کوڕی دووەمی هات و باسی زەویوزار و بەرهەم و وشکە سالّی بۆ کرد و گوتی بەرهەمی ئەوسالّمان هەر نیوەی پار دەبێ. بەڵام وەنگ لانگ ئەو ڕۆژانە بیری لە شتی وا نەدەکردەوە، لەبەر ئەوەی سالّی پێشوو پوولّێکی زۆری پاشەکەوت کردبوو و قەرز و قۆلّەشی زۆر بوو، هەروەها بڕێکیشی پوولّ بە سوود دابوو. کاری کوڕە گەورەکەشی ئەوەبوو کە ئەو پوولاّنە کۆ کاتەوە. کوڕی دووەم لە حالّێکدا قسەی بۆ بابی دەکرد لە بنەوە چاوی لە کەلێن و قوژبنی وەتاغەکە دەگێڕا، وەنگ لانگ حالّی بوو کە لە چی دەگەڕێ. کوڕەکە پێی خۆش بوو بزانێ مەسەلەی ئەو کچە ڕاستە یان درۆیە؟ وەنگ لانگ گولّەهەرمێی بانگ کرد و گوتی:

– خانم گیان وەرە چامان بۆ بێنە.

کچە خێرا هات و دەستەونەزەر ڕاوەستا، بەڵام کچ چ کچ! کولّمەی دەتگوت سێوی لاسوورە! کوڕەکە زۆری تەماشاکرد. لەوانەبوو باوەڕ نەکا بەوەی کە بیستوویەتی، خۆی لەو مەسەلە گێل کرد و باسی کرێ گرتە و زەویوزار و شتی لەو بابەتانەی کرد. وەنگ لانگ باسی مندالّەکانی لە کوڕەکەی پرسی، کوڕەکە وەڵامی داوە:

– هەموو کۆخە ڕەشەیان گرتووە.

سەرەنجام کوڕەکەی شتێکی هاتە دەست و حالّی بوو؛ هەستا ڕۆیشت. وەنگ لانگ لە بارەی ئەو کوڕەی دووەمیدا فکری ئاسوودە بوو. لە پاشان کوڕە گەورەکەشی هات و لە لای دانیشت. وەنگ لانگ شەرمی لە قەڵافەتی پیاوانەی کوڕەکەی کرد و نەوێرا لە لای وی گولّەهەرمێ بانگ بکا. وەنگ لانگ لە وەڵامدا گوتی:

– بۆ وانەبێ؟ مالّ مالّە خۆمە.

کوڕەکە هەناسێکی هەلّکێشا و گوتی:

– بەلّێ ڕاستە وایە دەولّەمەندی و هەموو کارێکت لە دەست دێ...

لە پاشان بە هەناسە ساردی درێژەی بە قسەکانیدا و گوتی:



– پێم وایە ئەگەر پیاو چاوچنۆک نەبێ ژنێکی بەسە و لێی سەروزیادە...

قسەکەی بۆ تەواو نەبوو، بەڵام قەلّسی و تووڕەیی لە نێوچاوانی دەباری. وەنگ لانگ تەماشای کرد و پێکەنی، چونکە دەیزانی بۆخۆی بە ژنێکی داناکەوێ تەنانەت بەو ژنە ناسکەی خۆشی دابین نەدەبوو. کوڕەکە بە بێدەنگی هەستا وەدەر کەوت. وەنگ لانگ دانیشت و دەستی کرد بە قەننە کێشان، زۆر خۆشحالّ بوو لەوەی کە لەو تەمەنەدا بە ئاواتی خۆی گەیشبوو.

کوڕە چکۆلّەکە لە وەختێکدا لە بابی وەژوورکەوت کە لەگەلّ گولّەهەرمێ بێ خەبەر دانیشتبوون و خەریکی گاڵتە و جەفەنگی خۆیان بوون. کاتێک چاوی بەو دیمەنە کەوت نێوچاوانی تێک نا و گوتی:

– من ئەوە ڕۆیشتم بۆ سەربازی.

وەنگ لانگ لە حالّێکدا دەیویست وەڵامی بداتەوە، کوڕەکە مەودای نەدا و گوتی:

– هەر ئێستا دەڕۆم، بەلّێ دەڕۆم.

بڕێک ڕۆیشت و گەڕاوە تەماشای کچەکەی کرد، کچەکە لە بنەوە چاوێکی لێ کرد و سەری خۆی بەرداوە. کوڕەکە ڕووی لێ وەرگێڕا و بە پەلە وەدەرکەوت.

وەنگ لانگ لە حالّێکدا تەمی لەسەر نیشتبوو پەرۆش و ناڕەحەت بوو گوتی:

– کچی چاک من بۆ تۆ پیرم، ئەوەش بزانە کە من ئەوە چاکتر دەزانم.

کچەکە دەستی لە چاوی کردەوە و بە ناز و ئەدایەکی کە بۆ وەنگ لانگ بێ وێنە بوو گوتی:

– جحێلّەکان زۆر بێ ڕووحمن، من تازە لە پیرەکان خۆشیم دێ.

بەیانی ڕۆژی دوایی کوڕە چکۆلّەکەی وەنگ لانگ ڕۆیشت و کەس نەیزانی بۆ کوێ چووە.

## ٣٤

عیشقی سەردەمی پیری وەنگ لانگ لەگەڵ گوڵەهەرمێ وەک تاوی سەرمابردوو وابوو، هەروەها وەک شەمێک دەچوو کە لەبەر با و گێژەڵوکە هەڵکرابێ، بەم هۆیە وردە وردە دامرکا و کوژاوە. گوڵەهەرمێی خۆش دەویست بەڵام وەک بابێک؛ بە دامرکانی ئەو عیشقە سەرمای پیری لە مێشکی گەڕا و چرای تەمەنی وەپتەپت کەوت، بەو حاڵەش گوڵەهەرمێی هەر خۆش دەویست چونکە لەو دوایانە دڵی پێی دەکراوە؛ بەتایبەت بەوە زۆر خۆشحاڵ بوو کە ئەو کچە جوان و جحێڵە لەگەڵ پیاوێکی وا پیر و کەوتوو و تێکچڕماو بە سەر و ڕوویەکی خۆش هەڵدەستێ و دادەنیشێ. لە لایەکی دیکەشەوە وەک خزمەتکارێکی چاک خزمەتی دەکرد، خزمەتێکی وا کە منداڵ بە بابی خۆی دەکا.

گوڵەهەرمێ لەبەر خاتری وەنگ لانگ خزمەتی کچە شێتەکەشی دەکرد. وەک دایکی چاک لە هەموو بابەتێکەوە پێی ڕادەگەیی، وەنگ لانگ لەو بابەتەشەوە نیگەرانی نەبوو، سەرەنجام ڕۆژێک وەنگ لانگ پرێسکەی دڵی کردەوە و بە گوڵەهەرمێی گوت:

– زۆر جاران بیرم لەوە دەکردەوە کە دوای مەرگی خۆم چارەنووسی ئەو کچە بەستەزمانە بە کوێ دەگا؟ چونکە جگە لە خۆی کەسی نەبوو پێوەی ماندوو بێ.

وەنگ لانگ لەبەر ئەوەی نەیدەزانی چارەنووسی ئەو کچە بە کوێ دەگا. ڕۆژێک چوو شووشەیەکی ژەهر کڕی و بە گوڵەهەرمێی گوت:

– لە کاتی سەرەمەرگی خۆمدا هێندێکی لەو ژەهرە دەدەمێ.

بەڵام بەو کارەشەوە زۆر ناڕەحەت بوو، کاتێک گوڵەهەرمێی وا بەئەمەگ و سەر و ڕوو خۆش بەر چاو کەوت بانگی کرد و پێی گوت:

– پاش خۆم لەو دنیا پان و بەرینەدا جگە لە تۆ هیچ کەس شک نابەم بەو کچە بەستەزمانە ڕابگا، دەزانم بەم زوانە نامرێ چونکە بیر لە شت ناکاتەوە و نەخۆشیش نییە؛ بە نەخۆشییەکەی بمرێ. ئەوەش دەزانم کە دوای من تووشی ناڕەحەتی دەبێ، تەنیا ڕێگای نەجات دوای مەرگی من بۆ وی ئەو بەستەیە، پێم خۆشە دوای خۆم بۆی لە برینج کەی، با ئەویش لەگەڵ من بمرێ و غەمم نەمێنێ. ئەگەر ئەو کارەم لەگەڵ بکەی پیاوەتێکی زۆر گەورەیە.



بەڵام گوڵەهەرمێ شتەکەی لێ وەرنەگرت و گوتی:

–من دڵم بڕوا نادا مێروولەیەک بکوژم چ دەگا بەو کچە بەستەزمانە! نەخێر ئەرباب ئەوە کاری من نییە، بەڵام بەڵێنی دەدەم بە تۆڵەی چاکەکانی تۆ منیش دەرهەق بەو کچە وەک دایک وابم و نەهێڵم کەمایەسی بکێشێ، خاترجەم بە لە تۆم زیاتر ئاگا لێی دەبێ.

وەنگ لانگ بەبیستنی ئەو قسانە چاوی پڕ بوو لە ئاو، چونکە کەسی وا بەئەمەگ نەدیبوو! زیاتری خۆش ویست و گوتی:

– ئەو قسانە بە جێگای خۆی؛ وەرە وەک کچی چاک لێم وەرگرە؛ چونکە جگە لە تۆ باوەڕ بە کەسی دیکە ناکەم، هەرچەند زۆرم پێ ناخۆشە و ئەو قسەی دەکەم بەڵام تۆش ڕۆژێک دەمری. من ژن و کوڕ و بووکەکانی خۆم چاک دەناسم و دەزانم ژنەکان لەبەر شەڕە دندووکەی خۆیان فریای شتی دیکە ناکەون، کوڕەکانیش وەدەردەکەون و خۆیان بەو جۆرە شتانە ماندوو ناکەن.

دوای ئەوەی گوڵەهەرمێ بەستەکەی لە وەنگ لانگ وەرگرت، وەنگ لانگ لە بابەت ئەو کچەشەوە خاترجەم بوو. باری پیری ڕۆژبەڕۆژ زیاتر قورسایی دەخستە سەر شانی وەنگ لانگ، لە لایەکی دیکەشەوە جگە لەو ژن و کچە فەقیرە هاودەمێکی دیکەی نەبوو! هێندێک جار بە زۆری سەری هەڵدێنا و تەماشایەکی کچەکەی دەکرد و دەیگوت:

– ئەو ژیانە بۆ تۆ زۆر جێگای داخە و ناخۆشە.

بەڵام کچەکە لە وەڵامی ئەو قسەی وەنگ لانگ دا بە سەر و ڕوویەکی خۆش دەیگوت:

– ژیانێکی بێدەنگە، بەڵام سلامەتە.

جاری وابوو وەنگ لانگیش ناڕەحەت دەبوو و دەیگوت:

– ئاخر من بۆ تۆ زۆر پیرم جگە لەوەی کە هیچم لێ هەڵناوەرێ منداڵیشم لێت نابێ.

کچەکە بە سپاس و ڕێزێکی زۆر گوتی:

– ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی؟ تۆ بۆ من پیاوێکی ڕووح سووک و لەسەر دڵانی؛ منیش ئەوەندەم بەسە.

وەنگ لانگ کاتێک ئەوەی بیست لێی پرسی:

– خانم گیان چ شتێک بۆتە هۆی ئەوە کە تۆ هێندە لە پیاوان دەترسی؟

وەنگ لانگ لە حاڵێکدا چاوەڕوانی ئەوە بوو کچەکە وەڵامی بداتەوە هەستی بەوەکرد،

کچە زۆر نارەحەتە. پاش ماوەیەک کچەکە دەستی بە سەر و چاوی گرت و گوتی:

– من جگە لە تۆ لە هەموو پیاوێک بێزارم، لە هەموو پیاوێک تەنانەت لە بابیشم کە منی فرۆشت. چونکە بێجگە لە تۆ؛ لە خراپە زیاتر چیدیکەم لەوانە نەدیوە و پێم خۆش نییە چاوم پێیان بکەوێ.

وەنگ لانگ بە سەر سوڕمانەوە پرسی:

– من پێم وانەبوو لە ژیان لەگەڵ من ڕازی و ئاسوودە بی.

کچەکە گوتی:

– دڵم پڕە لە کینە و لە هەموو پیاوێک بێزارم بەتایبەت لە جحێڵەکان.

ئەوەندەی گوت و بێدەنگ بوو.

وەنگ لانگ بیری لەوە دەکردەوە کە نەیلووفەر چاو و گوێی بەستووە و بە قسەی هیچ و پووچ فریوی داوە! یان کووکوو بە زۆربلێییی و هەرزەیی خۆی ترساندوویەتی! یان ئەوە شتێک ڕووی داوە شەرم دەکا باسی بکا، سەری لێ شێوابوو و نەیدەزانی چ دەکا. هەناسێکی هەڵکێشا و هیچی دیکەی لە کچەکەی نەپرسی، چونکە ماندوو ببوو و پێویستی بە حەسانەوە هەبوو.

وەنگ لانگ لە پاشان وەک بابی دەچوو خۆی لەبەر تاو هەڵدەخست و دەیگوت: «پێیەکم لەسەر لێوی قەبرە و هێندەم نەماوە». جاروبارە سەرێکیشی لە نەیلووفەر دەدا، نەیلووفەریش لە بارەی کڵفەتەکەدا هیچی نەدەگوت، چونکە تازە پیر ببوو و خۆی بەو جۆرە شتانەوە ماندوو نەدەکرد. زیاتر بەوە خۆشحاڵ بوو کە شەڕاب و پوولێکی دەیاندایە لێی نەبڕن و سەرگەرم بێ.

دوای تێپەڕ بوونی چەند ساڵ کووکوو و نەیلووفەر پێکەوە ببوونە دۆست و مەسەلەی خاتوون و خزمەتکار لە گۆڕێدا نەمابوو. وەک دەستە خوشکان دادەنیشتن و باسی ڕابردوویان دەکرد، یان جحێڵەکانی گازینۆکانیان وەبیر دەهاتەوە و دەردی دڵیان دەکرد. جگە لە خەو و خواردن و پێکەنین و لیباسی چاک لەبەر کردن کارێکی دیکەیان نەبوو. هەروەها لە کاتی بێکاریدا لە پشت سەری ئەم و ئەو قسەیان دەکرد و وەخت گوزەرانیان دەکرد

کاتێک وەنگ لانگ دەچووە حەوشەی کوڕەکانی زۆریان ڕێز دەگرت و بە دەوریدا



دەهاتن و دەچوون و خزمەتیان دەکرد، ئەویش دەیگوت:

– منداڵی دیکەتان چ بووە بێنن چاوم پێ بکەوێ.

لەبەر ئەوەی شتی زۆر زوو لە بیر دەچووەوە هەر تاوناتاوێک دەیگوت:

– بڵێن چەند نەوەم هەیە؟

یەکێک لە کوڕەکانی گوتی:

– نەوەکانت بوونە یازدە کوڕ و هەشت کچ.

وەنگ لانگ بە پێکەنینەوە گوتی:

– لە بیرتان نەچێ هەموو ساڵ دووان زیاد کەن، حیسابم لە دەست دایە فریوم نەدەن.

دوای ئەوەی لە دەوری خۆی کۆ دەکردنەوە و تەماشای دەکردن دەیگوت: «ئەمەیان وەک بابی دەچێ، ئەوەش شێوەی لی یۆی تاجر دەدا، بەڵام ئەوەی دیکەیان وەک سەردەمی جەوانی من دەچێ». لە پاشان لە منداڵەکانی دەپرسی:

– دەی جوجیلەکان دەچنە قوتابخانە؟

ئەوانیش وێڕای یەک یان تاق و لوق دەیانگوت:

– بەڵێ بابە گەورە.

لە پاشان وەنگ لانگ لێی دەپرسین.

– بڵێن بزانم چوار کتێب دەخوێنن؟

کوڕەکان دەیانگوت:

– نەخێر بابە گەورە. دوای ئەوەی خەڵک ڕاپەڕین و شۆڕش کرا ئیدی هیچ کەس ئەو چوارکتێبەی نەخوێند.

وەنگ لانگ لەبەرخۆیەوە گوتی:

– بەڵێ بەڵێ وەبیرم هاتەوە، من لە بارەی شۆڕش دا شتم زۆر بیستووە، بەڵام لەبەر گیروگرفتی ژیان نەپرژاوم بیری لێ بکەمەوە. هەمیشە لە بیری زەویوزاردا بووم.

بە شوێن ئەو قسەدا منداڵ دەستیان کرد بە پێکەنین. وەنگ لانگ دوای ئەوەی هەستی کرد وەک میوان دەچێ هەستا ڕۆیشت و ماوەیەکی زۆر سەری لێ نەدەدان، بەڵام جارێک لە کووکووی پرسی:

– بلێی بووکەکانم پێکەوە ئاشت بووبنەوە، یان وەک پێکهاتنەوەی سەگ و پشیلە لە دوورەوە قەپاڵ لێک دەگرن؟

کووکوو تفێکی لە عەرزی کرد و گوتی:

– تازە ئەو دووانە پێکەوە ئاشت نابنەوە، بەڵام کوڕە گەورەکەت لە دەست ئەو شەڕ و هەڵلا و پرتە و بۆڵانە وەگیان هاتووە و حەوسەلەی بە سەرچووە! ژنەکەی زۆر بە پۆز و ئیفادەیە و هەمیشە لەبەرخۆیەوە بۆڵە بۆڵییەتی و دەڵێ من لە ماڵە بابم وابووم و وام کرد، لیباسم وابوو و وادەخەوتم! بە کورتی بەو زۆربڵێییانەی خۆی، مێردەکەی کوندەجەرگ کردووە. هەروەها ئەو ڕۆژانە لەم لا و ئەولا قسە لە ژن هێنانی کوڕە گەورەکەت دەکرا.

وەنگ لانگ گوتی:

– جا چۆن شتی وا دەبێ؟

دوای ئەوەی زۆری بیر لەو مەسەلە کردەوە لە کووکووی پرسی:

–کەس هەواڵی کوڕە چکۆڵەکەی منی هەیە؟ پێم وایە کەس نازانێ لەو ماوەدا چۆتە کوێ و چ کارێکی کردووە؟

کووکوو لە حاڵێکدا لە سیر هەتا پیواز لە شتی ئەو ماڵە باخەبەر بوو، لە وەڵامدا گوتی:

– کاغەز نانووسێ، بەڵام جاروبار یەکێک لە جنووب ڕا دێ و دەڵێ بۆتە پیاوێکی گەورەی نیزامی و لەو شتەی کە نازانم... شۆڕشی پێ دەڵێن پلە و مەقامێکی گەورەی هەیە، بەڵام نازانم بۆ ئەو پلە و مەقامەیان داوەتێ. ڕەنگە ئەوەش چەشنێک کاسپی بێ، وەڵڵاهی تێی ناگەم خودا دەزانێ.

وەنگ لانگ دیسانیش گوتی:

– بەڵێ بەڵێ.

کاتێک دەیویست بیر لەو مەسەلە بکاتەوە شەو بەسەر دادەهات و تاوتوێ دایدەگرت و دەخەوت. گوڵەهەرمێ شەوانە ئێسکی سارد و سڕی بۆ گەرم دادێنا و بە دەوریدا دەهات و دەچوو. وەنگ لانگیش لەو تەمەنەدا ئەوەی پێ ناخۆش نەبوو.

چەند بەهار هات و ڕۆیشت لە عومری وەنگ لانگ کەم دەبووەوە و کەم زەین دەبوو،



بەڵام شتێکی لە زەین نەدەچووە دەر، ئەویش مووچە و مەزراکەی بوو. سەرەڕای ئەوەی ماڵی لە شار بوو و سەروەتێکی زۆری وەسەر یەک نابوو دڵی لە زەوی و مووچە و مەزراکەی نەدەبووەوە. هەر کە بۆنی بەهاری بۆ دەهات هەڵدەستا، هەڵتەک هەڵتەک دەڕۆیشت بۆ مووچە؛ هەرچەند دەستی پاشبارەی نەدەگرت و پێمەڕەی بۆ هەڵنەدەسووڕا، بەڵام بە چاو پێکەوتنی ئەو شتانە دڵی ڕوون دەبووەوە. هێندێک جاریش جێگا و بانەکەی بە یەکێک لە ڕەنجبەرەکان هەڵدەگرت و دەیبرد و لە خانووبەرەکەی قورماوی پێشووی ڕادەخست و دەخەوت. ئەو خانووبەرەی کە منداڵەکانی لەوێ لە دایک بوون و ئۆلانیش هەر لەوێ مرد. هەموو بەیانان کە لە خەو هەڵدەستا دەڕۆیشت بۆ مووچە، هێندێک جاریش بە لەرزە لەرز گەڵایەکی هوڵووی لێ دەکردەوە تا ئێواری بە دەستیەوە دەگرت.

ڕۆژێک بە قەدەم لێدان ڕۆیشت تاگەیشتە قەبرستانی بنەماڵەی خۆی. خۆی هاوێشتە سەر گۆچانەکەی و تەماشای قەبرەکانی کرد. ژیانی یەک یەکی وانی هێنا بەرچاو و لەگەڵ ژیانی کوڕەکانی هەڵدەسەنگاند. تەماشای کرد چارەنووسی وان جگە لە کچە شێتەکە و گوڵەهەرمێ لە هەمووان ڕوونترە. لە پاشان کەوتە بیری کچی دووەمی کە لەمێژبوو لێی بێ خەبەر بوو، بڕێک مات بوو و گوتی: «ئەوجار نۆبەی منە».

دوای ئەو قسانە چووە ئەو شوێنەی کە لە خوارەوەی قەبری بابی و مامی و چینگ و ئۆلان بۆخۆی دیاری کردبوو، لەبەرخۆیەوە بڕێکی قسە کرد و گوتی: «وا چاکە بڵێم تابووتەکەم بۆ دروست کەن».

هەرچەند زۆر ناڕەحەت بوو، بەڵام بۆ ئەوەی مەسەلەکەی لە بیر نەچێتەوە، چووە شار، لە دوای کوڕە گەورەکەی نارد و پێی گوت:

– دەبێ شتێکت پێ بڵێم.

کوڕەکە وەڵامی داوە:

– ئامادەم بۆ بیستنی، فەرموو.

وەنگ لانگ هەر چی کردی قسەکەی وەبیر نەهاتەوە، لە حەیبەتان فرمیسک بەرچاوی گرت، ناچار پەنای بۆ گوڵەهەرمێ برد و گوتی:

– خانم گیان! نازانی دەمگوت چی؟

گوڵەهەرمێ بە سەر و ڕوویەکی خۆش پرسی:

– ئەورۆ لە کوێ بووی؟

وەنگ لانگ لە وەڵامدا گوتی:

– چووبووم سەر لە زەوییەکان بدەم.

گوڵەهەرمێ پرسی:

– کام زەوی؟

وەنگ لانگ بەو پرسیارە هۆشی هاتەوە بەرخۆی و بە پێکەنین و چاوی پڕ لە ئاو گوتی:

– بەڵێ بەڵێ وەبیرم هاتەوە، ڕۆڵە گیان! من جێگای خۆم دیاری کردووە، لە پەنا دایکت بمنێژە، پێم خۆشە بەر لەوەی بمرم چاوم بە تابووتەکەم بکەوێ.

کوڕەکە گوتی:

– خودا نەکا بابە گیان ئەو قسانە مەکە، بەڵام بە سەر چاوان هەر کارێکی بفەرمووی بە دڵ و بە گیان ئەنجامی دەدەم.

سەرەنجام کوڕەکەی تابووتێکی وێنە لێ هەڵکەندراوی بۆنخۆشی جوانی بۆ کڕی. وەنگ لانگ بە چاو پێکەوتنی ئەو تابووتە زۆر خۆشحاڵ بوو. دەستووری دا بردیان لە وەتاغەکەیان دانا، لە پاشان گوتی:

– ئەو تابووتەم بۆ بەرنە ئاوایی، پێم خۆشە ئەوەندەی ماوم لەوێ بژیم و لەوێش بمرم.

بێ دڵیان نەکرد و تابووتەکەیان بۆ بردە ئاوایی. وەنگ لانگ دەستی گوڵەهەرمێ و کچە شێتەکەی گرت و دوو سێ ڕەنجبەر و قەرەواشیشی بۆ خزمەتکردن لەگەڵ خۆی برد و ڕۆیشت. سەرەنجام نەمرد و جارێکی دیکەش گەڕاوە سەر مووچە و مەزراکەی و خانووبەرەکەی شاری بۆ بنەماڵەکەی بەجێ هێشت.

بەهار هات و ڕۆیشت. هاوین و فەسڵی دروێنەش تەواو بوو و پایز بەسەرداهات وەنگ لانگ وەک بابی لە بن دارێک دادەنیشت و خۆی وەبەر بەربەڕۆچکە دەدا، زیاتر لە بیری ئەوە دابوو زگی تێر بێ، وەک ڕابردوو بە تۆو چاندن و شێوەرد بڕین و ئەو جۆرە شتانەوە خۆی ماندوو نەدەکرد، لە زەوی زیاتر بیری لە هیچ شتێکی دیکە نەدەکردەوە. جاری وابوو مستێکی گڵ هەڵدەگرت و وەک دەسحێب لە دەستیدا دەیهێنا و دەیبرد. پێی وابوو ئەو گڵە قامکەکانی بەهێز دەکا. لە لایەکی دیکەشەوە زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی کە مووچەکەی دەستی لێ نەدراوە.



هەروەها کوڕەکانیشی زۆریان ڕێز لێ دەگرت، هەموو ڕۆژێ یان ڕۆژ نا ڕۆژێک سەریان لێ دەدا و چێشتیان بۆ دێنا، وەنگ لانگ وەک بابی پێی خۆش بوو ئەو چێشتانە لەگەڵ ئاوی گەرم تێکەڵ کا و بە پێخور بیخوا؛ ئەگەر کوڕەکانی یەک دوو ڕۆژ دیار نەبان گلەیی دەکرد و بە گوڵەهەرمێی دەگوت:

– چ کارێکیان هەیە، بۆ سەرێک لێرە نادەن؟

گوڵەهەرمێ دڵخۆشی دەداوە و دەیگوت:

– هەموو کەس لە سەرەتای ژیانیدا کاری زۆرە، کوڕە گەورەکەت لە نێو شار ناسراوە و کاری زۆرە. هەروەها خەڵک ڕێزی بۆ دادەنێن، ماوەیەکیشە ژنێکی دیکەشی هێناوە کوڕی دووەمیشت خەریکە بازاڕێکی دەغڵودان بۆ خۆی دروست دەکا. وەنگ لانگ لەبەر ئەوەی هۆشی هەر لەلای مووچە و مەزراکەی بوو هیچی لێ حاڵی نەبوو. بەڵام ڕۆژێک بەرلەوەی کوڕەکانی بێن و سەری لێ بدەن، بڕێک خۆشحاڵتر بەرچاو دەکەوت و بۆ ئەوەی دەبوو شتی گوێ لێبێ و حاڵی بێ؛ کوڕەکان دوای سڵاو و چاک و خۆشی و ڕێزدانان بۆ بابیان بە پیاسە کردن ڕۆیشتن بۆ سەر زەوییەکان. وەنگ لانگ لە حاڵێکدا بە کوتە کوتی گۆچان وەدوایان کەوتبوو گوێی لە قسەکانیان بوو و کوڕی دووەمی گوتی:

– ئەم زەوی و ئەو زەوی دەفرۆشین پووڵەکەی لە نێوەڕاست دا بەش دەکەین؛ ئەگەر پێت خۆش بێ پووڵەکەی تۆشم بە سوود دەوێ چونکە ڕێگای قەتار تا سەر دەریا دەڕوا هەلێکی چاکە برینجەکەم بەرم بۆ بەندەر، ئەوکاتە منیش...

بەڵام پیاوە پیرە کاتێک وشەی فرۆشتنی زەوییەکانی بیست بە تووڕەیی و لەرزە لەرز گوتی:

– نامەردانە تەماحتان لە زەوییەکان کردووە بیانفرۆشن؟!

لە حەیفان قسەی بۆ نەدەکرا و لەوانەبوو بکەوێ، بەڵام کوڕەکان چوونە بن پیلی و نەیانهێشت بکەوێ. پیرە پیاو دەستی کرد بە گریان، کوڕەکان دڵخۆشیان داوە و گوتیان:

–نا نا، خاترجەم بە ئێمە هیچ وەختێک زەوییەکان نافرۆشین.

وەنگ لانگ بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی:

– سەرەتای بەدبەختی بنەماڵەیەک ئەو وەختەیە کە دەست دەکا بە زەوی فرۆشتن. ئێمە لە خاک... دروست کراوین... و تەسلیم بە خاک... دەکرێین، ئەو خاکە مەفرۆشن. ژیانتان

بەو خاکەوەیە، نەکەن لە دەست خۆتانی بکەنەوە... کەس ناتوانێ زەوی لە ئێوە بدزێ.

پیرە پیاو لە حالێکدا فرمێسکی چاوی نەستڕی و هەروا هاتە خوار و لە قاپێلکی چاویدا وشک بوو، داهاتەوە و مستێکی خاک لە زەوییەکە هەڵگرت و بە هەزار ئەڵڵا و وەڵڵا گوتی:

– ئەگەر... ئەو زەوییانە بفرۆشن تەمەنی بنەماڵەی ئێمەش تەواو دەبێ.

بە شوێن ئەو قسانەدا دەستی کرد بە لەرزین. دوو کوڕ چوونە بن پیلی نەیانهێشت بکەوێ. پیرە پیاویش خاکەکەی وەک دەسحێب لە دەستیدا دێنا و دەبرد، کوڕەکان دڵخۆشیان داوە و گوتیان:

– نا بابە گیان دڵنیابە هیچ کەس زەوی نافرۆشێ.

بەڵام کوڕەکان بەدزی بابیان چاویان لێک دەکرد و پێک پێدەکەنین.